کـــــــار بـــــه پێـــــی نــــــــــــــــــاوەڕۆك

تێبینـــــــــی :_ کـــــــار بـــــه پێـــــی نـــــــــــاوەڕۆك چـــــــوار شێـــــــوازی هـــــــــەیـــــــه .

١- شێـــــوازی ڕێژە ی ڕاگە یاندن :-دە کرێتە دوو جۆر ١ - ڕابردووی ڕاگەیاندن ٢ - ڕانە بردووی ڕاگەیاندن

٢- شێـــــوازی ڕێــــــژە ی دانـــــــانی : - دەکرێتە دووجۆر ١ - ڕابـــــردووی دانانی ٢-ڕانە بردووی دانانی

٣- شێـــــــوازی داخـــــــــوازی

٤- شێـــــــوازی مـــــه رجـــــــی ﴿ ڕستـــــەی ئـــــــاوێتـــــــەی مـــــــەرجـــــــی ﴾

- **یـــــــــه کـــه م : شێـــــوازی ڕێـــــــژەی ڕاگـــــه یـــــانـــــدن : دوو جـــــــۆرە**

<table>
<tr><td colspan="4">١ _ ڕابـــــــــردوووی ڕاگـــــــەیــــــاندن</td><td>٢ _ ڕانەبــــــــــردووی ڕاگـــــــەیــــــاندن</td></tr>
<tr><td>نزیك</td><td>بەردەوام</td><td>تەواو</td><td>دوور</td><td>یاساکەی : دە + ڕەگی کار + جێناوی لکاوی کۆمە ڵەی سییێیەم

م _ ین
یت _ ن
ات ، ێت ، ن</td></tr>
</table>

یـــــەکەم : ڕێژەی ڕابردووی ڕاگەیاندن ٤ ڕێژەی هەیە

١- ڕێژەی ڕابــــــردووی نزیکـــــی ڕاگـــــەیـــاندن

یـــــاساکەی : چــــــاوگ ــ ن نووی چـــــاوگ پێکـــــدێت

چـــــــاوگ	_ن	ڕێـــژەی ڕابــــردووی نزیکی ڕاگـــەیاندن
١ _ هاتن	_ن	هـــــات
٢ _ سەرکەوتن	_ن	سەرکـــەوت
٣ _ نووسین	_ن	نـــووسی
٤ _ خوێندن	_ن	خـــوێند
٥ _ ڕاهێنان	_ن	ڕاهێنـــا
٦ _ پـــاراستن	_ن	پـــاراست

07706101021

*تێبینی ١ : ئەگەر چاوگەکە پاشگری (ەوە)ی پێوە بێت کاتێك کۆتایی پیتی قەدی چاوگەکە نە بزوێن بێت کاتێك کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی لێ دروست دەکرێت وەکو خۆی دە نووسرێتەوە .

نموونە :

چـــــــــــــاوگ	ـــ ن	ڕێژەی ڕابـــردووی نزیکی ڕاگــە یــاندن
١- خوێندنـەوە	ـــ ن	خوێنــــدەوە
٢- گرتنـــەوە	ـــ ن	گرتــــــەوە
٣- بردنـــەوە	ـــ ن	بـــــــردەوە

تێبینی ٢ :ئە گەرچاوگەکە پاشگری (ەوە) ی پێوە بێت ، کۆتایی پیتی قەدی چاوگەکە بزوێن بێت ، کاتێك کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی لێ دروست دەکرێت (یـ) ی ناوبەند بە کاردێت لە نێوان پیتە بزوێنە کەو پاشگرە کە .

نمـــــوونـــە :

چـــــــــاوگ	ـــ ن	ڕێژەی ڕابـــردووی نـــزیکی ڕاگـــــە یاندن
١- دۆزینــەوە	ـــ ن	دۆزیـــیـــەوە
٢- هێنانـەوە	ـــ ن	هێنایـــــەوە
٣- فـرینـەوە	ـــ ن	فریـــیـــەوە
٤- بـرانـەوە	ـــ ن	بـــرایـــەوە
٥- بـوژانـەوە	ـــ ن	بـــوژایـــەوە

تێبینی : ڕێـــــژەی ڕابــــردووی نزیـــکـــی ڕاگـــــەیــانـــدن یـــە کسانە بە قـــەدی چـــاوگ

دووەم : ڕێـــــــــژەی ڕابـــــــــــردووی بــــــە ردەوامــی ڕاگــــەیـــاندن

بـــــاســــــاکـــەی : دە + ڕێـــــژەی ڕابــــردووی نـــزیـــکی ڕاگـــە یـــانــدن

یان / دە + قـــەدی چـــاوگ

تێبینی ١ : ئەگەر کارەکە سادە بوو ئەوا نیشانەی (دە) ی بەردەوامی دەچێتە پێش کارەکە ئە گەر هاتوو کارەکە پاشگری (ەوە) شی لە گە ڵدا بێت .

نمـــوونــــە:

چـــــاوگ	ڕێـــــــژەی ڕابـــــردووی بـــــەردەوامـــی ڕاگـــــــەیـــانـــدن
١- نـــووستن	دەنــــووست
٢- هێنانــەوە	دە هێنـــایــــــەوە
٣- هــاتن	دەهـــات

07706101021

تیـــێبینـــی ٢ : ئەگەر کارەکە ناسادە بوو واتا (داڕێژراو یان لێکدراو) بوو ، نیشانەی (دە) ی بەردەوامی دەچێتە دوای بە شی یەکەمی کارەکەوە .

نمـــــوونـــــە :

چـــــــــاوگ	ڕێـــــــژەی ڕابـــــــردووی بـــــــە ردەوامـــــی ڕاگـــــەیـــــانـــــدن
١- وەرگرتنەوە	وەر دە گـــرتـــەوە
٢- ئازاد کردن	ئـــازاد دە کـــرد
٣- داهێنان	دا دە هێنـــا
٤- سەر کەوتن	ســـەر دە کـــەوت
٥- ڕامالین	ڕا دە مـــالـــی

جیـــــاوازی لــــــە نــــــێوان

***ڕێـــژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن . (تێنە پە ڕ)**

یاساکەی : دە + قەدی چاوگ + جێناوی لکاوی ك٢ ك٣

***نمـــــوونە : دە چوویـــــن**

*** ڕێـــژەی ڕانـــە بردووی ڕاگەیاندن**

یاساکەی : دە + ڕەگی کار + جێناوی لکاوی

*** نمـــــوونە : دەچـــــین**

***ســـێ یـــــەم : ڕێـــــــژەی ڕابـــــــردووی تـــــەواوی ڕاگـــــەیـــــانـــــدن**

یاساکەی : ڕیژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن +
- **وە ، یـــە**
- **ووە ، یـــیـــە**

یان / قـــە دی چـــــــاوگ +
- **وە ، یـــە**
- **ووە ، یـــیـــە**

تـــێبینـــی : ئـــەگەر کۆتـــایی پیتی قـــەدی چـــاوگەکە (ا ، وو ، ی) بێت ، ئەوا نیشانەی (وە) ی تەواوتی وەردەگرێت .

***نمـــــــــوونـــــــە :**

*** فـــڕی + وە ← فڕیـــــــوە**

* چـــوو + وە ⟵ چـــــــووە

* هێنـــــــا + وە ⟵ هێنـــــــاوە

تێبینـــــی ٢ : ئەگەر قەدی چاوگەکە کۆتایی بە پیتی (د ، ت) هاتبێت ، ئەوا نیشانەی (ووە) ی تەواوەتی وە ردەگرێت .

* نمـــــــــوونە :

* وەرگـــــرت + ووە ⟵ وەرگرتووە

* خوێنـــــد + ووە ⟵ خوێندووە

* تێبینی ٣ : لە شێوازی کرمانجی ژووروو دا لە جیاتی نیشانەی (وە ، ووە) ئەوا نیشانەی (یە ، ییە) بە کاردێت .

* نمـــــوونـــــە :

* نـــقیسی + یە ⟵ نـــقیسییە

* کـەفت + ییە ⟵ کە فتییە

* تێبینی ٤ : ئەگەر کارەکە پاشگری (ەوە) ی لە گەڵ دابێت ، کاتێك دەکرێتە کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن (ت) ی ناوبەند بە کاردێت لە نێوان نیشانەی (وە ، ووە) ی تەواوەتی و پاشگرەکە .

* بـــــە م یـــــاسایـــــە ی خـــــوارەوە

*قەدی چاوگ + ⟵ وە + ت + ەوە ⟵ پاشگر

⟵ ووە + ت + ەوە ⟵ پاشگر

ناوبە ند

نمـــــوونـــــە :

*خـــوێندەوە ⟵ خوێند+ ووە+ ت+ ەوە ⟵ خوێندووە تـــە وە

*هێنایەوە ⟵ هێنا + وە + ت + ەوە ⟵ هێناوە تـــەوە

*نووسییەوە ⟵ نووسی +وە + ت+ ەوە ⟵ نووسیوە تـــەوە

*چـــــوارەم : ڕێـــــژەی ڕابـــــــردووی دووری ڕاگـــــــەیـــــــانـــــدن

*یـــــــــاســـــاکەی : کـــــاری ڕابــــــردووی نــــزیکـــی ڕاگەیـــانـــــدن + بـــــوو

یـــــان / قـــــــــەدی چـــــــــاوگ +بـــوو

07706101021

نموونه :

*خوێند ەوە + بوو ← خوێندبووەوە ← ڕێژەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن

*چاند + بوو ← چاند بوو

*پەروەردە کرد + بوو ← پەروەردە کرد بوو

*وەرگرت + بوو ← وەرگرتبوو

* تێبینی : یاسای (بکەرنادیار) بۆ ڕێژەکانی ڕابردووی ڕاگەیاندن

* ڕەگی کار + را ← ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن (بکەرناد یار)

* دە + ڕەگی کار+ را ← ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن (بکەرناد یار)

* ڕەگی کار + را + وە ← ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن (بکەرناد یار)

* ڕەگی کار + را + بوو ← ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن (بکەرنادیار)

*تێبینی : یاسای (بکەرناد یار) لە گەڵ (کارێك یان چاوگێك) دەبێت کە هە میشە (تێپەڕ) بێت

.

چاوگ	ڕەگی کار	کاری ڕابردووی بکەرناد یار
١_ خوێندن	خوێن	خوێنرا ← ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن ی (بکە ر نادیار)
٢- پاراستن	پارێز	دە پارێزرا ← ڕابردووی بەردە وامی ڕاگەیاندن ی (بکە رنادیار)
٣- نووسین	نووس	نووسراوە ← ڕابردووی تەواوی ڕاگە یاندن ی (بکەرناد یار)
٤_ خواستن	خواز	خوازرابوو ← ڕابردووی دووری ڕاگە یاندن ی (بکەرناد یار)
٥- هێنانە وە	هێن ەوە	هێنرا یەوە ← ڕابردووی نزیکی ڕاگە یاندن ی (بکەرناد یار) ↓ ناوبەند
*هێنانە وە	هێن ەوە	دە هێنرایەوە ← ڕابردووی بەردە وامی ڕاگەیاند ن ی (بکە ر نادیار) ↓ ناوبەند
*هێنانەوە	هێن ەوە	هێنرا وە تەوە ← ڕابردوو ی تەواوی ڕاگە یاندن ی (بکەرنادیار)
		↓ ناوبەند
*هێنانەوە	هێن ەوە	هێنرا بوو ەوە ← ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن ی (بکەر نادیار)

07706101021

*تێبینی : ڕێژەی ڕابـــردووی ڕاگــەیاندن بە (بـــكەرد یـــار و بـــكەر نـــاد یـــار)ە وە بە ئامرازی (نـــــە) نــەرێ دە كرێت .

نـــموونــــــــە :

ئــەرێ	نـــە رێ
*وەر دەگـــــرت	وەر نـــە گـــرت
*بـــانگ كـــرا	بـــانگ نـــە كرا
*نـــــووسیوە	نـــە نـووسیوە

*دووەم : شـــێوازی ڕێــــــژەی ڕانــــە بــردووی ڕاگـــە یـــانـــد ن

*یاساكەی: دە + ڕە گـــی كار + جـــێنـــــاوی لكــــاوی كۆمــە ڵــەی ٣

تــاك	كـــۆ
م	یـن
یــت	ن
ات ، ێت ← (ە ، ۆ)	ن

*تێبینی ١ : ئەگەر كارە كە (ڕانە بردووی سادە) بێت نیشانەی (دە) ی ڕانە بردووە كە دە چێتە (پێش) كارە كە .

*تێبینی ٢ : ئە گەر كارە كەڕانە بردووە كە ناسادە بوو ، واتە (دارێـــژراو یان لێـــكدراو) نیشانە ی (دە)ی ڕانــەبــردوو ەكە دە چێتە دواى (بــە شی یــە كــە می كـــار) ەكە وە .

تێبینـــی ٣ : جێناوە لكاوەكانی كۆمە ڵەی سێیەم لە گەڵ كاری (ڕانــە بــردوو) هە میشە دە كــە ونە كــۆتــایی كــارە كــە وە .

چـــاوگ	ڕە گـــی كــــار	ڕێـــــژەی ڕانـــە بـــــردووی ڕگــــە یــــانــد ن
١-خوێندن	خوێن	دە خوێنــم ، دە خوێنـــین ، دە خوێنـــیت ، دە خوێنــن ، دە خوێنــێت ، دە خوێنــن
٢-ڕاهێنان	ڕا هێن	ڕا دە هێنــم ، ڕادە هێنـــین ، ڕا دە هێنـــیت ، ڕا دە هێنــن ، ڕا دە هێنـــێت ، ڕا دە هێنــن
٣-بانگ كردن	بانگ كە	بانگ دە كەم ، بانگ دە كە ین ، بانگ دە كەیت ، بانگ دە كەن ، بانگ دە كات ، بانگ دە كەن
٤-نووسینەوە	نووس ەوە	دە نووســمــەوە ، دە نووسینەوە ، دە نووسیتەوە ، دە نووسنەوە ، دە نووسێتە وە ، دە نووسنەوە

07706101021

٥- پاراستن	پارێز	ده پـارێزم ، ده پـارێزین ، ده پـارێزیت ، ده پـارێزن ، ده پـارێزێت ، ده پـارێزن

*تێبینی : جێناوی لکاوی (ات) کاتێك به کاردێت ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی به پیتی بزوێنی (ه ، ۆ) هاتبێت ، جێناوی لکاوی (ێت) کاتێك به کاردێت ئه گەر ڕەگی کار کۆتایی به پیتی بزوێنی (ه ، ۆ) نه هاتبێت .

نمـــوونـــه : بـــۆ جێنـــاوی لـکـــاوی (ات)

چـــــاوگ	ڕه گـی کـــــــــار	ڕێــــــژەی ڕانـــه بـــــردووی ڕاگـــه یـــانــــدن
١- بردن	بـــــــه	ده بـــــات
٢- خواردن	خـــــــــۆ	ده خـــــــوات
٣- داخستن	دا خـــــــه	دا ده خـــــــات
٤- شووشتن	شـــــــۆ	ده شـــــــوات

* نمـــوونـــه : بـــۆ جێنـــاوی لـکـــاوی (ێت)

چـــــاوگ	ڕەگـــی کـــــار	ڕێــــــژەی ڕانـــه بـــــردووی ڕاگـــه یـــانــــدن
١- پـاراستن	پـــارێـــــز	ده پـــارێــــز ێت
٢- نـووسین	نـــووس	ده نـووســــێت
٣- سه رکـەوتن	سەر کـه و	سەر ده کـــه و ێت
٤- وەرگـرتن	وەر گـر	وەر ده گـرێت

*یــــاســـــای بـکـــــەر نــــاد یـــــار بـــۆ ڕێــــژه ی ڕانــــه بـــــردووی ڕاگــــەیـــانـــــدن .

* ده + ڕەگـــی کـــــار + رێ

نمـــوونـــه :

چـــــاوگ	ڕەگـــــی کار	ڕێــــژەی ڕانــه بـــردووی ڕاگــه یـــانـدن ی (بکـەر نـادیـار)
١- دواخستن	دوا خـــه	دوا ده خـــرێ
٢- بانگ کردن	بانگ کـــه	بانگ ده کـــرێ
٣- نووسین	نووس	ده نووسرێ
٤- پاراستن	پارێز	ده پارێز رێ
٥- خوێندنەوه	خوێن ەوه	ده خوێنرێــتـــەوه

*تێبینی : ڕێژەی ڕانه بردووی ڕاگەیاند ن به بکه ر د یار و بکه ر نادیارەوه به ئامرازی (نـــا) نەرێ ده کرێت ، به پێچەوانه شەوه .

نموونه : ئـــه رێ نـــەرێ

بانگ دەکـات بـــانگ نـــاکـــات

ده چـــم نـــاچم

دەنووسرێ   نـــانـــووسرێ

ڕاهێــــنانی _ ١ ل ١١

*لەم چاوگانەڕێژە ی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن و ڕێژەی ڕابردووی بە ردەوامی ڕاگەیاندن دروست بکە .

(ڕامـاڵین ، پـەڕینەوە ، ئـازاد کـردن)

چــــاوگ	ڕابـــردووی تـەواوی ڕاگـەیـاندن	ڕابـــردووی بـــە ردەوامی ڕاگەیـاندن
١- ڕاماڵین	ڕامـاڵیـوە	ڕا دە ماڵی
٢- پەڕینەوە	پـەڕیـوە تــەوە	دە پەڕیـــیـــەوە
٣- ئازاد کردن	ئـازاد کـردووە	ئازاد دە کرد

ڕاهێـــنانـــی _ ٢

*ئەم ڕستانە شیبکەوە .

١-شڤان ل بن کە پرێ نڤستیە .

وشـــــە	شیکـــردنـــەوە
شڤان	ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، تایبە تییە ، بکـەرە
ل بن کە پرێ	گرێی هاوە لکـاری شوێنی یە ، تەواو کـەری کـارە
نڤستییە	ڕێـژەی ڕابـردووی تـەواوی ڕاگـە یاندنـە ، تێنە پەڕە ، سادە یـە

٢-شانـازرایـە خـەکـەی چنـی.

وشـــــە	شیکـــردنـــەوە
شاناز	ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، تایبە تییە ، بکـەرە .
رایە خەکە	ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، بەر کارە
ەکە	نیشانەی ناسراوییە
ی	جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك دە گەڕێتەوە بۆ بکەری ڕستە
چنی	ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگە یاندنە ، تێپەڕە ، سادە یە

٣-گوندە کـان ئـاوە دان دە کـرێنەوە

وشـــــە	شیکـــردنـــەوە
گوندەکان	ناوە ، کۆیە ، ناسراوە ، جێگری بکە رە
ئاوە دان دە کرێنەوە	کاری ڕانە بردووی ڕاگەیاندنە ، بکەر نادیارە ، تێپەڕە ، لێکدراوە
ن	جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ دەگە ڕێتەوە بۆ جێگری بکەر
ەوە	پاشگرە

.

07706101021

ڕاهێـــــنانـــی _٣

*وەڵامــی ڕاست هـە ڵبژێـرە .

وە لاَم / ١ _ ت _ ڕابــردووی بــە ردەوام

وەڵام / ٢ _ پ _ نـا

وەڵام / ٣ _ ئـ _ خـولاوەتـەوە

وەڵام / ٤ _ پ _ دە + قـەد

وە لاَم / ٥ _ ئـ _ دەشوات

ڕاهێــنانــی _٤ لا ١٢

*لە ڕستەی (هۆنراوە کانیان لە بە رکرد ، ئینجا چوون بۆ قوتا بخانە)

وە لاَم / ١ _ هە ردووکاری (لە بە رکرد ، چوون) لە ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگە یا ند نن .

وە لاَم / ٢ _ (لە بە رکردووە) ← هۆنراوە کانیان لە بە رکردووە .

وەڵام / ٣ _ (لە بە ردە کرد) (دە چوون) ← هۆنراوە کانیان لە بە ردە کرد ، ئینجا دە چوون بۆ قوتا بخانە .

وەڵام / ٤ _ (لە بەر دە کە ن) (دەچن) ← هۆنراوە کان لە بە ردە کەن ، ئینجا دە چن بۆ قوتا بخانە .

وە لاَم / ٥ _ هۆنراوە کان : ناوە ، کۆیە ، ناسراوە ، بە رکارە .

---

*کـــــۆمە ڵێك پـــرسیـــار دەربــارەی بـــابــەتـــی شێـــوازی ڕاگـــەیـــانـــدن بە شێوە ی هە ڵبژاردن *

پ ١ : ڕاسپاردە کە بە ئەوان جێ بە جێ دە کرێت .

ئـ / ڕاسپاردە کە ئەر کی ...... ﴿ جێگری بکەر _ بە رکار _ تەواو کەری بە یاریدە ﴾ .

ب/ کاری ڕستەکە لە ڕێژەی .... ﴿ داخوازی _ ڕانە بردووی ڕاگە یاندن _ ڕابردووی بەردەوامی ڕاگە یاندن ﴾.

ت/ کاری ڕستە کە بگۆڕە بۆ ڕابردووی تەواوی ڕاگە یاندن ئەوا دە بێتە ...... جێ بە جێ ﴿ کردەوە _ کردووە _ دە کر دوە ﴾ .

پ٢ :شێوازی ڕێژەی ڕانە بردووی ڕاگەیاندن بە ئامرازی .... ﴿ مە _ نا _ نە ﴾ نەرێ دە کرێت .

پ٣ : ﴿ خانووەکەتان نە فرۆشرا ﴾ کاری ڕستەکە لە ڕێژەی ......﴿ دووری _ بە ردەوامی _ نزیکی ﴾ ڕاگە یاندنی بکەر نادیارە .

پ٤ : لە ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن نیشانەی ﴿ دە ﴾ ی بەردەوامی دە چێتە دوای بە شی یە کەمی کارەکە ، ئەگەر کارە کە

07706101021

..............﴿ دارێژراو یان لێکدراو _ سادە _ هە موویان ﴾ .

پ٥: ﴿ ڕۆژگار پێنووسەکەی بە خشیوە ﴾ ڕستەکە بگۆڕین بۆ ڕانە بردوو دە بێتە ....

﴿ ڕۆژگار پێنووسە کە دە بە خشیت _ ڕۆژگار پێنووسەکە دە بە خشێت _ ڕۆژگار پێنووسەکە دە بە خشم ﴾ .

پ٦: (کارەکەی ئەومان دواخست) ﴿دواخست ﴾ کاری ڕابردووی ﴿ دووری ڕاگە یاندن _ نزیکی ڕاگە یاندن _ بە ڕەدوامی ڕاگەیاندن
﴾

پ٧: ڕێژەی ڕابردووی ڕاگەیاندن بە ئامرازی ﴿ نە _ نا _ مە ﴾ نەرێ دە کرێت .

پ٨: ﴿ دەرگاکە بۆیە دەکات ﴾ ئەگەر کاری ئەم ڕستەیە بکەینە ڕابردووی بە ردەوامی ڕاگەیاندن ئەوا دە بێتە......................

﴿ دەرگاکەت بۆیە کرد _ دە رگاکە ی بۆیە دە کرد _ دەرگاکە ی بۆیە کردووە ﴾ .

پ٩: (باخەوانە کە باخەکە باش خزمەت دەکات)

ئـ / خزمەت دە کات ...... لە ڕێژەی ﴿ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن _ ڕابردووی دوور _ ڕابردووی بە ردەوام ﴾ .

ب/ کارەکە بۆیە ﴿ ات ﴾ ی وەرگرتووە ، چونکە ﴿ ڕەگی کار ﴾ کۆتایی بە .... ﴿ ۆ _ ا _ ە _ ێ ﴾ هاتووە .

پ١٠: ﴿ ئەوان گە یشتنە هە ولێر ﴾

ئـ / بکەری ڕستەکە .... ﴿ ن _ ئەوان ، ن _ هیچیان ﴾ .

ب/ گەیشت ..... لە ڕێژەی ﴿ تەواو _ دوور _ نزیك ﴾ ی ڕاگە یاندنە .

پ١١: لە ڕستەی ﴿ ڕۆژنامە کانیان پێچـاوەتـەوە ﴾

ئـ / کاری ڕستەکە لە چ ڕێژەیە کدایە ؟ .... ﴿ دوور _ تەواو _ نزیك ﴾ ی ڕاگە یاندنە .

ب/ کاری ڕستەکە چۆن دروستکراوە ؟ ... ﴿ کاری ڕابردووی نزیك + وە _ کاری ڕابردووی نزیك + وە + ت + ەوە _ کاری ڕابردووی نزیك + ووە + ت + ەوە ﴾ .

پ١٢: لە چاوگی ﴿ دۆزینەوە ﴾ ئەمانە دەربهێنە ....

ئـ/ کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن ....﴿ دۆزیبووەوە _ دۆزیـوەتـەوە _ دۆزییە وە ﴾.

ب/ کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن .... ﴿ دۆزیـمـەوە _ دە دۆزییەوە _ دەدۆزمـەوە ﴾.

پ١٣: قوتابی ژیر ژیرانە وە لام دەداتەوە .

ئـ/ کاری ڕستەکە لە چ ڕێژەیەکدایە ؟ .... ﴿ داخوازی _ ڕابردووی بە ردەوام _ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ﴾.

ب/ ﴿ ات ﴾ چووەتە سەرکارەکە چونکە ڕەگی کارە کە کۆتایی بە پیتی .....﴿ د _ ۆ _ ە _ ا ﴾ هاتووە .

پ١٤: کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بەم شێوە یە دروست دەبێت ....

﴾ده + ڕابردووی نزیكی ڕاگەیاندن _ ده + ڕه گی كار + جێناوی لكاوی ك٣ _ بـ + ڕەگی كار + جێناوی لكاوی ك٣ ﴿ .


پ١٥ : له ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن (وه) به كاردێت ئەگەر قەدی چاوگ كۆتایی به ....

﴾ (ت ، د) _ (ت ، وو) _ (ۆ ، ه) _ (ا ، وو ، ی) ﴿ هاتبێت .

پ١٦ : یه كێك لەم كارانه ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندنه

(ئاماده دەبین _ ده خوولێمەوه _ دەجولایەوه _ دەسورێنەوه) .

دووەم : شێـــوازی دانـــانـــی



*تێبینی ١ : له شێوازی ڕێژەی دانانی هەندێك كاری یاریدەدەر هەن بەم شێوەیه دەردە كەون و بۆ مه به ستی جیاواز ، كه بریتین له :

_١ كار یاریدەدەری ﴾ دەبوایه ، دەبێت ، دەبوو ، دەبێ ﴿ كاری یاریدەدەرن بۆ پێویستی به كاردێن .

نموونه : دەبێت وانەكانمان باش بخوێنین .

_٢ كاری یاریدەدەری ﴾ دەمەوێت ﴿ كاری یاریدەدەره بۆ ﴾ ویستن ﴿بەكاردێت .

نموونه : دەمەوێت خۆشییەكانی ژیان ببینم .

_٣ كاری یاریدەدەری ﴾ دێم ، بێم ﴿ كاری یاریدەدەرن بۆ ﴾ مەبەست ﴿ به كاردێن .

نموونه : دێم تا له تاقیكردنەوەكه به شدار بم .

_٤ كاری یاریدەدەری ﴾ دەوێرم ﴿كاری یاریدەدەره بۆ ﴾ تواناو لێهاتووی و وێران ﴿ به كاردێت .

07706101021

نموونە : دەوێرم هەستی خۆم دەربڕم .

*تێبینی ٢ : هەندێك وشە هەیە لەگەڵ شێوازی دانانی لە ڕستەدا دێت بۆ ئەوە مە بە ستانە بە کاردێن .

١- ﴿ خوایە ، ساخوایە ، خودایە ﴾ ئەم وشانە تایبەتن ، کە بۆدوعاو پاڕانەوە بە کاردێن .

٢_ ﴿ ڕەنگە ، بە گومانم ، بە شکم ، لە وانەیە ﴾ ئەم وشانە بۆ شك و گومان بە کاردێن .

٣_ ﴿ خۆزگە ، بریا ، کاشکی ، خۆزی ﴾ ئەم وشانە بۆ ئاوات و ئارەزوو بە کاردێن .

*تێبینی ٣ : لە کاتی گۆڕینی ڕستەی ﴿ ڕاگەیاندن و داخوازی ﴾بۆ شێوازی دانانی پێویستە ﴿ ڕەنگە ، لەوانەیە ، دەمەوێت ، دێم ، دەوێرم ، دەبێت ، بریا ، خۆزگە ، کاشکی .... هتد ﴾ زیاد بکەین ، بە پێچەوانەشەوە ئە و کاری یاریدەدەرو وشانە لا دەبەین کە بۆ مەبەستی شێوازی دانانی بە کاردێن .

نموونە : دەبێت ولآت بپارێزین . ← شێوازی دانانی

کاری یاریدەدەر

*ولآت دەپارێزین . ← شێوازی ڕاگەیاندن

*چۆنییەتی یاساکانی دروستکردنی شێوازەکانی ڕێژەی دانانی *

*یەکەم : ڕێژەی ڕابردووی دانانی (٣) ڕێژەی هەیە

١_ ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی ﴿ با ﴾

*یاساکەی : ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن + با

یان / قەدی چاوگ + با

چاوگ	ن_	+با	کاری ڕابردووی نزیکی دانانی
١- خوێندن	ن_	+با	خوێندبا
٢- چوون	ن_	+با	چووبا
٣- وەرگرتن	ن_	+با	وەرگرتبا
٤- ڕاهێنان	ن_	+با	ڕاهێنابا

*تێبینی : ئەگەرچاوگەکە پاشگری (ەوە) ی لە گەڵدا بێت ، ئەوا (یـ) ی ناوبەند بەکاردێت لە نێوان نیشانەی (بـــا) و پاشگرەکە .

چـــــــــــاوگ	ـن	+ با	کـــاری ڕابـــردووی نـــزیکی دانـــانی
١- نووسینــەوە	ـن	+ با	نووسیبـــا یـــەوە
٢- هاتنــەوە	ـن	+با	هاتبـــا یـــەوە

٢_ ڕێــژەی ڕابــــــردووی تــەواوی دانـــانی (بێت)

یـــاساکەی : ڕابـــــردووی نــزیکـــی ڕاگــەیــــاندن + بێت

یـــان / قــــەدی چـــــــــــاوگ + بێت

*نمـوونــە :

چــــــــــاوگ	ـن	+بێت	ڕێــژەی ڕابـــــــردووی تـــەواوی دانـــانـــی
١- بردنـەوە	ـن	+بێت	بردبێتـــەوە
٢- بانگ کردن	ـن	+بێت	بانگ کرد بێت
٣- ڕۆیشتنەوە	ـن	+بێت	ڕۆیشتبێتــەوە
٤- ئاگادارکردنـەوە	ـن	+بێت	ئاگادار کردبێتـــەوە

٣_ ڕێـــژەی ڕابـــردووی دووری دانـــانـــی (بـــووبا)

یـــاساکەی : ڕابـــردووی نـــزیکی ڕاگـــەیاندن + بووبا

یان/ قـــەدی چاوگ + بووبا

یان / کاری ڕابـــردووی دووری ڕاگەیاندن + بـــا

چـــــاوگ	ـن	+ بووبا	ڕێـــژەی ڕابـــردووی دووری دانـــانـــی
١_ خوێندن	ـن	+بووبا	خوێندبووبا
٢_ بانگکردن	ـن	+بووبا	بانگکردبووبا
٣_ نووستن	ـن	+بووبا	نووستبووبا
٤_ دواخستن	ـن	+بووبا	دواخستبووبا

07706101021

*تێبینی :ئەگەر كارەكە پاشگری (وە) ی پێوە بوو ، ئەوا (یـ) ی ناوبە ند بە كاردێت لە نێوان نیشانەی (بووبا) و پاشگرەكە .

چــاوگ	ن_	+بووبا	ڕێـــژەی ڕابـــردووی دووری دانـــانی
١_ دۆزینـەوە	ن_	+بووبا	دۆزیـــبووبایـــەوە
٢_ هێنانـەوە	ن_	+بووبا	هێنابووبایـــەوە

*یـــاسای بكـەر نـــادیـار بۆڕێــژە كـــانی ڕابــــردووی دانانـــی .

١_ ڕە گـــی كار + را + با ⟵ ڕابــردووی نــزیكی دانانی بكـەر نـادیـار

٢_ ڕەگی كار + را + بێت ⟵ ڕابـردووی تـەواوی دانـانی بكـەر نـادیـار

٣_ ڕەگی كار +را+ بووبا ⟵ ڕابـــردووی دووری دانـــانی بكـەر نـادیـار

*نمـــوونـە :

چـــاوگ	ڕەگی كـــار		ڕێـــژەی ڕابــــردووی دانـــانی بكـەرنـادیـار
١_ خوێندن	خوێن		خوێنـــرابـــا ⟵ ڕابـردووی نزیكی دانانی بكەر نادیار
٢_ خواستن	خواز		خواز رابێت ⟵ ڕابردووی تەواوی دانانی بكەر نادیار
٣_ پاراستن	پارێز		پارێزرابووبا ⟵ ڕابردووی دووری دانانی بكەر نادیار
٤_ نووسینەوە	نووس	وە	نووسرابـــایـــەوە ⟵ ڕابردووی نزیكی دانانی بكەرنادیار
٥_ فرۆشتنەوە	فرۆش	وە	فرۆشرابێتـــەوە ⟵ ڕابردووی تەواوی دانانی بكەر نادیار
٦_ خستنەوە	خە	وە	خرابووبـــایـــەوە ⟵ ڕابردووی دووری دانانی بكەر نادیار

*تێبینی : ڕێژەی ڕابردووی دانانی بە بكەر دیارو بە بكەر نادیارەوە بە ئامرازی (نە) نەرێ دە كرێت .

نمـــوونـە :

ئـــەرێ	نـــەرێ
بانگ كرابا	بانگ نە كرابا
چووبێت	نەچووبێت
پاراستبووبا	نە پاراستبووبا

دووەم : ڕێـــژەی ڕانـــەبـــردووی دانـــانـی

*یاساكەی : بـ + ڕەگی كـــار+جێناوی لكاوی كۆمەڵەی سێیەم ⟵ تاك ⟵ م ، یت ، ات ، یّت

كــۆ ⟵ ین ، ن ، ن

07706101021

*تێبینی ١ :ئەگەر کارەکە ناسادە بێت واتە (داڕێژراو یان لێکدراو) بێت ، ئەوا نیشانەی (بـ)ی کاری ڕانە بـردووی دانانییەکە دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکەوە ، هەروەها دەگونجێت نیشانەکە نە نووسرێت یان دەرنەکەوێت .

*تێبینی ٢ : ئەگەر کارەکە پاشگری (ەوە) ی پێوە بێت ، ئەوا هەمیشە پاشگرەکە دەکەوێتە دوای جێناوی لکاوی کۆمەڵەی سێیەمەوە .

تێبینی ٣ : جێناوی لکاوی کۆمەڵەی سێیەم لەگەڵ ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی هەمیشە دەکەوێتە کۆتایی کارەکەوە .

تێبینی ٤ : هەموو ڕێژەکانی دانانی لە کاری (ڕابردوو و ڕانەبردوو) دا بە ئامرازی (نە) نەریّ دە کرێت .

نموونە : بۆ ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی

چاوگ	ڕەگی کار	ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی
١_ چوون	چ	بچم ، بچین ، بچیت ، بچن ، بچێت ، بچن
٢_ بردن	بە	ببەم ، ببەین ، ببەیت ، ببەن ، ببات ، ببەن
٣_وەرگرتن	وەر گر	وەربگرم ، وە ربگرین ، وەربگریت ، وە ربگرن ، وەربگرێت ، وەربگرن
٤_ خواردن	خۆ	بخۆم ، بخۆین ، بخۆیت ، بخۆن ، بخوات ، بخۆن
٥_سەرخستن	سەر خە	سەربخەم ، سە ربخەین ، سەربخەیت ، سەربخەن ، سەربخات ، سەربخەن

*یاسای بکەر نادیار بۆ ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی

* بـ + ڕەگی کار + رێ

نموونە :

چاوگ	ڕەگی کار	ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی بکەر نادیار
١_ خوێندن	خوێن	بخوێنرێ
٢_ دواخستن	دوا خە	دوا بخرێ
٣_ نوسینەوە	نووس ەوە	بنووسرێتەوە
٤_ پاراستن	پارێز	بپارێزرێ

*تێبینی : ڕێژەی ڕانە بردووی دانانی بە بکەر دیارو بکەر نادیارەوە بە ئامرازی (نە) نەرێ دەکرێت ، بە پێچەوانە شە وە .

ئەرێ	نەرێ
١_ وەر بگرین	وەر نە گرین
٢_ بانگ بکرێ	بانگ نە کرێ
٣_ بفرۆشێت	نە فرۆشێت

07706101021

ڕاهێـــــنانی _ ١ لا١٧

*ڕێــژەوشێوازی کارە کانی ئەم ڕستانە دیاربخە ؟

*وەلآم:

ڕســتەکـــان	کـــــــارەکان	ڕێـــــژەو شێـــوازەکـــــەی
_١	بباریێت	ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی
_٢	دیتبا ، لێ وەرگرتبا	ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانین
_٣	هاتبێتن ، ڕۆیشتبێتن	ڕێژەی ڕابردووی تەواوی دانانین
_٤	پێشکەوتبا	ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی یە

ڕاهێـــــنانی _ ٢ لا١٧

*لە ڕستــەی (دەبێت ژینگە بپــارێــزیــن) .

*وەلآم /١_ دەبێت ، کاری یاریدەدەرە ، مانای پێویستی دەگەیە نێت .

*وەلآم /٢_ بپـاریزین ، ڕێژەی ڕانــەبردووی دانانی یە ، چۆنییەتی دروستبوونی ← بـ + ڕەگی کار + جێناوی لکاوی (ین)

*وەلآم /٣_ پاراستبـــا ← ڕابـــردووی نـــزیکی دانـــانی

*وەلآم /٤_ بپاریز یت ← کەسی دووە می تاک ، * بپـــاریزن ← کەسی سێیەمی تاک

*وەلآم /٥_ ژینگە دەپـاریـزیـن ← شێــوازی ڕاگــەیـانـدن

ڕاهێـــــنانی _٣ لا١٧

*وەلآمی ڕاست هــە ڵبژێــرە .

*وەلآم /١_ قـــەدی چــاوگ + بێت

*وەلآم /٢_ خـــــۆزگە خــانــووەکــەیـان کــرییێت .

*وەلآم /٣_ نە

*وەلآم / ٤- ئـــاوات

*وەلآم / ٥- ڕانــەبــردووی دانـــانی

07706101021

ڕاهێـــنـــانی _ ٤

*ئـەم ڕستانـە ی خـوارەوە شیبکـەوە .

١_ خۆزگە باران باریبا

وشــە	شیـکــــردنــەوە
خۆزگە	وشەیەکە بۆ ئاوات و هیواو ئارە زوو بەکاردێت
باران	ناوە ، گشتییە ، نەناسراوە ، بکەرە
باریبا	کاری ڕابردووی نزیکی دانانی یە ، سادە یە ، تێنە پەرە

٢_ دەبێت چیرۆکەکە بخوێنیتەوە .

وشـــە	شیـکــردنـــەوە
دەبێت	کاری یاریدەدەرە ، بۆ پێویستی بە کاردێت
چیرۆکەکە	ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، بەرکارە
ەکە	نیشانەی ناسراوییە
بخوێنیتەوە	کاری ڕانەبردووی دانانی یە ، تێپەرە ، داڕێژراوە
یت	جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك ، بکەرە
ەوە	پاشگرە

---

*چەند پرسیارێك دەربارەی بابەتی شێوازی ڕێژەی دانانی بە شێوەی هەڵبژاردن *

پ١ : یەکێك لەم کارە یاریدەدەرانە بۆ ڕێژەی ڕانەبردووی بەکاردێت ....

﴿دەبوو _ دەبێت _ دەبوایە﴾

پ٢ : خۆزگە و بریاو کاشکی و خۆزی ، وشەن بەکاردێن بۆ ....

﴿گومان و شك _ دوعاو پاڕانەوە _ هیواو ئارەزوو﴾

پ٣ : خۆزگە کە پەرەکەی دروستکرد بووبا .

ئـ/ کاری ڕستەکە لە ڕێژەی .... ﴿تەواو _ نزیك _ دوور﴾ی دانانی یە .

ب/ ڕستەکە بگۆڕە بۆ ڕانە بردووی دانانی ، ئەوا دەبێتە ....

﴿کە پەرەکە دروست بکات _ ڕەنگە کە پەرەکە دروست بکەم _ لەوانەیە کە پەرەکە دروست بکات﴾ .

ت/ ڕستەکە بکەینە ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ، ئەوا دە بێتە ....

07706101021

﴿ كە پرەكەی دروستكرد _ كە پرەكە دروست دەكات _ كە پرەكەی دروست دەكرد ﴾.

پ٤ : بریا نانەكەت خواردبا .

ئـ/ بریا وشەیەكە بۆ .... ﴿ نزاو پاڕانەوە _ ئاوات و ئارەزوو _ شك و گومان ﴾ بەكاردێت .

ب/ ڕستەكە بكەینە ڕاگەیاندن ، ئەوا دەبێتە .... ﴿ نانەكەت دەخوارد _ نانەكەت خوارد _ نانەكەت خواردبوو ﴾

پ٥ : وانەكەم نووسیوە ، ڕستەكە بكەینە دانانی ، دەبێتە ....

﴿ لەوانەیە وانەكەم نووسیبا _ لەوانەیە وانەكەم نووسیبێت _ لەوانەیە وانەكەم نووسیبووبا ﴾ .

پ٦ : ئەگەر ڕستەیەك لە دانانی یەوە بكەینە (ڕاگەیاندن یان داخوازی) پێویستە وشەو كاری یاریدەدەر ....

﴿ زیاد بكەین _ لاببەین _ بە پێی ڕستەكە ﴾.

پ٧ : دەبێت ژینگە بپارێزین ، دەبێت كوردستان و یەكریزی بپارێزین . ...

ئـ/﴿ بپارێزین ﴾ چۆن دروستبووە ؟ ....

﴿ ب + ڕەگی كار جێناوی لكاوی كۆمەڵەی دووەم _ ب +قەدی چاوگ + ك٣ _ ب + ڕەگی كار + جێناوی لكاوی كۆمەڵەی سێیەم ﴾

ب/﴿ بپارێزین ﴾لە ڕێژەی .... ﴿ ڕابردوو _ ڕانەبردوو _ داخوازی ﴾یە .

ت/ لە كاری﴿ بپارێزین﴾ ئەم ڕێژانە دروست بكە ....

١_ ڕابردووی نزیكی دانانی .... ﴿ پاراست _ پاراستبا _ پاراستووە ﴾ .

٢_ ڕابردووی تەواوی دانانی .... ﴿ پاراستبێت _ پاراستبیە _ پاراستووە ﴾.

٣_ ڕابردووی نزیكی ڕاگەیاندن ......﴿ پاراستووە _ دەپاراست _ پاراست ﴾.

٤_ كاری (بپارێزین) بدە پاڵكەسی دووەمی كۆ ......﴿ بپارێزێت _ بپارێزیت _ بپارێزن ﴾ .

٥_ كاری (بپارێزین) بدە پاڵكەسی دووەمی تاك ......﴿ بپارێزم _ بپارێزیت _ بپارێزێت ﴾.

٦_ ڕستە كە بكەینە ڕاگەیاندن ، دەبێتە ....

﴿ ژینگە دەپارێزێت _ ژینگە دەپارێزین _ ژینگە بپارێزێ ﴾.

پ٨ : دەمەوێ كورە لە ڕووبارەكە بپەڕێتەوە

ئـ/ (دەمەوێ) كاری .... ﴿ ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن _ ناتەواو _ یاریدەدەر ﴾

ب/ كاری﴿ بپەڕێتەوە ﴾ لە چ ڕێژەیەكدایە ؟.........................

﴿ داخوازی _ ڕانەبردووی دانانی _ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ﴾

07706101021

ت/ ﴿ بپەڕێتەوە ﴾ بگۆڕە بۆ ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن ....

﴿ پەڕیبێتەوە _ بپەڕەوە _ پەڕیوە تەوە ﴾

پ٩ : ڕەنگە زوو هاتبان ، پاشان زوو ڕۆیشتبێتن .

ئـ/ کاری ئەم ڕستە یە لە ڕێژەی .... ﴿ نزیك _ دوور _ نزیك و تەواو _ تەواو ﴾ ی دانانی یە .

ب/ ڕستەی دووەم بکەینە ڕابردووی ڕاگەیاندن ..... ئەوا دە بێتە ﴿ زوو ڕۆیشتبوو _ زوو ڕۆیشتووە _ زوو دەڕۆیشت ﴾

پ١٠ : لە ڕستەی ﴿ دەبوو کارەکەی بە دڵسۆزی ئە نجام دابا ﴾ ....

ئـ/ ﴿ دەبوو ﴾ چ جۆرە کارێکە ؟ ....

﴿ ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن _ یاریدەدەر _ ناتەواو ﴾

ب/ کارەکە بگۆڕە بۆ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ، ئەوا دە بێتە ....

﴿ کارەکە بە دڵسۆزی ئە نجام بدە _ کارەکە بە دڵسۆزی ئە نجام دە دات _ کارەکە بە دڵسۆزی ئە نجام دە دا ﴾

---

*سێ یەم : **شێوازی ڕێــــژەی داخــــوازی**

*ئەو ڕێژەیەیە کە قسەکەر بە شێوەیەکی داواو فەرمان داو الە کەسی دووەمی تاك یان کەسی دووەمی کۆ دەکات بۆب ە جێهێنانی یان بە جێ نە هێنانی کارێك یان کردووەیەك .

*یاســــای کــــاری داخــــوازی :

* بـ + ڕەگــی کــار + → ە : جێنــاوی لکــاوە بۆکــەسی دووە مــی تــاك / بکــەرە
→ ن : جێنــاوی لکــاوە بۆکــەسی دووەمــی کــۆ / بکــەرە

* نمـــوونــە :

چــــاوگ	ڕەگـــی کار	کـــاری داخــــوازی
١_ نووسین	نووس	بـــنووســـە ، بـــنووســـن
٢_ وەر گـــرتن	وەر گر	وەر بـــگـــرە ، وەر بـــگـــرن
٣_ خوێندن	خوێن	بـــخوێنـــە ، بـــخوێنـــن
٤_ ماڵین	ماڵ	بـــماڵـــە ، بـــماڵـــن
٥_ هێنان	هێن	بـــهێنـــە ، بـــهێنـــن

07706101021

پ/ لە ڕێژەی داخوازیدا (ـە) چییە ؟ ئەرکی چییە ؟ کەی دەردەکەوێت ؟ کەی دەرناکەوێت ؟ وەڵامەکەت بە نموونەوە ڕوونیبکەرەوە .

*وەڵام / لە ڕێژەی داخوازیدا ﴿ ـە ﴾جێناوی لکاوە بۆکەسی دووەمی تاك ، ئەرکی بکەرە ، کاتێك دەردەکەوێت ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی نەبزوێن هاتبێت ، کاتێك دەرناکەوێت ئەگەر ڕەگی کار بە یەکێك لەم پیتە بزوێنانە ﴿ وو ، ـە ، ۆ ، ی ، ێ ﴾کۆتایی هاتبێت .

*نمـــوونـــە بۆ﴿ ـە ﴾ کاتێك دەردەکەوێت .

چـــــاوگ	ڕەگـــی کـــــار	کـــــاری داخــــــوازی
١ _ کرین	کــــــڕ	بــکــــڕە
٢ _ خـوێندن	خـــوێـــن	بــخـــوێـنـــە
٣ _ پاراستن	پـــارێـــز	بــپــــارێـزە

* نمـــوونـــە بۆ (ـە) کاتێك دەرنـــا کەوێت .

چـــــاوگ	ڕەگـــی کـــــار	کـــــاری داخـــــوازی
١ _ نووستن	نــوو	بـنــوو ~~ە~~ ⟵ دەر نە کەوتووە
٢ _ بردن	بــە	بــبــە ~~ە~~ ⟵ دەرنە کەوتووە
٣ _ ژیان	ژی	بـژی ~~ە~~ ⟵ دەرنە کەوتووە
٤ _ خواردن	خــۆ	بـخۆ ~~ە~~ ⟵ دەرنە کەوتووە
٥ _ هاتن	ێ	بـێ ~~ە~~ ⟵ دەرنەکەوتووە

*تێبینی ١ : ئەگەر کارێك کۆتایی بە پاشگری ﴿ ەوە ﴾ هاتبێت ، ئەوا لە ڕێژەی داخوازیدا لە پاڵ کەسی دووەمی تاك پیتی﴿ ر ﴾ی ناوبەند بەکاردێت و دەکەوێتە نێوانیانەوە .

*نمـــوونـــە :

چـــــاوگ	ڕەگـــی کـــــار	کـــــاری داخـــــوازی
١ _ نووسینەوە	نووس ەوە	بـنووســە ر ەوە
٢ _ هێنانەوە	هێن ەوە	بـهێنـە ر ەوە
٣ _ ئاوە دان کردنەوە	ئاوەدان کە ەوە	ئاوەدان بکە رەوە

*تێبینی ٢ : کاری داخوازی بە دوو شێوە لە چاوگی (هاتن) دروست دەبێت ، بەم شێوەیەی خوارەوە .

چـــــاوگ	ڕەگـــی کـــــار	کاری داخوازی (شێوازی یەکەم)	کاری داخوازی (شێوازی دووەم)
هاتن	ێ	بــێ _ بـێـن	وەرە _ وەرن

07706101021

*چونکە هەندێک کاری داخوازی هە یە لە زمانی کوردیدا لە دەستووری ئە و شێوازە لادەدەن بە شازی دەردەکەون .

*تێبینی ٣ : لە کاری داخوازی ﴿ داڕێژراو یان لێکدراو ﴾دەتوانین ﴿ بـ ﴾ی نیشانەی کاری داخوازی بە کار نە هێنین بۆس ووکی زمان ، نابێتە هۆی تێکچوونی ڕستەکە یان کارەکە .

* نمـــوونە :

کـــــاری داخوازی	کـــــاری داخوازی	جۆرەکەی
١_ وەربـگرە	وەرگرە	داڕێژراو
٢_ دابـخەن	دا خەن	داڕێژراو
٣_ تەواو بـکەن	تەواو کەن	لێکدراو
٤_ سەر بـــخە	سەر خە	لێکدراو

*تێبینی ٤ : کاری داخوازی ﴿ سادە ، داڕێژراو ، لێکدراو ﴾ بە ئامرازی ﴿ مـە ﴾ نەرێ دەکرێت ، بە پێچەوانەشەوە .

*نمـــوونە :

ئـــــــــەرێ	نـــــــــــەرێ
١_ بـچۆ	مـە چۆ
٢_ وەربـگرە	وەر مـەگرە
٣_ لابـدەن	لا مـە دەن
٤_ بـفرۆشن	مـە فرۆشن

ڕاهێـــنـانـــــــی ١_ لا٢٢

*لەم ڕستانەی خوارەوە ئەو کارانەی کەبۆ شێوازی داخوازی بەکار هاتووە دەریان بهێنە .

*وەڵام :

ڕســـــــــتە	شێــــــــوازی داخـــــــوازی
١_	بخوێنەوە
٢_	بڵێ
٣_	بپارێزن
٤_	پەخشبکە
٥_	مەشێوێنە

ڕاهێـــــــــــــنانی _ ٢ لا٢٢

*ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەوە .

١_ گۆڤارەکان چاپ بکەن .

وشـــــــــه	شــــیکـــــرد نـەوە
گۆڤارەکان	ناوە ، کۆیە ، ناسراوە ، گشتی یە ، بە رکارە .
چاپ بکەن	کاری داخوازی یە ، تێپەرە ، لێکدراوە
ن	جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی کۆ ، بکەرە

٢_ پەخشانەکە بڵاو بکەوە .

وشـــــــــه	شــــیکـــــرد نـەوە
پەخشانەکە	ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، بەرکارە
بڵاو بکەوە	کاری داخوازییە ، تێپەرە ، لێکدراوە
ە	بکەری ڕستەکە جێناوی لکاوە بۆکەسی دووەمی تاك دەرنەکەوتووە ، چونکە ڕەگی کارکۆتایی بە پیتی بزوێنی (ە) هاتووە
وە	پاشگرە

٣_ بە خۆشی بژی .

وشـــــــــه	شــــیکرد نــەوە
بە خۆشی	هاوەڵکاری چۆنییەتییە ، داڕێژراوە ، تەواو کەری کارە
بژی	کاری داخوازییە ، تێنە پەرە ، سادەیە
ە	بکەری ڕستەکە جێناوی لکاوە بۆکەسی دووەمی تاك دەرنەکەوتووە ، چونکە ڕەگی کارکۆتایی بە پیتی بزوێنی (ی) هاتووە

ڕاهێـــــنانـــی _ ٣ لا٢٢

*وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە .

*وەڵام / ١- ب _ جێناوی لکاوی (ە)

*وەڵام /٢_ ت _ هەموویان

*وەڵام / ٣_ ب _ بین

*وەڵام /٤_ پ _ دابنیشەوە

07706101021

*وەڵام /٥_ ئـ _ بژێـــیت

ڕاهێـــــــــــــــنانـــی _ ٤ لا٢٣

*لە ڕستەی (پرۆژەکە تەواو بکە) .

*وەڵام /١_ ﴿ ە ﴾ جێناوی لکاو بۆکەسی دووەمی تاك ، بکەرە ، دەرنە کەوتووە چونکە ڕەگی کار کۆتایی بە یتی بزوێنی (ە) هاتووە .

*وەڵام /٢_ بەڵێ دەتوانین چونکە کارەکە داخوازی لێکدراوە ،هەروەها بۆسووکی زمان بەکاردێت و واتای ڕستەکە تێك ناچێت .

*پـــرۆژەکـــە تەواو کـــە .

*وەڵام/٣_ پرۆژەکە : ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، گشتی یە ، بە رکارە .

*وەڵام / ٤ _ دەبێت پرۆژەکە تەواو بکە یت .

---

*چەند پرسیارێك لە سە رشێوازی ڕێژەی داخوازی بە شێوە ی هەڵبژاردن *

پ١ : پرۆژەکە تەواو بکە .

ئـ / پرۆژەکە ..... ئەرکی .... ﴿ دیارخە ر _ بەرکار _ بکەر ﴾.

ب/ ڕستەکە بکە شێوازی دانانی لە حاڵەتی نەریٚ ... ئەوا دەبێتە ....

﴿ دە بێت پرۆژەکە تەواو مەکەن _ دەبێت پرۆژەکە تەواو نەکەن _ دەبێت پرۆژەکە تەواو نە کەیت ﴾.

پ٢ : کتێبەکە لە سەر مێزەکە دابنێ .

ئـ / کارەکە لە چ شێوازێکە ؟ .... ﴿ دانانی _ ڕاگەیاندن _ داخوازی ﴾.

ب/ کوا بکەری ڕستەکە .... ﴿ ۆ _ ە _ دەرنەکەوتووە ﴾.

ت/ دەتوانین ﴿ بـ ﴾ لادەین ، چونکە کارەکە .... ﴿ سادە _ لێکدراو _ داڕێژراو ﴾ ە .

پ/ کارەکە لە ڕستەکە بکە دانانی ...... ئەوا دەبێتە ....

﴿ دەبێت کتێبەکە لە سەر مێزەکە دابنێـن _ دەبێت کتێبەکە لە سەر مێزەکە دابنێـیت _ دەبێت کتێبەکە لە سەرمێزەکە دابنێـــین ﴾.

پ٣ : زوو برۆ ، کارەکە ئە نجام بدە .

ئـ/ هەردوو کار لە چ شێوازێکدان ؟ .... ﴿ ڕاگەیاندن _ داخوازی _ دانانی ﴾.

ب/ بکەری هەردوو ڕستەکە دیاربخە.........﴿ ە _ دەرنەکەوتووە _ ۆ ﴾.

ت/ لەکاری﴿ برۆ ﴾ کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن و لە کاری ﴿ ئە نجام بدە ﴾ کاری ڕابردووی دووری ڕاگە یاندن دروست بکە

(ڕۆیشت و ئە نجامدا بوویا _ ڕۆیشت و ئە نجامدابوو _ دەڕۆیشت و ئە نجامدابوو) .

07706101021

پ٤ : ئەگەر کارەکە کۆتایی بە پاشگری﴿ ەوە ﴾ هاتبوو چۆن کاری داخوازی دروست دەکرێت ؟ بۆ کەسی دووەمی تاك .....

ناوبەندی ﴿ ی _ ت _ و _ ر ﴾ وەر دەگرێت .

پ٥ : دەتوانین ﴿ بـ ﴾ لە کاری داخوازی لابدەین ، ئەگەر کارەکە ﴿ داڕێژراو _ لێکدراو _ هەر دووکیان ﴾ .

پ٦ : پەخشانەکە بخوێنەرەوە .

ئـ/ ﴿ ـە ﴾ لەدوای ﴿ بخوێنـە ﴾ چییە ؟ ....﴿ بەشێکە لە ڕەگی کار _ بکەر _ هیچیان ﴾.

ب/ ﴿ ر ﴾ لە دوای ﴿ بخوێنە ﴾ چییە ؟ ....﴿ ئامرازە _ ناوبەندە _ بەشێکە لە کارەکە ﴾.

پ٧ : بەخۆشی بژی .

ئـ/ چی دەرنەکەوتووە ؟ .... ﴿ بەرکار _ بکەر _ دیارخەر ﴾.

ب/ ﴿ بەخۆشی ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ دیارخەری ناو _ تەواوکەری کار _ هەردووکیان ﴾.

پ٨ : ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی بزوێنی ﴿ ە ، وو ، ێ ، ی ، ۆ ﴾هات ، ئەوا هەمیشە ﴿ بکەر ﴾.............

﴿ دەردەکەوێت _ دەرناکەوێت _ هە ردووکیان ﴾

پ٩ : کتێبەکە هەڵبگرە .

ئـ/ کاری ڕستەکە لە ڕێژەی .... ﴿ ڕاگەیاندن _ داخوازی _ دانانی ﴾.

ب/ کاری ڕستەکە چ جۆرێکە ؟ .... ﴿ لێکدراو _ سادە _ داڕێژراو ﴾.

ت/ ﴿ ە ﴾لە دوای کاری (هەڵبگرە) ئەرکی .... ﴿ دیارخەر _ بکەر _ بەرکار ﴾ .

پ/ ئەگە ر ڕستەکە بکەینە دانانی .... ئەوا دەبێتە ....

﴿ دەبێت کتێبە کە هەڵبگرم _ دەبێت کتێبەکە هە ڵبگریت _ دەبێت کتێبەکە هەڵبگرن ﴾.

ج/ ئایا دەتوانین نیشانەی ﴿ بـ ﴾لە کارەکە لابدەین ....﴿ نەخێر _ بە لێ _ هەردووکیان ﴾ .

ح/ ڕستەکە بگۆڕە بۆ شێوازی نەرێ ....

﴿ کتێبەکە هەڵمە گرە _ کتێبەکە هەڵنەگرن _ کتێبە کە هە ڵنە گریت ﴾.

خ/ ڕستەکە بگۆڕە بۆ شێوازی ڕاگەیاندن ....

﴿ کتێبەکە هەڵبگرن _ کتێبەکە هەڵدەگریت _ کتێبە کە هە ڵمە گرە ﴾ .

پ١٠/ ئەگەر کارێك ﴿ سادە ، داڕێژراو _ داڕێژراو و لێکدرا و _ سادە و لێکدراو ﴾ بوو دەتوانین ﴿ بـ ﴾ لادەین لە کاری

﴿ داخوازی و ڕانەبردووی دانانی ﴾.

*چـــوارەم : * شـــــێـوازی مــــــەرجـــــــی *

﴿ ڕسـتـەی ئـاوێـتـەی مــەرجــی ﴾

*لەکاتی بەکارهێنانی کار لە ڕستەدا ئەگەر ڕوودانی کارێك ﴿ مەرج ﴾بێت بۆڕوودانی کارێکی تر ، لەو بارەیەوە بەو کارە ، بە ڕێژەی ناوەڕۆکییەوە دەگوترێ ﴿ ڕستەی ئاوێتەی مەرج ﴾﴿ شێوازی مەرج ﴾.

پارستە ← (ڕســـتەی ئـاوێتەی مـەرج) → شارستە

- پارستە ↓ ڕستەی کاری مەرج ↓ کارلە ڕێژەی ↓
  - ڕاگەیاندن
  - دانانی
- شارستە ↓ ڕستەی وەڵامی مەرج ↓ کارلە ڕێژەی ↓
  - ڕاگەیاندن
  - داخوازی

* تێبینی : کاری مەرج و وەڵامی مەرج پێویستی بە ئامرازی ﴿ لێکدەری مەرج ﴾هەیە .

* ئامرازی لێکدەری مەرج ئەمانەن : ﴿ ئەگینا ، هەتاکو ، هەتاوەکو ، کە ، کەی ، هەتا ، تا ، چونکە ، ئەگەر ..... هتد ﴾.

* ڕستەی کاری مەرج : ڕوودان و بە ئە نجام گەیاندنی کاری ئەم ڕستەیە مەرجە بۆ ڕوودانی کاری ﴿ وەڵامی مەرج ﴾

* ڕستەی وەڵامی مەرج : ڕستەیەکی سەرە کییە و بە ئە نجام گەیاندنی کاری ئەوە ڕستەیە بە ستراوە تەوە بەڕوودانی﴿ کاری مەرج ﴾.

* تێبینی : لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجیدا کار ڕێژەی تایبەتی خۆی (نییە) بەڵکو هەر ئەو کارانە ن کە لە شێوازی (ڕگەیاندن و داخوازی و دانانی) بە کار هێنراون ، لێرەدا بۆ مەبەستی﴿ بنجی ﴾ خۆیان بەکار نە هێنراون ، بە ڵکوب ۆ مەبەستی ﴿ مەرج ﴾ بەکارهێنراون .

* یاسای یەکەم : ئامرازی لێکدەری مەرج + ڕستەی کاری مەرج + ڕستەی وە لاَمی مەرج .

ڕستەی کاری مەرج ↓ پارستە — ڕستەی وە لاَمی مەرج ↓ شارستە

*یاسای دووەم : ڕستەی وەڵامی مەرج + ئامرازی لێکدەری مەرج + ڕستەی کاری مەرج

شارستە پارستە

* نموونە ١ : کە بەهار هات ، دەچین بۆ سەیران .

* جۆری ڕستەکە ﴿ ڕستەی ئاوێتەی مەرجە ﴾

* کە : ئامرازی لێکدەری مەرجە .

* ئەم ڕستەیە لە دوو ڕستە پێکهاتووە ﴿ کەبەهار هات ﴾ ڕستەی کاری مەرج ، ﴿ دەچین بۆ سەیران ﴾ڕستەی وەڵامی مە رجە .

* هەردوو کاری﴿ هات ، دەچین ﴾لە ڕێژەی ڕاگەیاندنن .

* دەتوانین جێیان بگۆڕین ﴿ دەچین بۆ سەیران ، کە بەهار هات ﴾ .

* نموونە ٢ : وانەکە بخوێنە ، ئەگینا دەرناچیت .

*جۆری ڕستەکە ﴿ ڕستەی ئاوێتەی مەرجە ﴾.

* ئەگینا : ئامرازی لێکدەری مەرجە .

* ئەم ڕستەیە لە دوور ستە پێکهاتووە﴿وانەکە بخوێنە﴾ڕستەی وەڵامی مەرجە ، ﴿ ئە گینا دەرناچیت ﴾ ڕستەی کاری مەرجە .

* کاری﴿ بخوێنە ﴾ لە ڕێژەی داخوازییە ، لەڕستەی وەڵامی مەرج

* کاری ﴿ دەرناچیت ﴾لە ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە ، لە ڕستەی کاری مەرج .

* دەتوانین جێیان بگۆڕین ﴿ ئەگینا دەرناچیت ، وانەکە بخوێنە ﴾ .

* نمـــوونـە ٣ : ئەگەر یەکبگرین ، بە ئامانج دەگەین .

* جۆری ڕستەکە : ڕستەی ئاوێتەی مەرجە .

* ئەگەر : ئامرازی لێکدەری مەرجە .

* ئەم ڕستەیە لە دوو ڕ ستە پێکهاتووە﴿ ئەگەر یەکبگرین ﴾ڕستەی کاری مەرجە ، ﴿ بە ئامانج دەگەین ﴾ ڕستەی وەڵامی مەرجە .

* کاری ﴿ یەکبگرین ﴾ لە ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی یە ، لە ڕستەی کاری مەرج

* کاری ﴿ دەگەین ﴾لە ڕێژەی ڕانە بردووی ڕاگەیاندنە ، لە ڕستەی وەڵامی مەرج .

* دەتوانین جێیان بگۆڕین﴿ بە ئامانج دەگەین ، ئەگەر یەکبگرین ﴾.

* نمـــوونـە ٤ : سەر دەکەوین ، ئەگەر بخوێنـــین .

* جۆری ڕستەکە : ڕستەی ئاوێتەی مەرجە .

* ئه گەر : ئامرازی لێکدەری مەرجە

* ئەم ڕستەیە لە دوو ڕستە پێکهاتووە﴿ سەردەکەوین﴾ڕستەی وەڵامی مەرجە ، ﴿ ئەگەر بخوێنـــین ﴾ ڕستەی کاری مەرجە .

*سەردەکەوین : ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە ، لە ڕستەی وەڵامی مەرج .

* بخوێنـــین : ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی یە ، لە ڕستەی کاری مەرج .

* دەتوانین جێیان بگۆڕین ﴿ ئەگەر بخوێنـــین ، سەردەکەوین ﴾ .

ڕاهێـــــنانـــی _ ١ ل٢٧

*لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجدا چەند جۆر کار هەیە ؟ لە چ ڕێژەیە کدادەبن و بۆ چ بە کار دەهێنرێن ؟ بە نموونەوە ڕوونی بکەرەوە .

* وەڵام : لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجیدا دوو جۆر کار هەیە .

١_ ڕستەی کاری مەرج ، کار هەمیشە لە ڕێژەی ﴿ ڕاگەیاندن و دانانی ﴾ دا دەبێت .

٢_ ڕستەی وەڵامی مەرج ، کار هەمیشە لە ڕێژەی ﴿ ڕاگەیاند ن و داخوازی ﴾دا دەبێت .

*نموونە ١ : بخوێنە ، ئەگینا دەرناچیت .

داخوازی ← بخوێنە ، ڕاگەیاندن ← دەرناچیت

*نموونە ٢ : ئه گەر ئەوان هاتبان ، کارەکەیان ئه نجام دەدا .

دانانی ← هاتبان ، ڕاگەیاندن ← ئه نجام دەدا

*نموونە٣ : کە بەهار هات ، دەچین بۆ سەیران .

ڕاگەیاندن ← هات ، ڕاگەیاندن ← دەچین

ڕاهێـــــــــــنانـــی _ ٢ ل٢٧

*لە ڕستە ی ﴿ زوو بڕۆ ، کارەکە ئه نجام بدە ﴾ .

*وەڵام / ١_ هەردووکاری ﴿ بڕۆ ، ئه نجام بد ە ﴾لە ڕێژەی داخوازین

*وەڵام / ٢_﴿ ە ﴾ جێناوی لکاوە بۆکەسی دووەمی تاک ، بکە رە ، دەرنەکەوتووە چونکە ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی بزوێنی (ە ، ۆ) هاتووە .

*وەڵام /٣_ ڕۆیشتبا ← ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی

* ئه نجام دەدا ← ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن

07706101021

* ئەگەر زوو ڕۆیشتبا یت ، کارەکەت ئەنجام دەدا .

ڕاهێـــــــنانـــی _٣ لا٢٧

*وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە .

*وەڵام /١- پ _ سێ

*وەڵام / ٢_ ئـ _ ڕاگەیاندن و داخوازی

*وەڵام / ٣_ پ _ نەدری

*وەڵام / ٤_ پ _ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن

* وەڵام / ٥_ پ _ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن

ڕاهێـــــــنانی _٤ لا٢٨

*لەرستەی ﴿ کەی نەورۆز هات ، ئاگری خۆشی هەڵدەکەین ﴾ .

*وەڵام / ١_ ڕستەی ئاوێتەی مەرج

* وەڵام / ٢_ ﴿کەی﴾ ئامرازی لێکدەری مەرجە

*وەڵام /٣_ هات : کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە ، تێنە پەڕە ، سادەیە .

*هەڵدەکەین : کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە ، تێپەڕە ، داڕێژراوە .

*وەڵام / ٤_ لەدووڕستە پێکهاتووە ﴿کەی نەورۆز هات﴾ ڕستەی کاری مەرجە ، ﴿ ئاگری خۆشی هەڵدەکەین ﴾ ڕستەی وەڵامی مەرجە ، ﴿ بە لێ ﴾ دەتوانین جێیان بگۆڕین ﴿ ئاگری خۆشی هەڵدەکەین ، کەی نەورۆز هات ﴾ چونکە واتای ڕستەکە تێك ناچێت .

ڕاهێـــــنانـــی _ ٥ لا ٢٨

*ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەوە .

١_ کەی بوویت بە ئەندازیار ، گوندەکان ئاوەدانبکەوە .

وشـــــــــــە	شـــــــــــــیـــکـــــــردنەوە
کەی بوویت بە ئەندازیار	ڕستەی کاری مەرج
کەی	ئامرازی لێکدەری مەرج
بوو	کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە ، ناتەواوە ، تێنە پەڕە
یت	جێناوی لکاوە بۆکەسی دووەمی تاک ، نیهادە له ڕستەی کاری مەرج
بە	ئامرازی پەیوەندییە
ئەندازیار	ناوە ، تاکە ، گشتییە ، نەناسراوە ، تەواوکەری بەیاریدەیە
گوندەکان ئاوە دان بکەوە	ڕستەی وەڵامی مەرج
گوندەکان	ناوە ، کۆیە ، ناسراوە ، بەرکارە
ئاوەدان بکەوە	کاری داخوازییە ، تێ پەڕە ، لێکدراوە
ە	جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک لە ئەرکی بکەر دەرنە کە وتووە ،لە ڕستەی وەڵامی مەرج
ەوە	پاشگرە

٢_ ئەگەر وانەکە باش بخوێنیت ، دەردەچیت .

وشـــــــــــە	شـــــــــیـــکـــــرد نـــەوە
ئەگەر وانەکە باش بخوێنـیـت	ڕستەی کاری مەرج
ئەگەر	ئامرازی لێکدەری مەرج
وانەکە	ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، بەرکارە
باش	هاوەڵکاری چۆنیەتییە ، سادە یە ، تەواو کەری کارە
بخوێنــیـت	کاری ڕانەبردووی دانانی یە ، تێپەڕە ، سادە یە
یت	جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک ، بکەرە ، لە ڕستەی کاری مەرج
دەردە چیت	ڕستەی وەڵامی مەرج
دەردەچیت	کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە ، تێنە پەڕە ، دارێژراو ە
یت	جێناوی لکاوە بۆکەسی دووەمی تاک ، بکەرە ، لە ڕستەی وەڵامی مەرج

07706101021

*چەند پرسیارێك لە سە ر ﴿ شێوازی مەرجی ﴾ ڕستەی ئاوێتەی مەرجی بە شێوەی هەڵبژاردن *

پ١ : ئەو کارانەی لە شێوازی مەرجی هەن .... ﴿ دانانی _ هەموویان _ ڕاگەیاندن _ داخوازی ﴾

پ٢ : لە شێوازی ئاوێتەی مەرجی چەند جۆر کار هەیە ؟.............. ﴿ دوو _ سێ _ چوار ﴾

پ٣ : ڕستەی ئاوێتەی مەرجی لە چەند جۆر ڕستە پێکد یَت ؟ .... ﴿ ٣ _ ٤ _ ٢ ﴾

پ٤ : کاری ڕستەی کاری مە رج ﴿ پاڕستە ﴾ لە ڕێژەی ..... ﴿ دانانی و داخوازی _ دانانی و ڕاگەیاندن _ ڕاگەیاندن و داخوازی ﴾

پ٥ : ﴿ ئەگینا ، کەی ، کە ، هەتا ، تا ، تاکو ، ئەگەر......... ﴾ لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجیدا ....

﴿ ئامرازی پەیوەندییە _ ئامرازی دانە پاڵە _ ئامرازی لێکدەرە ﴾ .

پ٦ : لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجی کار بۆمەبەستی .... ﴿ بنجی _ مەرج _ هەردووك ﴾ ی بە کار دێت .

پ٧ : ئەو کارە هاوبەشە لە نێوان جۆری ڕستەی ئاوێتەی مەرجی پێی دەوترێت ...... ﴿ دانانی _ ڕاگەیاندن _ داخوازی ﴾ .

پ٨ : کاری ڕستەی وەڵامی مەرج ﴿ شاڕستە ﴾ لە ڕێژەی ..... ﴿ دانانی و داخوازی _ ڕاگەیاندن و داخوازی _ ڕاگەیاندن و دانانی ﴾ .

پ٩ : ڕستەیەك بهێنە ، کاری مەرج ڕانەبردووی دانانی بێت و ڕستەی وەڵامی مەرجی لە ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بێت ......

﴿ کەی ڕۆیشتیت ، منیش دێم _ کەی بڕۆیت ، منیش دەخوێنم _ ئە گەر هاتبان ، کارەکەیان ئە نجام دەدا ﴾

پ١٠ : گەر نامەکەت بنووسیت ، من دە یخوێنمەوە .

ئـ / کاری ڕستەی کاری مەرج لە ڕێژەی .... ﴿ داخوازی _ ڕابردووی نزیکی دانانی _ ڕانەبردووی دانانی ﴾ .

ب/ کاری ڕستەی وەڵامی مەرج لە ڕێژەی .... ﴿ ڕانەبردووی دانانی _ داخوازی _ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ﴾ .

ت/ کاری ڕستەی کاری مەرج بکەینە ڕابردووی بەردەوامی دانانی ...... ﴿ دەخوێنمەوە _ نووسیوە _ هیچ لەمانە ﴾ .

پ/ کاری ڕستەی وەڵامی مەرج بگۆڕە بۆ ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن ، .... ئەوا دەبێتە ﴿ خوێندووە _ خوێندووەتەوە _ هەردووکیان ﴾

ج/ بەم ڕستەیە چی دەگوترێت ؟ .... ﴿ ڕاگەیاندن _ داخوازی _ ڕستەی ئاوێتە ی مەرج _ دانانی ﴾ .

ح/ ڕستەی کاری مەرج کامەیە ؟.......... ﴿ نامەکەت بنووسیت _ من دە یخوێنمەوە _ گەر نامەکەت بنووسیت ﴾ .

خ/ ڕستەی وەڵامی مەرج کامەیە ؟ .... ﴿ گەر نامەکەت بنووسیت _ نامەکەت بنووسیت _ من دە یخوێنمەوە ﴾ .

پ١١ : ﴿ کەی چوویت بۆ پەرتووکخانە ، گۆڤارەکەت ببەوە ﴾

ئـ/ کاری ڕستەی کاری مەرج لە ڕێژەی ..... ﴿ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن _ ڕابردووی تەواوی دانانی _ ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن ﴾

ب/ کاری ڕستەی وەڵامی مەرج لە ڕێژەی ...... ﴿ ڕانەبردووی دانانی _ داخوازی _ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ﴾ .

ت/ کاری ڕستەی کاری مەرج بکەینە ڕابردووی دووری دانانی ..... ﴿ بردبووبا _ چووبێت _ برد با _ چووبووبا ﴾

پ/ کاری ڕستەی وەڵامی مەرج بگۆڕە بۆڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن ..... ﴿ چووە _ بردووەتەوە _ چووەتەوە _ بردووە ﴾

ج/ جێناوی لکاوی ﴿ یت ﴾ ئەرکی ...... ﴿ د یارخراوە _ بەرکارە _ بکەرە ﴾ .

---

*کـــاری چــــــــــاوگــی ﴿ بــوون ﴾ *

*تێبینی : دەتوانین چوار جۆر کار لە چاوگی ﴿ بوون ﴾ دروست بکەین .

١_ کاری تەواوی تێپەڕ

٢_ کاری تەواوی تێنە پەڕ

٣_ کاری ناتەواو

٤_ کاری یاریدەدەر

*یەکەم : کاری تەواوی ﴿ تێپەڕ ﴾

*پرسیار : کەی چاوگی ﴿ بوون ﴾ دەبێتە کاری تەواوی تێپەڕ ؟ بە نموونەوە ڕوونی بکەرەوە .

* وەڵام : بە دوو شێواز یان بە دوو جۆر دەبێتە کاری تەواوی تێپەڕ .

١_ ئەگەر بە مەبە ستی خاوەنداریێتی یان ﴿ تملك ﴾ هات .

*نموونە ١ : من پارەم هەبـوو . ﴿ یان ﴾ * من پارەم بـوو. ← ﴿ هەبوو ، بوو ﴾ کاری تەواوی تێپەڕن

﴿ بۆکاتی ڕابردوو ﴾ ﴿ بۆکاتی ڕابردوو ﴾

*نموونە ٢ : من خانووم هـەیـە . ﴿ یان ﴾ * من پارەم هـەیـە . ← ﴿ هەیە ﴾ کاری تەواو تێپەڕە

﴿ بۆکاتی ئێستا ﴾ ﴿ بۆ کاتی ئێستا ﴾

*نموونە ٣ : من پارەم دەبێت . ﴿ یان ﴾ * من خانووم دەبێت . ← ﴿ دەبێت ﴾ کاری تەواوی تێپەڕە

﴿ بۆ کاتی ئاییندە ﴾ ﴿ بۆ کاتی ئاییندە ﴾

٢_ ئەگەر بە مەبە ستی منداڵبوون هات .

*نموونە ١ : ژنەکە منداڵی بـوو . ﴿ یان ﴾ * ئەو کوڕی بـــوو . ﴿ یان ﴾ * ژنەکە کچی دەبێت .

﴿ کاری تەواوی تێپەڕ ﴾ ﴿ کاری تەواوی تێپەڕ ﴾ ﴿ کاری تەواوی تێپەڕ ﴾

07706101021

۞ بۆکاتی ڕابردوو ۞ ۞ بۆکاتی ئاینده ۞

*دووەم : ۞ کـــاری تـــەواوی تێنە پـەڕ ۞ .

*پرسیار: کەی چاوگی ۞ بوون ۞ دەبێتە کاری تەواوی تێنە پەڕ ؟ بە نموونەوە ڕوونی بکەوە .

*وەڵام: بە دووشێوە یان دووجۆر دەبێتە کاری تەواوی تێ نە پە ڕ .

١_ ئەگەر کارەکە ۞ داڕێژراو یان لێکدراو) بێت .

*نمـــوونە : بۆ کـاری ۞ داڕێـــژراو ۞

*منداڵەکە ژخەو ڕابوو . ۞ یان ۞ * کاوە سوورە لە بە دیهێنانی مافەکانی . ←۞ ڕابوو ، سوورە ۞ کاری تەواوی تێنە پەڕن .

* چراکە هە ڵبوو . ۞ یان ۞ * چراکە هە ڵدەبێت . ← ۞ هەڵبوو ، هە ڵدەبێت ۞ کاری تەواوی تێنە پەڕن .

* نمـــوونە : بۆ کـــاری ۞ لێـکـدراو ۞

* مێژووی کورد کەی پەیدا بوو ؟ ۞ یان ۞ * کەشتییەکە نقووم بوو . ← ۞ پەیدابوو ، نقوو م بوو ۞ کاری تەواوی تێنە پەڕ .

*شیرین سوور بوو لە سەر بە دیهێنانی مافەکانی . ۞ یان ۞ * نەمامەکە شین بوو . ←۞ سوور بوو ، شین بوو ۞ تەواوی تێنە پە ڕ .

* نالی شاعیر لە ساڵی چەند لە دایکـبوو ؟ ← ۞ لە دایکـبوو ۞ کاری تەواوی تێنە پەڕ .

٢_ ئەگەر بە مانای ۞ وجود ۞ یان ۞ بوون ۞ هات .

*نموونە : من هـەم . ۞ یان ۞ * من هـە بووم . ۞ یان ۞ * تۆ هەیت . ← ۞ هەم ، هەبووم ، هەیت ۞تەواوی تێنە پەڕ .

* من لە کۆڕەکە بووم . ۞ یان ۞ * قوتابخانە هەیە . ← ۞ بووم ، هەیە ۞ کاری تەواوی تێنە پەڕ .

* سـێ یـەم : کــــاری نـــاتەواو

* تێبینی سێ جـۆر کـــاری نـــاتـــەواومـان هـەیـە .

١_ ۞ ە ۞ کـاری ڕانـەبـردووە ، نـاتـەواوە ، بـۆکـاتـی ئێستا .

٢_ ۞ بوو ۞ کـاری نـاتـەواوە ، بۆ کـاتـی ڕابـردوو .

٣_ ۞ دەبێت ۞ کـاری ڕانـەبـردووە ، نـاتـەواوە ، بـۆ کـاتـی داهـاتوو یـان ئـاینده .

*پـرسـیـار : کەی کاری ناتەواو بۆکاتی ئێستا ، یان دەمی ئێستا ۞ ە ۞ لە ڕستە دا دەر دەکەوێت ؟ بە نموونەوە ڕوونی بکەرەوە .

*وەڵام: کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا لە ڕستەدا دەردەکەوێت بە دوو شێوە ....

١_ ئەگەر نیهادی ڕستەکە تاك بێت .

*نموونە ١ : گوڵەکە جـوانـــە . * نموونە ٢ : خوێندکارەکە زیـــرەکـــە .

﴿ نیهادە ، تاکە ﴾ ﴿ کاری ناتەواو ە ﴾ ﴿ نیهادە ، تاکە ﴾ ﴿ کاری ناتەواوە ﴾

٢_ ئەگەر نیهادی ڕستەکە جێناوی سەربە خۆی (ئەو) بێت بۆکەسی سێ یەمی تاك .

*نموونە ١ : ئەو خوێندکارێکی بەرێز ە . * نموونە ٢ : ئەو مامۆستایــە .

﴿ نیهادە ﴾ ﴿ کاری ناتەواوە ﴾ ﴿ نیهادە ﴾ ﴿ کاری ناتەواوە ﴾

*پرســـیار : کەی کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا ، یان دەمی ئێستا لە ڕستەدا دەرناکەوێت ؟ بە نموونەوە ڕوونی بکەرەوە .

* وەڵام : کاری ناتەواو بۆکاتی ئێستا لەڕستەدا دەرناکەوێت ، بە دوو شێوە ....

١_ ئەگەر نیهــادی ڕستەکە لە تاکــەوە بگۆڕین بۆکــۆ ﴿ یان ﴾ئەگەر نیهــادی ڕستەکە کــۆ بێت .

* نموونە ١ : گوڵەکان جوانــن . ﴿ ە ﴾ کاری ناتەواو بۆکاتی ئێستا دەرنەکەوتووە کەوتۆتە نێوان تەواکەرە کە و جێناوی لکاوەکەوە .

﴿تەواوکەری کاری ناتەواو﴾ ﴿ جێناوی لکاو ﴾

* نموونە ٢ : چیاکان سەرکە شــن . ﴿ ە ﴾کاری ناتەواو بۆکاتی ئێستا دەرنەکەوتووە کەوتۆتە نێوان تەواوکەرەکەو جێناوی لکاوەکەوە

﴿تەواوکەری کاری ناتەواو﴾ ﴿ جێناو لکاو ﴾

٢_ ئەگەر جێناوە لکاوە کانی کۆمەڵەی دووەم ﴿ م _ ین _ یت _ ن _ ێ _ ن ﴾ دیاروو ئاشکرا بن ، کاری ناتەواوی ﴿ ە ﴾ دەرناکەوێت ، کارە ناتەواوەکە دەکەوێتە نێوان ﴿ تەواوکەری کارەکەو جێناوە لکاوەکان ﴾ جگە لە کەسی سێ یەمی تاك دەردەکەوێت ، چونکە جێناوی لکاوی نییە .

* نموونە : *من خوێندکار ⊗ م . ﴿کاری ناتەواوی ﴿ ە ﴾ دەرنەکەوتووە کەوتۆتە نێوان تەواو کەرەکەو جێناوی لکاوەکەوە .

﴿تەواوکەری کاری ناتەواو ﴾ ﴿کاری ناتەواو دەرنەکەوتووە ﴾ ﴿جێناوی لکاو﴾

*ئێمە خوێندکــار یــن . ﴿ کاری ناتەواو ی ﴿ ە ﴾ بۆکاتی ئێستا دەرنەکەوتووە .

﴿تەواوکەری کاری ناتەواو ﴾ ﴿جێناوی لکاو﴾

*تۆ خوێندکار یت . * ئێوە خوێند کار ن .

﴿تەواوکەری کاری ناتەواو ﴾ ﴿جێناوی لکاو ﴾ ﴿تەواوکەری کاری ناتەواو﴾ ﴿جێناوی لکاو﴾

*ئەو خوێند کار ە . * ئەوان خوێندکار ن .

﴿تەواوکەری کاری ناتەواو﴾ ﴿کاری ناتەواو دەرکەوتووە ﴾ ﴿تەواوکەری کاری ناتەواو﴾ ﴿جێناوی لکاو﴾

*پرسیار ١ : كـــاری نـاتـەواو بە چـەنـد جـۆرە وشە تـەواو دەكـرێت ؟

*وەڵام :كاری ناتەوا بە پێنج جۆرە وشە تەواو دەكرێت ، جابە شێوەی ﴿ ڕاستەوخۆ بێت یان بە یاریدە بێت ﴾ .

﴿ ناو ، جێناو ، چاوگ ، هاوەڵناو ، هاوەڵكار ﴾ .

تەواوكەر	تەواوكەری ڕاستەوخۆ	تەواوكەری بە یاریدە یان ناڕاستە وخۆ
١_ تەواو كردن بە ناو	فەرهاد ئەندازیـــارە . ناوە ، تەواوكەری كاری ناتەواوە	ئەو دەبێت بە ئەندازیار .
٢_ تەواو كردن بە جێـــناو	ئەوە مـــن بـــووم . جێناوە ، تەواوكەری كاری ناتەواوە	كتێبەكە بۆ ئێوە بوو .
٣_ تەواو كردن بە چـــاوگ	ئاوا تمان سەركەوتنـــە . چاوگە ، تەواوكەری كاری ناتەواوە	سەركەوتنمان بە خوێندنـــە .
٤_ تەواوكردن بە هاوەڵناو	خوێندكارەكە زیرەكـــە . هاوەڵناوە ، تەواوكەری كاری ناتەواوە	هاوەڵناو نابێتە بە یاریدە
٥_ تەواو كردن بە هاوەڵكار	شانۆیەكە بە شەو بـوو . هاوەڵكارە ، تەواوكەری كاری ناتەواوە	هاوەڵكار نابێتە بە یاریدە

*تێبینی : كـــاری نـــاتـەواو بەم شێوەیە نەرێ دەكرێت .

١_ بوو ←── بۆكاتی ڕابردوو بە ﴿ نە ﴾ نەرێ دە كرێت . * نموونە : تاقیكردنەوە ئاسان نە بوو .

٢_ دەبێت ←── بۆكاتی ئایندە بە ﴿ نا ﴾ نەرێ دەكرێت . * نموونە : كارەكە ئاسان نابێت .

٣_ ە ←── بۆ كاتی ئێستا بە ﴿ نی ﴾ نەرێ دەكرێت . * نموونە : چیاكە بەرز نییـە .

*تێبینی : كاری ناتەواو بە پێنج جۆرە جێناوی سەربە خۆ تەواو دەكرێت ، بە شێوەی ﴿ ڕاستەوخۆ یان بە یاریدە ﴾

١_ جێناوی كەسی سەربەخۆ : ﴿ من ، ئێمە ، تۆ ، ئێوە ، ئەو ، ئەوان ﴾

*نموونە ١ : ئەوە من بـــووم . ﴿ من ﴾ جێناوی كەسی سەربە خۆیە ، تەواوكەری كاری ناتەواوە ﴿ ڕاستەوخۆیە ﴾ .

*نموونە ٢ : نووسینەكە بۆ ئێوە بـــە . ﴿ ئێوە ﴾ جێناوی كەسی سەربەخۆیە ، تەواوكەری بەیاریدەی كاری ناتەواوە ﴿ بە یاریدەیە ﴾

07706101021

٢_ جێناوی خــۆیی ﴿ خۆم ، خۆمان ، خۆت ، خۆتان ، خۆی ، خۆیان ﴾

* نموونە ١ : ئەمە خۆت بــوویت . ﴿ خۆت ﴾ جێناوی خۆیی یە ، تەواوکەری کاری ناتەواو ە ، ﴿ ڕاستەوخۆیە ﴾ .

* نموونە ٢ : نووسینەکە بۆ خۆمــــە . ﴿ خۆم ﴾ جێناوی خۆیی یە ، تەواو کەری بە یاریدەی کاری ناتەواوە ، ﴿ بە یاریدەیە ﴾ .

٣_ جێناوی نادیار : ﴿ هین ، کابرا ، فلان ، فیسار .... هتد ﴾ .

* نموونە ١ : ئەوە فـلانـــــە . ﴿ فلان ﴾ جێناوی نادیارە ، تەواو کەری کاری ناتەواوە ، ﴿ ڕاستە وخۆیە ﴾ .

* نموونە ٢ : دیارییەکە بۆ فیسار بوو . ﴿ فیسار ﴾ جێناوی نادیارە ، تەواوکەری بە یاریدەی کاری ناتەواوە ، ﴿ بە یاریدە یە ﴾

٤_ جێناوی پرس : ﴿ کام ، چ ، کێ ، کامە ، .... هتد ﴾ .

* نموونە ١ : ئەمە کێ یـە ؟ ﴿ کێ ﴾ جێناوی پرسە ، تەواوکەری کاری ناتەواوە ، ﴿ ڕاستەوخۆیە ﴾ .

* نموونە ٢ : خەڵاتەکە بۆ کێ بوو ؟ ﴿ کێ ﴾ جێناوی پرسە ، تەواوکەری بە یاریدەی کاری ناتەواوە ، ﴿ بە یاریدەیە ﴾ .

٥_ جێناوی نیشانە : ﴿ ئەمە ، ئەمانە ، ئەوە ، ئەوانە ﴾ .

* نموونە ١ : سیروان کوڕی ئەوە یــە . ﴿ ئەوە ﴾ جێناوی نیشانەیە ، تەواوکەری کاری ناتەواوە ، ﴿ ڕاستەوخۆیە ﴾ .

* نموونە ٢ : دیارییە کەمان بۆ ئەمانە یـە . ﴿ ئەمانە ﴾ جێناوی نیشانەیە ، تەواوکەری بە یاریدەی کاری ناتەواوە ﴿ بە یاریدەیە ﴾ .

*تێبینی : جێناوی هەیی نابێتە تەواو کەری کاری ناتەواو .

*چـــــــــوارەم : کـــاری یـــاریـدە دە ر

*تێبینی : کار چاوگی ﴿ بوون ﴾ دەتوانرێت وەکو ﴿ کاری یاریدەدەر ﴾ دەربکەوێت ، لەگەڵ ﴿ شێوازی ڕێژەی دانانی ﴾ بە شێوەی ﴿ دەبێت ، دەبوو ، دەبوایە ﴾ دەردەکەوێت .

* نموونە ١ : دەبێت وڵات بپارێزین .

﴿کاری یاریدەدەر﴾ ﴿ ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی ﴾

* نموونە ٢ : دەبوو وانەکە بخوێنم .

﴿کاری یاریدەدەرە﴾ ﴿ ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی یە ﴾

*تێبینی : ﴿ بوو ﴾ دەبێتە نیشانەی ﴿ دوور ﴾ ئەگەر ﴿ بوو ﴾ لکا بە کارێکی ﴿ ڕابردووی ﴾ ﴿ تێپەڕ یان تێنە پەڕ ﴾

﴿ سادە ، داڕێژراو ، لێکدراو ﴾ .

* نموونه ١ : وانەکەی خوێند بوو .

* نموونه ٢ : دیارییە کەیان وەرگرتـــبوو .

* چەند پرسیارێك لەسەر ﴿ کاری چاوگی بوون ﴾ بە شێوەی هەڵبژاردن *

پ١ : کێشەی ئاوارەکانی کەرکوک کەی پەیدا بوو ؟ .... ﴿ پەیدا بوو ﴾ کارێکی ......

﴿ تەواوی تێپەڕە _ ناتەواوە _ تەواوی تێنە پەڕە ﴾ .

پ٢ : کام جۆر وشە دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو بە شێوەی ناڕاستەوخۆ یان بە یاریدە ؟ ....

﴿ هاوەڵناو _ هاوەڵکار _ ناو ﴾

پ٣ : خوێندکارەکە دەبێت بە مامۆستا . ﴿ دەبێت ﴾ لە رستەیە ....

﴿ کاری تەواوی تێپەڕ _ کاری ناتەواو _ کاری تەواوی تێنە پەڕ ﴾

پ٤ : کارەکە تەواو بوو . * کاوە سوور بوولە سەر بڕیارەکەی . * شەڕەکە بە رپابوو . * کێشەی نەوت کەی بەرپابوو ؟

کاری ﴿ تەواو بوو ، سووربوو ، بەرپابوو ، بەرپابوو ﴾ کارێکی ....

﴿ ناتەواو _ یاریدەدە ر _ تەواوی تێنە پەڕ _ تەواوی تێپەڕ ﴾ .

پ٥ : کاری ﴿ بوو ﴾ دەبێت بە کارێکی ﴿ تەواوی تێپەڕ ﴾ ئەگەر بە مانای ....

﴿ هەبوون _ لەگەڵ پێشگری ﴿ هەڵ ﴾ _ منداڵبوون ﴾ هات .

پ٦ : کاری ﴿ بوو ﴾ دەبێت بە کارێکی ﴿ تەواوی تێنە پەڕ ﴾ ئەگەر ببێت بە بە شێك لە ....

﴿ کاری ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن _ کاری دارێژراو و لێکدراو _ کاری ناتەواو ﴾

پ٧ : کام جۆر وشە نابێتە تەواوکەری کاری ناتەواو؟ ﴿ بە شێوەی ناڕاستەوخۆ یان بە یاریدە ﴾ ....

﴿ ناو _ جێناو _ هاوەڵکارو هاوەڵناو ﴾

پ٨ : چاوگی ﴿ بوون ﴾ بە چەند جۆر ﴿ جێناوی سەربە خۆ ﴾ دیار دەخرێت ؟...... ﴿ سێ _ شەش _ پێنج _ چوار ﴾ .

پ٩ : کاری ﴿ بوو ﴾ دەبێت بە کارێکی ﴿ تەواوی تێپەڕ ﴾ ئەگەر ....

﴿ هەبوون _ ببێت بە بەشێك لەکاری ﴿ دارێژراو ﴾ _ بەمانای خاوەنداریێتی ﴾ .

پ١٠ : باوکیان ژخەو ڕابوو . ﴿ ڕابوو ﴾ کارێکی .... ﴿ تەواوی تێپەڕ _ یاریدەدەر _ تەواوی تێنە پەڕ ﴾ ە .

پ١١ : ﴿ شەقامەکان جوانـــن ، مامۆستاکان دڵسۆزن ﴾ ....

﴿ جێناوی لکاو _ کاری ناتەواو _ بکەر ﴾ دەرنەکەوتووە .

پ١٢ : كورد سووره له به دیهێنانی مافەكانی . ﴿ سووره ﴾ لەم ڕستەیە ....

﴿ كاری ناتەواوە _ تەواوی تێپەڕە _ یاریدەدەرە _ تەواوی تێنە پەڕ ﴾

پ١٣ : دەبوو كارەكەت ئە نجام دابا . ﴿ دەبوو ﴾ كارێكی ..... ﴿ ناتەواوە _ تەواوی تێپەڕ _ یاریدەدەر _ تەواوی تێنە پەڕ ﴾ .

پ١٤ : دارەكە شین دەبێت . ﴿ شین دەبێت ﴾ كارێكی .... ﴿ یاریدەدەر _ ناتەواو _ تەواوی تێنە پەڕ _ تەواوی تێپەڕ ﴾ .

پ١٥ : ڕۆژگار ڕۆیشتـــبوو . ﴿ بوو ﴾ ......﴿ تەواوی تێپەڕ _ یاریدەدەر _ نیشانەی ڕابردووی دوورە _ تەواوی تێنە پەڕ ﴾ .

پ١٦ : ژنەكە مندالّی هەیە ﴿ هە بوو ﴾. * نیگار مندالّی هەیە . * پارەم هەیە ﴿ دەبێت ﴾ .

﴿ هەیە ، هەبوو ، دەبێت ﴾ كارێكی .... ﴿ یاریدەدەر _ تەواوی تێپەڕ _ تەواوی تێنە پەڕ _ ناتەواو ﴾ .

پ١٧ : كەی كاری ناتەواو ی ﴿ ە ﴾ بۆ كاتی ئێستا لە ڕستەدەردەكەوێت ؟ ....

﴿ ئەگەر نیهادی ڕستەكە كۆ بێت _ ئەگەر نیهادی ڕستەكە تاك بێت ﴾ .

پ١٨ : دەبێت ئەمسالّ دەربچم . ﴿ دەبێت ﴾ كارێكی ....﴿ ناتەواو _ یاریدەدەر _ بەردەوامی ڕاگەیاندن ﴾ ە .

پ١٩ : كەی ﴿ بوو ﴾ دەبێتە كاری ﴿ یاریدەدەر ﴾ ؟ ئەگەر كاری ڕستەكە ....﴿ دووری ڕاگەیاندن _ كاری ناتەواو _ دانانی ﴾ بێت .

پ٢٠ : پێشكەوتن بە خوێندنـــە . * سەركەوتن بە تێكۆشانـــە . كاری ناتەواو بە چی تەواو كراوە ؟ ....

﴿ هاوەلّناو _ جێناو _ چاوگ _ ناو _ هاوەلّكار ﴾ .

پ٢١ : چیاكان بەرزن .

ئـ / لە بەرچی لە شوێن كارەكە ﴿ ن ﴾ بە كارهاتووە ؟ ... ﴿ نیهاد تاكە _ جێناوی لكاو بۆكەسی سێیەمی تاكە _ نیهاد كۆیە ﴾ .

ب/ تەواوكەری كارەكە چییە ؟ ...... ﴿ جێناوە _ هاوەلّناوە _ هاوەلّكارە ﴾ .

پ٢٢ : كورد ﴿ م ، ین ، یت ، ن ، ن ﴾ چی لەم ڕستەیە دەرنەكەوتووە ؟ ....﴿ بكەر _ كاری ناتەواو _ هەردووكیان ﴾ .

پ٢٣ : دایكیان كەمندالّی بوو ، مندالّەكە نەخۆش بوو .

ئـ / ﴿ بوو ﴾ لە ڕستە ی یەكەم .... كارێكی ﴿ ناتەواوە _ تەواوی تێ نە پەڕ ە _ نیشانەی دوورە _ تەواوی تێپەڕە ﴾ .


ب/ ﴿ بوو ﴾ لە ڕستەی دووە م .... كارێكی ﴿ تەواوی تێ نە پەڕە _ ناتەواو _ نیشانەی دوور _ یاریدەدەر ﴾ .

ت/ ﴿ مندالّەكە ﴾ ئەركی .... ﴿ بكەرە _ بەركارە _ تەواوكەری كاری ناتەواوە _ نیهاد ﴾ .

پ/ ﴿ دایك ﴾ ئەركی .... ﴿ تەواوكەری كاری ناتەواو _ بەركار _ نیهاد _ بكەر ﴾ .

ج/ ﴿ نەخۆش ﴾ ئەركی .... ﴿ بكەرە _ بەركارە _ تەواوكەری كاری ناتەواوە _ نیهادە ﴾ .

*ئەرکی (ە) لە ڕێزمانی کوردیدا *



﴿ ئـــەرکـــی (ە) لە ڕێزمـــانـــی کـــوردیـــدا ﴾

*یەکەم : ﴿ ە ﴾ دەبێتە جێناوی لکاو وەکو بکەر بە دوو جۆر

ئـ / ئەگەر ﴿ ە ﴾ لەگەڵ ﴿ کاری داخوازی ﴾ هات ، دەبێتە بکەر تاك . بۆکەسی دووەمی

*نموونە ١ : وانەکە بخوێنـــە . — جێناوی لکاوە بۆکەسی دووەمی تاك ، بکەر

* نموونە ٢ : دیارییە کە وەر بگرە . — جێناوی لکاوە بۆکەسی دووەمی تاك ، بکەر

* نموونە ٣ : هۆنراوەکە بنووســە . — بکەر

ب/ ئەگەر ﴿ ە ﴾ لەگەڵ ﴿ کاری ڕانەبردوو ﴾ لە کرمانجی ژووروو هات ، دەبێتە بکە ر، بۆ کە سی سێ یەمی تاك .

07706101021

* نموونە ١ : ئەو د کە ڤـــە .
↓
جێناوی لکاوە بۆکەسی سێ یەمی تاك ، بکەرە

نموونە ٢ : ئەو دەرسێ دنڤیسیـــە .
↓
جێناوی لکاوە بۆکەسی سێ یەمی تاك ، بکەرە

*دووەم : ﴿ ە ﴾ دەبێتە ﴿ کاری ناتەواو ﴾ ئەگەر ﴿ ە ﴾ توانیمان بیگۆڕین بۆ کاری ناتەواوی ﴿ بوو ، دەبێت ﴾ بێ ئەوەی واتای ڕستەکە تێك بچێت .

* نموونە ١ : خوێندکارەکە زیرەکـــە . ⟵ خوێندکارەکە زیرەك بوو . *خوێندکارەکە زیرەك دەبێت .
↓
کاری ناتەواوە بۆکاتی ئێستا

* نموونە ٢ : هەنارەکە ترشـــە . ⟵ هەنارەکە ترش بوو . * هەنارەکە ترش دەبێت .
↓
کاری ناتەواوە بۆکاتی ئێستا

*سێ یەم : ﴿ ە ﴾ دە بێتە ﴿ ئامرازی بانگکردن ﴾ :- ئەگەر ﴿ ە ﴾ بە دوای ناوێکەوە لکاو بە ﴿ مەبەستی بانگکردن ﴾ بەکار هات .

* نموونە ١ : کورە بە دانیشتن ماڵی وێرانە .
↓
ئامرازی بانگکردن

* نموونە ٢ : کچینـــە بخوێنن .
↓
ئامرازی بانگکردن

* نموونە ٣ : خەڵکینـــە یەکبگرن .
↓
ئامرازی بانگکردن

*چوارەم: ﴿ ە ﴾ دەبێتە ﴿ ئامرازی پەیوەندی ﴾ :- ئەگەر ﴿ ە ﴾ بەکاری ﴿ ڕابردوو ، ڕانەبردوو ، داخوازی ﴾ ﴿ تێپەڕ ، تێ نە پەڕ ﴾ وە لکا .

* نموونە ١ : چووێتـــە سەیران .
کاری ڕابردوو — ئامرازی پەیوەندی — تەواوکەری بە یاریدە

* نموونە ٢ : ئێستا دەرۆینـــە قوتابخانە .
کاری ڕانەبردوو — ئامرازی پەیوەندی — تەواوکەری بەیاریدە

* نموونە ٣ : بڕۆنـــە پۆل .
کاری داخوازی — ئامرازی پەیوەندی — تەواوکەری بە یاریدە

* پێنجەم : ﴿ ە ﴾ دەبێتە ئامرازی ﴿ لێکدەر یان بە ستن ﴾ : ئەگەر ﴿ ە ﴾ دوو وشەی واتاداری بە یەکەوە ، بۆدروستکردنی وشەی لێکدراو .

*یـاساکـــەی : وشـــە + ە + وشـــە ⟵ وشـــەی لێکدراو
↓
ئامرازی لێکدەر

وشـــە	ئامرازی لێکدەر ﴿ ە ﴾	وشـــە	وشـــەی لێکـــدراو
١_ ڕەش	ە	با	ڕەشـــە با
٢_ پیر	ە	مێرد	پیرە مێرد
٣_ بەرد	ە	قارەمان	بەرد ە قارەمان

٤ _ کێو	ە	سوور	کێوە سوور

*شەشەم : ﴿ ە ﴾ دەبێتە ﴿ ئامرازی پێناسین ﴾ یان ناساندن : لێرەدا ﴿ ە ﴾ کورتکراوەی ﴿ ەکە ﴾ ی پێناسینە یان ناساندنە .

* نموونە ١ : کچـــە هاتە ئێرە . ⟵ کچـــەکە هاتە ئێرە .

ئامرازی پێ ناسینە ، کورتکراوەی (ەکە) — نیشانەی ناسراوییە

* نموونە ٢ : ژنـــە هەژارە . ⟵ ژنـــەکە هە ژارە .

ئامرازی پێ ناسینە ، کورتکراوەی (ەکە) — نیشانەی ناسراوییە

* نموونە ٣ : کورە زیرەکە . ⟵ کورەکە زیرەکە .

ئامرازی پێ ناسینە ، کورتکراوەی (ەکە) — نیشانەی ناسراوییە

*حەوتەم : ﴿ ە ﴾ دەبێتە ﴿ ئامرازی دانە پاڵ یان خستنە سەر ﴾ : _ ئەگەر ﴿ ە ﴾ لە دوای ناوێك هات و ناوەکەش ﴿ هاوەڵناوی ﴾ لە دوا هات و ﴿ ەکە ﴾ یان ﴿ ەکان ﴾ ی پێوە لکاو کە شوێنی ﴿ ی ﴾ دانە پاڵی گرتووەتەوە ئەویش بۆ دروستکردنی ﴿ گرێی ناویی ﴾ .

*یـــاساکـەی : ناو + ە + هاوەڵناو + ﴿ کە ، ەکە ﴾ یان ﴿ کان ، ەکان ﴾ ⟵ گرێی ناویی

(ناو: دیارخراو — ە: ئامرازی دانە پاڵ — هاوەڵناو: دیارخەر)

* نموونە ١ : کورە باشـەکە خەڵاتکرا . (ە: ئامرازی دانە پاڵ)

* نموونە ٢ : دارە بەرزەکان مەبڕن . (ە: ئامرازی دانە پاڵ)

* نموونە ٣ : مەڕە لاوازەکە مەکرە. (ە: ئامرازی دانە پاڵ)

* نموونە ٤ : هەنارە ترشـــەکان بەتامن . (ە: ئامرازی دانە پاڵ)

*هەشتەم : ﴿ ە ﴾ دەبێتە پاشگر بەدوو جۆر

١ _ ﴿ ە ﴾ دەبێتە پاشگر بۆ دارشتنی واتای وشەیەکی نوێ ، جا وشەکە ﴿ ناو یان هاوەڵناو یان ڕەگی کار ﴾ بێت .

* نموونە :

وشـــە	پـــا شگری (ە)	وشــــەو واتـــای نـــوێ
١ _ چاك	ە	چـــا کـــە
٢ _ سەوز	ە	سەوزە
٣ _ تەخت	ە	تەختـــە
٤ _ پرس	ە	پرســـە

07706101021

٢_ ﴿ ه ﴾ دەبێتە پاشگر لەگەڵ ﴿ قەدی چاوگ ﴾ بۆ دروستکردنی ﴿ هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو ﴾ .

* نموونە :

چـــاوگ	_ن	قەدی چاوگ	+ پاشگری (ه)	هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو
١_ کردن	_ن	کرد	ه	کردە
٢_ بردن	_ن	برد	ه	بردە
٣_ کوشتن	_ن	کوشت	ه	کوشتـە
٤_ گرتن	_ن	گرت	ه	گرتـە
٥_ هەڵبژاردن	_ن	هەڵبژارد	ه	هەڵبژاردە

* نموونە : گرتــە ڤید یۆیەکی جوانە .

﴿ ڕاهێـنانـــی _ ١ ﴾ لا٣٧

*لەم ڕستانەی لای خوارەوەدا ئەو کارانەی ، کە لە چاوگی ﴿ بوون ﴾ ەوە وەرگیران دەربهێنە ؟ جۆرەکانیان دەست نیشان بکە ؟

ڕســـتە	کـــار	جـــۆرەکـــەی
١_	سوور بوو	کاری تەواوی تێنە پەڕ ، لێکدراوە
٢-	دەبێت	کاری یاریدەدەر
٣_	منداڵی بوو نەخۆش بوو	کاری تەواوی تێپەڕ کاری ناتەواوە
٤_	پەیدابوو	کاری تەواوی تێنە پەڕ ، لێکدراوە
٥_	ڕابوو	کاری تەواوی تێنە پەڕ ، داڕێژراوە

07706101021

﴿ راهێنانـــی _ ٢ ﴾ لا٣٧

*ئەرکی ﴿ ه ﴾ لەم ڕستانەی خوارەوە دا ، دەست نیشان بکە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی پێویست ؟

ڕســـتە	ئـــەرکـــەکەی	ڕوونکردنەوەی پێویست
١ _ کوڕە	ئامرازی بانگکردنە	چونکە لە دوای ناوەوە هاتووە ، بەمەبەستی بانگکردن و هۆشیارکردنەوە
وێرانــە	کاری ناتەواوە ،بۆکاتی ئێستا	چونکە تەواوکراوە بە هاوەڵناو ، وەکاری تەواولە ڕستەکەدا نییە
٢ _ بخوێنــە	جێناوی لکاوە بۆکەسی دووەمی تاك ، بکەرە	چونکە کارەکە داخوازییە
برینە کانـتــە	کاری ناتەواوە ، بۆکاتی ئێستا	چونکە تەواو کراوە بە ناو ، وە کاری تەواو لە ڕستەکەدا نییە
٣ _ ڕەشـــە با	ئامرازی لێکدەر یان بەستن	دوو وشەی واتاداری لێکداوە ، بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو
بەهێزە	کاری ناتەواوە ، بۆکاتی ئێستا	چونکە تەواو کراوە بە هاوەڵناو ، وە کاری تەواو لە ڕستەکەدا نیییە
٤ _ بنقیســـــە	جێناوی لکاوە بۆکەسی دووەمی تا ك ، بکەرە	چونکە کارەکە داخوازییە
٥ _ منداڵـــە	ئامرازی پێ ناسینە	چونکە کورتکراوەی ﴿ مکە ﴾ ی ناساندنە
دایکـــە	ئامرازی پێ ناسینە	چونکە کورتکراوەی ﴿ مکە ﴾ ی ناساندنە

﴿ راهێنانـــی _ ٣ ﴾ لا٣٧

*وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە .

*وەڵام / ١ _ ت _ ﴿ کاری ڕابردووی تێنە پەڕ ﴾

*وەڵام / ٢ _ ئـ _ ﴿ ئەندازیارەکە لێهاتوو بوو ﴾

*وەڵام / ٣ _ پ _ ﴿ تەواوی تێنە پەڕە ﴾

*وەڵام / ٤ _ ت _ ﴿ تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواوە ﴾

*وەڵام / ٥ _ ب _ ﴿ کاری ناتەواو ﴾

*وەڵام / ٦ _ ب _ ﴿ ئامرازی لێکدان ﴾

07706101021

*وەڵام / ٧_ ئـ _ ﴿ ئامرازی دانە پاڵ ﴾

*وەڵام / ٨_ ت _ ﴿ ئامرازی پێناسین ﴾

*وەڵام / ٩_ پ _ ﴿ پاشگرە ﴾

*وەڵام / ١٠_ ب _ ﴿ ئامرازی پەیوەندی ﴾

---

*چەند پرسیارێك لەسەر ئەرکی ﴿ ە ﴾ لەڕێزمانی کوردیدا بە شێوەی هەڵبژاردن *

پ١ : ئەمڕۆ دەچینــــە سەیران . ﴿ ە ﴾ لەدوای ﴿ دەچین ﴾ ئەرکی چییە ؟..................

﴿ کاری ناتەواو _ بکەر _ ئامرازی پەیوەندی _ ئامرازی دانە پاڵ ﴾

پ٢ : کچــە زیرەکەکە هات. ﴿ ە ﴾ لە نێوان ﴿ کچ ﴾ و ﴿ زیرەك ﴾ ئەرکی چییە ؟ ....

﴿ ئامرازی لێکدەر _ ئامرازی پێناسین _ ئامرازی دانە پاڵ _ ئامرازی بانگکردن ﴾ .

پ٣ : چــا کــە بۆخۆت بکە . * سەوزە بشۆ ئینجا بیخۆ . ﴿ ە ﴾ لەدوای ﴿ چاك و سەوز ﴾ ئەرکیان چییە ؟

﴿ ئامرازی پەیوەندی _ پاشگر _ کاری ناتەواو ﴾

پ٤ : وانەکە بنووســە دواتر بخوێنــە . ﴿ ە ﴾ لەم ڕستەیە ....

﴿ ئامرازی پێ ناسین _ جێناوی لکاوە بۆکەسی دووەمی تاك/بکەرە _ ئامرازی دانە پاڵە _ ئامرازی پەیوەندی ﴾

پ٥ : کوڕەکە چوویتــــە بازاڕ. ﴿ ە ﴾ لەم ڕستەیە ئامرازی ..... ﴿ بانگکردن _ پێ ناسین _ دانە پاڵ _ پەیوەندی ﴾

پ٦ : کچــە هات بۆ قوتابخانە . ﴿ ە ﴾ لەم ڕستەیە ئامرازی.... ﴿ پەیوەندی _ لێکدەر _ بانگکردن _ پێ ناسین ﴾

پ٧ : مەڕە لاوازەکە ، درەختــە بەرزەکان ..... ﴿ ە ﴾ ئەرکی چییە ؟...............................

﴿ بکەر _ پاشگرە _ کاری ناتەواو _ ئامرازی دانە پاڵ ﴾

پ٨ : ئەو دەرسێ دێ نڤیسیــــە . * ئەو دەرسێ د نڤیسیــــە . ﴿ ە ﴾ لەم دوو ڕستەیە ئەرکی چییە؟..............

﴿ کاری ناتەواوە _ ئامرازی لێکدەرە _ جێناوی لکاوە / بکەرە _ نیهادە ﴾

پ٩ : ئەو دەرسێ دێ نڤیســــە . *ئەو دەرسێ دنڤیســــە . ﴿ ە ﴾ لەم دوو ڕستەیە جێناوی لکاوە بۆکەسی ....

﴿ یەکەم _ سێ یەم _ دووەم ﴾ ی تاك .

پ١٠ : ﴿ گوڵــە گەنم ، بەردە ڕەش ، ڕەشــە با ، پیرە مێرد ، دەستــە سر ، کێوە ڕەش ﴾ .... ﴿ ە ﴾ لەم وشانە ئامرازی

﴿ دانە پاڵە _ لێکدەر _ بانگکردن ﴾

پ١١ : كوڕە بخوێنـــــە سەدەی بیستەمـــــە .

ئـ/ ﴿ ە ﴾ لە وشەی ﴿ كوڕە ﴾ ئەركی چییە ؟ ..... ﴿ بكەر _ ئامرازی بانگكردن _ كاری ناتەواو ﴾ ە .

ب/ ﴿ ە ﴾ لە وشەی ﴿ بخوێنــە ﴾ ئەركی چییە ؟ .... ﴿ پاشگرە _ جێناوی لكاوە بۆكەسی دووەمی تاك ، بكەرە _ كاری ناتەواوە ﴾

ت/ ﴿ ە ﴾ لەوشەی ﴿ سەدە ﴾ ئەركی چییە ؟.. ﴿ كاری ناتەواو _ ئامرازی بانگكردن _ پاشگرە بۆ وشەی نوێ _ ئامرازی دانە پاڵ ﴾

پ/ ﴿ ە ﴾ لەوشەی ﴿ بیستـەمــە ﴾ ئەركی چییە ؟ ... ﴿ پاشگرە بۆ وشەی نوێ _ كاری ناتەواو _ ئامرازی بانگكردن ﴾

پ١٢ : گوتەكا نـتان دروستـــە . ﴿ ە ﴾ لەم ڕستەیە ئەركی چییە ؟ ....

﴿ ئامرازی دانە پاڵ _ كاری ناتەواو _ ئامرازی لێكدەر ﴾

پ١٣ : ئەمڕۆ دەچینـــە سەیران . ﴿ ە ﴾ لەدوای ﴿ دەچین ﴾ ئەركی چییە ؟ ....

﴿ كاری ناتەواو _ بكەر _ ئامرازی پەیوەندی _ پاشگر ﴾

پ١٤ : بخوێنـــە ، خوێندن مەرهەمی برینەكانتـــە .

ئـ/ ﴿ ە ﴾ لە دوای ﴿ بخوێنــە ﴾ ئەركی چییە ؟...
﴿ ئامرازی پەیوەندییە _ جێناوی لكاوە بۆكەسی دووەمی تاك ، بكەرە _ ئامرازی دانە پاڵە _ كاری ناتەواوە ﴾


ب/ ﴿ ە ﴾ لەكۆتایی ﴿ برینە كانـتـــە ﴾ ئەركی چییە ؟..... ﴿ ئامرازی پەیوەندی _ كاری ناتەواو _ ئامرازی دانە پاڵ ﴾

07706101021

﴾ ئەرکی جێناوی لکاو لە دەوری ﴿



﴾ جێناوی لکاو لە دەروی بکەر ﴿



یەکەم : ئەگەر کارەکە ﴾ ڕابردووی تێپەڕ ﴿بێت جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم ﴾ م, مان ، ت ، تان ، ، ی ، یان ﴿دەبنە

﴾ بکەر ﴿ بەم شێوەیە . ئەگەرکارەکە ﴾ ڕابردووی تێپەڕ﴿ ی ﴾ سادە ،دارێژراو ، لێکدراو﴿ بوو

﴾بەرکار﴿ ی ڕستەکە باس کرابوو ، ئەوا جێناوی لکاوی ﴾ کۆمەڵەی یەکەم﴿ لەئەرکی ﴾ بکەر ﴿دا دەچنەدوای ﴾ بەرکار ﴿ی ڕستەکەوە .

07706101021

نموونه[1] : وانەکە م خوێند . ⟵ ﴿ سادە ﴾

* بەرکار   بکەر

ک[1] ⟵ ﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴾

نموونه[2] : دەرگاکە ی داخست ⟵ ﴿ دارِێژراو ﴾

بەرکار   بکەر

ک[1] ⟵ ﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴾

نموونه[3] : خوێندکارەکە تان پەروەردەکرد . ⟵ کاری ڕابردووی تێپەڕی ﴿ لێکدراو ﴾

بەرکار   بکەر

ک[1] ⟵ ﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴾

ب- ئەگەر ﴿ بەرکار﴾ ی ڕستەکە باس نەکرێت یاخود لا یبدەین ئەوا شوێنیان دەگۆڕدرێت بە پێی کاری ڕستەکە .ئەویش بەدوو شێوە .

﴿ ڕابردووی تێپەڕ ﴾ ⟵ بەدوو شێوە ﴿ بەرکار﴾باسنەکراوە

ســـــادە   دارِێژراو ولێکدراو

﴿ جێناوی لکاوی بــــــکەر ﴾

*لەڕێژەی ڕابردووی (نزیك و دوور) ی تێپەڕی سادە ی ڕاگەیاندن جێناوە لکاوەکانی﴿ کۆمەڵەی یەکەم﴾ لە دەوری بکەردەچنە کۆتایی کارەکەوە .

* نموونە : بۆ ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن

*هێنا +ك ١ ← هێنام _ هێنامان

*هێنات – هێناتان

*هێنای _ هێنایان

* نموونە : بۆ ڕابردووی دووریڕاگەیاندن

*نووسیبوو + ك ١

*نوو سیبووم _ نوو سیبوومان

*نوو سیبووت – نوو سیبووتان

*نوو سیبووی _ نوو سیبوو یان

*لەڕێژەی ڕابردووی ﴿ بەردەوام ﴾ ی تێپەڕی سادەی ڕاگەیاندن جێناوە لکاوەکانی ﴿ کۆمەڵەی یەکەم ﴾ لەدەوری بکە ردە چنە دواى نیشانەی ﴿ دە ﴾بەردەوامی ،ئەگەر هاتوو پاشگری﴿ەوە ﴾ شی لەگەڵدابێت .

*دە + ك ١ + خوێند

نموونە ١ :

*دە م خوێند _ دە مان خوێند

* دە ت خوێند – دە تان خوێند

* دە ی خوێند – دە یان خوێند

* نموونە ٢ :

* دە + ك ١ + نووسییەوە

*دە م نووسییەوە _ دە مان نووسییەوە

* دە ت نووسییەوە – دە تان نووسییەوە

*دە ی نووسییەوە – دە یان نووسییەوە

*لەڕێژەی ڕابردووی ﴿ تەواو ﴾ ی تێپەڕی سادەی ڕاگەیاندن جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم لەدەوری ﴿ بکەر ﴾دەچێتە نێوان نیشانەی ﴿ وە﴾﴿ ووە ﴾ ی تەواوەتی .

نموونە ١ :

*هێناوە ← هێناو + ك ١ + ە

*هێناومە – هێناومانە

* هێناوتە – هێناوتانە

*هێناویە – هێناویانە

* نموونە ٢ :

*خوێندوومەتەوە – خوێندوومانە تەوە

*خوێندووتەتەوە – خوێندووتانەتەوە

*خوێندوویەتەوە – خوێندوویانەتەوە

ناوبەند پاشگر

تێبینی :- ئەگەرکارەکە لەڕێژەی ﴿ ڕابردووی تێپەڕ﴾ی سادەی نەرێی بێ لە هەموو ڕێژەکانی ﴿ ڕاگەیاندن و دانانی ﴾ جێناو لکاوەکانی ﴿کۆمەڵەی یەکەم ﴾ لە ئەرکی ﴿ بکەر ﴾ دەچنە دواى نیشانەی ﴿ نە ﴾ ی نە رێوە .

* نموونە :

* نەبرد ← نەم برد

* نەفرۆشتبا ← نەتان فرۆشتبا

07706101021

* نەهێناوە ⟵ نەمان هێناوە

* نموونە : - بۆکاری ڕابردووی تێپەڕی ﴿ داڕێژراو و لێکدراو ﴾

* نموونە : بۆکاری ڕابردووی تێپەڕی ﴿ داڕێژراو ﴾ ⟵ داخستن ⟵ دا + ك[١] + خست

داخستن ↓ بەشی یەکەمی کار

* دام خست – دامان خست

* دات خست – داتان خست

* دای خست – دایان خست

* نموونە : بۆ کاری ڕابردووی تێپەڕی ﴿ لێکدراو ﴾ ⟵ بانگ کردووە ⟵ بانگ + ك[١] + کردووە

بانگ ↓ بەشی یەکەمی کار

* بانگم کردووە _ بانگمان کردووە

* بانگت کردووە _ بانگتان کردووە

* بانگی کردووە – بانگیان کردووە

تێبینی :- ئەگەر کارەکە پاشگری ﴿ ەوە ﴾ ی پێوە بوو لە ڕێژەی ڕابردووی ﴿ تەواوی ڕاگەیاندن ﴾ لەنێوان نیشانەی ﴿ ووە، وە ﴾ ی تەواوەتی و پاشگری ﴿ ەوە ﴾ ﴿ ت ﴾ ی ناوبەند بەکاردێت.

* نموونە[١] : بردەوە ⟵ بردووە + ت + ەوە ⟵ بردووەتەوە

ەوە ↓ پاشگر — ت ↓ ناوبەند

* نموونە[٢] : خوێندەوە ⟵ خوێندووە + ت + ەوە ⟵ خوێندووەتەوە

ەوە ↓ پاشگر — ت ↓ ناوبەند

* نموونە[٣] : هێنایەوە ⟵ هێناوە + ت + ەوە ⟵ هێناوەتەوە

ەوە ↓ پاشگر

* نموونە[٤] : کڕییەوە ⟵ کڕیوە + ت + ەوە ⟵ کڕیوە تەوە

ەوە ↓ پاشگر

07706101021

دووەم : ئەگەر کارەکە ﴾ ڕابردووی تێنە پەڕ﴿ بێت

* جێناوەلکاوی ﴾ کۆمەڵەی دووەم ﴿ ﴾ م، ین ، یت ، ن ، Ø ، ن ﴿ وەکو ﴾ بکەر ﴿ دەچنە ﴾ کۆتایی ﴿ کارەکەوە ، لە ڕێژەکانی ڕابردووی

﴾ نزیك ، بەردەوام ، دوور ﴿ی ڕاگەیاندن ، ﴾ نزیك ،تەواو ، دوور ﴿ی دانانی تێنە پەڕی ﴾ سادە ، داڕێژراو ، لێکدراو ﴿ .

* تێبینی : ئەگەر کارەکە لەڕێژەی ﴾ ڕابردووی تەواوی تێنە پەڕ﴿ ی ڕاگەیاندن) بێت ، جێناوەلکاوەکانی ﴾ ك٢ ﴿ وەکو ﴾ بکەر ﴿ دەردەکەون و دەچنە نێوان

نیشانەی ﴾ وە ، ووە ﴿ ی تەواو تییەوە

* نموونە : بۆ ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن ← ﴾ تێنە پەر ﴿

* نموونە ١ : چوو +ك٢	* نموونە ٢ : هات +ك٢ +وە
* چــوو م - چووییــن ← بکەر	هاتـــەوە ← هات +ك٢ +وە (پاشگر)
*چوویـــت - چــوون	*هاتـــمـــەوە _ هاتینـــەوە
*چـــوو Ø - چـــوون (بکەر دەرنەکەوتووە)	* هاتـــیتـــەوە _ هاتـــنـــەوە
	*هاتـــەوە Ø _ هاتـــنـــەوە

* نموونە : - ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن ﴾ تێنە پەڕ﴿

* نموونە ١ : سەردەکەوت + ك٢

* سەردە کەوتـــم _ سەردە کەوتـــیت _ سەردە کەوت Ø

* سەردە کەوتـــین _ سەردە کەوتـــن _ سەردە کەوتـن

* نموونە ٢ : دەنووست + ك٢

* دە نووستم _ دە نووستین

* دە نووستین _ دە نووستن

* دە نووست Ø _ دە نووستن

* نموونە : - بۆ ﴿ ڕێژەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن ﴾ تێنە پەڕ ﴿

* نموونە ١ : چووبوو + ك٢ ← چووبوو م _ چووبوویت _ چوو بوو Ø

چووبووین _ چووبوون _ چووبوون

* نموونە ٢ : پێش کەوتبوو + ك٢ ← پێش کەوتبووم _ پێش کەوتبووین

پێش کەوتبوویت _ پێش کەوتبوون

پێش کەوتبوو Ø _ پێش کەوتبوون

* نموونە : - بۆ ﴿ ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن ﴾ تێنە پەڕ ﴿

* چووە ← چوو + ك٢ + ە ← چوومە _ چووینە

چوویتە _ چوونە

چووە Ø _ چوونە

* نموونە ٢ : ڕاهاتووە ← ڕاهاتوو + ك٢ + ە

* ڕاهاتوومە _ ڕاهاتووینە

* ڕاهاتوویتە _ ڕاهاتوونە

* ڕاهاتووە Ø _ ڕاهاتوونە

* نموونە : - بۆ ﴿ ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی ﴾ تێنە پەڕ ﴿

* نموونە : هاتبا + ك٢ ← هاتبا م _ هاتبایین

هاتبایت _ هاتبان

هاتبا Ø _ هاتبان

* نموونە : - بۆ ﴿ ڕێژەی ڕابردووی تەواوی دانانی ﴾ تێنە پەڕ ﴿

* نموو نە : نووستبێت + ك٢ ← نووستبێتم _ نووستبێتین

07706101021

نووستبێتـــیت _ نووستبێتـــــن

نووستبێتØ _ نووستبێتـــــن

* نموونه : - بۆ ﴿ ڕێژەی ڕابردووی دووری دانانی ﴾﴿ تێنه پەڕ ﴾

* چووبووبا + ك[٢] + ەوە ← چووبووبامـــــەوە _ چووبووبایـــنەوە

↓ پاشگر

چووبووبایـــتـــەوە _ چووبووبانـــــەوە

چووبووبایـــــەوەØ _ چووبووبانـــــەوە

* تێبینی :- جێناوی لکاو بۆ کەسی سێ یەمی تاك لەڕستەدا ، لە ئەرکی ﴿ بکەر ﴾ دەرناکەوێت لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێنه پەڕ) ی

﴿ سادە , داڕێژراو ، لێکدراو ﴾ ، لەهەموو ڕێژەکانی ڕاگەیاندن و دانانی .

* نموونه ١ : چووØ بۆ قوتا بخانه .

٢- بەیەکەم دەرچووØ .

٣- دەبوو چووباØ بۆ ئاهەنگەکە .

٤- ڕۆیشت Ø بۆ بازاڕ

* سێ یەم : ئەگەر کارەکە ﴿ ڕانەبردووی تێپەڕو تێنه پەڕبێت ﴾ جێناوی لکاوی ﴿ کۆمەڵەی سێ یەم ﴾

﴿ م ، ین ، یت ، ن)(ات ، ێت) ، ن ﴾ دەکەوێتە کۆتایی کارەکەوە ، وەکو ﴿ بکەر ﴾ دەردەکەون

ئەگەر کارەکە ﴿ سادە ، داڕێژراو ، لێکدراو ﴾ بێت لە هەردووشێوازی ﴿ ڕاگەیاندن و دانانی ﴾

* دە + ڕەگی کار + جێناوی لکاوی ک٣ / بکەر﴿ م ، ین ، یت ، ن ،(ات ،یّت) ، ن ﴾

چاوگ	ڕەگی کار	کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن
خوێندن	خوێن	دەخوێنم _ دەخوێنین ـ دەخوێنیت دەخوێنن _ دەخوێنێت _ دەخوێنن
وەرگرتن	وەرگر	وەردەگرم _ وەردەگرین – وەردەگریت وەردەگرن _ وەردەگرێت _ وەردەگرن
بردن	بە	دەبەم _ دەبەین _ دەبەیت دەبەن _ دەبات _ دەبەن

* یاسای کاری ڕانەبردووی دانانی : بـ + ڕەگی کار + جێناوی لکاوی ﴿ ک ٣ ﴾ بکەر﴿ م ، ین ، یت ، ن ، (ات ، یّت) ، ن ﴾

* نموونە :

چاوگ	ڕەگی کار	کاری ڕانەبردووی دانانی
1_ نووسین	نووس	بنووسم – بنووسین ـ بنووسیت بنووسن _ بنووسێت – بنووسن
٢_ داخستن	داخە	دابخەم _ دابخەین – دابخەیت دابخەن _ دابخات _ دابخەن
٣_ پاراستن	پارێز	بپارێزم _ بپارێزین _ بپارێزیت بپارێزن _ بپارێزێت _ بپارێزن

* چوارەم : ئەگەر کارکارەکە ﴿ کاری داخوازی﴾﴿ تێپەڕ و تێنە پەڕ ﴾ بێت

07706101021

جێناوی لکاوی﴿ ه ، ن ﴾ وەکو ﴿ بکەر ﴾ دەردەکەون وەچنە کۆتایی کارەکەوە ئەگەر کارەکە داخوازی﴿ سادە ، دارِێژراو ، لێکدراو ﴾ بێت .

* یاسای کاری داخوازی

بـ + رەگی کار + → ه /جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك / بکەرە
→ ن/ جێناوی لکاوە بۆکەسی دووەمی کۆ / بکەرە

چاوگ	رەگی کار	کاری داخوازی
خوێندن	خوێن	بخوێنـە _ بخوێنـن
وەرگرتن	وەرگر	وەربگرە _ وەربگرن
بردن	بـە	ببە Ø _ ببە ن بکەردەرنەکەوتووە
خواردن	خۆ	بخۆ Ø _ بخۆن بکەردەرنەکەوتووە
نووسیـن	نووس	بنووسە _ بنووسن
سەرخستن	سەرخە	سەربخە Ø _ سەربخەن بکەردەرنەکەوتووە
هاتن	یٚ	بیٚ Ø _ بیٚن بکەردەرنەکەوتووە
هێنان	هێن	بهێنە _ بهێنن

تێبینی : ئەگەر رەگی کار کۆتایی بەکێك لەم پیتە بزوێنانە ﴿ وو ، ە ، ۆ ، یٚ ، ی ﴾ هاتبوو، ئەوا ﴿ جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك﴾ لەئەرکی ﴿ بکەر ﴾ دا دەرناکەوێت .

* نموونە :

چاوگ	رەگی کار	کاری داخوازی
١ - ژیان	ژی	بژی Ø
٢ - نووستن	نـوو	بنوو Ø
٣ - بردن	بـە	ببـە Ø
٤ - شووشتن	شـۆ	بشۆ Ø
٥-هاتن	یٚ	بیٚ Ø

07706101021

﴿ ڕاهێنانی _ ١ ﴾ لا ٤٣

* کەی ئەم جێناوە کەسییە لکاوانەی لەناو ڕستەکە دا وەك ﴿ بکەر ﴾ دەوری خۆیان دەبینن ، بۆ هەریەکەیان نموونەیەك بهێنەوە (ات ، مان ، ین ، ە)

* (ات) ئەگەر کارەکە لەرێژەی ڕانەبردووی (ڕاگەیاندن و دانانی) (سادە ، دارێژراو ، لێکدراو) بوو ، ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی بزوێنی (ە ، ۆ) هاتبوو ، جێناوی لکاو ﴿ ات ﴾، وەکو (بکەر) دەردە کەوێت .

* نموونە : بۆ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن : _ نانەکە دەخوات .

* نموونە : بۆ ڕانەبردووی دانانی : _ دەبوو نامەکە ببـــات .

* (مـــــان) لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێپەڕ)ی (سادە ، دارێژراو ، لێکدراو) لەهەردوو شێوازی (ڕاگەیاندن و دانانی) وەکو ﴿ بکەر ﴾ دەردەکەوێت .

* نموونە / بۆ ڕابردووی ڕاگەیاندن : _ وانەکەمـــان نووسی .

* نمووونە / بۆ ڕابردووی دانانی : _ دەبوو نانە کەمـــان خوارد با .

* ﴿ ین ﴾ بەدووجۆر وەکو ﴿ بکەر ﴾ دەردەکەوێت

١_ ئەگەرکارەکە لەرێژەی ڕابردووی تێنەپەری (سادە ، دارێژراو ، لێکدراو)بوو ، لەهەردوو شێوازی (ڕاگەیاندن و دانانی) جێناوی لکاوی (ین) وەکو (بکەر) دەردەکەوێت و دەچێتە کۆتایی کارەکەوە .

* نموونە : بۆ شێوازی ڕاگەیاندن : _ بەیەکەوە دەرچووین .

* نموونە : بۆ شێوازی دانانی : _ بریا هاتبایـــن بۆ تاقیکردنەوە

٢_ ئەگەرکارەکە لەرێژەی ڕانەبردووی ﴿ سادە ، دارێژراو ، لێکدراو﴾ لەهەردوو شێوازی ﴿ ڕاگەیاندن و دانانی ﴾ جێناوی لکاوی ﴿ یــــن ﴾ وەکو ﴿ بکەر ﴾دەردەکەوێت و دەچێتە کۆتایی کارەکەوە .

* نموونە : وانەکە دەنووســـین . ⟵ شێوازی ڕاگەیاندن

* نموونە : دەبوو بەیەکەوە دەربچـــین . ⟵ شێوازی دانانی .

* ﴿ ە ﴾ ئەگەرکارەکە لەرێژەی داخوازی ﴿ تێپەڕو تێنە پەڕ﴾ ی ﴿ سادە ، دارێژراو ، لێکدراو﴾ بوو جێناوی لکاوی ﴿ ە ﴾ وەکو ﴿ بکەر﴾ دەچێتە کۆتایی کارەکەوە بەم شێوەیە .

١_ ﴿ ە ﴾ دەردەکەوێت ئەگەر ڕە گی کار کۆتایی بە پیتی نەبزو ێن هاتبێت .

* نموونە : _ وانەکە بخوێـنـە

٢_ دەرناکەوێت ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە پیتە بزوێنەکانی ﴿ وو ، ە ، ۆ ، ێ ، ی ﴾ کۆتاییان هاتبێت .

* نموونە : _ جلەکە بشـــۆ Ø . بەئازادی بـــژی Ø. نامەکە ببـــە Ø .

07706101021

﴿ڕاهێنانی _٢﴾ لا٤٣

*لە ڕستەی ﴿ وتارەکەت بڵاوکردووەتەوە ﴾ .

*وەڵام/١ - بڵاوکردووەتەوە : ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنە ، چۆنێتی دروستبوونی : قەدی چاوگی لێکدراو (بڵاوکرد+ووە +(ت)ناوبەند+(ەوە) پاشگر

*وەڵام/ ٢ - ﴿ ت﴾ جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک ، بکەر ، خراوەتە ئەویٚ ، چونکە کارەکە ﴿ ڕابردووی تێپەڕ﴾ە و، بەرکار باسکراوە .

* وەڵام/ ٣ - ﴿ وتارەکە ﴾ : ناوە ، تاکە، ناسراوە ، بەرکارە

* وەڵام/٤ _ ئەگەر وشەی ﴿ وتارەکە ﴾ لا ببرێت (ت) دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکەوە ، چونکە کارەکە ، ﴿ ڕابردووی تێپەڕی لێکدراو﴾ە و

﴿ بەرکار﴾ لەڕستەکەدا لادراوە .

* بڵاوت کردووەتەوە .

﴿ڕاهێنانی _٣﴾ لا٤٣

** وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە .

*وەڵام/ ١ _ ئـ _ ﴿ بکەر﴾

*وەڵام / ٢ _ ب _ ﴿ دوای بەشی یەکەمی کارەکە ﴾

*وەڵام / ٣ _ ئـ _ ﴿ بکەر﴾

*وەڵام / ٤ _ ت _ ﴿ کلتوری کوردی پاراست ﴾

*وەڵام / ٥ _ پ _ (﴿ فێردە بوو ﴾

﴿ ڕاهێنانی _٤﴾لا٤٤

* لە ڕستەی﴿ لەوانەکان باش تێگەیشتووە﴾

*وەڵام/١ _ جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەم تاک ، دەرنەکەوتووە ، چونکە کارەکە﴿ ڕابردووی تێنەپەڕە ﴾

*وەڵام/ ٢ - لەوانەکان باش تێدەگـات :- جێناوی لکاوی ﴿ ات ﴾ دەبێتە ﴿ بکەر ﴾ چونکە ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی بزوێنی ﴿ ە﴾ هاتووە

*وەڵام/ ٣ - ﴿ وانەکان﴾ ناوە ، کۆیە ، ناسراوە ، تەواوکەری بەیاریدیەیە .

*وەڵام/ ٤ - ﴿ باش ﴾ هاوەڵکاری چۆێنتی یە ، سادەیە ، تەواوکەری کارە .

پ١ / کەی ﴿ یـــن ﴾ دەبێتە بکەر ؟ ئەگەر کارەکە ....

﴿ ڕانەبردووی تێنە پەڕ _ ڕابردووی تێنە پەری — هەردووکیان ﴾

پ٢ / کەی ﴿ ە ﴾ دەبێتەبکەر ؟ ئەگەر کارەکە ....

﴿ ڕابردووی تێپەڕ _ داخوازی _ ڕابردووی تێنە پەری ﴾.

پ٣ / جێناوی لکاو لە کاری ﴿ وەرگرت ﴾ دەچێتە دوای بەشی یەکەم چونکە کارەکە.....................

﴿ ڕابردووی تێنە پەری _ ڕانەبردووی تێپەڕ — ڕابردووی تێپەڕ ﴾

پ٤ / لەگەڵ کاری ﴿ ڕابردووی تێنە پەری ﴾ جێناوی لکاو دەچێتە کوێ ؟ ....

﴿ کۆتایی کار — سەرەتای کار — دوای بەش یەکەمی کار ﴾

پ٥ / کەی جێناوی لکاوی﴿ ات ، ێت ﴾ دەبنە بکەر ؟ ئەگەر کارەکە ....

﴿ ڕابردووی تێپەڕ _ ڕانەبردوو _ ڕابردووی تێنە پەڕ ﴾ بێت .

پ٦ / ئەگەر کارێك﴿ داخوازی ﴾داڕێژراو یان لێکدراو بوو جێناوی لکاو لە دەوری ﴿ بکەر ﴾هەمیشە دەکەوێتە

﴿ دوای بەش یەکەمی کار — دوای (دە) — کۆتایی ڕەگی کار ﴾

پ٧ / کە گوندەکەیان ئاوەدان کردەوە ، هەموو دەچــنــەوە .

ئـ _ ﴿ یان ﴾ --- جێناوی لکاوە بۆ کەسی .... ﴿ دووەمی کۆ _ سێ یەمی کۆ — یەکەمی کۆ ﴾ بکەر ە .

ب _ ﴿ ن ﴾---- جێناوی لکاوە بۆ کەسی .... ﴿ سێ یەمی کۆ — یەکەمی کۆ — دووەمی کۆ ﴾ بکەرە ..

ت _ کاری ﴿دەچنەوە ﴾ بگۆڕە بۆ ﴿ ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن ﴾......... ﴿ چووەوە _ چووەتەوە _ چووە ﴾

پ _ کاری ﴿دەچنەوە ﴾ بگۆڕە بۆ ﴿ڕابردووی تەواوی دانانی ﴾......... ﴿ چووبایەوە _ چوویێتەوە _ چووبووبایەوە ﴾

ج _ کاری ﴿دەچنەوە ﴾ بگۆڕە بۆ ﴿ داخوازی ﴾ بۆ کەسی دووەمی تاك . ... ﴿ چووبووەوە _ بچۆرەوە _ چووەتەوە ﴾

پ ٨ / نەمامەکە بڕوێنــــە .

ئـ _ ﴿ ە ﴾لە دوای ﴿ بڕوێنــە ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ کاری ناتەواو — بکەر — ئامرازی دانە پاڵ ﴾

ب _ کاری ڕستەکە لە شێوازی ---- ﴿ ڕاگەیاندن — داخوازی — دانانی ﴾

ت _ ڕستەکە بگۆڕین بۆ دانانی دەبێتە .... ﴿ لەوانەیە نەمامەکە بڕوێنێت — دەبوو نەمامەکە بڕوێنیت — نەمامەکە بڕوێنن ﴾

پ _ ڕستەکە بگۆڕین بۆ ڕاگەیاندن دەبێتە .... ﴿ نەمامەکە دەڕوێنیت _ نەمامەکە بڕوێنێت — نەمامەکە دەڕوێنێت ﴾

پ ٩ / لە ژوورەکە دانیشتووە .

ئـ _ کوا بکەری ڕستەکە ؟ ....﴿ جێناوی لکاوە بۆ کەسێ یەمی تاك _ دەرنەکەوتووە _ هەردووکی ﴾

ب _ کارەکە بکە ڕانەبردوو بزانە بکەر چی لێ دێـت ؟ .... لە ژوورەکە ﴿ دادەنیشیت _ دادە نیشێت _ دادەنیشین ﴾

ت – ڕستەکە بکە دانانی ...... دەبێتە .... ڕەنگە لە ژوورەکە ﴿ دانیشتبام _ دانیشتبێت _ دانیشتبێتن ﴾

پ١٠ / جێناوی لکاو لەدەوری بکەر دەچێتە نێوان ﴿ وو – ە ﴾ ئەگەر کاری ڕابردووی تێنە پەڕی .

﴿ سادە _ داڕێژراو _ لێکدراو _ هەموویان ﴾ بوو .

پ١١ / ئەگەر بەرکار باس نەکرابێت ، کارەکەش ڕابردووی﴿ داڕێژراو یان لێکدراو﴾ بوو جێناوی لکاو لەهەموو ڕێژەکانی ڕابردوو دەچێتە .

﴿ دوای (دە) – کۆتایی کار – دوای بەشی یەکەمی کار﴾

پ١٢ / ئەگەر بەرکار لە ڕستەیە لادرا جێناوی لکاو دەچێتە نێوان ﴿ و – ە ﴾﴿ وو – ە ﴾ئەگەر کارەکە لەڕێژەی ڕابردووی

﴿ دوور – نزیک – تەواو ﴾ ی ڕاگەیاندن بوو .

پ١٣ / ئەگەر کارێک ﴿ داڕێژراو یان لێکدراو ﴾ بوو ، کارەکەش لەڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن بوو ، جێناوی لکاو دەچێتە ....

﴿ دوای بەشی یەکەمی کار – نێوان (وو – ە) _ دوای (دە) ﴾ لە دووری بکەر .

پ١٤ / ئەگەر کارێک (داخوازی سادە) بوو جێناوی لکاو لە دووری بکەر هەمیشە دەکەوێتە ﴿ دوای بەشی یەکەمی کار – کۆتایی ڕەگی کار _ دوای (دە) ﴾

پ١٥ / ئەگەر کارێک (ڕانەبردووی تێپەڕو تێنە پەڕ) بێت جێناوی لکاو دووری﴿ بکەر ﴾ دەچێتە ....

﴿کۆتایی ڕەگی کار – دوای بەشی یەکەمی کار – دوای (دە) ﴾

پ١٦ / ئەگەر ﴿ بەرکار ﴾ باسی نەکرابێت جێناوی لکاو لە دووری ﴿ بکەر ﴾ دەچێتە کوێ ؟ ئەگەر کارەکە ....

ئـ _ ﴿ نزیک و دوور ﴾ ی سادە بوو ....﴿ هیچیان – کۆتایی – دوای بەشی یەکەمی کار ﴾ .

ب _ (بەردەوام) ی سادە بوو --- ------ ﴿ کۆتایی کار _ دوای بەشی یەکەمی کار _ دوای (دە) ﴾

ت _ (تەواو) ی سادە بوو --- ---﴿ کۆتایی کار _ نێوان (ووە – وە) _ دوای بەشی یەکەمی کار﴾

پ١٧ / کەی جێناوی لکاوی بۆ کەسی سێ یەمی تاک لە دووری ﴿ بکەر ﴾ دەرناکەوێت ؟ ئەگەر کارەکە....... .

﴿ داخوازی – ڕابردووی تێنە پەڕ – ڕابردووی تێپەڕ ﴾

پ١٨ / کەی جێناوی لکاوی ﴿ ات ﴾ لەشوێنی ﴿ یت ﴾ لەڕستەدا وەکو ﴿ بکەر ﴾ بە کاردێت ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە -----

﴿ (ە ، ۆ ، هات) _ (ە ، ۆ) نەهات _ (هەردووکیان) ﴾ .

پ١٩ / کەی جێناوی لکاوی بۆ ﴿ کەسی دووە می تاک لە دووری ﴾﴿ بکەر ﴾ دەرناکەوێت ئەگەر کارەکە -------

﴿ ڕابردووی تێنە پەڕ – ڕابردووی تێپەڕ _ داخوازی ﴾ بوو .

پ٢٠ / گۆڤارێکت کڕیوە .

ئـ _ بکەری ڕستەکە ....﴿ دوێنێ – ت – دەرنەکەوتووە ﴾

ب _ ئەگەر وشەی ﴿ گۆڤار ﴾ لا بدەین بکەر دەکەوێتە ....﴿ دوای بەرکار – کۆتایی کار – نێوان (وە) ﴾

ت _ ڕستە کە بکە بنە ڕانەبردوو دەبێتە ....﴿ گۆڤارێک دەکڕیت – گۆڤارێکم بکڕن – دەبوو گۆڤارێکم کڕیبا ﴾

07706101021

پ _ كاری ڕستەكە لەڕێژەی ڕابردووی . ... ﴾ دوور – نزیك – تەواو ﴿ ی ڕاگەیاندن .

ج _ ڕستەكە بكەینە دانانی .... ڕەنگەگۆڤارێكت ﴾ كرپیبووبا – كرپیبا – كرێ بێت ﴿

پ٢١/ جێناوی لكاوی ﴾ ین ، یت ﴿ دەبنە بكەر ئەگەر كارەكە ﴾ ڕابردووی تێنە پەڕ – ڕابردووی تێپەڕ _ هەردووكیان ﴿

پ٢٢/ نـــــامـــــەكەم هـــــەڵگرت بـــــوو .

ئـ _ بكەری ڕستەكە -------- ﴾ دەرنەكەوتووە – م – نــــامەكە ﴿

ب _ ئەگەر ﴾ نامەكە ﴿ لابدەین جێناوی بكەر دەچێتە كوێ ؟ .... ﴾ دوای بەشی یەكەمی كار – كۆتایی كار ﴿

ت _ كاری ڕستەكە بكەینە ﴾ ڕابردووی بەردەوام ﴿ جێناوی لكاو دەچێتە دوای .... ﴾ دوای (دە) – كۆتایی كار – دوای (هەڵ) ﴿

پ _ ڕستەكە بكەینە دانانی .... دەبێتە ...... دەبوونامەكەم ﴾ هەڵگرتبووبا – هەڵگرتبا – هەڵگرتبێت ﴿

پ٢٣/ قوتـــــابییەكەمـــــان بانـــــگ كـــــردە وە .

ئـ _ بكەری ڕستەكە .... ﴾ دەرنەكەوتووە – مــــان _ قوتابییە كە ﴿

ب _ بكەری ڕستەكە كەوتووەتە دوای --------- ﴾ كار – بەشی یەكەمی كار – بەركار ﴿

ت _ ئەگەر (﴾ قوتابییەكە ﴿ لابدەین ﴾ مــــان ﴿ دەچێتە كوێ ؟... ﴾ هیچیان – كۆتایی كار – دوای بەشی یەكەمی كار ﴿

پ/ كاری ڕستەكە بكەینە ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن ، بۆ كەسی سێ یەمی كۆ . ﴾ بانگی كردبووەوە _ بانگیان كردووەتەوە _ بانگیان كردەوە ﴿

ج / كاری ڕستەكە بكەینە ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن ، بۆ كەسی دووەمی كۆ ﴾ بانگتان كردبووەوە _ بانگی دەكات – بانگی كردووەتەوە ﴿

پ٢٤/ گـــــونـــــدەكـــــان ئاوەدان دەكـــاتـــەوە .

ئـ _ كاری ڕستەكە لە ڕێژەی .... ﴾ داخوازی _ ڕابردووی بەردەوامی تێنە پەڕ – ڕانەبردووی ڕاگەیاندنی تێپەڕ ﴿

ب _ بكەری ڕستەكە كامەیە؟ .... ﴾ دەرنەكەوتووە – ات – گوندەكان ﴿

ت _ ﴾ ات ﴿ جێناوی لكاوە بۆ كەسی .... ﴾ سێ یەم _ یەكەم _ دووەم) ی تاك .

پ _ ﴾ ات ﴿ چووەتە سەر ﴾ دەكات ﴿ چونكە ڕەگی كار كۆتایی بە پیتی ..... ﴾ ك – ۆ – ە – هیچیان ﴿

ج _ ﴾ گوندەكان ﴿ ئەركی .... ﴾ دیارخەری ناو – بەركار – بكەر ﴿

ح _ ئەگەركاری ڕستەكە بكەینە ﴾ ڕابردووی تەواو ﴿ ی ڕاگەیاندن ، بۆ كەسی یەكەمی تاك ﴾ ئاوەدانم كردەوە – ئاوەدانت كردەوە – ئاوەدانم كردووەتەوە ﴿

پ٢٥/ وانـــــەكـــــە دەخـــــوێـنـیـن .

ئـ _ بكەری ڕستەكە............ ﴾ وانەكە – ین – هەردووكیان ﴿

ب _ كاری ڕستەكەلە ڕێژەی .... ﴾ ڕابردووی بەردەوامی تێنە پەڕ – داخوازای – ڕانەبردووی ڕاگەیاندنی تێپەڕ ﴿

ت_ ڕستەکە بکەین بە ڕابردوو دەبێتە .... ﴿ وانەکەی خوێند – وانەکەم دەخوێند – وانەکەمان خوێند ﴾

پ_ ﴿ وانەکە ﴾ ئەرکی .... ﴿ دیار خەری ناو – بەرکار – بکەر ﴾ .

ئەرکی جێناوەکەسییە لکاوەکان

دووەم : وەکـــو بـــەرکـــار

* تێبینی :- دوو کۆمەڵە جێناوی لکاو دەبنە بەرکار .

* کۆمەڵەی یەکەم : ﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴾

* تێبینی :- کۆمەڵەی یەکەم ﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴾

لەگەڵ کاری ﴿ ڕانەبردوو ، داخوازی ، ڕابردوو ﴾ی ﴿ تێپەڕی ﴾ ﴿ سادە ، دارێژراو ، لێکدراو ﴾ دەبنە ﴿ بەرکار ﴾ بەم شێوەیەی خوارەوە

١_ کاری ڕانەبردووی ﴿ تێپەڕ ﴾ ی سادە

* یاسا / دە +ک١ + ڕەگی کار + جێناوی لکاوی بکەر ﴿ ک٣ ﴾

بەرکار

تاک

دەچنە دواى

| م – مان |
| ت – تان |
| ی – یان |

* ئەگەر کارەکە لەڕێژەی ﴿ ڕانەبردوو ﴾ی سادە بێت ، جێناوە لکاوەکانی ﴿ کۆمەڵەی یەکەم ﴾ دەبنە ﴿ بەرکار ﴾ و نیشانەی ﴿ دە ﴾ ی ڕانەبردووەکەوە .

* نموونە : / ١- دەبـــــات ← دە + جێناوی لکاوی ک١ + بـــات

* دە م بـــــات _ دە مـــان بـــات

* دەت بـــات _ دە تـــان بـــات

*دەی بـــات _ دە یـــان بـــات

بەرکار بکەر

07706101021

* نموونه ٢ : دەناسـیت -------- دە + جێناوی لکاوی ك١ + ناسـیت

بەرکار ← جێناوی لکاوی ك١ ، بکەر ← یت

* دە م ناسـیت _ دە مان ناسـیت

* دە ی ناسـیت _ دە یان ناسـیت

بەرکار ← ی ، بکەر ← یت

* نموونە ٣ : دەگریـن --------- دە + جێناوی لکاوی ك١ + گر ین

بەرکار ← جێناوی لکاوی ك١ ، بکەر ← ین

*دەت گریـن _ دە تـان گریـن

*دە ی گریـن _ دە یـان گریـن

بەرکار ← ی ، بکەر ← ین

* ئەگەر کارەکە ڕانەبردووی ﴿ تێپەڕ ﴾ ی﴿ داڕێژراو یان لێکدراو ﴾ بێت ، جێناوی لکاوی ﴿ کۆمەڵەی یەکەم﴾ لە ئەرکی بەرکار دەچنە دوای بەشی یەکەمی کارەکەوە .

* یاسا :- بەشی یەکەمی کار + جێناوی لکاوی ك١ + بەشی دووەمی کار + جێناوی لکاوی بکەر ك٣

بەرکار ← جێناوی لکاوی ك١ ، بکەر ← جێناوی لکاوی بکەر ك٣

بەرکار	بکەر
م – مـان	م – یـن
ت – تـان	یـت – ن
ی – تـان	ات ، ێت _ ن

* نموونە ١ : بۆکاری ڕانەبردووی تێپەڕی داڕێژراو : ← وەر دەگـرێت

07706101021

بەشی یەکەمی کار بکەر

* وەر + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم + دەگرێت

بەرکار بکەر

*وەر م دە گرێت _ وەرمان دە گرێت

* وەرت دەگرێت _ وەرتان دە گرێت

*وەری دەگرێت _ وەریان دەگرێت

بەرکار بکەر

* نموونە ٢ : هــــەڵـــــــدە بژێر یت

بەشی یەکەمی بکەر

* هەڵ + جێناوی لکاوی ك ١ + دەبژێریت

بەرکار بکەر

* هـــەڵـم دەبژێریت _ هەڵـــمان دەبژێریت

بەرکار بکەر

* هــەڵـــی دەبژێریت _ هەڵـــیان دەبژێریت

* نموونە ١ : بۆ﴿ کاری ڕانەبردووی تێپەڕی لێکدراو ﴾

* پێش دەخــــات ⟵ پێش + جێناوی لکاوی ك ١ + دەخــــــات .

بکەر بەش یەکەمی کار بەرکار بکەر

* پێشــــم دەخـات _ پێشــــمان دەخـات

* پێشــــت دەخـات _ پێشـــــتان دەخـات

* پێشـــی دەخـات _ پێشــــیان دەخـات

بەرکار بکەر

* نموونە ٢ : پـــــــەروەردە دە کەیت ⟵ پەروەردە + جێناوی لکاوی (ك ١) بەرکار + دەکەیت

بەشی یەکەمی کار بکەر بەرکار بکەر بکەر

07706101021

* پـــــــەروەردە م دەکـــــــەیت _ پـــــــەروەردە مــــان دەکـــــــەیت

*پـــــــەروەردە ی دەکـــــــەیت _ پـــــــەروەردە یـــان دەکـــــــەیت

٢ - کاری داخوازی ﴿ تێپەڕ ﴾ بە دوو شێوە دەردەکەوێت .

١_ ئەگەر کارەکە داخوازی﴿ تێپەڕ ﴾ی﴿ ســــادە ﴾ بوو جێناوە لکاوەکانی ﴿ کۆمەڵەی یەکەم ﴾ وەکو ﴿ بەرکار ﴾ دەردەکە ون و دەچنە دوای ﴿ ب ﴾ ی نیشانەی کاری داخوازییەوە .

* بـــــەم شێوازەی خوارەوە .

* بـ + جێناوی لکاوی ك١ + ڕەگی کار + جێناوی لکاوی ك٤ ﴿ ە ، ن ﴾

بـــەرکـــار بــــکـــــەر

*نموونە ١ : بـــنـاســــە ← بــ + جێناوی لکاوی ك١ + ڕەگی کار + جێناوی لکاوی (ە)

بـکـەر بـــەرکــار بـکـەر

* بـــم ناســــە _ بـمان ناســــە

* بـــی نـــاســـە _ بـیــان ناســــە

بەرکار بکەر

* نموونە٢ : بـپارێزن ← بـ + جێناوی لکاوی ك١ + ڕەگی کار + جێناوی لکاوی ﴿ ن ﴾

بەرکار بکەر

*بـــم پارێزن _ بـــمان پارێزن م – مان

* بـی پـــارێزن _ بـیــان پـــارێزن ت – تان

بەرکار بکەر ی – یان

* نموونە٣ : بـبــە Ø ← بـ + جێناوی لکاوی ك١ + ڕەگی کار + جێناوی لکاوی بکەر دەرنەکەوتووە .

بکەر دەرنەکەوتووە بۆکەسی دووەمی تاك بەرکار

* بـــم بە Ø _ بـــمان بــــە Ø

* بـــی بە Ø _ بـیــان بـــــە Ø

بەرکار بکەر دەرنەکەوتووە

٢- ئەگەر کارەکە داخوازی﴿ تێپەڕ ﴾ ی﴿ داڕێژراو یان لێکدراو ﴾ بوو جێناوە لکاوەکانی ﴿ ك١ ﴾ وەکو ﴿ بەرکار ﴾ دەردەکەون و دەچنە ﴿ دوای بەشی یەکەمی ﴾ کارەکەوە .

* بـــەم شێوازی خوارە وە

* بەشی یەکەمی کار + جێناوی لکاوی ك١ + بەشی دووەمی کار + جێناوی لکاو بکەر

07706101021

بەرکار

* نموونە ١ : وەر بـــگرە ← ﴿ کاری داخوازی داڕێژراو ﴾

بەشی یەکەمی کار   بکەر

* وەر + جێناوی لکاوی ك ١ + بـــگرە

* وەر م بـــگرە _ وەرمان بـــگرە

* وەری بـــگرە _ وەر یان بـــگرە

بەرکار   بکەر

* نموونە ٢ : هەڵبژێرن ← ﴿ کاری داخوازی داڕێژراو ﴾

بکەر

* هـــەڵ + جێناوی لکاوەکانی ك ١ + بژێرن

بەشی یەکەمی کار   بەرکار   بکەر

* هـــەڵـــم بژێرن _ هـــەڵـــمان بژێرن

* هـــەڵـــی بژێرن _ هـــەڵـــیان بژێرن

بەرکار   بکەر

* نموونە ٣ : پەروەردە بکە Ø ← ﴿ کاری داخوازی لێکدراو ﴾

بەشی یەکەمی کار   بکەردەرنەکەوتووە بۆ کەسی دووەمی تاك

* پەروەردە + جێناوی لکاوی ك ١ + بکە Ø

بەشی یەکەمی کار   بەرکار   بکەردەرنەکەوتووە

* پەروەردە م بـــکە Ø _ پەروەردە مان بـــکە Ø

* پەروەردە ی بـــکە Ø _ پەروەردە یان بـــکە Ø

بەرکار   بکەر

* نموونە ٤ : یارمەتی بـــدەن ← ﴿ کاری داخوازی لێـــکدراو ﴾

بەشی یەکەمی کار   بکەر

* یارمەتی + جێناوی لکاوی ك ١ + بـــدەن

بەشی یەکەمی کار   بەرکار   بکەر

* یارمەتیـــم بـــدەن _ یارمەتیـــمان بـــدەن

* یارمەتیـــی بـــدەن _ یارمەتیـــیان بـــدەن

بەرکار   بکەر

* پرسیار: _ کەی جێناوی لکاوی ﴿ ی ﴾ بۆ کەسی سێ یەمی تاك لە دەوری ﴿ بەرکار ﴾ دەردەکەوێت ؟ وەڵامەکەت بە نموونەوە ڕوونبکەرەوە .

* وەڵام: جێناوی لکاوی ﴿ ی ﴾ بۆ کەسی سێ یەمی تاك لە دەوری ﴿ بەرکار ﴾ دەردەکەوێت ئەگەر کارەکە لە ڕێژەی ﴿ داخوازی و ڕانەبردووی ﴾

07706101021

تێپەڕی ﴾ سادە ، داڕێژراو – لێکدراو ﴿ بێت .

* نموونە بۆ کـاری ﴾ داخوازی ﴿

* بی بــــەن ------ ﴾ سادە ﴿

* وەری بــــگرە ----- ﴾ داڕێژراو ﴿

* ئازاد ی بکەن ----- ﴾ لێکدراو ﴿

* نموونە بۆ کـاری ﴾ ڕانەبردوو ﴿

* دە ی بەیـــت ------------ ﴾ سادە ﴿

* هــەڵـــی دەبژێرم ------ ﴾ داڕێژراو ﴿

* ســـەری دەخــــات ----- ﴾ لێکدراو ﴿

٣ _ کاری ڕابردووی تێپەڕ

* تێبینی :- دووکۆمەڵە جێناوی لکاو لەگەڵ کاری ﴾ ڕابردووی تێپەڕ ﴿ ی ﴾ سادە ، داڕێژراو ، لێکدراو ﴿ ئەرکی ﴾ بەرکار ﴿ دەبینێت .

* کۆمەڵەی یەکەم : ﴾ م ، مان ، ت ،تان ، ی ، یان ﴿ دەبنە بەرکار بەم شێوەیەی خوارەوە .

*ئەگەر کارەکە ﴾ ڕابردووی تێپەڕ ﴿ ی سادە بێت ، جێناوە لکاوەکانی ﴾ کۆمەڵەی یەکەم ﴿ دەبێتە ﴾ بەرکار ﴿ دەچێتەنێوان کۆتایی جێناوی لکاوی ﴾ بکەر ﴿ ەوە واتا پێش جێناوی لکاوی ﴾ بکەر ﴿ دەکەوێت .

* بەم شێوازە ی خوارەوە :

* یاسا :_ کاری ڕابردووی تێپەڕی ﴾ ســـــادە ﴿ + جێناوە لکاوی ک ١ + جێناوە لکاوی ک ١

بـــەرکـــار — بکـــە

*نموونە ١ : بـــرد — کاری ڕابردووی تێپەڕی ﴾ ســــادە ﴿

* بـــــرد + جێناوە لکاوی ک ١ + جێناوە لکاوی ک ١

بەرکار — بـکەر

* بـــــرد مـــی — بـــــرد مـــانـــی

* بـــــرد تـــی — بـــــرد تـــانـــی

* بـــــرد (ی) — بـــرد یـــانـــی

بەرکار دەرنەکەوتووە — بکەر

بەرکار — بکەر

* نموونە ٢ : گرت ← کاری ڕابردووی تێپەڕی ﴾ ســــادە ﴿

*گــــرت + جێناوە لکاوی ک ١ + جێناوە لکاوی ک ١

07706101021

بەرکار   بکەر

* گـــرتـتـم _ گـرتـتـانـم

* گــــرتـــم _ گـــرتـــیـــانـــم

بەرکاردەرنەکەوتووە   بـکەر   بەرکار   بـــکەر

* نموونە٣ : پاراست ← کاری « ڕابردووی تێپەڕ» ی ســـــادە

* پاراست + جێناوە لکاوی ک١ + جێناوە لکاوی ک١

بەرکـــار   بـــکەر

* پاراستمـــی _ پاراستمانـی

* پاراســـتـی _ پاراستـــتانـی

* پاراستـــی _ پاراستـــیانـی

(ی)بەرکـــاردەرنەکەوتووە   بـــکەر   بەرکار   بکەر

* تێبینی : ئەگەر کارەکە « ڕابردووی تێپەڕ» ی نا ســـــادەبوو واتا « داڕێژراو ، لێکدراو » جێناوە لکاوەکانی « کۆمەڵەی یەکەم » لەئەرکی « بـــەرکار » دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکەوە .

* بەم شێوازەی خوارەوە دەبێت

یاسا * بەشی یەکەمی کار + جێناوی لکاوی ک١ + جێناوە لکاوی ک١ + بەشی دووەمی کار

بەرکـــار   بـکـــەر

* نموونە ١ : ڕا هێـنـــاوە ← « کاری ڕابردووی تێپەڕی داڕێژراو »

بەشی یەکەمی کار

*ڕا + جێناوە لکاوی ک١ + جێناوە لکاوی ک١ + بەشی دووەمی کار

بەرکار   بکەر

* ڕامـــی هێـــناوە ** ڕامـــانـی هێناوە

* ڕاتـــی هێـــناوە ** ڕا تـــانـی هێناوە

* ڕا ی هێـــناوه   ** ڕا یـــانـــی هێناوه

بەرکاردەرنەکەوتووە   بکەر   بەرکار   بکەر

* نموونە ٢ : وەرگـــــــرت ← ﴿ کاری ڕابردووی تێپەڕی داڕێژراو ﴾

بەشی یەکەمی کار

*وەر + جێناوە لکاوی ك١ + جێناوە لکاوی ك١ + بەشی دووەمی کار

بەرکار   بکەر

* وەرتـــمان گرت   ** وەرتـــانـــمـــان گرت

* وەر مـــان گرت   ** وەر یـــانـــمـــان گرت

بەرکار دەرنەکەوتووە   بکەر   بەرکار   بکەر

* نموونە ١ : بانگ کرد ← ﴿ کاری ڕابردووی تێپەڕی لێکدراو ﴾

بەشی یەکەمی کار

* بانگ + جێناوە لکاوی ك١ + جێناوە لکاوی ك١ + بەشی دووەمی کار

بـــەرکـــــار   بکــــــەر

* بانـگـــمـــی کرد   ** بانـــگـمانی کرد

* بانــگـــتـی کرد   ** بانـــگـتانی کرد

* بانـــگی کرد   ** بانـــگـیانی کرد

بەرکاردەرنەکەوتووە   بکەر   بەرکار   بکەر

* نموونە ٢ : سەرخست ← ﴿ کاری ڕابردووی تێپەڕی لێکدراو ﴾

بەشی یەکەمی کار

* ســـــــەر + جێناوە لکاوی ك١ + جێناوە لکاوی ك١ + بەشی دووەمی کار

بەرکار   بکەر

* ســــــەرمـــت خست   ** ســـــــەرمـــانـــت خست

07706101021

بەرکار بکەر　　　　بەرکار بکەر

* ســـــەر ت خست　　** ســــــەریانت خست

بەرکار دەرناکەوێت بکەر　　بەرکار بکەر

* پرسیار: کەی جێناوی لکاوی ﴿ ی ﴾ بۆ کەس سێ یەمی تاك وەکو بەرکار دەرناکەوێت ؟ بە نموونەوە روونی بکەرەوە .

* وەڵام: جێناوی لکاوی ﴿ ی ﴾ بۆکەسی سێ یەمی تاك وەکو ﴿ بەرکار ﴾ دەرناکەوێت ، لەگەڵ کاری ڕابردووی ﴿ تێپەڕ ﴾ ی ﴿ سادە ، دارێژراو ، لێکدراو ﴾

* نموونە ١ : هێـــنا (ی) م ← هێـــنام ← ﴿ سادە ﴾

* نموونە ٢ : وەر (ی) ت گرت ← وەرت گرت ← ﴿ دارێژراو ﴾

* نموونە ٣ : بانگ (ی) مان کرد ← بانگمان کرد ← ﴿ لێکدراو ﴾

بەرکاردەرنەکەوتووە　بکەر

* کۆمەڵەی دووەم : ﴿ م ، ین ، یت ، ن ، $\varnothing$ ، ن ﴾ دەبنە بەرکار لەگەڵ کاری ڕابردووی ﴿ تێپەڕ ﴾ ی

﴿ سادە ، دارێژراو ، لێکدراو ﴾ بەم شێوازانەی خوارەوە .

١_ ئەگەرکارەکە ﴿ سادە ﴾ بوو جێناوی لکاوی کۆمەڵەی دووەم ﴿ م ، ین ، یت ، ن ، $\varnothing$ ، ن ﴾ دەبنە ﴿ بەرکار ﴾ دەچنە دوای جێناوی لکاوی ﴿ بکەر ﴾.

* تێبینی ١ : ئەگەر جێناوی لکاو لەدەوری ﴿ بکەر ﴾ بۆ کەسی یەکەمی ﴿ تاك و کۆ ﴾ واتا ﴿ م ، مان ﴾ بێت ئەوا جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی دووەم ﴿ م ، ین ، یت ، ن ، $\varnothing$ ، ن ﴾ دەبنە ﴿ بەرکار ﴾ دەچنە دوای جێناو لکاوی ﴿ بکەر ﴾.

* یاسا * بەم شێوازە ← کاری ڕابردووی تێپەڕی سادە + جێناوی لکاوی ك١ + جێناوی لکاوی ك٢

﴿ م ، مـــان ﴾ ← بکـــەر　　﴿ یت ، ن ، $\varnothing$ ، ن ﴾ ← بەرکار

* نموونە ١ : برد + م + ك٢ ← (یت ، ن ، $\varnothing$ ، ن)　　* برد + مــــــان + ك٢ ← (یت ، ن ، $\varnothing$ ، ن)

بکەر　بەرکار　　بکەر　بەرکار

*برد مـــيت _ برد مـــن

*برد م Ø _ برد مـــن

بکەر بەرکاردەرنەکەوتووە — بکەر بەرکار

* برد + مـــانـيـت _ برد مـــانـن

* برد مـــان Ø _ برد مانـــن

بکەر بەرکاردەرنەکەوتووە — بکەر بەرکار

*تێبینی٢ : ئەگەر جێناوی لکاو لەدەوری بکەر بۆ کەسی دووەمی ﴿تاك و کۆ﴾ واتا ﴿ت ، تان﴾ بێت ،ئەوا جێناوە لکاوەکانی ﴿ک٢﴾ ﴿م ، ین ، Ø ، ن﴾ دەبنە﴿بەرکار﴾ودەچنە دواى جێناوی لکاوی ﴿بکەر﴾

یاسا بەم شێوازە ← کاری ڕابردووی تێپەڕی سادە + جێناوە لکاوی ک١ + جێناوە لکاوی ک٢

(ت – تان) ← بکەر

(م – ین ، Ø ، ن) ← بەرکار

* نموونە : گرت + ت + جێناوە لکاوی ک٢ ﴿م ، ین ، Ø، ن﴾

بکەر — بەرکار

** گرتـتـم _ گرتـتـین

بکەر بەرکار — بکەر بەرکار

**گرتـتـØ _ گرتـتـن

بکەر بەرکار دەرنەکەوتووە — بکەر بەرکار

* گرت + تان + جێناوە لکاوی ک٢ ﴿م ، ین ، Ø ، ن﴾

بکەر — بەرکار

** گرتـتـانـم _ گرتـتـانـین

بکەر بەرکار — بکەر بەرکار

** گرتـتـانØ _ گرتـتـانـن

بکەر بەرکار — بکەر بەرکار

*تێبینی٣ : ئەگەر جێناوی لکاو لەدەوری ﴿بکەر﴾ بۆ کەسی سێیەمی ﴿تاك و کۆ﴾ واتا ﴿ی ، یان﴾ بوو، ئەوا جێناوە لکاوەکانی ﴿ک٢﴾ ﴿م ، ین ، یت ، ن ، Ø ، ن﴾دەبنە﴿بەرکار﴾ وە دەچنە پێش جێناوی لکاوی ﴿بکەر﴾

*یاسا : بەم شێوازە ← کاری ڕابردووی تێپەڕی سادە + جێناوە لکاوی ک٢ + جێناوە لکاوی ک١ ← (ی ، یان)

(ی ، یان) ← بکەر

(م - یـــن)

(یت – ن)

(Ø – ن) ← بەرکار

*نموونە : بـــرد

* برد + جێناوە لکاوی ک٢ + جێناوە لکاوی ک١

(م - یـــن) (ی)

(یت – ن) بکەر

(Ø – ن)

بەرکار

** بـــرد + جێناوە لکاوی ک٢ + جێناوە لکاوی ک١

(م - یـــن) (یان)

(یت – ن) بکەر

(Ø – ن)

بەرکار

** بـــرد مـی _ برد یـنـی

** بـــرد مـــیان _ بـــرد یـنـیان

07706101021

بەرکار بکەر بەرکار بکەر بەرکار بکەر

** بـــــرد یـتـی ـ بـــــرد نـــی ـ ** بـــــرد یتـیـــان ـ بـــــرد نــیـــان

بەرکار بکەر بەرکار بکەر بەرکار بکەر

** بـــــرد Ø ی ـ بـــــرد نـــی ـ ** بـــــرد Ø یـــان - بـــــرد نــیـــان

بەرکار بکەر بەرکار بکەر بەرکار دەرنەکەوتووە بکەر

*تێبینی : ئەگەر کارەکە ﴿ ڕابردووی تێپەڕ ﴾ ی ﴿ داڕێژراو – لێکدراو ﴾ جێناوی لکاوەکانی ﴿ ک٢ ﴾ لە ئەرکی ﴿ بەرکار ﴾ دەچنە کۆتایی کارەکەوە ، جێناوی لکاوەکانی ﴿ بکەر ﴾ لەدوای بەشی یەکەمی کاردێت .

*یاسا : بەم شێوازە ←── بەشی یەکەمی کار + جێناوی لکاوەکانی (ک١) + بەشی دووەمی کار + جێناوی لکاوەکانی (ک٢)

بکەر بەرکار

**نموونە١ : دا مـــــەزراند ←── ﴿ کاری ڕابردووی تێپەڕی داڕێژراو ﴾

بەشی یەکەمی کار

* دا + جێناوی لکاوی (ک١) + مەزراند + جێناوی لکاوی (ک٢)

بکەر بەرکار

*دای مەزراند م ـ * دای مەزراندیـــن

* دای مەزراند یـــت ـ * دای مەزراندن

*دای مەزراند Ø ـ * دای مەزرانـــدن

بکەر بەرکاردەرنەکەوتووە بکەر بەرکار

**نموونە٢ : بانگ کرد ←── ﴿ کاری ڕابردووی تێپەڕی لێکـــدراو ﴾

بەشی یەکەمی کار

* بانگ + جێناوی لکاوی (ک١) + کرد + جێناوی لکاوی (ک٢)

بکەر بەرکار

* بانگـــــم کرد یـــت ـ * بانگـــم کرد ن

بکەر بەرکار بکەر بەرکار

* بانگـــــم کرد Ø ـ * بانگـــــم کرد ن

بکەر بەرکاردەرنەکەوتووە بکەر بەرکار

** پرسیار:_ کەی جێناوی لکاو بۆ کەس سێ یەمی تاك وەکو ﴿ بەرکار ﴾ دەرناکەوێت ؟ وەڵامەکەت بە نموونە ڕوونبکە رەوە .

* وەڵام : لەگەڵ کاری ﴿ ڕابردووی تێپەڕ ﴾ ی ﴿ سادە ، داڕێژراو ، لێکدراو ﴾ جێناوی لکاو بۆ کەسی سێ یەمی تاك لە ئەرکی ﴿ بەرکار ﴾ دەرناکەوێت .

07706101021

* نموونە ١ : بـــــــرد م (Ø) ⟵ ﴿ ســـــــادە ﴾
بکەر — بەرکار دەرنەکەوتووە

* نموونە ٢ : وەرت گرت (Ø) ⟵ ﴿ دارێژراو ﴾
بکەر — بەرکاردەرنەکەوتووە

* نموونە ٣ : بانگـــــتان کرد (Ø) ⟵ ﴿ لێــکدراو ﴾
بکەر — بەرکار دەرنەکەوتووە

**تێبینی : - لە کرمانجی ژووروودا کۆمەڵەی دووەم

﴿ م ، ین ، یت ، ن ، Ø ، ن ﴾دەبنە ﴿ بەرکار ﴾ لەگەڵ کاری ﴿ ڕابردووی تێپەڕ ﴾

** نموونە :

* نەوزاری ئەز دیـــتم — بەرکار

* نەوزاری ئەم دیتــین — بەرکار

* نەوزاری تــــو دیــتـیت — بەرکار

* نەوزاری هوین دیتــن — بەرکار

* نەوزاری ئەو دیـــــت Ø — بەرکار دەرنەکەوتووە

* نەوزاری ئەو دیتــن — بەرکار

﴿ ڕاهێنانـــــی _ ١ ﴾ لا٤٩

* جێناوی کەسیی لکاوی ﴿ تان ، ین ﴾لەدوور ڕستەدا بەکار بهێنە لە ڕستەی یەکەمدا﴿ تان ﴾ بکەر بێت ، ﴿ ین ﴾ بەرکار بێت ، لەڕستەی دووەمدا ﴿ ین ﴾ بکەر بێت و ﴿ تان ﴾ بەرکار بێت .

١_ ﴿ تــــان ﴾ بکەر --- ﴿ یــن ﴾ بەرکار ---------- ﴿ بردتانین بۆ قوتابخانە ﴾ .

٢_ ﴿ یـــن ﴾ بکەر ------------- ﴿ تان ﴾ بەرکار ------- ﴿ دەتــــان بە یــن بۆ قوتابخانە ﴾ .

﴿ ڕاهێنانـــــی _ ٢ ﴾ لا٤٩

07706101021

* ئەرکی جێناوە لکاوەکانی ناو ئەم ڕستانەی خوارەوە دیاربکە :

ڕستە	جێناوی لکاو	ئەرکەکەی
١_ بە جــوانی سەیــری کردیــن .	ی یــن	بکەر بەرکار
٢_ بەوردی خوێـــنـد مــنـەوە .	م ن	بکەر بەرکار
٣_ دە مانـنێرن بۆئاهەنگەکە .	م یــان	بەرکار بکەر
٤_ دە مــانـیــان هێنا بۆ ئێرە .	مــان یــان	بە رکار بکەر

﴿ ڕاهێنانــــی -٣ ﴾ل٤٩

** وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

*وەڵام/ ١_ ئـ _ ڕابردووی تێپەڕ

*وەڵام/ ٢_ پ _ بانگـــت دەکەیـــن

*وەڵام/ ٣_ ئـ _ ڕابردووی تێپەڕ

*وەڵام/ ٤_ پ _ هەڵی بژێرە

*وەڵام/ ٥_ ب – بەرکار

﴿ ڕاهێنانــــی -٤ ﴾

*وەڵام/ ١- ین / جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ ، بەرکارە ، خراوەتە ئەوشوێنە چونکە کارەکە ﴿ ڕابردووی تێپەڕ ﴾ە .

* وەڵام/ ٢- جێناوی لکاوی ﴿ مان ﴾دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکەوە ، چونکە ﴿ بکەر و بەرکار ﴾لە کۆمەڵەی یەکەمن وکارەکەش ﴿ ڕابردووی تێپەڕ ﴾ ی داڕێژراوە

** پارەهەڵـمــانــی بژارد .

* و ەڵام/ ٣ – ئەمساڵ هەڵـمان دەبژێرێت .

مــــان ← بەرکار ، ێت ← بکەر

** چەند پرسیارێك لەسەر ئەرکی جێناوی لکاو لە دەوری ﴿ بەرکار ﴾ بە شێوەی هەڵبژاردن **

07706101021

پ١ / پار هەڵی بژاردین .

ئـ_ ﴿ ی ﴾ئەرکی چییە ؟ -------- ﴿ بەرکار _ بکەر _ دیارخەر﴾

ب_﴿ ین ﴾ ئەرکی چییە؟ -------﴿ تەواوکەری بەیاریدە – جێگری بکەر – بەرکار﴾

ت_ ئەگەر﴿ ین ﴾ بگۆڕین بۆ﴿ مان ﴾ئەوا دەبێتە ....

﴿ پار هەڵمانی بژارد – پارهەڵیمان بژارد – پارهەڵمان بژارد یت ﴾

پ_ ئەگەر کاری ڕستەکە بکەینە ﴿ ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن ﴾ ئەوا دەبێتە ....

﴿ پار هەڵمانی دە بژارد – هەڵمان دەبژێرێت – پارهەڵمانی بژارد بوو ﴾

پ٢ / ئەو جێناوە لکاوانە دەبن بە (بەرکار) لەگەڵ کاری ڕانەبردوو چین ؟ ....

﴿ کۆمەڵەی سێیەم _ کۆمەڵەی دووەم _ کۆمەڵەی یەکەم ﴾

پ٣ / (تان) کەی نابێتە (بەرکار) ؟ ئەگەرکارەکە.........﴿ ڕابردووی تێنە پەڕ _ داخوازی _ ڕابردووی تێپەڕ﴾

پ٤ / جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاک ، لەدەوری ﴿ بەرکار﴾دەرناکەوێت ئەگەر کارەکە........................

﴿ ڕابردووی تێنە پەڕ _ داخوازی _ ڕابردووی تێپەڕ ﴾ بوو

پ٥ / ﴿ یت ، ن ﴾ دەبنە ﴿ بەرکار ﴾ ئەگەر کارەکە ...... ﴿ ڕابردووی تێپەڕ _ داخوازی _ ڕابردووی تێنە پەڕ﴾

پ٦ / بانگی بکەن --- کارەکە بکەینە﴿ ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن﴾.....﴿ بانگتان کردبووØ_ بانگتیان کردبوو _ هەردوو کیان ﴾

پ٧ / بردینی (ین) ئەرکی .... ﴿ تەواوکەری بەیاریدە – بەرکار – بکەر﴾

پ٨ / جێناوی لکاوی﴿ ك٢ ﴾دەبنە (بەرکار) و دەچنە دوای (بکەر) ئەگەر کارەکە سادە بوو (بکەر) یش بۆ کەس...........

﴿ یەکەم – سێ یەم – یەکەم – و دووەم ﴾ ی تاك و کۆ بێ .

پ٩ / جێناوی لکاوی (ی) بۆ کەسی سێ یەمی تاك لە دەوری (بەرکار) دەردەکەوێت ، ئەگەر کارەکە ....

﴿ داخوازی _ ڕانەبردوو و داخوازی تێپەڕ _ ڕابردووی تێپەڕ﴾ بوو .

پ١٠ / دروستمانی کرد --- بکەینە ڕانەبردووڕاگەیاندن ، ئەوا دەبێتە-----﴿ دروستمان دەکەیت – دروستمان دەکات – دروستمان دەکردن ﴾.

پ١١ / (هێنا) چەند کۆمەڵە جێناو دەبنە﴿ بەرکار﴾ لەگەڵی ....﴿ دوو کۆمەڵە – سێ کۆمەڵە – یەك کۆمەڵە ﴾

پ ١٢ / جێناوی لکاوی ﴿ ك٢ ﴾دەبنە ﴿ بەرکار ﴾ و دەچنە پێش (بکەر) ئەگەر کارەکە ڕابردووی تێپەڕی (سادە) بوو(بکەر)

یش بۆ کەسی ....﴿ دووەم – یەکەم – سێ یەم ﴾ ی تاك و کۆ بێ

پ١٣ / ئەگەر کارێك ﴿ داخوازی سادە ﴾ بوو جێناوی لکاوی ﴿ ك١ ﴾لە دەوری (بەرکار) دەچێتە

07706101021

﴿ دواى بەشى يەكەمى كار – كۆتايى كار – دواى (بـــ) ﴾

پ١٤ / بـــــم بەخشـــــــــن .

ئـ _ ﴿ م ﴾ئەركى ----- ﴿ بكەر – ديارخەر – بەركار ﴾

ب _ ﴿ ن ﴾ ئەركى ----- ﴿ بەركار – بكەر – ديارخەر ﴾

پ١٥ / ئەگەر كارێك ڕانەبردووى تێپەڕى (داڕێژراو يان لێكدراو) بوو جێناوى لكاوى﴿ ك١ ﴾لەدەورى ﴿ بەركار ﴾

دەچێتە دواى.................. ﴿ كۆتايى كار – دواى (دە) – بەشى يەكەمى كار ﴾

پ١٦ / داى مەزراند م لە كارەكە .

ئـ _ ﴿ ى ﴾ ئەركى .... ﴿ ديارخەر – بەركار – بكەر ﴾

ب _ ﴿ م ﴾ ئەركى....................... ﴿ بكەر – بەركار – جێگيرى بكەر ﴾

ت _ (م) لەم ڕستەيە لە كۆمەڵەى............................ ﴿ سىٚ يەم _ دووەم _ يەكەم ﴾

پ _ ئەگەر ﴿ م ﴾ بگۆڕين بۆ ﴿ ت ﴾ ، ئەوا دەبێتە .... ﴿ دات مەزراندم _ داتى مەزراند _ دايت مەزراند ﴾

ج _ ئەگەر (داى مەزراندم) بكەينە ڕانەبردوو دەبێتە............ ﴿ داى دەمەزراندم – داى دەمەزرێنم – دام دەمەزرێنێت ﴾

پ١٧ / (ببينە) جێناوى لكاو لە دەورى (بەركار) دەچێتە .... ﴿ هيچيان – كۆتايى كار – دواى (بـــ) ﴾

پ١٨ / هەڵت دەبژێرين

ئـ _ جێناوى لكاوى ﴿ ت ﴾ چووەتە دواى بەشى يەكەمى كار چونكە كارەكە....... ﴿ لێكدراو _ داڕێژراوە _ سادە ﴾ يە .

ب _ جێناوى ﴿ ت ﴾ ئەركى .... ﴿ تەواوكەرى بەياريدە – بكەر – بەركار ﴾

ت _ جێناوى لكاوى (ين) بۆ كەسى .... ﴿ سىٚ يەمى تاك – يەكەمى كۆ – دووەمى تاك ﴾

پ _ جێناوى لكاوى ﴿ ين ﴾ ئەركى .... ﴿ ديارخەر – بەركار – بكەر ﴾

ج _ ئەگەر ﴿ هەڵت دەبژێرين ﴾ بكەينە ڕابردووى بەردەوام دەبێتە ...... ﴿ هەڵمانت بژاردبوو _ هەڵتمان دەبژارد _ هەڵمانت دەبژارد ﴾

پ١٩/ گـــــرتمــــى

ئـ _ ﴿ م ﴾ ئەركى .... ﴿ ديارخەر – بەركار – بكەر ﴾

ب _ ﴿ ى ﴾ ئەركى .... ﴿ بكەر – بەركار – ديارخەر ﴾

پ٢٠ / ئەگەر كارێك داخوازى﴿ داڕێژراو– لێكدراو ﴾ بوو جێناوى لكاو لەدەورى (بەركار) دەچێتە ....

﴿ دواى بەشى يەكەمى كار _ دواى (بـــ) _ كۆتايى كار ﴾

07706101021

پ٢١ / ئەگەر کارێك « ڕانەبردووی تێپەڕی سادە » بوو جێناوی لکاو لە دەوری بەرکار دەچێتە

« کۆتایی کار _ دوای بەشی یەکەمی کار _ دوای (دە) »

پ٢٢ / ئەگەر کارێك ڕابردووی تێپەڕی ((داڕێژراو یان لێکدراو) بوو جێناوی لکاوی « ك٢ » دەچێتە کۆتایی کار لە دەوری...........

« دیارخەر – بەرکار – بکەر »

پ٢٣ / لەکرمانجی ژووروودا جێناوی سەربەخۆ (ئەز ،تە ، وی ، مە ، وە ، وان) دەبنە بەرکار لەگەڵ کاری . ...

« داخوازی _ ڕابردووی تێنەپەڕ _ ڕابردووی تێپەڕ »

پ٢٤ / لەگەڵ کاری (بهێنە) و (ببینە) جێناوی لکاو لە دەوری (بەرکار) دەچێتە ....

« کۆتایی کار – هەردووکیان – دوای نیشانەی(بـــ) »

پ٢٥ / لەڕستەی (بانگی بکەن بۆ ئاهەنگە) ئەرکی (ی) چییە؟ .... « بەرکار – بکەر – تەواوکەری بەیاریدە »

پ٢٦ / لەگەڵ کاری (وەربگرە) و (لەبەربکەن) جێناوی لکاو لە دەروی (بەرکار) دەچێتە ....

« (دوای بـــ) _ کۆتایی کار _ دوای بەشی یەکەمی کار »

پ٢٧ / لەگەڵ کاری (ڕادەهێنێت) و (ڕادەسپێرن) جێناوی لکاوی « بەرکار » دەچێتە . ...

« دوای (دە) _ کۆتایی کار _ دوای بەشی یەکەمی کار »

پ٢٨ / دە تان برد ین بۆ قوتا بخانە .

ئـ_ (تان) ئەرکی .... « دیارخەر – بەرکار – بکەر »

ب_ (ین) ئەرکی .... « جێگری بکەر _ بەرکار _ بکەر »

ت_ ئەگەر (ین) بگۆڕین بۆ « مان » دەبێتە......... « دەتا نمان برد – دە مانتان برد – دە مانت برد »

پ_ ڕستەکە بکەینە ڕانەبردوو دەبێتە .... « دەتان بەن بۆقوتا بخانە – دە مان بردن بۆقوتا بخانە – دە مان بەن بۆقوتا بخانە »

پ٢٩ / بانگی کردم بۆ ئاهەنگەکە . جێناوی « م » ئەرکی ....

« دیارخەر – بکەر – بەرکار »

پ ٣٠ / دامـــــی مەزراند . « م » ئەرکی........................ « دیارخەی ناو – بەرکار – بکەر »

پ٣١ / نارد یـنـــی بۆ سەیران . جێناوی (ین) ئەرکی .... « دیارخەی ناو – بکەر – بەرکار »

پ٣٢ / دروستم کرد Ø . گرتتان Ø – گرتی Ø ---- چی دەرنەکەوتووە ؟...... « بەرکار – بکەر – دیارخەری ناو »

پ٣٣ / ئەو جێناوە لکاوانە کە دەبن بە « بەرکار » لەگەڵ کاری ڕانەبردوو چین ؟..................................

07706101021

﴿کۆمەڵەی دووەم _ کۆمەڵەی یەکەم _ کۆمەڵەی سێیەم﴾

پ ٣٤/ دای مـــــەزراند م . دایان مەزراند یت ﴿م ، یت﴾ ئەرکیان .... ﴿دیارخەر – بکەر – بەرکار﴾

پ ٣٥ / دەتان بــات بۆ بـــــازاڕ . ئەرکی ﴿تــــان﴾ .... ﴿بکەر _ بەرکار _ دیارخەر﴾

پ٣٦ / یـــــارمـــــەتیم دان .

ئـ_﴿م﴾جێناوی لکاوە ئەرکی .... ﴿بەرکار – بکەر – دیارخەر﴾

ب_﴿ن﴾ جێناوی لکاوە ئەرکی ....﴿بکەر – دیارخەر – بەرکار﴾

پ ٣٧ / نەوزادی ئەز دیـــــتم . ﴿ئەز﴾ ئەرکی .... ﴿بکەر – بەرکار – هەردوو کیان﴾

پ٣٨ / لەگەڵ کاری ﴿دەبات﴾ جێناوی لکاوی ﴿م﴾ دەچێتە کوێی ئەم کارە وە؟ ...﴿کۆتایی کار – دوای (دە) – هەردووکیان﴾

﴿﴿ ئەرکی جێناوە کەسییەلکاوەکان ﴾﴾

* سێ یەم :- وەك تەواو کەری بەیاریدە .

*تێبینی : _ کاتێك جێناوی لکاو دەبێتە ﴿تەواوکەری بەیاریدە﴾ پێوستە لەوڕستەیەدا ﴿ئامرازی پەیوەندی﴾هەبێت .

* ئامرازی پەیوەندییەکان ئەمانەن : ﴿بۆ ، لێ ، تێ ، پێ﴾

*تێبینی : _ دوو کۆمەڵە جێناوی لکاو دەبنە ﴿تەواوکەری بەیاریدە﴾ ، کۆمەڵەی یەکەم ﴿م ، مان ، ت ، تان ، ی ،یان﴾

لەگەڵ کاری﴿ڕابردوو و ڕانەبردوو و داخوازی﴾تێنە پەڕ و تێپەڕی ﴿ سادە ، دارێژراو ، لێکدراو﴾ بەکار دێن لە ئەرکی

﴿تەواوکەری بەیاریدە﴾ بەم شێوازانەی خوارەوە .

** کارە تێنە پەڕەکان **

١_ جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم ﴿م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان﴾لەگەڵ کاری ﴿ڕابردووی تێنە پەڕی﴾﴿ سادە ، دارێژراو ، لێکدراو﴾

دەبنە ﴿تەواوکەری بەیاریدە﴾دەچنە دوای ﴿بکەر﴾ی ڕستەکەوە ئەگەر﴿بکەر﴾ باسکرا بێت .

* نموونە ١ : نامەکەمان بۆ هات . ← * نامەکە بۆ ئێمە هات .

بکەر ، تەواوکەری بەیاریدە ، ئامرازی پەیوەندی ، کاری ڕابردووی تێنە پەڕ

*نموونه ٢ : پارەکە ت لێ کەوت . ← * پارەکە لە تۆ کەوت .

بکەر — تەواوکەری بەیاریدە — ئامرازی پەیوەندی — کاری ڕابردووی تێنە پەڕ

*نموونه ٣ : پارەکە ی بۆ سەرکەوت . ← * پارەکە بۆ ئەو سەرکەوت .

بکەر — تەواوکەری بەیاریدە — ئامرازی پەیوەندی — کاری ڕابردووی تێنە پەڕ

*تێبینی : ئەگەر ﴿ بکەر ﴾ ی ڕستەکە باسنەکرابوو ، جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان﴾ لەئەرکی (تەواوکەری بەیاریدە) دەچنە دوای ئامرازی (پەیوەندی) یەکەوە .

*نموونه ١ :- بـــۆ مان هات . ← بۆ ئێمە هـــــات .

ئامرازی پەیوەندی — تەواوکەری بەیاریدە — تەواوکەری بەریاریدە

*نموونه ٢ : لێـــــت کەوت . ← لە تۆ کەوت

ئامرازی پەیوەندی — تەواوکەری بەیاریدە — تەواوکەری بەیاریدە

٢ _ جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم ﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴾ لەگەڵ کاری ﴿ ڕانەبردووی تێنە پەڕی ﴾ ی ﴿ سادە ، دارێژراو ، لێکدراو ﴾ دەبنە ﴿ تەواوکەری بەیاریدە ﴾ دەکەونە دوای (بکەر) ی ڕستەکەوە ئەگەر﴿ بکەر ﴾ باسکرابێت .

* نموونه ١ : نامەکە یان بۆ دێت . ← نامەکە بۆ ئەوان دێت .

بکەر — تەواوکەری بەیاریدە — ئامرازی پەیوەندی — کاری ڕانەبردووی تێنە پەڕ

* نموونه ٢ : پارەکە ت لێ دەکەوێت . ← پارەکە لە تۆ دەکەوێت .

بکەر — تەواوکەری بەیاریدە — ئامرازی پەیوەندی — کاری ڕانەبردووی تێنە پەڕ

* نموونه٣ : پـــارەکـــــە ت بۆ سەردەکەوێت . ← پارەکەبۆ تۆ سەردەکەوێت .

بکەر   تەواوکەری بەیاریدە   ئامرازی پەیوەندی   کاری ڕانەبردووی تێنە پەڕ

*تێبینی : ئەگەر ﴿ بکەر﴾ی ڕستەکەباسنەکرابوو جێناوەلکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم ﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴾ لە ئەرکی ﴿ تەواوکەری بەیاریدە ﴾ دەچنە دواى ﴿ ئامرازی پەیوەندی ﴾ یەکەوە

* نموونە ١ : بـــۆ یان دێت ← بۆ ئەوان دێت .

ئامرازی پەیوەندی   تەواوکەری بەیاریدە   کاری ڕانەبردووی تێنە پەڕی سادەیە

*نموونە ٢ : لـــێـت دەکەوێت .

ئامرازی پەیوەندی   تەواوکەری بەیاریدە   کاری ڕانەبردووی تێنە پەڕی داڕێژراو

* نموونە ٣ : بـــۆ ت سەردەکەوێت .

ئامرازی پەیوەندی   تەواوکەری بەیاریدە   کاری ڕانەبردووی تێنە پەڕی لێکدراو

٣_ کۆمەڵەی یەکەم ﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴾ لەگەڵ کاری ﴿ داخوازی تێنە پەڕ ﴾ دەبنە ﴿ تەواوکەری بەیاریدە ﴾ دەکەونە دواى ﴿ ئامرازی پەیوەندی ﴾ یەکەوە .

*نموونە ١ : بەخێـــرایی پێـــمان بگەن ← ئێوە بە خێرایی بە ئێمە بگەن .

هاوڵکاری چونێتی یە   ئامرازی پەیوەندی   تەواوکەری بەیاریدە   کاری داخوازی تێنە پەڕ   ﴿ن ﴾ بکەرە

* نموونە ٢ : بەباشی لێـــیان بگە . ← بکەر دەرنەکەوتووە

هاوڵکاری چونێتی   ئامرازی پەیوەندی   تەواوکەری بەیاریدە   کاری داخوازی تێنە پەڕ

** بەبـــاشی لـــە ئەوان بگە Ø .

تەواوکەری بەیاریدە   بکەر دەرنەکەوتووە

07706101021

** کارە تێپەڕەکان **

** کۆمەڵەی یەکەم ﴾ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴿ لەگەڵ کاری ﴾ ڕانەبردووی تێپەڕی ﴿ دەبنە ﴾ تەواوکەری بەیاریدە ﴿ و

دەچنە دواى ﴾ بەرکار ﴿ ی ڕستەکەوە ئەگەر ﴾ بەرکار ﴿ ی ڕستەکە باسکرا بێت .

* نموونە ١ : نامەکە م بۆ دەنووسێت .

بەرکار　تەواوکەری بەیاریدە　ئامرازی پەیوەندی　کاری ڕانەبردووی تێپەڕ　﴾ ێت ﴿ بکەر

** ئەو نامەکە بۆ من دەنووسێت .

بکەر　بەرکار　تەواوکەری بەیاریدە

* نموونە ٢ : دیارییەکە یان بۆ دەنێریت .

بەرکار　تەواوکەری بەیاریدە　ئامرازی پەیوەندی　کاری ڕانەبردووی تێپەڕ　﴾ یت ﴿ بکەر

* تۆ دیارییەکە بۆ ئەوان دەنێریت .

بکەر　بەرکار　ئامرازی پەیوەندی　تەواوکەری بەیاریدە　کاری ڕانەبردووی تێپەڕ

* نموونە ٣ : خەڵاتەکە ت پێ دە بەخشین

بەرکار　تەواوکەری بەیاریدە　ئامرازی پەیوەندی　کاری ڕانەبردووی تێپەڕ　﴾ ین ﴿ بکەر

** ئێمە خەڵاتەکە بە تۆ دەبەخشین

بکەر　بەرکار　ئامرازی پەیوەندی　تەواوکەری بەیاریدە　کاری ڕانەبردووی تێپەڕ

*** تێبینی : ئەگەر ﴾ بەرکار ﴿ ی ڕستەکەباسنەکرابوو ، جێناوەلکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم ﴾ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴿

لە ئەرکی ﴾ تەواوکەری بەریاریدە ﴿ دەچنە دواى ئامرازی ﴾ پەیوەندی ﴿ یەکەوە .

*نموونه ١ : بـــــۆ م دەنووســـــێت ← بکەر

ئامرازی پەیوەندی   تەواوکەری بەیاریدە   کاری ڕانەبردووی تێپەڕ

** ئەو بـــــۆ من دەنووســـــێت

بکەر   تەواوکەری بەیاریدە

*نموونه ٢ : بـــــۆ یان دەنـــــێریت . ← بکەر

ئامرازی پەیوەندی   تەواوکەری بەیاریدە   کاری ڕانەبردووی تێپەڕ

** تـــــۆ بۆ ئـــــەوان دەنێریت .

بکەر   تەواوکەری بەیاریدە

* نموونه ٣ : پێـــــت دەبەخشـــــین ← بکەر

ئامرازی پەیوەندی   تەواوکەری بەیاریدە   کاری ڕانەبردووی تێپەڕ

** ئێمـــــە بـــــە تۆ دەبەخشـــــین

بکەر   تەواوکەری بەیاریدە

*نموونه ٤ : بـــــۆ ت بنـــــووسم ← بکەر

ئامرازی پەیوەندی   تەواوکەری بەیاریدە   کاری ڕانەبردووی دانانی ،تێپەڕ

** مـــــن بـــــۆ تـــــۆ بنووســـــم

بکەر   تەواوکەری بەیاریدە

٢_ کۆمەڵەی یەکەم ﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴾ لەگەڵ کاری ﴿ داخوازی تێپەڕ ﴾ دەبنە ﴿ تەواوکەری بەیاریدە ﴾ دەچنە دوای ﴿ بەرکار ﴾ ی ڕستەکەوە ئەگەر ﴿ بەرکار ﴾ باسکرابوو .

* نموونه ١ : نـــامـــەکە ی بـــــۆ ببـــــەن ← بکەر

بەرکار   تەواوکەری بەیاریدە   ئامرازی پەیوەندی   کاری داخوازی تێپەڕ

** ئێوە نامەکە بۆ ئەو ببەن .

بکەر   تەواوکەری بەیاریدە

*نموونه ٢ : د یارییەکە یان پێ ببەخشە .

بەرکار   تەواوکەری بەیاریدە   ئامرازی پەیوەندی   کاری داخوازی تێپەڕ

** تۆ دیارییەکە بە ئەوان ببەخشە .

بکەر   تەواوکەری بەیاریدە

* نموونه ٣ : خوێندکارەکە مان بۆ پەروەردەبکە Ø ← بکەردەرنەکەوتووە

بەرکار   تەواوکەری بەیاریدە   ئامرازی پەیوەندی   کاری داخوازی تێپەڕ

** تۆ خوێندکارەکە بۆ ئێمە پەروەردەبکە Ø

بکەر   تەواوکەری بەیاریدە

* تێبینی : ئەگەر ﴿ بەرکار ﴾ ی ڕستەکەباسنەکرابوو ، جێناوەلکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم ﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان﴾

لە ئەرکی ﴿ تەواوکەری بەریاریدە ﴾دەچنە دواى ئامرازی ﴿ پەیوەندی ﴾ یەکەوە .

*نموونە ١ : بۆی ببەن ⟵ بکەر ** ئێوە بۆ ئەو ببـــــە ن

ئامرازی پەیوەندی — تەواوکەری بەیاریدە — کاری داخوازی تێپەڕ ; بکەر — تەواوکەری بەیاریدە

* نموونە ٢ : پێـــیان بـبـــەخشـــــە ⟵ بکەر ** تـــــۆ بـــــە ئەوان ببەخشە

ئامرازی پەیوەندی — تەواوکەری بەیاریدە — کاری داخوازی تێپەڕ ; بکەر — تەواوکەری بەیاریدە

*نموونە ٣ : بـــــۆ مان پەروەردەبکە Ø ⟵ بکەردەرنەکەوتووە ** تۆ بۆ ئێمە پەروەردەبکە Ø

ئامرازی پەیوەندی — تەواوکەری بەیاریدە — کاری داخوازی تێپەڕ ; بکەر — تەواوکەری بەیاریدە

٣ _ کۆمەڵەی یەکەم ﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴾ لەگەڵ کاری ﴿ ڕابردووی تێپەڕ ﴾ دەبنە ﴿ تەواوکەری بەیاریدە ﴾ و دەچنە

دواى ﴿ ئامرازی پەیوەندی ﴾ یەکەوە ، وە جێناوی لکاوی ﴿ بکەر ﴾ لە دواى ﴿ بەرکار ﴾ی ڕستەکە دێت ئەگەر باسکرا بێت .

** بەم یاسایە : بەرکار + جێناوی لکاوی بکەر ك ١ + ئامرازی پەیوەندی + جێناوی لکاوی تەواوکەری بە یاریدە ك ١ + کاری ڕابردووی تێپەڕ

*نموونە ١ : نامەکە ی بۆ م نارد . ⟵ ئەو نامەکەی بۆ من نارد .

بەرکار — بکەر — ئامرازی پەیوەندی — ﴿م﴾ تەواوکەری بەیاریدەیە ; بکەر — تەواوکەری بەیاریدە

*نموونە ٢ : کارەکە م پێت سپارد . ⟵ من کارەکەم بە تۆ سپارد .

بەرکار — بکەر — ئامرازی پەیوەندی — ﴿ ت ﴾ تەواوکەری بەیاریدەیە ; بکەر — تەواوکەری بەیاریدە

*نموونە ٣ :دیارییەکە یان لێمان وەرگرت . ⟵ ئەوان دیارییەکەیان لە ئێمە وەرگرت .

07706101021

بەرکار بکەر ئامرازی پەیوەندی ﴿ مان ﴾ تەواوکەری بەیاریدەیە بکەر تەواوکەری بەیاریدە

**تێبینی : ئەگەر ﴿ بەرکار ﴾ ی ڕستەکەباسنەکرابوو ، جێناوی لکاوی ﴿ بکەر ﴾ دە چێتە دوای جێناوی لکاوی ﴿ تەواوکەری بە یاریدە ﴾وە .

** بەم یاسایە : ئامرازی پەیوەندی + جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە ك١ + جێناوی لکاوی بکەر ك١ + کاری ڕابردووی تێپەڕ

* نموونە ١ : بـــۆ مـــی نـــارد . ← ئـــەو بـــۆ منـــی نـــارد .

ئامرازی پەیوەندی تەواوکەری بەیاریدە بکەر کاری ڕابردووی تێپەڕ بکەر تەواوکەری بەیاریدە

* نموونە ٢ : پێـــتـــم سپارد ← مـــن بە تـــۆ م سپارد

ئامرازی پەیوەندی تەواوکەری بەیاریدە بکەر کاری ڕابردووی تێپەڕ بکەر تەواوکەری بەیاریدە

* نموونە ٣ : لێـــمانـــیان وەرگرت ← ئەوان لـــە ئێمەیان وەرگرت

ئامرازی پەیوەندی تەواوکەری بەیاریدە بکەر کاری ڕابردووی تێپەڕ بکەر تەواوکەری بەیاریدە

** تێبینی : _ هەندێك جار لە کاتی ئاخاوتندا (ئامرازی پەیوەندییەکە) بەجێناوە لکاوەکەوە لە دەوری ﴿ تەواوکەری بەریاریدە ﴾ دا دەچنە دوای کاری ڕستەکە ئەمە لە کاتێکدا دەبێت جێناوی لکاوی ﴿ تەواوکەری بەریاریدە ﴾ لە کۆمەڵەی یەکەم بێت .

* نموونە ١ : بـــەخشـــیم پیّ تـــان

کاری ڕابردووی تێپەڕ بکەر تەواوکەری بەیاریدە

* نموونە ٢ : نـــارد ت بـــۆ مان

کاری ڕابردووی تێپەڕ بکەر تەواوکەری بەیاریدە

* نموونە ٣ : دەیـــکرێت بـــۆ م

کاری ڕانەبردووی تێپەڕ بکەر تەواوکەری بەیاریدە

07706101021

** جێناوەلکاوەکانی ك ١ ﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴾ لەگەڵ کاری﴿ ڕابردوو و ڕانەبردوو ﴾ بکەر نادیار دەبنە ﴿ تەواوکەری بەیاریدە ﴾ دەچنە دواى ﴿ جێگری بکەر ﴾ ئەگەر ﴿ جێگری بکەر ﴾ باسکرابێت .

* نموونە ١ : کتێبەکە م بـــۆ چاپــــکرا

جێگری بکەر تەواوکەری بەیاریدە ئامرازی پەیوەندی کاری ڕابردووی بکەر نادیار

* نموونە ٢ : دیارییەکە ت پێ بەخشــرا .

جێگری بکەر تەواوکەری بەیاریدە ئامرازی پەیوەندی کاری ڕابردووی بکەر نادیار

* نموونە ٣ : گوندەکە مــــان بـــــۆ ئـــــاوەدان دەکرێــتەوە .

جێگری بکەر تەواوکەری بەیاریدە ئامرازی پەیوەندی کاری ڕانەبردووی بکەر نادیار

* نموونە ٤ : وانــــــەکە یان بـــــۆ دەنووسرێ

جێگری بکەر تەواوکەری بەیاریدە ئامرازی پەیوەندی کاری ڕانەبردووی بکەر نادیار

** تێبینی : _ ئەگەر ﴿ جێگری بکەر ﴾ لە ڕستەکەباسنەکرابوو ، جێناوەلکاوکانی کۆمەڵەی یەکەم ﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴾ لە ئەرکی﴿ تەواوکەری بەریاریدە ﴾ دەچنە دواى ئامرازی﴿ پەیوەندی ﴾ یەکەوە .

* نموونە ١ : بۆ م چاپکرا

ئامرازی پەیوەندی تەواوکەری بەیاریدە کاری ڕابردووی بکەرنادیار

* نموونە ٢ : بۆ مان ئاوەدان دەکرێتەوە .

ئامرازی پەیوەندی تەواوکەری بەیاریدە کاری ڕانەبردووی بکەر نادیار

**کۆمەڵەی دووەم : ﴿ م ، ین ، یت ، ن ، ن ، Ø ، ن ﴾ لەگەڵ کاری ﴿ ڕابردووی تێپەڕ ﴾ ی ﴿ سادە ، داڕێژراو ، لێکدراو ﴾ دەبێتە

﴿ تەواوکەری بەیاریدە ﴾ دەکەونە ﴿ کۆتایی ﴾ کارەکەوە ، ئەگەر ﴿ بەرکار ﴾ باسکرا بێت یان باس نەکرا بێت .

** بەم یاسایە : کاتێک ﴿ بەرکار ﴾ باسکرا بێت .

**بەرکار + جێناوی لکاوی بکەر ﴿ ک۱ ﴾ + ئامرازی پەیوەندی + کاری ڕابردووی تێپەڕ + جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە ﴿ ک۲ ﴾

* نموونە ۱ : نامەکەم بۆ نارد یت . ← من نامەکەم بۆتۆ نارد .

بەرکار ، بکەر ، ئامرازی پەیوەندی ، کاری ڕابردووی تێپەڕ ، تەواوکەری بەیاریدە ، بکەر ، تەواوکەری بەیاریدە

* نموونە ۲ : وانەکە یان بۆ خوێند ینـــەوە .

بەرکار ، بکەر ، ئامرازی پەیوەندی ، کاری ڕابردووی تێپەڕ ، تەواوکەری بەیاریدە

*ئەوان وانەکەیان بۆ ئێمە خوێندەوە .

بکەر ، تەواوکەری بەیاریدە

* نموونە ۳ : کارەکە تان پێ سپارد $\varnothing$

بەرکار ، بکەر ، ئامرازی پەیوەندی ، کاری ڕابردووی تێپەڕ ، تەواوکەری بەیاریدە دەرنەکەوتووە

*ئێوە کارەکە تان بە ئەو سپارد .

بکەر ، تەواوکەری بەیاریدە

** تێبینی : ئەگەر ﴿ بەرکار ﴾ ی ڕستەکە باسنەکرا بێت جێناوی لکاوی ﴿ بکەر ﴾ دەچێتە دوای ﴿ ئامرازی پەیوەندی ﴾ یەکەوە ، جێناوی لکاوی ﴿ ک۲ ﴾ ﴿ م ، ین ، یت ، ن ، $\varnothing$ ، ن ﴾ لە ئەرکی ﴿ تەواوکەری بەیاریدە ﴾ دەچنە کۆتایی ﴿ کار ﴾ەکەوە .

*بەم یاسایە : ئامرازی پەیوەندی + جێناوی لکاوی بکەر ﴿ ک۱ ﴾ + کاری ڕابردووی تێپەڕ + جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە ﴿ ک۲ ﴾

* نموونە ۱ : بۆ م نارد یت .

ئامرازی پەیوەندی ، بکەر ، کاری ڕابردووی تێپەڕ ، ﴿ یت ﴾ تەواوکەری بەیاریدە

*من بۆ تۆم نارد .

07706101021

بکەر | تەواوکەری بەیاریدە | کاری ڕابردووی تێپەڕ

* نموونە ٢ : بۆ یان خوێند ینــەوە

ئامرازی پەیوەندی | بکەر | کاری ڕابردووی تێپەڕ | ﴿ ین ﴾ تەواوکەری بەیاریدە

*ئەوان بۆ ئێمە یان خوێندەوە .

بکەر | تەواوکەری بەیاریدە | کاری ڕابردووی تێپەڕ

* نموونە ٣ : پێــتان سپارد Ø .

ئامرازی پەیوەندی | بکەر | کاری ڕابردووی تێپەڕ | تەواوکەری بەیاریدە دەرنەکەوتووە

*ئێوە بە ئەو تان سپارد .

بکەر | تەواوکەری بەیاریدە

*تێبینی : جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك لە ڕستەدا لە دەوری ﴿ تەواوکەری بە یاریدە ﴾ دەرناکەوێت ، لە گەڵ ﴿ کاری ڕابردووی تێپەڕ ﴾ ی ﴿ سادە ، دارێژراو ، لێکدراو ﴾ .

* نموونە ١ : گۆڤارەکەم بۆ چاپکرد Ø .

بکەر | تەواوکەری بەیاریدە دەرنەکەوتووە

* نموونە ٢ : نامەکەت بۆ نارد Ø .

بکەر | تەواوکەری بەیاریدە دەرنەکەوتووە

﴿ ڕاهێنانی _ ١ ﴾ لا٥٥

*کەی جێناوی لکاو وەك تەواوکەری بەیاریدە لە ڕستە دا دەرناکەوێت ؟ بە نموونەوە ڕوونی بکەرەوە .

* وەڵام : ئەگەر کارەکە لە ڕێژەی ﴿ ڕابردووی تێپەڕی ﴾ ﴿ سادە ، دارێژراو ، لێکدراو ﴾ بێت ئەوا جێناوی لکاو بۆ کەسی

07706101021

سێیەمی تاك لە ئەركی ﴿ تەواوكەری بەیاریدە ﴾ دەرناكەوێت .

* نموونە ١ : نامەكەی بۆنارد ∅ . ﴿ سادە ﴾

* نموونە ٢ : وانەكەم بۆخوێندەوە ∅. ﴿ داڕێژراو ﴾

* نموونە ٣ : ڕۆژنامەكەیان بۆ چاپكرد ∅ . ﴿ لێكدراو ﴾

﴿ ڕاهێنانی _٢﴾ لا٥٥

*بۆت نووسیوم بۆت بنووسم

*دوندی قەندیلی گۆڕەپانی هەلگورد نیم

*وەڵام: ١ _ بۆت نووسیوم ⟵ ﴿ ت ﴾ بكەرە --------- / بۆت بنووسم ⟵ ﴿ ت ﴾ تەواوكەری بەیاریدە

*وەڵام: ٢ _ بۆت نووسیوم ⟵ ﴿ م ﴾ تەواوكەری بەیاریدە -------/ بۆت بنووسم ⟵ ﴿ م ﴾ بكەرە

﴿ ڕاهێنانی _٣﴾ لا٥٥

*وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە .

*وەڵام/١_ پ _ تەواوكەری بەیاریدە

*وەڵام/٢_ ب _ قەڵەمەكەی لێم برد .

*وەڵام/٣_ ئـ _ ڕابردووی تێپەڕ

*وەڵام/٤_ پ _ هۆنراوەكەی بۆت نووسی .

*وەڵام/٥_ پ _ تەواوكەری بەیاریدە

07706101021

﴿ ڕاهێنانی _٤ ﴾ لا٥٦

*له ڕستەی ﴿ وڵاتەکەیان لێ دابەشکرد ین ﴾

*وەڵام / ١ _ ﴿ ین ﴾ جێناوی لکاوە بۆکەسی یەکەمی کۆ ، تەاوکەری بەیاریدە یە ، خراوەتە ئەوشوێنە چونکە کارەکە

﴿ ڕابردووی تێپەڕ ﴾ ە .

*وەڵام/ ٢ _ ﴿ لێ ﴾ ئامرازی پەیوەندییە .

*وەڵام/ ٣ _ ئەگەر ﴿ ین ﴾ بگۆڕین بۆ ﴿ مان ﴾ دەچێتە دوای ئامرازی پەیوەندییە وە ، چونکە

کارەکە ﴿ ڕابردووی تێپەڕە ﴾ .

* وڵاتەکەیان لێمان دابەشکرد .

*وەڵام/ ٤ _ ئەگەر ناوی ﴿ وڵاتەکە ﴾ لاببەین جێناوی ﴿ یان ﴾ دەچێتە دوای جێناوی لکاوی ﴿ مان ﴾ تەواوکەری بەیاریدەوە .

*لێمانـیان دابەشکرد .

*مان : تەواوکەری بەیاریدە یە

* یان : بکەر

﴿ چەند پرسیارێك لە سەر ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان لەدەوری تەواوکەری بەیاریدە بە شێوەی هەڵبژاردن ﴾

پ١ / لەگەڵ کاری ﴿ ڕانەبردووی تێپەڕ ﴾ جێناوەلکاوەکانی ﴿ کۆمەڵەی یەکەم ﴾ دەبێتە تەواوکەری بەیاریدە و دەچێتە دوای ......

﴿ بکەر _ ئامرازی پەیوەندی _ بەرکار ﴾

پ٢/ د یارییەکەم بۆهات ، د یارییەکەم بۆ دێت ، بۆم هات ، بۆم دێت ....

ئـ _ ﴿ م ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ بکەر _ دیارخەری ناو _ تەواوکەری بەیاریدە ﴾

ب _ ﴿ بۆ ﴾ .... ﴿ ئامرازی پێناسینە _ ئامرازی پەیوەندی _ ئامرازی دانە پاڵ ﴾

ت _ ئەگەر ﴿ بکەر ﴾ لادەین ئەوا دەبێتە .... ﴿ نامەکە بۆم هات _ بۆم هات _ بۆمن هات ﴾

پ٣/ لەگەڵ کاری ﴿ ڕابردووی تێپەڕ ﴾ ﴿ کۆمەڵەی دووەم ﴾ دەبێتە ﴿ تەواوکەری بەیاریدە ﴾ و دەچێتە ....

﴿ دوای بەشی یەکەمی کار _ دوای ئامراز _ کۆتایی کار ﴾

07706101021

پ٤/ خوێندنەکەی بۆ تەواوکرا ، بۆی تەواوکرا .

ئـ _ ﴿ ی ﴾ ئەرکی .... ﴿ دیارخەری ناو _ جێگری بکەر _ تەواوکەری بەیاریدە ﴾

ب _ ئەگەر ﴿ جێگری بکەر ﴾ لادەین ئەوا دەبێتە ...... ﴿ بۆت تەواو دەکرێ _ بۆی تەواوکرا _ بۆی تەواوکراوە ﴾

پ٥/ لەگەڵ کاری ﴿ ڕابردووی تێپەڕ ﴾ ﴿ کۆمەڵەی یەکەم ﴾ دەبێتە تەواوکەری بەیاریدە و دەچێتە ....

﴿ دوای بکەر _ دوای بەرکار _ دوای ئامرازی پەیوەندی ﴾

پ٦/ لەگەڵ کاری ﴿ داخوازی تێنە پەڕ ﴾ جێناوی لکاوی ﴿ کۆمەڵەی یەکەم ﴾ دەبێتە تەواوکەری بەیاریدە و دەچێتەدوای ....

﴿ بەرکار _ کارەکە _ ئامرازی پەیوەندی ﴾

پ٧/ لەگەڵ کاری ﴿ بکەر نادیار ﴾ جێناوی لکاوی ﴿ کۆمەڵەی یەکەم ﴾ دەبێتە تەواوکەری بەیاریدە و دەچێتە دوای ....

﴿ بکەر _ جێگری بکەر _ بەرکار ﴾

پ٨/ لەگەڵ کاری ﴿ ڕابردووی تێنە پەڕ ﴾ جێناوی لکاوی ﴿ کۆمەڵەی یەکەم ﴾ دەبێتە تەواوکەری بەیاریدە و دەچێتە دوای ....

﴿ نیهاد _ بکەر _ بەرکار ﴾

پ٩/ لەگەڵ کاری ﴿ ڕانەبردووی تێنە پەڕ ﴾ جێناوی لکاوی ﴿ کۆمەڵەی یەکەم ﴾ دەبێتە تەواوکەری بەیاریدە و دەچێتە دوای ....

﴿ بەرکار _ ئامرازی پەیوەندی _ بکەر ﴾

پ١٠/ پرسیارەکانـی بۆم چاپکرد ، بۆمـی چاپکرد .

ئـ _ ﴿ ی ﴾ ئەرکی .... ﴿ بەرکار _ بکەر _ تەواوکەری بەیاریدە ﴾

ب _ ﴿ م ﴾ ئەرکی .... ﴿ بکەر _ تەواوکەری بەیاریدە _ دیارخەری ناو ﴾

ت _ ﴿ پرسیارەکان ﴾ ئەرکی .... ﴿ تەواوکەری بەیاریدە _ بەرکار _ بکەر ﴾

پ _ ئەگەر ﴿ بەرکار ﴾ لا دەین ئەوا دەبێتە .... ﴿ بۆی چاپکردین _ بۆمـی چاپکرد _ بۆیـم چاپکرد ﴾

پ١١/ جێناوی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاك دەرناکەوێت لە دەوری تەواوکەری بەیاریدە ئەگەر کارەکە ....

﴿ داخوازی _ ڕابردووی تێنە پەڕ _ ڕابردووی تێپەڕ ﴾

پ١٢: هۆنراوەکەمان بۆ بخوێنـــە ڕەوە ، بۆمان بخوێنـــەرەوە .

ئـ _ بکەری ڕستەکە .... ﴿ دەرنەکەوتووە _ ە _ هەردووکیان ﴾

ب _ ﴿ مان ﴾ ئەرکی .... ﴿ بکەر _ دیارخەری ناو _ تەواوکەری بەیاریدە ﴾

ت _ ئەگەر ڕستەکە بکەینە ڕابردوو ئەوا دەبێتە ....

07706101021

﴿ هۆنراوەکەمان بۆت خوێندەوە _ هۆنراوەکەت بۆمان خوێندەوە _ هەردووکیان ﴾

پ_ ئەگەر ﴿ بەرکار ﴾ لادەین ئەوا دەبێتە .... ﴿ بۆیان خوێندەوە _ بۆی بخوێنــە رەوە _ بۆمان بخوێنــەرەوە ﴾

پ١٣ : گوندەکانیان بۆ ئاوەدان دەکەینـــەوە ، بۆیان ئاوەدان دەکەینـــەوە .

ئـ _ ﴿ یان ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ دیارخەری ناو _ تەواوکەری بەیاریدە _ بکەر ﴾

ب _ بکەری ڕستەکە جێناوی لکاوە بۆکەسی .... ﴿ دووە می تاك _ یەکەمی کۆ _ سێ یەمی کۆ ﴾

ت _ بکەری ڕستەکە کامەیە ؟ .... ﴿ گوندەکان _ ین _ هەردووکیان ﴾

پ _ ﴿ گوندەکان ﴾ ئەرکی .... ﴿ دیارخەری ناو _ بەرکار _ بکەر ﴾

ج _ ئەگەر ڕستەکە بکەینە ڕابردوو ئەوا دەبێتە ....

﴿ گوندەکەیان بۆ ئاوەدان کردەوە _ گوندەکەمان بۆیان ئاوەدان کردەوە _ هەردووکیان ﴾

پ١٤ : جێناوی لکاوی ﴿ ین ﴾ لە ڕستەدا بە کار بهێنە بە مەرجێك ئەرکی تەواوکەری بە یاریدە بێت ....

﴿ نامەکەت لێ دەبەین _ نامەکەی لێ بردین _ هەردووکیان ﴾

پ١٥ / هەواڵەکەیان پێ بڵێ ، پێیان بڵێ .

ئـ _ بکەری ڕستەکە کامەیە ؟ .... ﴿ ێ _ دەرنەکەوتووە _ جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی کۆ ﴾

ب _ ﴿ یان ﴾ لەم ڕستەیە ئەرکی .... ﴿ دیارخەری ناو _ بەرکار _ تەواوکەری بەیاریدە ﴾

ت _ ئەگەر ڕستەکە بکەینە ﴿ ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن ﴾ ئەوا دەبێتە ....

﴿ هەواڵەکەی پێ بڵێ _ هەواڵەکەت پێیان گوتبوو _ هەواڵەکەت پێیان گوت ﴾

پ _ ئەگەر ﴿ بەرکار ﴾ لادەین ئەوا دەبێتە .... ﴿ پێتان بڵێنەوە _ پێت بڵێ _ پێیان بڵێ ﴾

ج _ ڕستەکە بکەینە دانانی ئەوا دەبێتە ....

﴿ لەوانەیە هەواڵەکەیان پێ بڵێـــیت _ لەوانەیە هەواڵەکەیان پێ بڵێـــن _ هەردووکیان ﴾

پ١٦ / تێـــیان بگەن ، پێـــیان بگەن

ئـ _ ﴿ یان ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ بەرکار _ تەواوکەری بەیاریدە _ دیارخەری ناو ﴾

ب _ ﴿ ن ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ دیارخەری ناو _ بکەر _ بەرکار ﴾

پ١٧ : پرسیارەکانی بۆ چاپکرد ، جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك دەرنەکەوتووە لە دەوری ....

﴿ بەرکار _ تەواوکەری بەیاریدە _ دیارخەری ناو ﴾

07706101021

پ١٨ : ﴿ کۆمەڵەی دووەم ﴾ دەبێتە تەواوکەری بەیاریدە لەگەڵ کاری ....

﴿ داخوازی _ ڕابردووی تێپەڕ _ ڕانەبردووی تێپەڕ ﴾

پ١٩/ ﴿ پێنووسەکەت لێ بردین ﴾

ئـ _ ﴿ ین ﴾ کەوتۆتە ئەو شوێنە ، چونکە کارە کە ....

﴿ داخوازی _ ڕابردووی تێپەڕ _ ڕانەبردووی تێپەڕ ﴾

ب _ ﴿ ین ﴾ ئەرکی چییە ؟ ....﴿ بەرکار _ بکەر _ تەواوکەری بەیاریدە ﴾

ت _ ئەگەر ناوی ﴿ پێنووسەکە ﴾ لاببەین جێناوی لکاوی ﴿ ت ﴾ دەچێتە کوێ ؟ ....

﴿ کۆتایی کار _ دوای ئامراز _ دوای بەرکار ﴾

پ _ ئەگەر ﴿ پێنووسەکە ﴾ لاببەین ﴿ ت ﴾ دەچێتە دوای ئامراز چونکە ....﴿ ئامراز _ بەرکار _ هەردووکیان ﴾ لادراوە .

ج _ ﴿ لێ ﴾ چییە ؟ .... ﴿ ئامرازی پێ ناسین _ ئامرازی پەیوەندی _ ئامرازی لێکدان ﴾

پ٢٠/ نامەکەیان بۆ دەنێرم ، برۆ نامەکەیان بۆ بنێرە ، هەواڵی سەرکەوتنەکەیان بۆ دەگەیەنن .

ئـ _ ﴿ یان ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ دیارخەری ناو _ تەواوکەری بەیاریدە _ بکەر ﴾

ب _ ﴿ م ، ە ، ن ﴾ ئەرکیان چییە ؟ .... ﴿ تەواوکەری بەیاریدە _ بکەر _ دیارخەری ناو ﴾

پ٢١/ نامەکەت لێ وەر دەگرێت

ئـ _ ﴿ ێت ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ بەرکار _ دیارخەری ناو _ بکەر ﴾

ب _ ﴿ ت ﴾ ئەرکی چییە ؟ ....﴿ بکەر _ تەواوکەری بەیاریدە _ دیارخەری ناو ﴾

ت _ ڕستەکە بکەینە ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن دەبێتە ....

﴿ نامەکەی لێت وەردەگرت _ نامەکەی لێت وەرگرتووە _ نامەکەت لێ وەردەگرین ﴾

پ٢٢/ پرسیارەکانی بۆ چاپکردیت .

ئـ _ ﴿ یت ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ بکەر _ تەواوکەری بەیاریدە _ بەرکار ﴾

ب _ ﴿ پرسیارەکان ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ تەواوکەری بەیاریدە _ بەرکار _ بکەر ﴾

ت _ ئەگەر ﴿ یت ﴾ بگۆڕین بۆ جێناوی لکاوی ﴿ ت ﴾ دەبێتە ....

﴿ پرسیارەکانت بۆی چاپکرد _ پرسیارەکانی بۆت چاپکرد _ پرسیارەکانتی چاپکرد ﴾

پ _ ئەگەر ناوی ﴿ پرسیارەکان ﴾ لابدەین دەبێتە ....

07706101021

﴿ بۆی چاپدەکرێت _ بۆی چاپکردیت _ بۆیت چاپکرد ﴾

پ٢٣/ وڵاتەکەیان لێ دابەشکردین ، لێـــیان دابەشکردین .

ئـ _ ﴿ ین ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ بەرکار _ تەواوکەری بەیاریدە _ بکەر ﴾

ب _ ﴿ یان ﴾ ئەرکی چییە ؟ ....﴿ تەواوکەری بەیاریدە _ بکەر _ بەرکار ﴾

ت _ ئەگەر ﴿ ین ﴾ بگۆڕین بۆ جێناوی لکاوی ﴿ مان ﴾ دەبێتە ....

﴿ وڵاتەکەمان لێیان دابەشکرد _ وڵاتەکەیان لێمان دابەشکرد _ هەردووکیان ﴾

پ _ ئەگەر ناوی ﴿ وڵات ﴾ لاببەین ، ئەوا دەبێتە ....

﴿ لێـــیان دابەشکردم _ لێـــیان دابەشکردین _ لێمانت دابەشکرد ﴾

ج _ ﴿ وڵات ﴾ ئەرکی چییە لەم ڕستەیە ؟ .... ﴿ بکەر _ بەرکار _ دیارخەری ناو ﴾

پ٢٤/ کارەکەی پێـــت سپاردبوو .

ئـ _ ﴿ ت ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ دیارخەری ناو _ تەواوکەری بەیاریدە _ بکەر ﴾

ب _ ئەگەر ﴿ تەواوکەری بەیاریدە ﴾ بکەینە ﴿ کۆمەڵەی دووەم ﴾ ئەوا دەچێتە دواى ....

﴿ ئامرازی پەیوەندی _ کار _ بەرکار ﴾

پ٢٥/ گەر کتێبەکەی بۆ بردین ، سوپاسی دەکەین .

ئـ _ جێناوی لکاوی ﴿ ین ﴾ لەکاری ﴿ بردین ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ دیارخەری ناو _ تەواوکەری بەیاریدە _ بکەر ﴾

ب _ جێناوی لکاوی ﴿ ین ﴾ لەکاری ﴿ دەکەین ﴾ ئەرکی چییە ؟ ....﴿ بەرکار _ بکەر _ دیارخەری ناو ﴾

پ٢٦/ وڵاتەکەیان بۆ ئاوەدان کردینـــەوە .

ئـ _ کام جێناو تەواوکەری بەیاریدە یە ؟ .... ﴿ یان _ ین _ هیچیان ﴾

ب _ کام جێناو تەواوکەری بەیاریدە نییە ؟ ....﴿ ین _ یان _ هیچیان ﴾

ت _ ئەگەر ناوی ﴿ وڵات ﴾ لاببەین جێناوی لکاوی ﴿ یان ﴾ دەچێتە کوێ ؟ ....

دواى ﴿ بەرکار _ ئامرازی پەیوەندی _ هەردووکیان ﴾

07706101021

هاوەڵــنــاو لـــەڕووی ڕۆنـــانـــەوە

*تێبینی : هاوەڵناو لەڕووی ڕۆنانەوە دوو جۆرە

١_ هاوەڵناوی سادە

٢_ هاوەڵناوی ناسادە : ئەمیش دەکرێتە دوو جۆر ← هاوەڵناوی داڕێژراو

← هاوەڵناوی لێکدراو

*یەکەم : هاوەڵناوی سادە : ئەو هاوەڵناوەیە کەلەیەك وشەی سادەی واتاداری سەربەخۆ پێکدێت ، دەبێتە دیارخەری﴿ ناوێك یان جێناوێك یان هاوەڵناوێکی تر ﴾ یان تەواوکەری کاری ناتەواو .

* نموونە : ﴿ ناسك ، باش ، زیرەك ، یەك ، گەرم ، سارد ، ئازا ، جوان ، قارەمان ، بڵند ، سپی ، ژیر .... هتد ﴾

* نموونە ١ : خوێندکاری زیرەك خۆشەویستە .

* نموونە ٢ : چیاکە بڵند ە .

* نموونە ٣ : دیارییە کی جوانـم کڕی .

*دووەم : هاوەڵناوی ناسادە : ئەمەش دوو جۆرە : ١_ هاوەڵناوی داڕێژراو ، ٢_ هاوەڵناوی لێکدراو

١_ هاوەڵناوی داڕێژراو : ئەوهاوەڵناوەیە لەوشەیەکی واتادارو ﴿ پێشگرێك یان پاشگرێك یان هەردووکیان ﴾ پێکدێت دەبێتە دیارخەری ﴿ ناوێك یان جێناوێك یان هاوەڵناوێکی تر ﴾ یان تەواوکەری کاری ناتەواو .

* نموونە ١ : مرۆڤی زانا خزمەتی وڵات دەکات .

* نموونە ٢ : خواردنەکە بەتام بوو .

*یاساکانی دروستکردنی هاوەڵناوی داڕێژراو

*یەکەم: هاوەڵناوی سادە + پاشگر ← هاوەڵناوی داڕێژراو

هاوەڵناوی سادە	پاشگر	هاوەڵناوی داڕێژراو
١_ یەك	ەم	یەکـــەم
٢_ ڕوون	اك	ڕوونـــاك
٣_ نەرم	ان	نەرمـــان
٤_ ڕەق	ە ن	ڕەقـــەن

٠٧٧٠٦١٠١٠٢١

دووەم : پێشگـــر + هاوەڵـــناوی سادە ⟵ وشەی داڕێژراو

پێشگـــــر	هاوەڵـــناوی ســـادە	هـــاوەڵـــناوی داڕێژراو
١ _ نـا	ڕێك	نا ڕێك
٢ _ نە	خۆش	نەخۆش
٣ _ نـا	ڕاست	ناڕاست

*سێ یەم : ناوی سادە + پاشگر ⟵ هاوەڵناوی داڕێژراو

نـــاوی ســـادە	پـــاشـــگر	هـــاوەڵـــناوی داڕێـــژراو
١ _ ژن	انی ، انە	ژنـــانی _ ژنـــانە
٢ _ مەلە	وان ، ڤـــان	مەلە وان _ مەلە ڤان
٣ _ برین	دار	برینـــدار
٤ _ ڕاو	چی	ڕاوچی
٥ _ شاخ	ەوان	شاخـــەوان
٦ _ ئا سن	گەر	ئاسنـــگەر
٧ _ دەشت	ە کی	دەشتـــەکی
٨ _ بەخت	یار ، ەوەر	بەختـــیار _ بەختـــەوەر

*چوارەم : پێشگر + ناوی سادە ⟵ هاوەڵناوی داڕێژراو

پێشگر	ناوی سادە	هاوەڵناوی داڕێژراو
١ _ بە	تام	بە تام
٢ _ ب / بە	جەرگ	ب جەرگ _ بەجەرگ
٣ _ بێ	شەرم	بێ شەرم
٤ _ بێ	تام	بێ تام

*پێنجەم : ڕەگی کار + پاشگر ⟵ هاوەڵناوی داڕێژراو

چـــاوگ	ڕەگی کار	+ پاشگر	هاوەڵناوی داڕێژراو
١ _ نووسین	نووس	ە ر	نووســـەر
٢ _ گەڕان	گەڕێ	ۆك ، یدە	گەڕۆك _ گەڕیـــدە
٣ _ ترسا ن	ترس	ناك ، نۆك	ترســـناك _ ترســـنۆك
٤ _ خوێندن	خوێن	ەر	خوێنـــەر
٥ _ زانین	زان	ا	زانـــا
٦ _ فرۆشتن	فرۆش	یار	فرۆشـــیار

*شەشەم : پێشگر + ڕەگــی کار ⟵ هاوەڵناوی دارێژراو

چاوگ	ڕەگی کار	پێشگر	+ ڕەگی کار	هاوەڵناوی دارێژراو
١_ گۆڕین	گۆڕ	نە	گۆڕ	نە گۆڕ
٢_ مردن	مر	نە	مر	نە مر
٣_ بەزین	بەز	نە	بەز	نەبەز
٤_ زانین	زان	نە	زان	نە زان
٥_ کوشتن	کوژ	ب	کوژ	بـکوژ

*حەوتەم : پێشگر + ڕەگی کار + پاشگر ⟵ هاوەڵناوی دارێژراو

پێشگر	+ ڕەگـــی کـــار	+ پـاشگر	هـــاوەڵـناوی دارێژراو
١_ نا	بین ⟵ بینین	ا	نا بینـــا
٢_ نە	زێ ⟵ زاین	ۆك	نەزۆك
٣_ ب	خۆ ⟵ خواردن	ە ر	بـخۆر
٤_ کردن	کە ⟵ کردن	ە ر	بـکەر

*هەشتەم : قەدی چاوگ + پاشگر ⟵ هاوەڵناوی دارێژراو

چـــاوگ	_ن	قەدی چـــاوگ	+ پاشگـــر	هاوەڵناوی دارێژراو
١_ کەوتن	_ن	کەوت	وو	کەوتـــوو
٢_ کەفتن	_ن	کەفت	ی	کەفتـــی
٣_ سووتان	_ن	سووتا	و	سووتاو
٤_ سۆتن	_ن	سۆت	ی	سۆتـــی
٥_ بردن	_ن	برد	ە	بردە
٦_ کردن	_ن	کرد	ە	کردە
٧_ ڕزین	_ن	ڕزی	و	ڕزیـــو
٨_ شکان	_ن	شکا	و	شکـــاو

٠٧٧٠٦١٠١٠٢١

*دووەم: هاوەڵناوی لێکدراو: ئەو هاوەڵناوەیە کە لە دوو وشەی واتادار یان زیاتر پێکدێت ، دەبێتە دیارخەری ﴿ ناو یان جێناو یان هاوەڵناوێکی تر ﴾ یان تەواوکەری کاری ناتەواو.

* نموونە ١ : ڕێز لە پیاوی سەرسپی بگرن .

* نموونە ٢ : مرۆڤی ڕاستگۆ خۆشەویستە .

*یاساکانی دروستکردنی هاوەڵناوی لێکدراو

*یەکەم: ناو + ناو ⟵ هاوەڵناوی لێکدراو

نـــاو	+ ناو	هاوەڵناوی لێکدراو
١_ گەردن	بلوور	گەردن بلوور
٢_ بەژن	چنار	بەژن چنار
٣_ چاو	باز	چاوباز

*دووەم : ناو + ئامراز + ناو ⟵ هاوەڵناوی لێکدراو

نـــاو	ئامراز	نـــاو	هاوەڵناوی لێکدراو
١_ ڕوو	بە	خاڵ	ڕوو بە خاڵ
٢_ تفەنگ	بە	شان	تفەنگ بە شان
٣_ دەست	بە	سە ر	دەست بە سەر
٤_ گوڵ	بە	دەم	گوڵ بە دەم

*سێ یەم: دووبارە کردنەوەی ناوێک ⟵ هاوەڵناوی لێکدراو

نـــاو	نـــاو	هاوەڵنـــاوی لێکدراو
١_ ڕێ	ڕێ	ڕێ ڕێ
٢_ چین	چین	چین چین
٣_ پارچە	پارچە	پارچە پارچە

*چوارەم : هاوەڵناوی ژمارە + ناو ⟵ هاوەڵناوی لێکدراو

هاوەڵناوی ژمارە	ناو	هاوەڵناوی لێکدراو
١_ دوو	دڵ	دوو دڵ
٢_ حەوت	ڕەنگ	حەوت ڕەنگ
٣_ یەك	دەنگ	یەك دەنگ
٤_ دوو	زمان	دوو زمان

٠٧٧٠٦١٠١٠٢١

*پێنجەم: نــاو + هاوەڵناو ⟵ هاوەڵناوی لێکدراو

ناو	هاوەڵناو	هاوەڵناوی لێکدراو
١_ چاو	شین	چاو شین
٢_ دڵ	پاك	دڵــپاك
٣_ روو	خۆش	روو خۆش
٤_ باڵا	بەرز	باڵا بەرز

*شەشەم: هاوەڵناو + ئامراز + هاوەڵناو ⟵ هاوەڵناوی لێکدراو

هــاوەڵناو	ئامراز	هــاوەڵناو	هــاوەڵناوی لێکدراو
١_ پاك	و	خاوێن	پاکــو خاوێن
٢_ بۆر	ە	دەوڵە مەند	بۆرە دەوڵەمەند
٣_ شۆخ	و	شەنگ	شۆخ و شەنگ

*حەوتەم: هاوەڵناو + ئامراز + ناو ⟵ هــاوەڵناوی لێکدراو

هــاوەڵناو	ئامراز	نــاو	هــاوەڵناوی لێکدراو
١_ شۆڕ	ە	ژن	شۆڕە ژن
٢_ وشك	ە	ساڵ	وشکــە ساڵ
٣_ گێل	ە	پیاو	گێلــە پیاو
٤_ پیر	ە	مێرد	پیرە مێرد
٥_ شۆڕ	ە	سوار	شۆڕە سوار

*هەشتەم: نــاو + رەگی کار ⟵ هــاوەڵناوی لێکدراو

نــاو	رەگــی کــار	هــاوەڵناوی لێکدراو
١_ ئاشتی	خواز ⟵ خواستن	ئاشتی خواز
٢_ ستران	بێــژ ⟵ بێشتن	ستران بێــژ
٣_ زمان	زان ⟵ زانین	زمان زان
٤_ قورئان	خوێن ⟵ خوێندن	قورئان خوێن
٥_ رۆژنامە	نووس ⟵ نووسین	رۆژنـامە نووس
٦_ بانگ	خواز ⟵ خواستن	بانگـــخواز

٠٧٧٠٦١٠١٠٢١

*نۆیەم: هاوەڵناو + ڕەگی کار ← هاوەڵناوی لێکدراو

هاوەڵناو	ڕەگی کار	هاوەڵناوی لێکدراو
١_ ڕاست	بێـژ ← بێشتن	ڕاست بێــژ
٢_ گەش	بین ← بینین	گەش بین
٣_ ڕەش	پۆش ← پۆشین	ڕەش پۆش
٤_ خۆش	نووس ← نووسین	خۆش نووس
٥_ ڕاست	گۆ ← گوتن	ڕاستــــگۆ

*دەیەم : دووبارە بوونەوەی هاوەڵناوێکی سادە ← هـــاوەڵناوی لێکدراو

هـــاوەڵناو	هـــاوەڵناو	هـــاوەڵناوی لێکدراو
١_ خۆش	خۆش	خۆش خۆش
٢_ جوان	جوان	جوان جوان
٣_ ورد	ورد	ورد ورد
٤_ سوور	سوور	سوور سوور

*یانزەهەم: هاوەڵکار + ناو ← هاوەڵناوی لێکدراو

هـاوەڵکار	نـاو	هـاوەڵناوی لیکدراو
١_ ژێـر	دەست	ژێر دەست
٢_ ژێـر	چە پۆك	ژێــر چە پۆك
٣_ بن	دیوار	بن دیوار

*دوانزەهەم : ناو + ڕەگی کار + پاشگر ← هاوەڵناوی لێکدراو

ناو	ڕەگـــی کـــار	پـاشگر	هاوەڵناوی لێکدراو
١_ خەبات	کە ← کردن	ە ر	خەباتــکــەر
٢_ ڕەنج	دە ← دان	ە ر	ڕەنجــدەر
٣_ جل	شۆ ← شووشتن	ە ر	جل شۆر
٤_ ڕاو	کە ← کردن	ە ر	ڕاو کـە ر
٥_ ڕەنج	بە ← بردن	ە ر	ڕەنجــــبەر

﴿ ڕاهێنانی _ ١ ﴾ لا ٦٤

*یەکەم : چۆن هاوەڵناوێکی دارێژراو ، لە هاوەڵناوێکی لێکدراو جیا دەکەینەوە ؟ بە نموونەوە ڕوونی بکەرەوە .

*وەڵام:

هاوەڵناوی دارێژراو	هاوەڵناوی لێکدراو
*ئەو هاوەڵناوەیە کە لە وشەیەکی واتادارو ﴿ پێشگر یان پاشگر یان هەردووکیان ﴾ پێکدێت . * نموونە : مرۆڤی زانا خزمەتی وڵات دەکات .	* ئەو هاوەڵناوەیە کە لە دوو وشەی واتادار یان زیاتر پێکدێت . * نموونە : مرۆڤی ڕاستگۆ خۆشەویستە .

*دووەم : بەچەند ڕێگا هاوەڵناوی دارێژراو لە ڕەگی کار دروست دەکرێت ؟

*وەڵام : بە سێ ڕێگا هاوەڵناوی دارێژراو لە ڕەگی کار دروست دەکرێت .

١ _ ڕەگی کا ر+ پاشگر ⟵ نووسەر ، خوێنەر

٢ _ پێشگر + ڕەگی کار ⟵ نەزان ، نەمر

٣ _ پێشگر + ڕەگی کار + پاشگر ⟵ بخۆر ، نابینا

*سێیەم : چۆن دەتوانین لە قەدی چاوگی تێنە پەڕ ەوە ، هاوەڵناوی دارێژراو دروست بکەین ؟

*وەڵام : لە قەدی چاوگی تێنە پەڕەوە هاوەڵناوی دارێژراو دروست دەکرێت ، بەم ڕێگایانەی خوارەوە

١ _ قەدی چاوگی تێنە پەڕ + پاشگری ﴿ و ، وو ، ی ، ە ﴾

چـــــاوگ	ن_	قەدی چاوگی تێنە پەڕ	پاشگر	هاوەڵناوی دارێژراو
١ _ شکان	ن_	شکا	و ، ی	شکاو ، شکای
٢ _کەوتن	ن_	کەوت	وو	کەوتـــوو
٣ _کەفتن	ن_	کەفت	ی	کەفتـــی
٤ _ مردن	ن_	مرد	ە	مردە

٢ _ پێشگر + قەدی چاوگی تێنە پەڕ + پاشگر ﴿ و ، وو ، ی ﴾

چاوگ	پێشگر	قەدی چاوگی تێنە پەڕ	پاشگر	هاوەڵناوی دارێژراو
١ _ کەوتن	نە	کەوت	وو ، ی	نە کەوتوو ، نە کەوتی
٢ _ شکان	نە	شکا	و ، ی	نەشکاو ، نەشکای
٣ _ مردن	نە	مرد	وو ، ی	نە مردوو ، نەمردی

*چوارەم: چۆن لەدوو ناو ، هاوەڵناوی لێکدراو دروست دەکەیت ؟ نموونەی بۆ بهێنەوە .

*وەڵام: بەسێ ڕێگا لە دوو ﴿ ناو ﴾ هاوەڵناوی لێکدراو دروست دەکرێت .

ڕێگـــــــا	نمــــوونە	هاوەڵناوی لێکدراو
١_ ناو + ناو	بەژن چنار	هاوەڵناوی لێکدراو
٢_ ناو + ئامراز + ناو	گوڵ بە دەم	هاوەڵناوی لێکدراو
٣_ دووبارەبوونەوەی ناو	دەستە دەستە	هاوەڵناوی لێکدراو

﴿ ڕاهێنانی _ ٢ ﴾ لا ٦٤

*جۆرو شێوەی دروستبوونی ئەم هاوەڵناوانەی خوارەوە دیاربکە .

هـــاوەڵناو	جـــــۆرەکەی	شـێوەی دروستبوونـــی
١_ دەنگبێـــژ	هاوەڵناوی دارێژراو	ناو + ڕەگی کار
٢_ سەرسپی	هاوەڵناوی لێکدراو	ناو + هاوەڵناو
٣_ کەوتوو	هاوەڵناوی دارێژراو	قەدی چاوگی تێنەپەر + پاشگری ﴿ وو ﴾
٤_ نەمر	هاوەڵناوی دارێژراو	پێشگر + ڕەگی کار
٥_ خەباتکەر	هاوەڵناوی لێکدراو	ناو + ڕەگی کار + پاشگری ﴿ ە ر ﴾
٦_ تێکۆشەر	هاوەڵناوی دارێژراو	ڕەگی کاری ﴿ چاوگی دارێژراو ﴾ + پاشگری (ە ر)
٧_ ناشاد	هاوەڵناوی دارێژراو	پێشگر + هاوەڵناو

﴿ ڕاهێنانی _٣ ﴾ لا ٦٤

*وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە .

*وەڵام / ١_ پ _ ناو + ئامراز + ناو

*وەڵام / ٢_ پ _ بـوێر

*وەڵام / ٣_ ت _ هاوەڵناو + ئامراز + هاوەڵناو

*وەڵام / ٤_ ب _ پیاوانە

*وەڵام / ٥- ب _ هاوەڵناوی ژمارە + ناو

٠٧٧٠٦١٠١٠٢١

《 ڕاهێنانی _ ٤ 》 لا ٦٥

*لەم ڕستانەی خوارەوەدا هاوەڵناوەکان دەر بهێنە و جۆرەکانیان دەست نیشان بکە لە ڕووی بنچینەی وشەکانیان .

ڕستە	هاوەڵناو	جۆرەکەی
١ _ پێشمەرگە بە جەرگـە .	بەجەرگ	هاوەڵناوی دارێژراو
٢ _ کچێکی نووسەر یان خەڵاتکرد .	نووسەر	هاوەڵناوی دارێژراو
٣ _ ئەو یسۆنی زانا خزمەتی مرۆڤایەتی کرد .	زانا	هاوەڵناوی دارێژراو

*چەند پرسیارێك لە سەر بابەتی هاوەڵناو لەڕووی ڕۆنانەوە یان پێکهاتنەوە بە شێوەی هەڵبژاردن *

پ١ : 《 نووسەر ، بینەر ، بڕیار ، گەڕۆك ، بینا ، زانا ، ترسنۆك ، تێکۆشەر 》 پێکهاتوون لە ....

{ ناو + پاشگر _ ڕەگی کار + پاشگر _ پێشگر + ناو }

پ٢ : 《 بەژن چنار ، دڵسۆز ، چاوباز 》 هاوەڵناوێکی .... { سادە _ لێکدراو _ دارێژراو } پێکهاتوون لە

{ پێشگر + ناو _ ناو + ناو _ ڕەگی کار + پاشگر }

پ٣ : 《 باڵا بەرز ، خوێن شیرین ، دڵخۆش ، چاوشین ، سەرسپی 》 هاوەڵناوێکی .... { دارێژراو _ سادە _ لێکدراو }

پێکهاتوون لە { ڕەگی کار + پاشگر _ ناو + هاوەڵناو _ پێشگر + ڕەگی کار }

پ٤ : 《 گێلە پیاو ، ڕەشەبا ، شۆڕە ژن 》 هاوەڵناوێکی .... { سادە _ لێکدراو _ دارێژراو } پێکهاتوون لە ....

{ هاوەڵناو + ئامراز + ناو _ پێشگر + ڕەگی کار _ پێشگر + ناو }

پ٥ : بە چەند ڕێگا لە 《 ڕەگی کار 》 هاوەڵناوی دارێژراو دروست دەکرێت ؟ .... { چوار _ دوو _ سێ }

پ٦ : 《 بردە ، شکاو ، هەڵبژاردە ، کەوتوو ، مردوو ، کەفتی 》 پێکهاتوون لە ....

{ ڕەگی کار + پاشگر _ قەدی چاوگ + پاشگر _ پێشگر + ناو }

پ٧ : بە چەند ڕێگە لەدوو ناو ، هاوەڵناوی لێکدراو دروست دەکەین ؟............ { دوو _ سێ _ چوار }

پ٨ : 《 ڕووناك ، ڕەقەن ، یەکەی ، نەرمان 》 پێکهاتوون لە ....

{ پێشگر + هاوەڵناوی سادە _ هاوەڵناوی سادە + پاشگر _ ناو + پاشگر }

پ٩ : 《 ناشاد ، ناڕاست ، نەخۆش ، نە ساغ 》 پێکهاتوون لە ....

{ هاوەڵناوی سادە + پاشگر _ پێشگر + ناوی سادە _ پێشگر + هاوەڵناوی سادە }

پ١٠ : 《 نەزانی ، بکەر ، نەبەزی ، نابینا ، نەزۆك ، بخۆر 》 پێکهاتوون لە ....

{ پێشگر + هاوەڵناو _ پێشگر + ڕەگی کار + پاشگر _ ڕەگی کار + پاشگر }

پ١١ : ﴿ نەبەز ، بکوژ ، نەمر ، نەگۆڕ﴾ پێکهاتوونە له ....

{ پێشگر + ڕەگی کار _ ڕەگی کار + پاشگر _ پێشگر + ناو }

پ١٢ : ﴿ گوڵ بە دەم ، دەست بە سەر ، دەست بە خەنە ، تفەنگ بە شان ﴾ پێکهاتوون لە ....

{ پێشگر + ناو _ ناو + ئامراز + ناو _ ڕەگی کار + پاشگر }

پ١٣ : ﴿ دوو دڵ ، حەوت ڕۆژ ، یەك دەنگ ، دوو زمان ﴾ هاوەڵناوێکی ..... { سادە _ لێکدراو _ داڕێژراو } پێکهاتوون لە

{ پێشگر + ڕەگی کار _ هاوەڵناوی ژمارە + ناو _ پێشگر + ناو + پاشگر }

پ١٤ : ﴿ تازە پێگە یشتوو ، ڕەش ئەسمەر ﴾ هاوەڵناوێکی ..... { داڕێژراو _ لێکدراو _ سادە }

پ١٥ : ﴿ نوێژکەر ، ئاواز دانەر ، جل شۆر ، ڕاوکەر ، خەباتکە ر ، ڕەنجدەر ، ڕەنجبەر ، نانکە ر ﴾ هاوەڵناوێکی ....

{ سادە _ لێکدراو _ داڕێژراوە } پێکهاتوون لە ....

{ پێشگر + ڕەگی کار + پاشگر _ ناو + ڕەگی کار + پاشگر _ ناو + ڕەگی کار }

پ١٦ : ﴿ قورئان خوێن ، دەنگبێـژ ، پیاو کوژ ، ڕۆژنامە نووس ، خێر خواز ﴾ هاوەڵناوێکی ....

{ سادە _ داڕێژراو _ لێکدراو } ە پێکهاتوون لە ....

{ پێشگر + ڕەگی کار _ ناو + ڕەگی کار _ پێشگر + ناو }

پ١٧ : ﴿ خۆشنووس ، گەش بین ، ڕەشپۆش ، ڕەش بین ، ڕاستگۆ ﴾ هاوەڵناوێکی ...... { داڕێژراو _ لێکدراو _ سادە }

پێکهاتوون لە .... { ناو + پاشگر _ هاوەڵناو + ڕەگی کار _ پێشگر + ڕەگی کار }

پ١٨ : ﴿ جوان جوان ، هێدی هێدی ، نەرم نەرم ، ورد ورد ﴾ پێکهاتوون لە ....

{ پێشگر + ناو _ دووبارەبوونەوەی هاوەڵناو _ ڕەگی کار + پاشگر }

پ١٩ : ﴿ پۆل پۆل ، چین چین ، ڕێ ڕێ ، دەستە دەستە ، کۆمەڵ کۆمەڵ ﴾ هاوەڵناوێکی .... { سادە _ لێکدراو _ داڕێژراو }

پێکهاتوون لە ..... { پێشگر + ڕەگی کار _ دووبارە بوونەوەی ناو _ پێشگر + ناو }

*جۆرەکانی هاوەڵکار لە ڕووی ڕۆنانەوە یان پێکهاتنەوە *

*تێبینی : هاوەڵکار لە رووی ﴿ ڕۆنانەوە﴾ دابەشدەکرێتە سەر دووجۆر .

١_ هاوەڵکاری سادە

٢_ هاوەڵکاری ناسادە : ئەمیش دەکرێتە دوو جۆر

١- هاوەڵکاری دارێژراو

٢- هاوەڵکاری لێکدراو

*یەکەم: هاوەڵکاری سادە: ئەو هاوەڵکارەیە کە لە یەك وشە ی سادەی واتادار پێکدێت بە بێ هیچ زیادەیەك ، وە سفی کارێك دەکات لە ڕستەدا دەبێتە تەواو کەری کار .

* نموونە : ﴿ زۆر ، گورج ، خێرا ، درەنگ ، باش ..... هتد ﴾

١_ خوێندکارەکە وانەکەی باش خوێندەوە .

٢_ مامۆستا کە خێرا ها تە ژوورەوە .

*چەند تێبینییەك :

* هەموو ئاراستەی شوێنەکان هاوەڵکارن ، وەکو ﴿ خواروو ، تەنیشت ، ژێرەوە ، بن ، لا ، پشت ، پێش ، سەرەوە ، پاش ﴾ .

*چەند جۆرێك هاوەڵكار هەیە كەبریتین لەمانەی لای خوارەوە *

- ١_ هاوەڵكاری كاتی : وەكو{ دوێنێ ، پار ، پێرار ، ئەمساڵ ، سبەی ، ئەمڕۆ .... هتد }
- ٢_ هاوەڵكاری شوێنی : وەكو { لە ژێر دارەكە ، لە بازاڕ ، لە سەربان ، لە تەنیشت ، لە دوور .... هتد }
- ٣_ هاوەڵكاری چۆنێتی : وەكو { بەباشی ، مەردانە ، دلێرانە ، ئازایانە ، بەگورجی .... هتد }
- ٤_ هاوەڵكاری ریكخستن : وەكو { دوو دوو ، پۆل پۆل ، ریز ریز .... هتد }
- ٥_ هاوەڵكاری چەندی : وەكو { كەمێك ، پیچەك ، زۆر ، كەم ، هەندێك ، فرە .... هتد }

*دووەم : هاوەڵكاری ئاسادە : ئەمیش دەكرێتە دوو جۆر

١- هاوەڵكاری داڕێژراو

٢- هاوەڵكاری لێكدراو

١_ هاوەڵكاری داڕێژراو : ئەو هاوەڵكارەیە كە لە یەك وشەی سادەی واتادارو { پێشگر یان پاشگر یان هەردووكیان } پێكدێت و لە ڕستەدا وەسفی كارێك دەكات و دەبێتە تەواوكەری كار .

*نموونە : { ساڵانە ، بە شەو ، بە هێمنی ، دلێرانە .... هتد }

*ڕێگاکانی دروستکردنی هاوەڵکاری دارێژراو

١_ پێشگری (بە) + ناو ⟵ هاوەڵکاری دارێژراو

پێشگر	نــــاو	هــاوەڵکاری دارێژراو
١_ بە	ناز	بە ناز
٢_ بە	دڵ	بە دڵ
٣_ بە	شەو	بە شەو
٤_ بە	زستان	بە زستان
٥_ بە	ساڵ	بە ساڵ

٢_ پێشگر + هاوەڵکار ⟵ هاوەڵکاری دارێژراو

پێشگر	هـــــاوەڵکار	هـــــاوەڵکاری دارێژراو
١_ بە	زۆر	بە زۆر
٢_ لە	دوور	لە دوور
٣_ لە	بەرانبەر	لە بەرانبەر
٤_ لە	نزیك	لە نزیك
٥_ لە	تەنیشت	لە تەنیشت
٦_ لە	ژێر	لە ژێر

٣_ ناو + پاشگری (انه) ⟵ هاوەڵکاری داڕێژراو

نـــــاو	پـــــاشگری (انه)	هاوەڵکاری داڕێژراو
١_ پیاو	انه	پیاوانه
٢_ شێر	انه	شێرانه
٣_ منداڵ	انه	منداڵانه
٤_ ڕۆژ	انه	ڕۆژانه

٤_ هـــاوەڵناو + پاشگری (انه) ⟵ هاوەڵکاری داڕێژراو

هـــاوەڵناو	پـــــاشگری (انه)	هاوەڵکاری داڕێژراو
١_ مەرد	انه	مەردانه
٢_ دلێر	انه	دلێرانه
٣_ هێمن	انه	هێمنـــانه
٤_ ئازا	انه	ئازايــــانه
٥_ ژیر	انه	ژیرانه

٥_ پێشگر + هاوەڵناو + پاشگر ⟵ هاوەڵکاری داڕێژراو

پێشگر	هاوەڵناو	پاشگر	هاوەڵکاری داڕێژراو
١_ بە	جوان	ی	بە جوانی
٢_ بە	باش	ی	بە باشی
٣_ بە	خۆش	ی	بەخۆشی
٤_ بە	هێمن	ی	بە هێمنی
٥_ بە	خراپ	ی	بە خراپی

٦_ پێشگر + ناو + پاشگر ⟵ هاوەڵکاری داڕێژراو

پێشگر	ناو	پاشگر	هاوەڵکاری داڕێژراو
١_ بە	سوار	ی	بە سواری
٢_ بە	هاوین	ێ	بە هاوینێ
٣_ بێ	شەرم	انە	بێ شەرمـــانە
٤_ بێ	پاك	انە	بێ پاکانە
٥_ بە	کورد	ایەتی	بە کوردایەتی

٢_ هاوەڵکاری لێکدراو : ئەو هاوەڵکارەیە کە لە دوو وشەی سادەی واتادار یان زیاتر پێکدێت و لە ڕستەدا وەسفی کار دەکات و دەبێتە تەواو کەری کار.

*نموونە : { بە سەر بەرزی ، پۆل پۆل ، پڕ بە دڵ ، پاش نیوەڕۆ .... هتد }

*ڕێگاکانی دروستکردنی هاوەڵکاری لێکدراو *

١_ دووبارە کردنەوەی ناو یان هاوەڵناو یان هاوەڵناوی ژمارە

دووبارە کردنەوەی ناو ⟵ وەکو	پۆل پۆل ، دەستە دەستە ، نم نم	هاوەڵکاری لێکدراو
دووبارە کردنەوەی هاوەڵناو ⟵ وەکو	جوان جوان ، هێدی هێدی ، وردە وردە	هاوەڵکاری لێکدراو
دووبارە کردنەوەی هاوەڵناوی ژمارە ⟵ وەکو	یەك یەك ، چوار چوار ، دوو دوو	هاوەڵکاری لێکدراو

٢_ ناو + ئامرازی (بە) + ناو ⟵ هاوەڵکاری لێکدراو

ناو	ئامرازی (بە)	ناو	هاوەڵکاری لێکدراو
١_ ڕوو	بە	ڕوو	ڕوو بە ڕوو
٢_ ماڵ	بە	ماڵ	ماڵ بە ماڵ
٣_ دێ	بە	دێ	دێ بە دێ
٤_ شار	بە	شار	شار بە شار
٥_ ساڵ	بە	ساڵ	ساڵ بە ساڵ

٣_ ناو + ئامرازی (او) + ناو ⟵ هاوەڵکاری لێکدراو

ناو	ئامرازی (او)	ناو	هاوەڵکاری لێکدراو
١_ سەر	او	سەر	سەراو سەر
٢_ دەم	او	دەم	دەماو دەم
٣_ دۆڵ	او	دۆڵ	دۆڵاودۆڵ
٤_ پشت	او	پشت	پشتاو پشت

٤_ هاوەڵناو + ئامرازی (و) + هاوەڵناو ⟵ هاوەڵکاری لێکدراو

هاوەڵناو	ئامرازی (و)	هاوەڵناو	هاوەڵکاری لێکدراو
١_ تێر	و	پڕ	تێر و پڕ
٢_ کز	و	مات	کزو مات
٣_ پاک	و	خاوێن	پاکو خاوێن
٤_ کز	و	مەلوول	کزو مەلوول

٥ _ هاوەڵناو + ئامرازی (بە) + ناو ⟵ هاوەڵکاری لێکدراو

هاوەڵناو	ئامرازی (بە)	ناو	هاوەڵکاری لێکدراو
١ _ پڕ	بە	دڵ	پڕ بە دڵ
٢ _ پڕ	بە	دەم	پڕبە دەم
٣ _ پڕ	بە	دەنگ	پڕ بە دەنگ

٦ _ پێشگر + هاوەڵناوی لێکدراو + پاشگر ⟵ هاوەڵکاری لێکدراو

پێشگر	هاوەڵناوی لێکدراو	پاشگر	هاوەڵکاری لێکدراو
١ _ بە	سەربەرز	ی	بە سەربەرزی
٢ _ بە	ڕووخۆش	ی	بە ڕووخۆشی
٣ _ بە	دڵخۆش	ی	بە دڵخۆشی
٤ _ بە	دڵشکاو	ی	بە دڵشکاوی

٧ _ هاوەڵناوی نیشانە + ناو ⟵ هاوەڵکاری لێکدراو

هاوەڵناوی نیشانە	ناو	هاوەڵکاری لێکدراو
١ _ ئەم	شەو	ئەمشەو
٢ _ ئەم	ڕۆژ ⟵ پیتی (ژ) تێدە چێت	ئە مرۆ
٣ _ ئەو	ساڵ	ئەو ساڵ
٤ _ ئەو	سات ⟵ پیتی (ت) تێدە چێت	ئەو سا

{ ڕاهێنانی _ ١ } لا ٦٩

*جۆرو شێوەی دروستکردنی ئەم هاوەڵکارانە ی خوارەوە دیاری بکە .

﴿ ئەمڕۆ ، بەگوڕ ، تاقم تاقم ، بە دۆستایەتی ، منداڵانە ﴾

هـــاوەڵكار	جۆرەكەی	چۆنییەتی دروستبوونی
١ _ ئەمڕۆ	لێـكدراو	هاوەڵناوی نیشانە + ناو
٢ _ بەگوڕ	داڕێژراو	پێشگری (بە) + ناو
٣ _ تاقم تاقم	لێـكدراو	دووبارە بوونەوەی ناو
٤ _ بە دۆستایەتی	داڕێژراو	پێشگری (بە) + ناو + پاشگری (ایەتی)
٥ _ منداڵانە	داڕێژراو	ناو + پاشگری (انە)

{ ڕاهێنانی _ ٢ } لا٦٩

*ئەم ڕستانە ی خوارەوە شیبکەوە .

١ _ جوان منداڵە جوانەكەی جوان پەروەردە كردووە .

وشـــە	شیكردنەوە
جوان	ناوە ، تاكە ، ناسراوە ، تایبەتییە ، بكەرە
منداڵ	ناوە ، تاكە ، ناسراوە ، گشتی یە ، دیارخراوە
ە	ئامرازی دانە پاڵە
جوان	هاوەڵناوی چۆنیە تییە ، دیارخەری ناوە
ەكە	نیشانەی ناسراوییە
ی	جێناوی لكاوە بۆ كەسی سێ یەمی تاك ، دەگەڕێتەوە بۆ بكەر
منداڵە جوانەكە	گرێی ناوییە ، بەركارە
جوان	هاوەڵكاری چۆنیە تییە ، سادەیە ، تەواوكەری كارە .
پەروەردە كردووە	كاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنە ، تێپەڕە ، لێكدراوە

٢ _ گەلی کورد دلێرانە ڕاپەڕی .

وشـــــە	شیکردنەوە
گەل	ناوە ، کۆمەڵە ، ناسراوە ، دیار خراوە
ی	ئامرازی دانە پاڵە
کوردستان	ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، تایبە تییە ، دیارخەری ناوە
گەلی کوردستان	گرێی ناوییە ، بکەرە
دلێرانە	هاوەڵکاری چۆنیە تییە ، داڕێژراوە ، تەواوکەری کارە
ڕاپەڕی	کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە ، تێنە پە رە ، داڕێژراوە

{ ڕاهێنانی _ ٣ } لا ٦٩

*وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە .

*وەڵام/ ١ _ پ _ ساڵانە

*وەڵام / ٢ _ ب _ هاوەڵناوی نیشانە + ناو

*وەڵام/ ٣ _ پ _ ئەوسا

*وەڵام / ٤ _ ئـ _ بەزۆر

*وەڵام / ٥ _ پ _ هاوەڵناو + ئامراز + ناو

{ ڕاهێنانی _ ٤ } لا٦٩

*وشەی { خراپ ، منداڵانە } لە دوو ڕستەدا بە کار بهێنە ، بەمەرجێك جارێك ببنە هاوەڵناو جارێکی تر ببنە هاوەڵکار .

وشە	وەکو ← هاوەڵناو	وەکو ← هاوەڵکار
١ _ خراپ	ڕەفتاری خراپ ئەنجام نادەم.	منداڵەکە خراپ کەوت .
٢ _ منداڵانە	ئەو کارە منداڵانە بوو .	منداڵانە بیر ناکەمەوە .

*چەند پرسیارێك لە سەر بابەتی هاوەڵکار لە ڕووی ڕۆنانەوە یان پێکهاتنەوە بە شێوەی هەڵبژاردن *

پ١ : { بەمانگ ، بەڕۆژ ، بە زستان ، بە شەو ، بە ساڵ ، بە مانگ } پێکهاتوون لە ....

{ ڕەگی کار _ پاشگر _ ناو + پاشگر _ پێشگر + ناو }

پ٢ : { دەماو دەم ، پشتاو پشت ، دۆڵاو دۆڵ ، سەراوسەر } پێکهاتوون ....

{ پێشگر + ڕەگی کار _ ناو + ئامراز + ناو _ ناو + پاشگر }

پ٣ : { ئازایانە ، ژیرانە ، دلێرانە ، مەردانە } پێکهاتوون لە ....

{ هاوەڵناوی سادە + پاشگر _ پێشگر + هاوەڵناوی سادە _ ناو + پاشگر }

پ٤ : { پڕبە دەم ، پڕبەدڵ ، پڕبە دەنگ } پێکهاتوون لە ....

{ پێشگر + ڕەگی کار _ هاوەڵناو + ئامراز + ناو _ ڕەگی کار + پاشگر }

پ٥ : { ئەوسا ، ئەمشەو ، ئەمڕۆ ، ئەو ڕۆ ، ئەوسا ، ئەمساڵ } پێکهاتوون لە ....

{ پێشگر + ناو _ هاوەڵناوی نیشانە + ناو _ پێشگر + ڕەگی کار }

پ٦ : { بەدڵپاکی ، بە ڕاستگۆیی ، بە سەربەرزی ، بە ڕووخۆشی } پێکهاتوون لە ....

{ ناو + پاشگر _ ڕەگی کار + پاشگر _ پێشگر + هاوەڵناوی لێکدراو + پاشگر }

پ٧ : { بەگەرمی ، بە باشی ، بە چاکی ، بە ساردی ، بە هێمنی ، بە جوانی } پێکهاتوون لە ....

{ ناو + پاشگر _ پێشگر + ناو _ پێشگر + هاوەڵناو + پاشگر }

پ٨ : { دەست بە دەست ، شار بە شار ، دێ بە دێ ، ساڵ بە ساڵ ، ماڵ بە ماڵ ، ڕوو بە ڕوو ، مانگ بە مانگ ، ڕۆژ بە ڕۆژ } پێکهاتوون لە

{ ڕەگی کار + پاشگر _ ناو + ئامراز + ناو _ پێشگر + ناو }

پ٩ : { لەدوور ، لە بەرانبەر ، بەزۆر ، لە نزیك ، لە تەنیشت } پێکهاتوون لە ....

{ پێشگر + ڕەگی کار _ پێشگر + هاوەڵکار _ پێشگر + ناو }

پ١٠ : { بە هاوینێ ، بێ باکانە ، بە سواری ، بێ شەرمانە ، بە کوردایەتی } پێکهاتوون لە ....

{ ڕەگی کار + پاشگر _ پێشگر + ناو + پاشگر _ پێشگر + ڕەگی کار }

ڕادە

١ _ ڕادەی هاوەڵناوی

٢ _ ڕادەی هاوەڵکاری

*چەند تێبینیەکی گرنگ

١ _ { ڕادە } بەردەوام دەکەوێتە پێش { هاوەڵناو ، هاوەڵکار } ەکە .

٢ _ { ڕادە } هەمیشە دەبێتە { دیارخەر } بۆ { هاوەڵناو ، هاوەڵکار } ەکەی دوای خۆی .

٣ _ { هاوەڵناو ، هاوەڵکار } ەکە هەمیشە دەبن بە { دیارخراو } .

٤ _ بە { ڕادە } کەو { هاوەڵناو ، هاوەڵکار} ەکە گرێی هاوەڵناوی یان هاوەڵکاری پێکدێنن .

٥ _ لەنێوان { دیارخەرو دیارخراو } دا پێویستمان بە { ئامرازی دانە پاڵ } نییە .

*یەکـەم : ڕادەی هاوەڵناوی : بریتی یە لە دەرخستنی ڕادەی هاوەڵناوێك بە هاوەڵناوێکی نادیار .

* هاوەڵناوە نادیارەکان { فرە ، تۆزێك ، زۆر ، هەندێك ، گەلێك ، کەمێك ، پیچەك ، هەندەك ...... هتد } پێیان دەگوترێ { هاوەڵناوی نادیار }

07706101021

*ڕادەی هاوەڵناوی *

*هاوەڵناوی یەکەم

*ڕادەی هاوەڵناوی

* هاوەڵناوی نادیارە

* دیارخەر

*هاوەڵناوی دووەم

*هاوەڵناوی چۆنیەتی

* دیارخراو

گرێی هاوەڵناوی

*تێبینی : بە هەردوو هاوەڵناوەکە { گرێی هاوەڵناوی } پێکدێنن و دەبنە { دیارخەری ناو یان جێناو ، یان تەواوکەری کاری ناتەواو }

*نموونە ١ : مامۆستایەکی زۆر باشـــم هەبوو .

*ڕادەی هاوەڵناوی — *هاوەڵناوی چۆنیەتی

* هاوەڵناوی نادیار — * دیارخراو

* دیارخەر

*زۆر باش : گرێی هاوەڵناوییە ، دیارخەری ناوە .

07706101021

*نموونە ٢ : ئێوەی فرە زیرەك سەردەكەون .

*ڕادەی هاوەڵناوی — * هاوەڵناوی چۆنیەتی

* هاوەڵناوی نادیار — * دیارخراو

* دیارخەر

*فرە زیرەك : گرێی هاوەڵناوییە ، دیارخەری جێناوی سەربەخۆی { ئێوە } یە .

*نموونە٣ : تاقیكردنەوەكە گەلێك ئاسان بوو .

*ڕادەی هاوەڵناوی — * هاوەڵناوی چۆنیە تی

* هاوەڵناوی نادیار — * دیارخراو

* دیارخەر

*گەلێك ئاسان : گرێی هاوەڵناوییە ، تەواوكەری كاری ناتەواوە

*دووەم : ڕادەی هاوەڵكاری : بریتی یە لە دەرخستنی ڕادەی هاوەڵكارێك بە { هاوەڵكارێكی چەندی }

* هاوەڵكارە چەندییە كان { زۆر ، گەلێك ، پیچەك ، فرە ، كەمێك ، تۆزێك ، هەندێك .... هتد } كاتێك ڕادەی هاوەڵكارێك

دەردەخەن پێیان دەگوترێ { هاوەڵكاری چەندی }

*ڕادەی هاوەڵکاری *

١_ هاوەڵکاری یەکەم

*ڕادەی هاوەڵکاری

* هاوەڵکاری چەندی

* دیارخەر

٢_ هاوەڵکاری دووەم

* هاوەڵکاری کاتی یان شوێنی یان چۆنیە تی

* دیارخراو

گرێی هـــاوەڵکـــــاری

*تێبینی : بەهەردوو هاوەڵکارەکە { گرێی هاوەڵکاری } پێکدێنن و دەبنە { تەواوکەری کار }

07706101021

* نموونە ١ : شۆڕشگێڕەکان سنووری وڵاتیان گەلێك باش پاراستووە .

*ڕادەی هاوەڵکاری — * هاوەڵکاری چۆنیەتی

* هاوەڵکاری چەندی — * دیارخراو

* دیارخەر

*گەلێك باش : گرێی هاوەڵکارییە ، تەواوکەری کارە .

* نموونە ٢ : هاوڕێکەم زۆر دوور دانیشتبوو .

* ڕادەی هاوەڵکاری — * هاوەڵکاری شوێنی

* هاوەڵکاری چەندی — * دیارخراو

* دیارخەر

*زۆر دوور : گرێی هاوەڵکارییە ، تەواو کەری کارە .

* نموونە ٣ : شانۆکە کەمێك زوو دەستی پێکرد .

*ڕادەی هاوەڵکاری — * هاوەڵکاری کاتی

* هاوەڵکاری چەندی — * دیارخراو

* دیارخەر

*کەمێك زوو : گرێی هاوەڵکارییە ، تەواو کەری کارە

07706101021

{ ڕاهێنـانـی _١ } لا٧٢

* لەم ڕستەیە { داڕشتنێکی باشـم بەجوانی نووسییەوە }

*وەڵام / ١_ نووسییەوە : ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە .

*وەڵام/ ٢_ بەجوانی : هاوەڵکاری چۆنیەتییە ، داڕێژراوە ، دروستبووە بەیاسای { پێشگر + هاوەڵناو + پاشگر } .

*وەڵام/ ٣_ باش : هاوەڵناوی چۆنیەتییە ، دیارخەری ناوی { داڕشتنە }

*وەڵام/ ٤_ { داڕشتنێکی زۆر باشـم زۆر بە جوانی نووسییە وە } .

*زۆرباش ..... ﴿ زۆر ﴾.... ڕادەی هاوەڵناوییە ، هاوەڵناوی نادیارە ، دیارخەرە .

*زۆر بە جوانی .... ﴿ زۆر ﴾ .... ڕادەی هاوەڵکارییە ، هاوەڵکاری چەندییە ، دیارخەرە .

{ ڕاهێنـانـی _٢ } لا٧٢

*بە نموونەوە وەڵامی ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە بدەوە .

* وەڵام / ا_ بریتی یە لە دەرخستنی ڕادەی هاوەڵکارێك بە هاوەڵکارێکی چەندی بە هەردوو هاوەڵکارەکە { گرێی هاوەڵکاری } پێکدێنن و دەبنە { تەواوکەری کار }

* نموونە ١ : کارەکە م زۆر بە پەلە ئە نجام دا .

* نموونە ٢ : میوانەکان کەمێك درەنگ هاتن .

07706101021

*وەلام / ٢ _ جیاوازی

هاوەڵناو	هاوەڵکار
هاوەڵناو : وشەیەکە لەرستەدا وەسفی ناوێك یان جێناوێك دەکات یان دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو. * نموونە : خوێندکارەکە زیرەك بوو .	هاوەڵکار: وشەیەکە لە رستەدا وەسفی کارێك دەکات و صۆنیەتی رووداني دەردەخات و دەبێتە تەواو کەری کاری رستەکە . * نموونە : هۆنراوەکەم بە جوانی خوێندەوە .

{ ڕاهێنـانـی _ ٣ } لا٧٢

*وەلامی ڕاست هەڵبژێرە .

*وەلام / ١ _ ئـ _ ڕادەی هاوەڵناوی

*وەلام / ٢ _ ب _ ڕادەی هاوەڵکاری

*وەلام / ٣ _ پ _ گرێی هاوەڵکاری

*وەلام / ٤ _ ب _ ڕادەی هاوەڵناوە

* وەلام / ٥ _ ب _ ڕادەی هاوەڵکاری

07706101021

{ ڕاهێنـانـی _٤ } لا٧٣

*شیکـــردنـــەوە

*وەڵام :

وشـــــە	شیکـــردنەوە
١ _ گەلێك سەخت	گرێی هاوەڵناوییە ، دیارخەری ناوی قەڵایە .
گەلێك	ڕادەی هاوەڵناوییە ، هاوەڵناوی نادیارە ، دیارخەرە
سەخت	هاوەڵناوی چۆنیەتییە ، سادەیە ، دیارخراوە
ی	جێناوی لکاوە بۆکەسی سێ یەمی تاك دەگەڕێتەوە بۆ بکەری ڕستەکە
٢ _ زۆر کۆن	گرێی هاوەڵناوییە ، تەواو کەری کاری ناتەواوە
زۆر	ڕادەی هاوەڵناوییە ، هاوەڵناوی نادیارە ، دیارخەرە
کۆن	هاوەڵناوی چۆنیە تییە ، سادەیە ، دیارخراوە
٣ _ گەلێك باش	گرێی هاوەڵکاریی چۆنیە تییە ، تەواوکەری کارە
گەلێك	ڕادەی هاوەڵکارییە ، هاوەڵکاری چەندییە ، دیارخەرە
باش	هاوەڵکاری چۆنیەتییە ، سادەیە ، دیارخراوە

07706101021

*چەند پرسیارێك لەسەر بابەتی { ڕادەی هاوەڵناوی و ڕادە ی هاوەڵکاری } لە شێوەی هەڵبژاردن .

پ١ : مێژووی قەڵای دمدم زۆر کۆنــە .

ئــ / زۆر .... { هاوەڵکارە _ ڕادەی هاوەڵناوە _ ڕادەی هاوەڵکارە }

ب/ کۆن .... { هاوەڵناوی چۆنیەتی _ ڕادەی هاوەڵکار _ هاوەڵکار }

پ٢ : شۆڕشگێڕەکان سنووری وڵاتیان گەلێك باش پاراستووە .

*گەلێك .... { هاوەڵناوە _ ڕادەی هاوەڵناوی _ ڕادەی هاوەڵکاری }

پ٣ : منداڵەکە زۆر جوانـــە .

ئــ / زۆر .... { هاوەڵناوە _ ڕادەی هاوەڵکاری _ ڕادەی هاوەڵناوی }

ب/ جوان .... { دیارخەر _ هاوەڵکارە _ هاوەڵناوی چۆنیەتی }

ت/ گرێی { زۆر جوان } .... ئەرکی { دیارخراوە _ تەواوکەری کارە _ کاری ناتەواوە }

پ/ ئەگەر کارەکە بکەینە { ڕۆیشت } ، زۆر دەبێتە ....

{ هاوەڵکارە _ ڕادەی هاوەڵناوە _ ڕادەی هاوەڵکارە }

پ٤ : فاکسەکەم زۆر بە پەلە نارد . { زۆر } ....

{ هاوەڵکارە _ ڕادەی هاوەڵناوە _ ڕادەی هاوەڵکارە }

07706101021

*دیارخـــەرەکانی نـــاو *

یەکەم : ئەرکی ناو لە ڕستەدا وەك دیارخەری ناو

*تێبینی : کاتێك ناوێك دەبێت بە دیارخەر بۆ ناوێکی تر ، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت .

١_ ناوی ﴿ دیارخراو ﴾ دەکەوێتە پێش ناوی ﴿ دیارخەر ﴾ .

٢_ پێویستە لە نێوان ﴿ دیارخراو ﴾ و ﴿ دیارخە ر ﴾ ئامرازی دانە پاڵی ﴿ ی ﴾ هەبێت .

٣_ بە ﴿ دیارخراو ﴾ و ﴿ دیارخە ر ﴾ هەردووکیان پێکەوە ﴿ گرێی ناویی ﴾ دروست دەکەن .

٤_ ئەو ﴿ گرێی ناوی ﴾ یە دەتوانێت هەموو ئەرکە ڕێزمانییەکان ببینێ لە ڕستەدا ، وەکو ﴿ بکەر ، بەرکار ، تەواوکەری بەیاریدە ، جێگری بکەر ، دیارخەر ، نیهاد ، تەواوکەری کاری ناتەواو ﴾

٥_ ناوی تایبەتی مرۆڤەکان و ناوی شارەکان و وڵاتەکان نیشانە ناسراوی ﴿ ەکە ، کە ﴾ و نیشانەی کۆ ﴿ ان ﴾ وەرناگرن .

٦_ دەکرێت ناوی ﴿ دیارخراو ﴾ یان ﴿ دیارخەر ﴾ بە پێی شوێن و مەبەست ﴿ بە مەرجێك لەگەڵ ڕاستیدا بگونجێت ﴾ نیشانەکانی ﴿ تاك ، کۆ ﴾ و ﴿ ناسراوی و نەناسراوی ﴾ وەربگرن .

*نموونە ١ : ئاو ی کانی لە ئاو ی ڕووبار پاکترە .

دیارخراو — ئامرازی دانە پاڵ — دیارخەر — دیارخراو — ئامرازی دانە پاڵ — دیارخەر

*ئاوی کانی : گرێی ناوییە ، ئەرکی نیهادە .

*ئاوی ڕووبار : گرێی ناوییە ، ئەرکی تەواو کەری بە یاریدەیە .

*لەم ڕستەیە : ناوێکی تاکی نەناسراو دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراوە .

* نموونە ٢ : خوێندکار ی قوتابخانەکە خەڵاتکرا .

دیارخراو — ئامرازی دانە پاڵ — دیارخەر

*خوێندکاری قوتابخانەکە : گرێی ناوییە ، ئەرکی جێگری بکەرە .

* لەم ڕستەیە : ناوێکی تاکی ناسراو دیارخەری ناوێکی گشتی نەناسراوە .

*نموونه٣ : دێهاتەکانی کوردستان ئاوەدان دەکەنـەوە .

دیارخراو　　ئامرازی دانە پاڵ　　دیارخەر

*دێهاتەکانی کوردستان : گرێی ناوییە ، بەرکارە .

* لەم ڕستەیە : ناوێکی تایبەتی ناسراو بووە بە دیارخەری ناوێکی کۆی ناسراو .

*نموونه٤ : پەرتووکەکانم بۆ خوێند کارانـی قوتابخانە کەیـە .

دیارخراو　　ئامرازی دانە پاڵ　　دیارخەر

*خوێند کارانی قوتابخانە کە : گرێی ناوییە ، تەواوکەری بە یاریدەی کاری ناتەواوە .

* لەم ڕستەیە : ناوێکی تاکی ناسراو بووە بە دیارخەری ناوێکی کۆی نەناسراو .

*نموونه٥ : گوڵەکانی ئەم باخە جوانن .

دیارخراو　　ئامرازی دانە پاڵ　　دیارخەر

*گوڵەکانی ئەم باخە : گرێی ناوییە ، ئەرکی نیهادە

*لەم ڕستەیە : ناوێکی دەست نیشانکراوبە هۆی هاوەڵناوی نیشانە بووە بە دیارخەری ناوێکی کۆی ناسراو .

*نموونه٦ : کرێکارە کانی کارگەی مافوور دڵسۆزانە کاردەکەن .

دیارخراو　　ئامرازی دانە پاڵ　　دیارخەر

*کرێکارەکانی کارگەی مافوور : گرێی ناوییە ، ئەرکی بکەرە .

* گرێی { کارگەی مافوور } ئەرکی دەبێتە { دیارخەری ناوی کرێکار }

*لەم ڕستەیە : دوو ناوی تاکی نەناسراو بوونەتە دیارخەری ناوێکی کۆی ناسراو .

*نموونه٧ : هێمن نەمامەکانی لە باخچە ی خوێند نگەکە کەدا ڕواند .

دیارخراو　　ئامرازی دانە پاڵ　　دیارخەر

*باخچەی خوێندنگەکە : گرێی ناوییە ، ئەرکی تەواوکەری بە یاریدەیە .

*لەم ڕستەیە : ناوێکی تاکی ناسراو بووە بە دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراو .

*تێبینی : لەکرمانجی ژووروودا ﴿ ئامرازی دانەپاڵ ﴾ بە پێی {تاك و کۆ } و { نێرو مێ { جیاوازە ، بەم شێوەیە ی خوارەوە .

١_ ﴿ یٚ ﴾ ئامرازی دانەپاڵە بۆ { تاکی نێر } بەکار دێت .

* نموونە : کورٍ یٚ ئازاد ی بە یەکەم دەرچوو .

*دیارخراو   ئامرازی دانەپاڵ   دیارخەر

*کوڕێ ئازاد : گرێی ناوییە ، ئەرکی بکەرە .

٢_ ﴿ ا ﴾ ئامرازی دانەپاڵە بۆ { تاکی مێ } بەکار دێت .

* نموونە : دایکـــا شیرینێ ئەندازیارە .

*دیارخراو   ئامرازی دانەپاڵ   دیارخەر

*دایکا شیرین : گرێی ناوییە ، ئەرکی نیهادە .

٣_ ﴿ ێن ، ێد ، ێت ﴾ ئامرازی دانەپاڵن بۆ { کۆی نێرو مێ } بەکاردێن .

* نموونە ١ : شار ێد کوردستانێ خۆشن .

*دیارخراو   * ئامرازی دانەپاڵ   * دیارخەر

*شارێد کوردستان : گرێی ناوییە ، نیهادە .

*زارۆکـــێن گوندێن وان زرنگن .

*دیارخراو   * ئامرازی دانەپاڵ   *دیارخەر

*زارۆکێن گوندێن : گرێیە ناوییە ، نیهادە

٠٧٧٠٦١٠١٠٢١

﴿ ڕاهێنانی _ ١ ﴾ لا٧٧

*لەرستەی { کتێبەکانی خوێندکاران وەردەگرینــەوە } دا :

*وەڵام : ١ _ خوێندکاران : ناوە ، کۆیە ، نەناسراوە ، ئەرکی دیارخەری ناوی ﴿ کتێبەکان ﴾ ە .

*وەڵام:٢ _ وەردەگرینەوە : ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە ، داڕێژراوە ، تێپەرە .

*وەڵام:٣ _ کتێبەکان : ناوە ، کۆیە ، ناسراوە ، دیارخراوە .

*وەڵام: ٤ _ وەردەگرتەوە

کـۆ	تاك
* وەر مان دەگرتەوە	* وەر م دەگرتەوە
* وەر تان دەگرتەوە	* وەر ت دەگرتەوە
* وەر یان دەگرتەوە	* وەر ی دەگرتەوە

﴿ڕاهێنانی _ ٢ ﴾ لا٧٧

*ڕستەی گونجاو بۆ ئەم داوا کارییانەی خوارەوە بهێنەرەوە .

*وەڵام: ١ _ خوێندکاری قوتابخانەکانـمان خەڵاتکرد .

*وەڵام:٢ _ کرێکارەکەی کارگەی چنین بەباشی کاردەکات .

*وەڵام:٣ _ میوەی ئەم باخـە بە تامە .

﴿ڕاهێنانی _ ٣ ﴾ لا٧٧

*وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە .

*وەڵام:١- ب _ کۆی نەناسراوە

*وەڵام:٢- پ _ ناوێکی دەست نیشانکراو

*وەڵام:٣- ب _ تەواوکەری کاری ناتەواوە

*وەڵام:٤- ب _ تاکی نێرە

*وەڵام:٥- ب _ ناوی کۆی ناسراو و تاکی ناسراو

٠٧٧٠٦١٠١٠٢١

﴿ ڕاهێنانی _ ٤ ﴾ ل٧٨

*شیکردنەوە :

١_ تیپی کچان شانۆگەرییە کەی نمایشکرد .

وشـــــە	شـــیکردنەوە
تیپ	ناوە ، کۆمەڵە ، دیارخراوە
ی	ئامرازی دانەپاڵە
کچان	ناوە ، کۆیە ، نەناسراوە ، دیارخەری ناوی ﴿ تیپ ﴾ ە
تیپی کچان	گرێی ناوییە ، بکەرە
شانۆگەرییە کە	ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، بەرکارە
یان	جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێ یەمی کۆ دەگەڕێتەوە بۆ بکەر
نمایشکرد	کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە ، تێپەڕە ، لێکدراوە

٢_ کلتوری کورد دەپارێزین .

وشـــــە	شیکـرد نـەوە
کلتور	ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، دیارخراوە
کورد	ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، دیارخەری ناوی ﴿ کلتور ﴾ ە
کلتوری کورد	گرێی ناوییە ، بەرکارە
دەپارێزین	کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە ، تێپەڕە
ین	جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ ، بکەرە

*چەند پرسیارێك لە سەر بابەتی ئەركی ناو لەدەوری دیارخەری ناو ، بە شێوەی هەڵبژاردن *

پ١ : مامۆستایانی كوردستان دڵسۆزن .

ئـ _ { كوردستان } بووەتە دیارخەری ناوێكی .... ﴿ تاكی نەناسراو _ كۆی نەناسراو _ تایبەتی ﴾ .

ب _ چی لەم ڕستەیە دەرنەكەوتووە ؟.............. ﴿ كاری ناتەواو _ بەركار _ بكەر ﴾ .

ت _ گرێی ﴿ مامۆستایانی كوردستان ﴾ ئەركی .... ﴿ بەركار _ نیهاد _ دیارخەر ﴾ .

پ٢ : پەرتووكەكانی قوتابییان وەردەگرینەوە .

ئـ _ قوتابییان ناوێكی .... ﴿ تاكی ناسراو _ كۆی ناسراو _ كۆی نەناسراو ﴾ .

ب _ قوتابییان بووەتە دیارخەری ناوێكی ..... ﴿ تاكی ناسراو _ كۆی ناسراو _ كۆی نەناسراو ﴾ .

ت _ پەرتووكەكان بە چی دیارخراوە ؟ ناوێكی ...... ﴿ كۆی نەناسراو _ تاكی ناسراو _ كۆی ناسراو ﴾ .

پ _ گرێی ﴿ پەرتووكەكانی قوتابییان ﴾ ئەركی .... ﴿ بكەر _ بەركار _ دیارخەر ﴾ .

ج _ ڕستەكە بگۆڕین بۆ ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن .... دەبێتە

﴿ پەرتووكەكانی قوتابییان وەردەگریتەوە _ پەرتووكەكانی قوتابییا نمان وەردەگرتەوە _ هیچیان ﴾

ح _ كاری ڕستەكە لە چ ڕێژەیەكە ؟ ... ﴿ ڕانەبردووی دانانی _ ڕابردووی نزیكی ڕاگەیاندن _ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ﴾ .

خ _ كاری ڕستەكە بگۆرە بۆ ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن .... دەبێتە

﴿ وەرگرتووە _ وەر گرتەوە _ وەرگرتووەتەوە ﴾

پ٣ : ئۆتۆمبێلەكانی پێشانگاكە دەفرۆشرێن .

ئـ _ پێشانگەكە بووەتە دیارخەری ناوێكی .... ﴿ تاكی ناسراو _ تایبەتی _ كۆی ناسراو ﴾

ب _ گرێی ﴿ ئۆتۆ مبێلەكانی پێشانگاكە ﴾ ئەركی ..... ﴿ بكەر _ جێگری بكە ر _ نیهاد ﴾

پ٤ : كلتوری كورد دەپارێزین . دیارخەرەكە ناوێكی ...... ﴿ تاكی نەناسراو _ تاكی ناسراو _ تایبەتی ﴾

پ٥ : دێهاتەكانی كوردستان ئاوەدان دەكەینەوە .

ئـ _ ﴿ دێهات ﴾ بە چی دیارخراوە ؟ ...... ﴿ ناوێكی تاكی نەناسراوە _ ناوێكی تایبەتی _ ناوێكی گشتی ﴾

ب _ ﴿ كوردستان ﴾ بووە بە دیارخەری ناوێكی .... ﴿ تاكی ناسراو _ كۆی ناسراو _ ناوی تایبەتی ﴾

ت _ گرێی ﴿ دێهاتەكانی كوردستان ﴾ ئەركی .... ﴿ بكەر _ بەركار _ تەواو كەری بە یاریدە ﴾

٠٧٧٠٦١٠١٠٢١

پ٦ : هونەرمەندانی کوردستان دەست ڕەنگینن .

ئـ_ ﴿ کوردستان ﴾ ناوێکی .... ﴿ کۆی نەناسراو _ تایبەتی _ تاکی ناسراو ﴾

ب_ هونەرمەندان بە چی دیارخراوە ؟ ناوێکی .... ﴿ کۆی ناسراو _ کۆی نەناسراو _ تایبەتی ﴾

ت_ چی لەم ڕستەیە دەرنەکەوتووە ؟ .... ﴿ بەرکار _ کاری ناتەواو _ بکەر ﴾

پ_ گرێی ﴿ هونەرمەندانی کوردستان ﴾ ئەرکی .... ﴿ دیارخەر _ نیهاد _ بەرکار ﴾

ج_ تەواوکەری کارەکە چ جۆرە وشەیەکە ؟ .... ﴿ جێناو _ ناو _ هاوەڵناو ﴾

پ٧ : کرێکارەکانی کارگەکە کار دەکەن . ﴿ کارگەکە ﴾ بووەتە دیارخەری ناوێکی ....

﴿ تاکی ناسراو _ کۆی ناسراو _ تاکی نە ناسراو ﴾

پ٨: تیپی کچان شانۆگەرییە کەیان نمایشکرد .

ئـ_ ﴿ کچ ﴾ بووەتە دیارخەری ناوێکی .... ﴿ تاکی ناسراو _ کۆی نەناسراو _ تاکی نەناسراو ﴾

ب_ ﴿ تیپ ﴾ دیارخراوە بە ناوێکی .... ﴿ کۆی نەناسراو _ تاکی ناسراو _ کۆی ناسراو ﴾

ت_ گرێی ﴿ تیپی کچان ﴾ ئەرکی .... ﴿ بەرکار _ جێگری بکەر _ بکەر ﴾

پ٩ : خوێندنی باڵا لە زانکۆکان کرایەوە .

ئـ_ ﴿ باڵا ﴾ بووەتە دیارخەری .... ﴿ تاکی ناسراو _ چاوگ _ تاکی نەناسراو ﴾

ب_ گرێی ﴿ خوێندنی باڵا ﴾ ئەرکی .... ﴿ بکەر _ بەرکار _ جێگری بکەر ﴾

***دووەم : ئەرکی هاوەڵناو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو**

*تێبینی : هەموو جۆرەکانی هاوەڵناو دەتوانن ببن بە ﴿ دیارخەری ناو ﴾ بە کۆمەڵێك تایبەتمەندییەوە .

١_ ئەگەر ناوە دیارخراوەکە ، ناوێکی گشتی نە ناسراو یان ناوێکی تاکی نەناسراو بێت و ﴿ هاوەڵناوێك ﴾ بوو بێت بە ﴿ دیارخەری ﴾ ئەوا ناوە ﴿ دیارخراو ﴾ ەکە دەکەوێتە پێش ﴿ هاوەڵناو ﴾ ە ، ﴿ دیارخەر ﴾ ەکەوە ، ئامرازی دانەپاڵی ﴿ ی ﴾ دەکەوێتە نێوانیان .

*یاسای ١ : ناوێکی گشتی نەناسراو + ی + هاوەڵناو + ... تەواوکەر

*دیارخراو   *ئامرازی دانە پاڵ   *دیارخەر

گرێی ناویی

* نموونە : زێڕی پاك ژەنگ هەڵنایەنێت .

*دیارخراو   *ئامرازی دانە پاڵ   * دیارخەرە

*ناوێکی گشتی نەناسراو   *هاوەڵناوی چۆنیەتی

*زێڕی پاك : گرێی ناوییە

*یاسای٢ : ناوێکی تاکی نەناسراو + ی + هاوەڵناو +....... تەواوکەر

*دیارخراو   *ئامرازی دانە پاڵ   * دیارخەر

گرێی ناویی

* نموونە : پەرتووکێکـی کۆنـم کڕییوو .

*دیارخراو   *ئامرازی دانە پاڵ   * دیارخەر

*ناوی تاکی نەناسراو   *هاوەڵناوی چۆنیەتی

* پەرتووکێکی کۆن : گرێی ناوییە

٢_ ئەگەر ناوە ﴿ دیارخراو ﴾ ەکە کۆتایی بە پیتێکی ﴿ نەبزوێن ﴾ هاتبێت و ﴿ ناسراو ﴾ واتا نیشانەی ﴿ ناسراوی ﴾ ﴿ ەکە ﴾ ی وەرگرتبێت ، جا ناوەکە ﴿ تاك یان کۆ ﴾ بێت ئەوا پێویستە ناوە ﴿ دیارخراو ﴾ ەکە و ﴿ هاوەڵناو ﴾ ە دیارخەرەکە بکەینە سەر شێوەی ﴿ ناوێکی لێکدراو ﴾ پاشان نیشانەی ناسراوییە کە دەکەوێتە دوای ﴿ هاوەڵناو ﴾ ەکە .

*تێبینی : لەگەڵ ناوی ناسراودا ئامرازی ﴿ دانە پاڵی ﴾ ﴿ ە ﴾ بەکاردێت و دەچێتە نێوان دیارخراو و هاوەڵناوە دیارخەرەکە .

*یاساکەی : ناوی تاکی ناسراو + ە + هاوەڵناو + ەکە ، ەکان + ... تەواوکەر
یان / ناوی کۆی ناسراو
*دیارخراو
*ئامرازی دانە پاڵ
* دیارخەر
گرێی ناویی

* نموونە ١ : خوێندکار ە زیرەکەکەم خۆشدەوێت .
*دیارخراو
*ئامرازی دانە پاڵ
*دیارخەر
*نیشانەی ناسراوی
*ناوێکی تاکی ناسراو
*هاوەڵناوی چۆنیەتی

*خوێندکارە زیرەکەکە : گرێی ناوییە

* نموونە ٢ : دار ە بەرز ەکـــان مەبڕن .
*دیارخراو
* ئامرازی دانە پاڵ
*دیارخەر
*نیشانەی ناسراوی
* نیشانەی کۆ
*ناوێکی کۆی ناسراو
* هاوەڵناوی چۆنیەتی

*دارە بەرزەکان : گرێی ناوییە

*تێبینی ١ : ئەگەر ناوە ناسراوەکە ﴿ کۆ ﴾ بێت ، واتا نیشانەی ﴿ ان ﴾ ی وەرگرتبێت ، نیشانەی ناسراوی ﴿ ەکە ﴾ و نیشانەی کۆ ﴿ ان ﴾ دەچنە دوای هاوەڵناوە دیارخەرەکە ، سەرەتا نیشانەی ﴿ ناسراوی ﴾ پاشان نیشانەی ﴿ کۆ ﴾ دا دەنرێت .

*بەم شێوەیە : ناوی کۆی ناسراو + ە + هاوەڵناو + ەکە + ان .... تەواوکەر

* نموونە : خوێند کار ە زیرەکـــەکـــان خەلاتدەکەین .
*دیارخراو
*ئامرازی دانە پاڵ
*دیارخەر
*نیشانەی ناسراوی
*نیشانەی کۆ
*ناوێکی کۆی ناسراو
*هاوەڵناوی چۆنیەتی

*تێبینی ٢ : ئەگەر ناوێکی دیارخراو چەند هاوەڵناوێك بە دوای یەکتر دا بوون بە ﴿ دیارخەر ﴾ بۆی ، ئەوا نیشانەی ناسراوی وکۆ دەکەونە کۆتایی دواهەمین ﴿ هاوەڵناوە ﴾ دیارخەرەکە .

* نموونە : درەختـــــە بەرزە جوانـــــە سەرنجڕاکێشـــــەکـــــان مەبڕن .

*دیارخراو ← *ناوێکی کۆی ناسراو
*ئامرازی دانە پاڵ
*دیارخەر ← *هاوەڵناوی چۆنیەتی
نیشانەی ناسراوی
*نیشانەی کۆ

*تێبینی ٣ : ئەگەر ناوە دیارخراوەکە ﴿ تاك یان کۆی ناسراو ﴾ بێت و کۆتایی بە یەکێك لەم پیتە بزوێنانە ﴿ ە ، ۆ ، ا ، ێ ﴾ هاتبێت ، هەروەها لەیەك برگە زیاتر بێت ئەوا ئامرازی دانە پاڵی ﴿ ە ﴾ لە نێوان ناوی ﴿ دیارخراو ﴾ و هاوەڵناوی ﴿ دیارخەر ﴾ دا دەرناکەوێت ، چونکە بە پێی دەستووری زمانی کوردی ناکرێ دوو پیتی بزوێن بەدوای یەکدا بێن .

* نموونە ١ : ئەستێرە گەشـەکە دەرکەوت .

*دیارخراو
*دیارخەر

*تێبینی : لەنێوان ﴿ ئەستێرە ﴾ و ﴿ گەشەکە ﴾ ئامرازی دانە پاڵی ﴿ ە ﴾ دەرنەکەوتووە ، چونکە وشەی ﴿ ئەستێرە ﴾ لە بڕگەیەك زیاترەو کۆتایی پیتی بە بزوێنی ﴿ ە ﴾ هاتووە .

* نموونە ٢ : گەزۆ نایابـەکـان فرۆشران .

*دیارخراو
*دیارخەر

*تێبینی: لەنێوان وشەی ﴿ گەزۆ ﴾ و ﴿ نایابەکان ﴾ ئامرازی دانە پاڵی ﴿ ە ﴾ دەرنەکەوتووە ، چونکە وشەی ﴿ گەزۆ ﴾ لە بڕگەیەك زیاترە و کۆتایی بە پیتی بزوێنی ﴿ ۆ ﴾ هاتووە .

* نموونە ٣ : خوێندنگا سەرکەوتووەکـان خەڵاتدەکرێن .

*دیارخراو
*دیارخەر

*تێبینی : لە نێوان وشەی ﴿ خوێندنگا ﴾ و ﴿ سەرکەوتووەکان ﴾ ئامرازی دانە پاڵی ﴿ ە ﴾ دەرنەکەوتووە ، چونکە وشە ی ﴿ خوێندنگا ﴾ لە بڕگەیەك زیاترەو کۆتایی بە پیتی بزوێنی ﴿ ا ﴾ هاتووە .

* نموونە ٤ : بە هێ گەییوەکـانـم لێکردەوە .

*دیارخراو
* دیارخەر

*تێبینی : لە نێوان وشەی ﴿ بە هێ ﴾ و ﴿ گەییوەکان ﴾ ئامرازی دانە پاڵی ﴿ ە ﴾ دەرنەکەوتووە ، چونکە وشەی ﴿ بە هێ ﴾ لە بڕگەیەك زیاترەو کۆتایی بە پیتی بزوێنی ﴿ ێ ﴾ هاتووە .

٠٧٧٠٦١٠١٠٢١

*تێبینی ٤ : ئەگەر ناوە دیارخراوە ناسراوەکە تەنها لە ﴿ یەك برگە ﴾ پێکهاتبوو کۆتایی بەیەکێك لەم پیتە بزوێنانە ﴿ ە ، ا ، ۆ ، ێ ﴾ هاتبێت ناوەکە و هاوەڵناوەکە دەخەینە سەر شێوەی ناوێکی لێکدراو و ئامرازی دانە پاڵی ﴿ ە ﴾ وەردەگرێت هەروەها ﴿ ی ﴾ ناوبەند دەچێتە نێوان ناوە دیارخراوەکەو ئامرازی دانە پاڵی ﴿ ە ﴾ ، نیشانەی ناسراوی ﴿ ەکە ﴾ دەچێتە دوای هاوەڵناو ە دیارخەرەکە و ئەگەر ناوەکە ﴿ کۆ ﴾ ش بێت نیشانەی ﴿ ان ﴾ یش دەچێتە دوای ﴿ ەکە ﴾ ی ناسراوی .

* نموونە ١ : شەیە بچووکەکەم کڕی .   *شە : واتا شانە

*دیارخراو   *ناوبەند   *ئامرازی دانە پاڵ   * دیارخەر

* نموونە ٢ : بایە بەهێزەکە هەڵیکرد .

*دیارخراو   *ناوبەند   *ئامرازی دانە پاڵ   *دیارخەر

* نموونە ٣ : دۆیە ترشەکە ی ڕژاند .

*دیارخراو   * ناوبەند   *ئامرازی دانە پاڵ   * دیارخەر

* نموونە ٤ : دێیە خۆشەکانم بینیوە .

*دیارخراو   *ناوبەند   *ئامرازی دانە پاڵ   *دیارخەر

*تێبینی ٥ : ئەگەر ناوە دیارخراوە ناسراوەکە بە پیتە بزوێنەکانی ﴿ ی ، وو ﴾ کۆتایی هاتبێت ﴿ بە پێی ڕەچاوکردنی برگە ﴾ ئامرازی دانە پاڵی ﴿ ە ﴾ لە نێوان ناوی دیارخراو و هاوەڵناو ی دیارخەر دا دادە نێین ، بۆ ئەوەی دوو بزوێن بە دوای یەکتر نەیەن ، ناوبەندێك لە شێوەی پیتەکەی کۆتایی ناوە دیارخراوەکە وەردەگرێت ، هەروەها ﴿ وو ﴾ ی درێژ دەگۆڕدرێت بۆ ﴿ و ﴾ ی کورت بەم شێوەی خوارەوە .

* نموونە ١ : کانییە ڕوونەکان دڵڕفێنن .

*دیارخراو   *ناوبەند   *ئامرازی دانە پاڵ   *دیارخەر

* نموونە ٢ : بییە سەوزەکان مەبڕنەوە .

*دیارخراو   *ناوبەند   *ئامرازی دانە پاڵ   *دیارخەر

* نموونە ٣ : شاتو و ە سوورەکەم خوارد .

*دیارخراو   *ناوبەند   *ئامرازی دانە پاڵ   *دیارخەر

*تێبینی : ئەم هاوەڵناوانەی کە دەبن بە ﴿ دیارخەر ﴾ و پێش ناوە دیارخراوەکە دەکەون ، لە نێوان هاوەڵناوە ﴿ دیارخەرە کە ﴾ و ناوە دیارخراوەکە پێویستمان بە ئامرازی دانە پاڵ ﴿ ی ﴾ نابێت ،واتا ئامرازی دانە پاڵ بە کار نایەت .

١_ هاوەڵناوی پرس : ← نموونە : کام خوێندکار ئامادە نەبوو ؟

*دیارخەر　　*دیارخراو

*هاوەڵناوی پرس

٢_ هاوەڵناوی ژمارەی بنچی : ← نموونە : دوو ڕۆژنامەم کڕی .

*دیارخەر　　*دیارخراو

*هاوەڵناوی ژمارەی بنچی

٣_ هاوەڵناوی نیشانە : ← نموونە : ئەم خوێندکارە زیرەکە .

*دیارخەر　　*دیارخراو

*هاوەڵناوی نیشانە

٤_ هاوەڵناوی نادیار: ← نموونە : هەموو یاریزانەکان ئامادەبوون .

*دیارخەر　　*دیارخراو

*هاوەڵناوی نادیار

٥_ هاوەڵناوی پلەی باڵا : ← نموونە : باشترین کتێبـــم کڕی .

*دیارخەر　　*دیارخراو

*هاوەڵناوی پلەی باڵا

*تێبینی : لەم نموونانەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێکردووە ئامرازی دانە پاڵی ﴿ ی ﴾ بە کار نەهاتووە .

*تێبینی: هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی کاتێك دەبێت بە دیارخەری ناو هەمیشە هاوەڵناوە کەرتییەکە پێش ناوە دیارخراوەکە دەکەوێت و لە نێوان ﴿ هاوەڵناو ﴾ ی دیارخەرو ناوی ﴿ دیارخراو ﴾ دا ئامرازی دانە پاڵی ﴿ ی ﴾ بەکاردێت .

* نموونە ١ : نیوە ی زەوییەکەم فرۆشت .

*دیارخەر　　*ئامرازی دانە پاڵ　　*دیارخراو

*هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی

* نموونە ٢ : چوارێەکـــی وێنەکە م ڕەنگ کرد .

*دیارخەر *ئامرازی دانە پاڵ *دیارخراو

*هاوەڵناوی ژمارەی کەتی

*تێبینی :ئەم جۆرە هاوەڵناوانەی خوارەوە کاتێك دەکەونە دوای ناوی ﴿ دیارخراو ﴾لەنێوان ناوە ﴿ دیارخراو ﴾دەکەو ﴿ هاوەڵناوە ﴾
﴿ دیارخەر ﴾دەکەدا ئامرازی دانە پاڵی ﴿ ی ﴾ بەکاردێت .

١_ هاوەڵناوی پلەی ڕێکخستن : ← نموونە : خوێندکاری یەکەم خەلاَتکرا .

*دیارخراو *ئامرازی دانە پاڵ *دیارخەر

*هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن

٢_ هاوەڵناوی پرس : ← نموونە : ڕۆمانێکـــی چۆنـت خوێندەوە ؟

*دیارخراو *ئامرازی دانە پاڵ *دیارخەر

*هاوەڵناوی پرس

٣_ هاوەڵناوی نادیار: ← نموونە : فەرهەنگێکـــی تر بەکار دەهێنم .

*دیارخراو *ئامرازی دانە پاڵ *دیارخەر

*هاوەڵناوی نادیار

٤_ هاوەڵناوی پلەی بەراورد : ← نموونە : نمرەیەکـــی بەرزترم بە دەست هێناوە .

*دیارخراو *ئامرازی دانە پاڵ *دیارخەر

*هاوەڵناوی پلەی بەراورد

*تێبینی : بەناوە ﴿ دیارخراو ﴾ دەکەو ﴿ هاوەڵناو﴾ە دیارخەرەکە گرێی ناوی پێکدێنن .

۞ ڕاهێنانی _ ١ ۞ لا ٨٣

*وەڵام/ ١ _ خواردنێکی خۆشم خوارد .

*وەڵام/ ٢ _ بیرە هەڵکەنراوەکە پڕکرایەوە .

*وەڵام/ ٣ _ پێشمەرگە خەباتکەرەکـان سەرکەوتن .

۞ ڕاهێنانی _ ٢ ۞ لا ٨٣

*وەڵام:

ڕستە	دیارخەر	جۆرەکەی
١_	کام	هاوەڵناوی پرس
٢_	زۆر	هاوەڵناوی نادیار
٣_	زیرەك	هاوەڵناوی چۆنیەتی

۞ ڕاهێنانی _ ٣ ۞ لا ٨٣

*وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە .

*وەڵام/ ١ _ پ _ کۆی ناسراوە

*وەڵام/ ٢ _ ب _ بەراورد

*وەڵام/ ٣ _ پ _ دیارخەری ناوە

*وەڵام/ ٤ _ ئـ _ ئامرازی دانەپاڵ

*وەڵام/ ٥ _ ب _ بیبەسەوزەکان مەبڕنەوە .

﴿ ڕاهێنانی _٤ ﴾

*لەم ڕستەیە ﴿ پێشمەرگە بوێرەکە خەڵاتکرا ﴾ .

*وەڵام/١ _ ئامرازی دانە پاڵی ﴿ ە ﴾ دەرنەکەوتووە ، چونکە ناوی ﴿ پێشمەرگە ﴾ لەیەك برگە زیاتر پێکهاتووە و کۆتایی بە پیتی بزوێنی ﴿ ە ﴾ هاتووە .

*وەڵام/٢ _ شەیـە جوانەکە بکڕە . ﴿ ئامرازی دانە پاڵی ﴿ ە ﴾ دەرکەوتووە ، چونکە ناوی ﴿ شە ﴾ لەبرگەیەك پێکهاتووە ، لە نێوان وشەی ﴿ شە ﴾ و ﴿ ئامرازی دانە پاڵی ﴿ ە ﴾ ﴿ ی ﴾ ناوبەند بەکارهاتووە .

*وەڵام/٣ _ ﴿ بوێر ﴾ هاوەڵناوی چۆنیەتییە ، داڕێژراوە ، دیارخەرە ، چۆنیەتی دروستبوونی ← پێشگری (ب) + ڕەگی کار

*وەڵام/٤ _ نیشانەی ناسراوییەکەی خراوەتە سەرهاوەڵناوە دیارخەرەکە ، چونکە ئەگەر ناوێك بەهاوەڵناوی چۆنیەتی دیاربخرێت لە شێوەی ناسراویدا ئەوا نیشانەی ناسراوی ﴿ ەکە ﴾ دەچێتە سەر هاوەڵناوە دیارخەرەکە .

---

*چەند پرسیارێك لە سەربابەتی هاوەڵناو لە دەوری دیارخەری ناو *بە شێوەی هەڵبژاردن *

پ١ : گەزۆ نایابەکان مەخۆ .

ئـ/ لە نێوان ﴿ گەزۆ ﴾ و ﴿ نایابەکان ﴾ چی دەرنەکەوتووە ؟ ....﴿ بکەر _ بەرکار _ ئامرازی دانە پاڵ ﴾

ب/ ﴿ گەزۆ ﴾ ناوێکی .... ﴿ تاکی ناسراو _ کۆی ناسراو _ تاکی نەناسراو ﴾

ت/ گرێی ﴿ گەزۆنایابەکان ﴾ ئەرکی .... ﴿ نیهاد _ بەرکار _ دیارخەری ناو ﴾

پ/ چی لەم ڕستەیە دەرنەکەوتووە؟ ....﴿ کاری ناتەواو _ بکەرو ئامرازی دانە پاڵ _ بەرکار ﴾

ج/ ئامرازی دانە پاڵ دەرنەکەوتووە ، چونکە ناوی ﴿ گەزۆ ﴾ ....

﴿ لەیەك برگە زیاترە _ کۆتایی پیتی بزوێنە _ هەردووکیان ﴾

پ٢ : شەیە جوانەکە کڕی . ﴿ ی ﴾ لە نێوان ﴿ شە ﴾ و ﴿ ە ﴾ چییە ؟......................

﴿ ئامرازی دانە پاڵ _ ناوبەند _ نیشانە ﴾

پ٣ : ﴿ زێڕی پاك ژەنگ هەڵنایەنێت ﴾ . ﴿ زێڕ ﴾ دیارخراوە بە هاوەڵناوی ....

﴿ پرس _ نادیار _ چۆنیەتی ﴾

پ٤ : ﴿ ڕۆژگار هەموو مرۆڤێك دەردەخات . ﴿ ڕۆژگار ﴾ دیارخراوە بە ..﴿ جێناوی نادیار _ هاوەڵناوی نادیار _ هاوەڵناوی پرس ﴾

پ٥ : درەختە بەرزەکان جوانن .

ئـ _ ﴿ ە ﴾ لە نێوان ﴿ درەخت ﴾ و ﴿ بەرز ﴾ چییە ؟ .... ﴿ کاری ناتەواو _ ئامرازی دانە پاڵ _ هیچیان ﴾

ب _ ﴿ درەخت ﴾ ناوێکی .... ﴿ کۆی نەناسراو _ کۆی ناسراو _ تاکی نەناسراو ﴾

ت _ گرێی ﴿ درەختە بەرزەکان ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ بکەر _ نیهاد _ دیارخەری ناو ﴾

پ _ چی لەم ڕستەیە دەرنەکەوتووە ؟ .... ﴿ بکەر _ کاری ناتەواو _ بەرکار ﴾

پ٦ : ئەو هاوەڵناوەی کە لە پێش ناوی دیارخراو دێت پێویستی بەئامرازی دانە پاڵی ﴿ ی ﴾ یە پێی دەوترێت هاوەڵناوی ....

﴿ پرس _ نادیار _ ژمارەی کەرتی ﴾

پ٧ : دیارییەکی چۆنت دەوێت ؟ ﴿ دیاری ﴾ دیارخراوە بە هاوەڵناوێکی ...... ﴿ نیشانە _ چۆنیەتی _ پرس ﴾

پ٨ : مامۆستا بەڕێزەکان دڵسۆزن .

ئـ _ ﴿ بەڕێزەکان ﴾ ئەرکی چییە ؟ ...... ﴿ تەواوکەری کار _ دیارخەری ناو _ هەردووکیان ﴾

ب _ چی لەم ڕستەیە دەرنەکەوتووە ؟ .... ﴿ ئامرازی دانە پاڵ _ کاری ناتەواو _ هەردووکیان ﴾

ت _ کاری ڕستەکە دەرنەکەوتووە ، چونکە .... ﴿ نیهاد تاکە _ نیهاد کۆیە _ هەردووکیان ﴾

پ: کاری ڕستەکە کوا ؟ .... ﴿ ن _ (ە) دەرنەکەوتووە _ هەردووکیان ﴾

ج _ تەواوکەری کارەکە کامەیە ؟ .... ﴿ بەڕێزەکان _ دڵسۆز _ ن ﴾

پ٩ : گەزۆ نایابەکان فرۆشران .

ئـ _ ﴿ گەزۆ ﴾ ناوێکی .... ﴿ کۆی ناسراو _ تاکی ناسراو _ هەردووکیان ﴾

ب _ گرێی ﴿ گەزۆ نایابەکان ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ دیارخەری ناو _ جێگری بکەر _ بەرکار ﴾

ت _ ﴿ ئامرازی دانە پاڵ ﴾ دەرنەکەوتووە ، چونکە ناوی ﴿ گەزۆ ﴾ ....

﴿لەیەك برگە زیاترە _ کۆتایی پیتی بزوێنە _ هەردووکیان ﴾

پ١٠ : بایە بەهێزەکە هەڵیکرد .

ئـ _ ﴿ ی ﴾ لە نێوا ناوی ﴿ با ﴾ و ﴿ ە ﴾ چییە ؟ ...... ﴿ نیشانەیە _ ئامرازە _ ناوبەند ﴾

ب _ ﴿ با ﴾ ناوێکی .... ﴿ کۆی ناسراو _ ناوێکی تایبەتی _ تاکی ناسراو ﴾

ت _ ئەرکی گرێی ﴿ بایە بەهێزەکە ﴾ چییە ؟ .... ﴿ دیارخەری ناو _ بکەر _ بەرکار ﴾

پ١١ : ئەندازیارە بەتواناکە نەخشەی قوتابخانەکەی کێشا .

ئـ_ «ە» لە نێوان ناوی «ئەندازیار» و «بەتوانا» چییە ؟ ....

« کاری ناتەواو _ ئامرازی دانە پاڵ _ ئامرازی پەیوەندی »

ب_ «بەتوانا» چۆن دروستبووە ؟ .... « پێشگر+ ناو _ پێشگر + ڕەگی کار + پاشگر _ پێشگر + ڕەگی کار»

ت_ «ئەندازیار» ناوێکی .... « کۆی ناسراو _ تاکی ناسراو _ تاکی نەناسراو »

پ١٢ : ترێ ترشەکەیان خوارد .

ئـ_ «ە» ی ئامرازی دانە پاڵ دەرنەکەوتووە ، چونکە ناوی «ترێ» ....

« لە برگەیەك زیاترە _ کۆتایی پیتی بزوێنە _ هەردووکیان »

ب_ «ترێ» ناوێکی .... « کۆی ناسراو _ تاکی ناسراو _ هەردووکیان »

ت_ گرێی «ترێ ترشەکە» ئەرکی چییە ؟ .... « نیهاد _ بەرکار _ بکەر »

پ١٣ : بییە سەوزەکان سووتا .

ئـ_ «ی» لە نێوان ناوی «بی» و «ە» چییە ؟ ...... « بکەر _ ناوبەند _ ئامرازی دانە پاڵ »

ب_ «بییە» ناوێکی .... « کۆی نەناسراو _ کۆی ناسراو _ تاکی ناسراو »

ت_ گرێی «بییە سەزەکان» ئەرکی چییە ؟ .... « دیارخەری ناو _ بکەر _ بەرکار »

پ١٤ : بەرزترین نمرەم بەدەست هێنا .

*«نمرە» دیارخراوە بە .... « هاوەڵناوی چۆنیەتی _ هاوەڵناوی پلەی باڵا _ هاوەڵناوی پرس »

پ١٥ : زۆر کورد بەناهەق شەهید کران .

ئـ_ «کورد» دیارخراوە بە .... « هاوەڵناوی پرس _ هاوەڵناوی نادیار _ جێناوی نادیار »

ب_ گرێی «زۆر کورد» ئەرکی چییە ؟ .... « بەرکار _ جێگری بکەر _ دیارخەری ناو »

پ١٦ : هەرمێ سەوزەکان مەخۆ . ----- لە نێوان ناوی «هەرمێ» و «سەوز ەکان» چی دە رنەکەوتووە ؟.....

« کاری ناتەواو _ ئامرازی دانە پاڵ _ ئامرازی پەیوەندی »

پ١٧ : دێــیە خۆشەکا نمان بینیوە .

ئـ_ «ی» لە نێوان ناوی «دێ» و «ە» چییە ؟ .... « بکەر _ ناوبەند _ ئامرازی دانە پاڵ »

ب_ «دێ» ناوێکی .... « تاکی نەناسراو _ کۆی ناسراو _ کۆی نەناسراو »

ت _ کاری ڕستەکە لە ڕێژەی ڕابردووی .... ﴿ دوور _ تەواو _ نزیك ﴾ ی ڕاگەیاندنە .

پ _ ڕستەکە بگۆڕە بۆ شێوازی دانانی ....

﴿ ڕەنگە دێیە خۆشەکەی ببینیبێت _ ڕەنگە دێیە خۆشەکانمان ببینیبێت _ ڕەنگە دێیە خۆشەکانیان ببینیبا ﴾

پ١٨ : ئەم زانکۆیە کرایەوە .

ئـ _ ﴿ زانکۆ ﴾ دیارخراوە بە .... ﴿ هاوەڵناوی پرس _ هاوەڵناوی نیشانە _ جێناوی نادیار ﴾

ب _ گرێی ﴿ ئەم زانکۆیە ﴾ ئەرکی چییە ؟ ...... ﴿ دیارخراو _ جێگری بکەر _ بەرکار ﴾

پ١٩ : نامەیەکی ڕازاوەترم بۆت هێنا . -------- ناوی ﴿ نامە ﴾ دیارخراوە ....

﴿ هاوەڵناوی نیشانە _ هاوەڵناوی پلەی بەراورد _ هاوەڵناوی پلەی باڵا ﴾

پ٢٠ : چوار یەکی وێنەکەم دروستکرد . -------- ناوی ﴿ وێنە ﴾ دیارخراوە بە هاوەڵناوێکی ژمارەی ....

﴿ بنچی _ ڕێکخستن _ کەرتی ﴾

پ٢١ : کام قوتابی نامەکەی هێنا ؟

ئـ _ دیارخەری ئەم ڕستەیە کامەیە ؟ .... ﴿ قوتابی _ هاوەڵناوی پرس _ جێناوی پرس ﴾

ب _ ﴿ قوتابی ﴾ دیارخراوە بە .... ﴿ جێناوی پرس _ هاوەڵناوی پرس _ هەردووکیان ﴾

پ٢٢ : خوێندکاری زیرەك خۆشەویستە . ----- ناوی ﴿ خوێندکار ﴾ دیارخراوە بە هاوەڵناوێکی ....

﴿ پرس _ چۆنیەتی _ نادیار ﴾

پ٢٣ : پێشمەرگە بوێرەکە خەڵاتکرا .

ئـ _ لە نێوان ناوی ﴿ پێشمەرگە ﴾ و ﴿ بوێرەکە ﴾ چی دەرنەکەوتووە ؟ ....

﴿ ئامرازی پەیوەندی _ ئامرازی دانەپاڵ _ کاری ناتەواو ﴾

ب _ ناوی ﴿ پێشمەرگە ﴾ ناوێکی .... ﴿ کۆی ناسراو _ تاکی نەناسراو _ تاکی ناسراو ﴾

ت _ گرێی ﴿ پێشمەرگە بوێرەکە ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ بەرکار _ جێگری بکەر _ بکەر ﴾

پ _ ﴿ بوێر ﴾ چۆن دروست بووە ؟ ....

﴿ پێشگر + ناو _ هاوەڵناو + پاشگر _ پێشگر + ڕەگی کار ﴾

*سێیـــەم : ئەرکی جێناوی سەربەخۆ لەڕستە دا وەك دیارخەری ناو

*تێبینی : کاتێك جێناوە سەربەخۆکان دەبن بە دیارخەری ناو ، بەم شێوە یە دەردەکەون .

١_ ناوە دیارخراوەکە هەمیشە دەکەوێتە پێش ﴿ جێناوە سەربەخۆ ﴾ دیارخەرەکە .

٢_ ئامرازی دانە پاڵی ﴿ ی ﴾ دەکەوێتە نێوان ناوە ﴿ دیارخراو ﴾ وەکەو ﴿جێناوە سەربەخۆ ﴾ دیارخەرەکە وە .

٣_ بە ناوە ﴿ دیارخراو ﴾ وەکەو ﴿ جێناو ﴾ ە سەربەخۆ ﴾ دیارخەر﴾ وەکە ﴿ گرێی ناویی ﴾ پێکدێنن .

*تێبینی : گرێی ناوییەکە هەموو ئەرکە ڕێزمانییەکان دەبینێت لە رستەدا .

*یاساکەی : ناوی دیارخراو + ی + جێناوی سەربەخۆ

ئامرازی دانە پاڵ ← ی

دیارخەر ← جێناوی سەربەخۆ

(ناوی دیارخراو + دیارخەر) ← گرێی ناویی

*تێبینی : ئەو جێناوە سەربەخۆیانەی کە دەبن بەدیارخەری ناو ، بریتین لە ....

*یەکەم : جێناوی کەسی سەربەخۆ ﴿ من ، ئێمە ، تۆ ، ئێوە ، ئەو ، ئەوان ﴾

*یاساکەی : ناو + ی + جێناوی کەسی سەربەخۆ

دیارخراو   ئامرازی دانە پاڵ   دیارخەر

* نموونە ١ : خوێندکاری ئەوان زیرەکە .

دیارخراو   ئامرازی دانە پاڵ   دیارخەر ، جێناوی کەسی سەربەخۆ

*خوێندکاری ئەوان : گرێی ناوییە ، ئەرکی نیهادە .

* نموونە ٢ : مامۆستاکە ی ئێمە سەرکەوتبوو .

دیارخراو   ئامرازی دانە پاڵ   دیارخەر ، جێناوی کەسی سەربەخۆ

*مامۆستاکەی ئێمە : گرێی ناوییە ، ئەرکی بکەرە .

٠٧٧٠٦١٠١٠٢١

*دووەم: جێناوی خۆیی :﴿ خۆم ، خۆمان ، خۆت ، خۆتان ، خۆی ، خۆیان ﴾

*یاساکەی : ناو + ی + جێناوی خۆیی

دیارخراو ← ناو ، ئامرازی دانە پاڵ ← ی ، دیارخەر ← جێناوی خۆیی

* نموونە ١ : وڵاتــــی خۆمان دەپارێزین .

دیارخراو ← وڵات ، ئامرازی دانە پاڵ ← ی ، دیارخەر ، جێناوی خۆیی ← خۆمان

*وڵاتــــی خۆمان : گرێی ناوییە ، ئەرکی بەرکارە .

* نموونە ٢ : خانووەکە ی خۆتــم پێ بفرۆشە .

دیارخراو ← خانووەکە ، ئامرازی دانە پاڵ ← ی ، دیارخەر ، جێناوی خۆیی ← خۆت

*خانووەکە ی خۆت : گرێی ناوییە ، بەرکارە .

*سێیەم : جێناوی پرس ﴿ کێ ، چی ، کێژان ، کام ، چەند ، کیهە ﴾ ؟

*یاساکەی : ناو + ی + جێناوی پرس

دیارخراو ← ناو ، ئامرازی دانە پاڵ ← ی ، دیارخەر ← جێناوی پرس

* نموونە ١ : چیرۆکــــی کێ خوێنراوەتەوە ؟

دیارخراو ← چیرۆک ، ئامرازی دانە پاڵ ← ی ، دیارخەر ، جێناوی پرس ← کێ

*چیرۆکــــی کێ : گرێی ناوییە ، جێگری بکەرە

* نموونە ٢ : لە پارە ی چی هاوکاری خەڵکی دەکەیت ؟

دیارخراو ← پارە ، ئامرازی دانە پاڵ ← ی ، دیارخەر ، هاوەڵکاری پرس ← چی

*پارە ی چی : گرێی ناوییە ، ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەیە .

*چوارەم: جێناوی نادیار ﴿ فلآن ، کابرا ، هێن ، فیسار ، کەس ﴾

*یاساکەی: ناو + ی + جێناوی نادیار

دیارخراو ← ناو ، ئامرازی دانەپاڵ ← ی ، دیارخەر ← جێناوی نادیار

* نموونە ١ : باوکـــی فلآن مامۆستایە .

دیارخراو ← باوک ، ئامرازی دانەپاڵ ← ی ، دیارخەر ، جێناوی نادیار ← فلآن

*باوکـــی فلآن : گرێی ناوییە ، ئەرکی نیهادە .

* نموونە ٢ : ئەمە کوڕی کابرا بوو .

دیارخراو ← کوڕ ، ئامرازی دانەپاڵ ← ی ، دیارخەر ، جێناوی نادیار ← کابرا

*کوڕی کابرا : گرێی ناوییە ، ئەرکی تەواوکەری کاری ناتەواو .

* پێنجەم :جێناوی نیشانە ﴿ ئەمە ، ئەمانە ، ئەوە ، ئەوانە ﴾

ئەمە ← تاکی نزیك ، ئەمانە ← کۆی نزیك ، ئەوە ← تاکی دوور ، ئەوانە ← کۆی دوور

*یاساکەی : ناو + ی + جێناوی نیشانە

دیارخراو ← ناو ، ئامرازی دانەپاڵ ← ی ، دیارخەر ← جێناوی نیشانە

* نموونە ١ : تاقیکردنەوەکە لە تاقیگە ی ئەمانە دا ئە نجام دا .

دیارخراو ← تاقیگە ، ئامرازی دانەپاڵ ← ی ، دیارخەر ، جێناوی نیشانە ← ئەمانە

*تاقیگەی ئەمانە : گرێی ناوییە ، ئەرکی تەواوکەری بەیاریدە یە .

* نموونە ٢ : خانووە کە ی ئەوە فرۆشرا بوو .

دیارخراو ← خانووە کە ، ئامرازی دانەپاڵ ← ی ، دیارخەر ، جێناوی نیشانە ← ئەوە

*خانووەکەی ئەوە : گرێی ناوییە ، ئەرکی جێـگری بکەرە .

٠٧٧٠٦١٠١٠٢١

*تێبینی : جێناوی هەیی نابێتــە دیارخەری ناو .

*تێبینی : لەکرمانجی سەروو دا کۆمەڵە جێناوی ﴿ من ، مە ، تە ، وە ، (وی ، وێ) ، وان ﴾ بەکار دێت لە ئەرکی ﴿ دیارخەری ناو ﴾ .

* یاساکەی : ناو + ئامرازی دانە پاڵ + جێناوی سەربەخۆی ﴿ کۆمەڵەی من ﴾

دیارخراو ← ناو ، دیارخەر ← جێناوی سەربەخۆی ﴿ کۆمەڵەی من ﴾

* نموونە ١ : وەلاتێ وان خۆشە .

دیارخراو ، ئامرازی دانە پاڵ ، دیارخەر ، جێناوی کەسی سەربەخۆ

*وەلاتێ وان : گرێی ناوییە ، ئەرکی نیهادە .

﴿ ڕاهێنانی _ ١ ﴾ لا ٨٧

*لە ڕستەی ﴿ شاخەکانی کوردستان سەرکەشن ﴾

*وەڵام/١ - ﴿ ی ﴾ ئامرازی دانە پاڵە ، بۆبە ستنەوەی دیارخراو و دیارخەر واتا بۆ دروستکردنی گرێی ناویی .

*وەڵام/٢ - شاخەکانــی ئێمە سەرکەشن .

*وەڵام/٣ - کاری ڕستەکە ﴿ ە ﴾ یە ، کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا دەرنەکەوتووە .

*وەڵام/٤ - ﴿ سەرکەش ﴾ هاوەڵناوی چۆنیەتییە ، لێکدراوە ، تەواوکەری کاری ناتەواوە .

٠٧٧٠٦١٠١٠٢١

۞ ڕاهێنانی _۲ ۞ لا ۸۷

*ئەركی ئەم گرێیانەی خوارەوە كە هێڵیان بەژێردا هاتووە دەستنیشان بكە .

*وەڵام:

ڕستە	گرێی ناویی	ئەركەكەی
۱_	گیانی من	نیهـاد
۲_	گەردنی خۆت خوێنی خۆمە	تەواوكەری بەیاریدە نیهاد
۳_	هۆنراوەكانی ئەمانە	بەركار
٤_	كچەزیرەكەكە	جێگری بكەر

۞ ڕاهێنانی _۳ ۞ لا ۸۸

*وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە .

*وەڵام/۱_ ب _ جێناوی نیشانە

*وەڵام/۲_ ئـ _ وڵاتی ئەوە دەپارێزین .

*وەڵام/۳_ ب _ ئامرازی دانە پاڵی ۞ ی ۞ دەبێت

*وەڵام/٤_ پ _ هەیی

*وەڵام/٥_ ئـ _ جێناوی نادیار

*چەند پرسیارێك لە سەربابەتی ئەركی جێناوی سەربەخۆ لە ڕستەدا وەك ﴿ دیارخەری ناو ﴾ ، بەشێوەی هەڵبژاردن *

پ١ : شاخەكانی كوردستان سەركەشن .

ئـ ـ ﴿ ی ﴾ لە نێوان ﴿ شاخەكان ﴾ و ﴿ كوردستان ﴾ چییە ؟ ...... ﴿ جێناوی لكاوە _ ئامرازی دانە پاڵ _ ئامرازی پەیوەندی ﴾

ب ـ لەجیاتی ناوی ﴿ كوردستان ﴾ ، جێناوی نیشانە بۆتاكی نزیك بەكار بهێنە ، دەبێتە ....

﴿ شاخەكانی ئەوە سەركەشن _ شاخەكانی ئەمە سەركەشن _ شاخەكانی ئەمانە سەركەشن ﴾

ت ـ چی لەم ڕستەیە دەرنەكەوتووە ؟ .... ﴿ بكەر _ كاری ناتەواو _ ئامرازی دانە پاڵ ﴾

پ ـ كارەكە دەرنەكەوتووە ، چونكە .... ﴿ نیهاد تاكە _ نیهاد كۆیە _ هەردووكیان ﴾

ج ـ تەواوكەری كارەكە .... ﴿ ناوە _ هاوەڵناوی چۆنیە تییە _ هەردووكیان ﴾

پ٢ : هۆنراوەكانی ئەمانە خوێندەوە .

ئـ ـ ﴿ ئەمانە ﴾ بووەتە دیارخەری ناوێكی .... ﴿ تاكی ناسراو _ كۆی ناسراو _ كۆی نەناسراو ﴾

ب ـ ﴿ هۆنراوە ﴾ دیارخراوە بە .... ﴿ هاوەڵناوی نیشانە _ جێناوی نیشانە _ جێناوی نادیار ﴾

ت ـ گرێی ﴿ هۆنراوەكانی ئەمانە ﴾ ئەركی چییە ؟ .... ﴿ دیارخەر _ بەركار _ تەواوكەری بەیاریدە ﴾

پ ـ كاری ڕستەكە لە ڕێژەی ڕابردووی .... ﴿ دوور _ تەواو _ نزیك ﴾ ی ڕاگەیاندنە .

ج ـ چەند جۆرە جێناوی سەربەخۆ دەبن بە دیارخەری ﴿ هۆنراوە ﴾ ؟ ...... ﴿ چوار _ پێنج _ شەش ﴾

پ٣ : دایكی ئەوانە دڵسۆز بوو .

ئـ ـ گرێی ﴿ دایكی ئەوانە ﴾ ئەركی چییە ؟ .... ﴿ بكەر _ بەركار _ نیهاد ﴾

ب ـ لە شوێنی ﴿ ئەوانە ﴾ جێناوی نادیار دابنێ ، دەبێتە ....

﴿ ئەو دایكە دڵسۆز بوو _ دایكی فلان دڵسۆز بوو _ دایكی كوڕەكە دڵسۆز بوو ﴾

پ٤ : وشەی ﴿ خوێندكار ﴾ دیاربخە ، بە ﴿ جێناوی نادیار ﴾ ببێتە دیارخەر ....

﴿ ئەوخوێندكارانە زیرەكن _ خوێندكارەكانی فلان ڕۆیشتن _ هەردووكیان ﴾

پ٥ : ئێمە بۆ وڵاتی خۆمان تێدەكۆشین .

ئـ ـ ﴿ وڵات ﴾ دیارخراوە بە جێناوی .... ﴿ كەسی _ نیشانە _ خۆیی ﴾

ب ـ گرێی ﴿ وڵاتی خۆمان ﴾ ئەركی چییە ؟ .... ﴿ دیارخەر _ تەواوكەری بەیاریدە _ بەركار ﴾

ت _ لە شوێنی ﴿ خۆمان ﴾ جێناوی نیشانە دابنێ دەبێتە ....

﴿ ئێمە بۆ وڵاتی ئەو تێدەکۆشین _ ئێمە بۆ وڵاتی ئەمانە تێدەکۆشین _ هەردووکیان ﴾

پ _ لە شوێنی ﴿ خۆمان ﴾ جێناوی کەسی سەربەخۆ دابنێ دەبێتە ....

﴿ ئێمە بۆ وڵاتی ئەمە تێدەکۆشین _ ئێمە بۆ وڵاتی ئەو تێدەکۆشین _ هەردووکیان ﴾

پ٦ : خەڵاتەکەی من بەنرخە .

ئـ _ ﴿ خەڵات ﴾ دیارخراوە بە .... ﴿ جێناوی پرس _ جێناوی کەسی سەربەخۆ _ جێناوی نیشانە ﴾

ب _ گرێی ﴿ خەڵاتەکەی من ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ بەرکار _ نیهاد _ بکەر ﴾

ت _ ﴿ خەڵات ﴾ بە چەند جۆرە جێناوی سەربەخۆی تر دیار دەخرێت ؟ .... ﴿ پێنج _ چوار _ سێ ﴾

پ٧ : مۆبایل پەیوەندییە کانی ئێمەی ئاسانتر کرد ووەتەوە .

ئـ _ ﴿ پەیوەندییەکان ﴾ بە چی دیارخراوە ؟ ....﴿ جێناوی نیشانە _ جێناوی کەسی سەربەخۆ _ جێناوی پرس ﴾

ب _ گرێی ﴿ پەیوەندییەکانی ئێمە ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ نیهاد _ بکەر _ بەرکار ﴾

پ٨ : کام جۆرە جێناوی سەربەخۆ نابێتە دیارخەری ناو ؟ .... ﴿ جێناوی پرس _ جێناوی هەیی _ جێناوی نادیار ﴾

پ٩ : کوڕی من هات .

ئـ _ ﴿ کوڕ ﴾ دیارخراوە بە جێناوی .... ﴿ خۆیی _ کەسی سەربەخۆ _ نیشانە ﴾

ب _ گرێی ﴿ کوڕی من ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ نیهاد _ بکەر _ بەرکار ﴾

ت _ لە شوێنی ﴿ من ﴾ جێناوی خۆیی دابنێ ، دەبێتە ....

﴿ کوڕی ئێوە هات _ کوڕی خۆم هات _ کوڕی ئەمە هات ﴾

پ _ لە شوێنی ﴿ من ﴾ جێناوی نادیار دابنێ ، دەبێتە ....

﴿ کوڕی ئەمە هات _ کوڕی فلان هات _ کوڕی خۆت هات ﴾

ج _ لە شوێنی ﴿ من ﴾ جێناوی نیشانە دابنێ ، دەبێتە ....

﴿ کوڕی خۆم هات _ کوڕی ئەوە هات _ کوڕی ئێوە هات ﴾

پ١٠ : ﴿ مامۆستا ﴾ دیاربخە بەمانەی خوارەوە .

ئـ _ جێناوی پرس .... ﴿ مامۆستای تۆ هات _ مامۆستای کێ هات _ مامۆستایەکی تر هات ﴾

ب _ جێناوی نادیار .... ﴿ مامۆستای فلان باشە _ مامۆستای ئەوان هات _ مامۆستای ئەوە هات ﴾

ت _ جێناوی خۆیی بۆکەسی دووەمی تاك ....

﴿ مامۆستای خۆتان هات _ مامۆستای خۆم هات _ مامۆستای خۆت هات ﴾

پ _ جێناوی نیشانە ....

﴿ مامۆستای ئەوکورە هات _ مامۆستای ئەمانە هات _ مامۆستای ئەوە هات ﴾

ج _ جێناوی کەسی سەربەخۆ ....

﴿ مامۆستای ئەوانە ڕۆیشت _ مامۆستای تۆ هات _ ئەو مامۆستایە هات ﴾

*چوارەم : ئەرکی جێناوی لکاو لە ڕستەدا وەك دیارخەری ناو

*تێبینی : کاتێك جێناوی لکاو دەبێت بە دیارخەری ناو پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەین .

١_ لە نێوان ناوی ﴿ دیارخراو ﴾ و جێناوی لکاوی ﴿ دیارخەر ﴾ دا پێویستمان بە ئامرازی دانەپاڵ نابێت .

٢_ ئەگەر ناوە ﴿ دیارخراو ﴾ەکە ناوێکی تر یان هاوەڵناوێك بووبن بە ﴿ دیارخەر ﴾ بۆی ، ئەوا جێناوی لکاو لە دووری ﴿ دیارخەر ﴾ دا دەکەوێتە دواى ﴿ دیارخەر ﴾ەکانی ترەوە .

*تێبینی : جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم ﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴾ و کۆمەڵەی دووەم ﴿ م ، ین ، یت ، ن ، Ø ، ن ﴾ دەبن بە دیارخەری ناو .

*یەکەم : کۆمەڵەی یەکەم ﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴾ دەبنە دیارخەر بەم شێوەیەی خوارەوە .

١_ لە گەڵ کاری ﴿ ڕابردووی تێنەپەڕ ﴾ جێناوی لکاوی ﴿ ك١ ﴾﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴾ دەبنە دیارخەرو دەچنە دواى ئەو ناوەی کە ﴿ بکەر ﴾ ی ڕستەکەیە .

* نموونە١ : نامەکە یان گەیشت . ← نامەکە ی ئەوان گەیشت .

بکەر — دیارخەر — کاری ڕابردووی تێنەپەڕ / د یارخراو — ئامرازی دانەپاڵ — دیارخەر

* نموونە٢ : هاوڕێکەم چوو بۆ قوتابخانە . ← هاوڕێکە ی من چوو بۆ قوتابخانە .

بکەر — دیارخەر — کاری ڕابردووی تێنەپەڕ / دیارخراو — ئامرازی دانەپاڵ — دیارخەر

٢_ لە گەڵ کاری ﴿ ڕانەبردووی تێنەپەڕ ﴾ جێناوی لکاوی ﴿ ك١ ﴾ ﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴾ دەبنە ﴿دیارخەر﴾و دەچنە دواى ﴿ بکەر ﴾ ی ڕستەکەوە .

* نموونه ١ : نامەکە مان دەگات . ← نامەکە ی ئێمە دەگات .

بکەر ، دیارخەر ، کاری ڕانەبردووی تێنە پەڕ — دیارخراو ، ئامرازی دانە پاڵ ، دیارخەر

* نموونه ٢ : مامۆستاکە ت دێت بۆسەیری پێشانگەکە . ← مامۆستاکە ی تۆ دێت بۆ سەیری پێشانگەکە .

دیارخراو ، دیارخەر ، کاری ڕانەبردووی تێنە پەڕ — دیارخراو ، ئامرازی دانە پاڵ ، دیارخەر

٣ _ لەگەڵ کاری ﴿ داخوازی تێنە پەڕ ﴾ جێناوی لکاوی ﴿ ك١ ﴾﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴾ دەبن بە ﴿ دیارخەری ناو﴾ دەچنە دوای ئەو ناوە ی کە ﴿ ئەرکی تەواوکەری بەیاریدە ﴾ ی بینیوە لە ڕستە کەدا .

* نموونه ١ : لە ژوورەکە یان دابنیشــە . ← ﴿ ە ﴾ بکەرە

ئامرازی پەیوەندی ، تەواوکەری بەیاریدەیە ، دیارخەر ، کاری داخوازی تێنە پەڕ

*تۆلە ژوورەکە ی ئەوان دابنیشــە .

دیارخراو ، ئامرازی دانە پاڵ ، دیارخەر

* نموونه ٢ : بۆ ئاهەنگەکە مان بێ . ← بکەر دەرنەکەوتووە ، بۆکەسی دووەمی تاك .

ئامرازی پەیوەندی ، تەواوکەری بەیاریدە ، دیارخەر ، کاری داخوازی تێنە پەڕ

*تۆ بۆ ئاهەنگەکە ی ئێمە بێ .

دیارخراو ، ئامرازی دانە پاڵ ، دیارخەر

٤ _ لە گەڵ کاری ﴿ ڕانەبردووی تێپەڕ ﴾ جێناوی لکاوی ﴿ك١ ﴾﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴾ دەبن بە ﴿ دیارخەری ناو ﴾ دەچنە دوای ﴿ بەرکار﴾ ی ڕستەکەوە .

* نموونه ١ : نامەکە ت دەبــات . ← جێناوی لکاوی﴿ ات ﴾ بکەرە

بەرکار ، دیارخەر ، کاری ڕانەبردووی تێپەڕ

*ئەو نامەکە ی تۆ دەبات .

دیارخراو ، ئامرازی دانە پاڵ ، دیارخەر

* نموونە ٢ : وتارەکە م بلاو دەکەیتــەوە . ← جێناوی لکاوی ﴿ یت ﴾ بکەرە

بەرکار — دیارخەر — کاری ڕانەبردووی تێپەڕ

*تۆ وتارەکە ی من بلاو دەکەیتەوە .

بەرکار — ئامرازی دانە پاڵ — دیارخەر

٥_ لەگەڵ کاری ﴿ داخوازی تێپەڕ ﴾ جێناوی لکاوی ﴿ ك١ ﴾﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴾ دەبن بە ﴿ دیارخەری ناو ﴾ و دەچنە دوای ﴿ بەرکار ﴾ ی ڕستەکەوە .

* نموونە ١ : نانەکە ت بخۆ . ← جێناوی ﴿ بکەر ﴾ دەرنەکەوتووە بۆ کەسی دووەمی تاك

بەرکار — دیارخەر — کاری داخوازی تێپەڕ

*تۆ نانەکە ی خۆت بخۆ .

دیارخراو — ئامرازی دانە پاڵ — دیارخەر

* نموونە ٢ : نامەکە یان ببەن . ← جێناوی لکاوی ﴿ ن ﴾ بکەرە

بەرکار — دیارخەر — کاری داخوازی تێپەڕ

*ئێوە نامەکە ی ئەوان ببەن .

دیارخراو — ئامرازی دانە پاڵ — دیارخەر

٦_ لەگەڵ ﴿ کاری ناتەواو ﴾ جێناوی لکاوی ﴿ ك١ ﴾﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴾ دەبن بە ﴿ دیارخەری ناو ﴾ و دەچنە دوای ﴿ نیهاد ﴾ ی ڕستەکەوە .

* نموونە ١ : خوێندکارەکە م زیرەکــە .

نیهاد — دیارخەر — کاری ناتەواو بۆکاتی ئێستا

*خوێند کارەکە ی من زیرە کـە .

دیارخراو — ئامرازی دانە پاڵ — دیارخەر

٠٧٧٠٦١٠١٠٢١

* نموونە ٢ : کورەکە تان ڕاستگۆ بوو .

نیهاد　　دیارخەر　　کاری ناتەواوە بۆ کاتی ڕابردوو

*کورەکە ی ئێوە ڕاستگۆ بوو .

دیارخراو　　ئامرازی دانە پاڵ　　دیارخەر

٧_ لەگەڵ کاری ﴿ ڕابردوو و ڕانەبردووی ﴾ ی بکەر نادیار جێناوی لکاوی ﴿ ك ١ ﴾﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴾ دەبن بە ﴿ دیارخەر ﴾ و دەچنە دوای ﴿ جێگری بکەر ﴾ ەوە .

* نموونە : بۆکاری ﴿ ڕابردووی بکەر نادیار ﴾ ← یاساکەی : ڕەگی کار + را

* نموونە ١ : دیوانەکە یان چاپکرا .

جێگری بکەر　　دیارخەر　　کاری ڕابردووی بکەر نادیار

*دیوانەکە ی ئەوان چاپکرا .

دیارخراو　　ئامرازی دانە پاڵ　　دیارخەر

* نموونە ٢ : هۆنراوەکە مان خوێنرایەوە .

جێگری بکەر　　دیارخەر　　کاری ڕابردووی بکەر نادیا ر

*هۆنراوەکە ی ئێمە خوێنرایەوە .

دیارخراو　　ئامرازی دانە پاڵ　　دیارخەر

* نموونە : بۆ کاری ﴿ ڕانەبردووی بکەر نادیار ﴾ ← یاساکەی : دە + ڕەگی کار + رێ

* نموونە ١ : دیوانەکە ت چاپدەکرێ .

جێگری بکەر　　دیارخەر　　کاری ڕانەبردووی بکەر نادیار

*دیوانەکە ی تۆ چاپدەکرێ .

دیارخراو　　ئامرازی دانە پاڵ　　دیارخەر

* نموونه ٢ : نامەکە ی دەخوێنرێتەوە .

جێگری بکەر   دیارخەر   کاری ڕانەبردووی بکەرنادیار

*نامەکە ی ئەو دەخوێنرێتەوە .

دیارخراو   ئامرازی دانەپاڵ   دیارخەری ناو

*تێبینی : لەگەڵ کاری ﴿ ڕابردووی تێپەڕ ﴾ دووکۆمەڵە جێناوی لکاو دەبن بە ﴿ دیارخەری ناو ﴾

١ _ کۆمەڵەی یەکەم ﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴾

٢ _ کۆمەڵەی دووەم ﴿ م ، ین ، یت ، ن ، ، ن ﴾

*یەکەم : لە گەڵ کاری ﴿ ڕابردووی تێپەڕ ﴾ جێناوی لکاوی ﴿ ک ١ ﴾ ﴿ م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ﴾ دەبن بە ﴿ دیارخەر ﴾ و دەچنە دواى ﴿ بەرکار ﴾ ی ڕستەکەوە ، جێناوی لکاوی ﴿ بکەر ﴾ یش دەچێتە دوای جێناوی لکاوی ﴿ دیارخەر ﴾ .

*یاساکەی : بەرکار + جێناوی لکاوی ک ١ ، دیارخەر + جێناوی لکاوی ک ١ ، بکەر + کاری ڕابردووی تێپەڕ .

* نموونە ١ : ڕاسپاردەکە یانم گەیاند .

بەرکار   دیارخەر   بکەر   کاری ڕابردووی تێپەڕ

*من ڕاسپاردەکەی ئەوانم گەیاند .

بکەر   دیارخەر

* نموونە ٢ : نامەکە مانت خوێندەوە .

بەرکار   دیارخەر   بکەر   کاری ڕابردووی تێپەڕ

*تۆ نامەکە ی ئێمەت خوێندەوە .

بکەر   دیارخەر

* نموونە ٣ : دەبوو نامەکە تی خوێندبایەوە .

کاری یاریدەدەر   بەرکار   ﴿ ت ﴾ دیارخەر   ﴿ ی ﴾ بکەر   کاری ڕابردووی نزیکی دانانی ، تێپەڕ

*دەبوو ئەو نامەکە ی تۆ ی خوێندبایەوە .

بکەر   دیارخەر

٠٧٧٠٦١٠١٠٢١

*دووەم : لەگەڵ کاری ﴿ ڕابردووی تێپەڕ ﴾ جێناوی لکاوی ﴿ ک٢ ﴾ ﴿ م ، ین ، یت ، ن ، ∅ ، ن ﴾دەبن بە ﴿ دیارخەر ﴾ و دەچنە کۆتایی کارەکەوە .

*یاساکەی : بەرکار + جێناوی لکاوی بکەر ﴿ ک١ ﴾ + کاری ڕابردووی تێپەڕ + جێناوی لکاوی دیارخەر ﴿ ک٢ ﴾ .

* نموونە ١ : نامەکە م گەیاند یت .

بەرکار بکەر کاری ڕابردووی تێپەڕ دیارخەر

*من نامەکە ی تۆم گەیاند .

بکەر دیارخەر

* نموونە ٢ : دیوانە کە تان چاپکرد ین .

بەرکار بکەر کاری ڕابردووی تێپەڕ دیارخەر

*ئێوە دیوانەکەی ئێمە تان چاپکرد .

بکەر دیارخەر

* نموونە٣ : خانووەکە ت فرۆشت ∅ .

بەرکار بکەر کاری ڕابردووی تێپەڕ دیارخەر ﴿ دەرنەکەوتووە ﴾

*تۆ خانووەکە ی ئەو ت فرۆشت .

بکەر دیارخەر

*تێبینی : جێناوی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاك لە دەوری دیارخەری ناو دەرناکەوێت لەگەڵ کاری ﴿ ڕابردووی تێپەڕ ﴾ ی ﴿ سادە ، داڕێژراو ، لێکدراو ﴾ .

* نموونە ١ : نامەکە مان برد ∅ .

بەرکار بکەر کاری ڕابردووی تێپەڕ دیارخەر ﴿ دەرنەکەوتووە ﴾

* نموونە ٢ : نامەکە یان گەیاند ∅

بەرکار بکەر کاری ڕابردووی تێپەڕ دیارخەر ﴿ دەرنەکەوتووە ﴾

*تێبینی : ئەگەر ناوە دیارخراوەکە ناوێکی تر یان هاوەڵناوێك بوو بەدیارخەری ، دەگونجێت ﴿جێناوی لکاو﴾ یش ببێت

بە ﴿ دیارخەر﴾ ی بەڵام جێناوە لکاوەکە لە دەوری ﴿ دیارخەر ﴾ دا دەکەوێتە دوای دیارخەرەکانی ترەوە .

* نموونە : کتێبخانە ی شارەکە م نۆژەن دەکەیتــەوە .

دیارخراو   ئامرازی دانە پاڵ   دیارخەر   دیارخەر   بکەر

*تێبینی : ئەگەر ناوێك جێناوی لکاو بوو بە ﴿ دیارخەر ﴾ ی ئەوە هیــچ وشەیەکی تر نابێتە دیارخەری لە دوای جێناوە لکاوەکە وە ،

چونکە دەبێتە هۆی تێکچوونی داڕشتنی ڕستەکەو شێواندنی واتاکەی .

* نموونە : ناتوانین بڵێــین : مامۆستاکەم کیمیا باشە . ﴿ هەڵەیە ﴾ ناگونجێ

دیارخەر   دیارخەر

﴿ ڕاهێنانی _ ١ ﴾ ل٩٢

*لە ڕستەی ﴿ مۆبایل پەیوەندییەکانی ئێمەی ئاسانتر کردووەتەوە ﴾

*وەڵام/ ١ _ جێناوی کەسی سەربەخۆ ﴿ ئێمە ﴾ دیارخەریەتی .

*وەڵام/ ٢ _ چوار جۆرە جێناوی سەربەخۆی تریش دەبن بە دیارخەری کەبریتین لە ﴿ جێناوی پرس ، جێناوی نادیار ، جێناوی خۆیی ،

جێناوی نیشانە ﴾

*وەڵام/ ٣ _ کاتێك ﴿ ئێمە ﴾ دەگۆڕین بۆ جێناوی لکاوی ﴿ مان ﴾ پێویستی بە ئامرازی دانە پاڵ نابێت

* مۆبایل پەیوەندییەکانـــمانــی ئاسانـتر کردووەتەوە .

*وەڵام/ ٤ _ گرێی ﴿ پەیوەندییەکانی ئێمە ﴾ ئەرکی بە رکارە .

٠٧٧٠٦١٠١٠٢١

﴿ ڕاهێنانی _ ٢ ﴾ لا٩٢

*ئایادەتوانین ببێژین ؟

١ _ مامۆستاکەت کیمیا زیرەکە ﴾ یان نا ؟ بۆچی ؟

٢ _ گریێ ﴿ دەمەکانی منداڵەکە ﴾ دروستە یان دروست نییە ؟ بۆچی ؟

*وەڵام/ ١ _ نەخێرناتوانین ، چونکە ئەگەر ناوێك بە جێناوێکی لکاو دیارخرا ئەوا ناگونجێت هیچ وشەیەکی تر بەکار بهێنین لە دوای جێناوە لکاوەکە لە ئەرکی دیارخەر ، چونکە دەبێتە هۆی تێکچوونی داڕشتنی ڕستەکەو شێواندنی واتاکەی .

*وەڵام/ ٢ _ نەخێر دروست نییە ، چونکە لەگەڵ ڕاستی و زانستی ناگونجێت پێویستە گونجاو بێت و لەگەڵ ﴿ تاك و كۆ ﴾ ﴿ ناسراوی و نەناسراوی ﴾ ناوەکە بگونجێت .

﴿ ڕاهێنانی _ ٣ ﴾ لا٩٢

*وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە .

*وەڵام/ ١ _ ئـ _ دوای ﴿ میوانەکان ﴾

*وەڵام/ ٢ _ ت _ دیارخەری ناوە

*وەڵام/ ٣ _ ت _ دیارخەری ناوە

*وەڵام/ ٤ _ پ _ کۆتایی کارەکە

*وەڵام/ ٥ _ ئـ _ ڕابردووی تێپەڕ

٠٧٧٠٦١٠١٠٢١

﴿ ڕاهێنانی _٤ ﴾ لا٩٣

*لەڕستەی ﴿ دەبوو ڕۆمانە تازەکەتیان چاپکردبا ﴾ .

*وەڵام/١ _ ﴿ یان ﴾ جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێ یەمی کۆ ، بکەرە .

*وەڵام/٢ _ ﴿ ت ﴾ جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك ، ئەرکی ﴿ دیارخەری ناو ﴾ ی ﴿ ڕۆمانە ﴾ ، کەوتۆتە ئەوێ چونکە

کاری ڕستەکە ﴿ ڕابردووی تێپەڕە ﴾

﴿ دەبوو ڕۆمانە تازەکەیان چاپکردبایت ﴾ ﴿ یت ﴾ دەچێتە کۆتایی کارەکە چونکە کاری ڕستەکە ﴿ ڕابردووی تێپەڕە ﴾ و

﴿ یت ﴾ لە کۆمەڵەی دووەمە هەمیشە لە ئەرکی دیارخەر دەچنە کۆتایی کارەکەوە .

*وەڵام/٣ _ ﴿ ە ﴾ ئامرازی دانە پاڵە

*وەڵام /٤ _ ڕۆمانە تازەکەتیان چاپکردووە .

---

*چەند پرسیارێك لە سەر بابەتی ئەرکی جێناوی لکاو لە دەوری دیارخەری ناو * بەشێوەی هەڵبژاردن *

پ١ : هەواڵەکەیان گەیشت .

ئـ _ ﴿ یان ﴾ ئەرکی چییە ؟........ ﴿ تەواوکەری بەیارێدە _ دیارخەری ناو _ بەرکار ﴾

ب _ جێناوی لکاو لە دەوری دیارخەر چووەتە دوای .... ﴿ نیهاد _ بکەر _ بەرکار ﴾

ت _ ﴿ یان ﴾ بووەتە دیارخەری ناو چووەتە دوای ﴿ بکەر ﴾ چونکە کارەکەمان ....

﴿ داخوازی _ ڕابردووی تێپەڕ _ ڕابردووی تێنەپەڕ ﴾

پ _ ئەگەر ڕستەکە بکەینە ڕانەبردوو ، ئەوا دەبێتە ....

﴿ هەواڵەکەی پێ دەگات _ هەواڵەکەیان دەگات _ هەواڵەکەیان دەگەیشت ﴾

پ٢ : دارشتنەکەم بخوێنـە رەوە .

ئـ _ بکەری ڕستەکە .... ﴿ دەرنەکەوتووە _ م _ هەردووکیان ﴾

ب _ ﴿ م ﴾ ئەرکی .... ﴿ بکەر _ تەواوکەری بەیارێدە _ دیارخەری ناو ﴾

ت _ ڕستەکە بکە بە ڕابردوو ، دەبێتە ....

﴿ دارشتنەکەت بۆم خوێندەوە _ دارشتنەکەمت خوێندەوە _ هەردووکیان ﴾

پ٣ : لەگەڵ کاری ﴿ ڕابردووی تێپەڕ ﴾ کۆمەڵەی دووەم دەبێتە ﴿ دیارخەری ناو ﴾ و دەچێتە ....

﴿ دوای ئامراز _ کۆتایی کار _ دوای بەشی یەکەمی کار ﴾

پ٤ : لەگەڵ ڕستەی ﴿ کاری ناتەواو ﴾ جێناوی لکاوی ﴿ ك١ ﴾ دەبێتە ﴿ دیارخەری ناو ﴾ و دەچێتە دوای ....

﴿ کارەکە _ نیهاد _ ئامرازی پەیوەندی ﴾

پ٥ : لەگەڵ کاری ﴿ ڕانەبردووی تێنە پەڕ ﴾ جێناوی لکاوی ﴿ ك١ ﴾ دەبێتە ﴿ دیارخەری ناو ﴾ و دەچێتە دواى ....

﴿ بکەر _ بەرکار _ ئامرازی پەیوەندی ﴾

پ٦ : لەگەڵ کاری ﴿ بکەر نادیار ﴾ جێناوی لکاوی ﴿ ك١ ﴾ دەبێتە ﴿ دیارخەری ناو ﴾ و دەچێتە دوای ....

﴿ بکەر _ بەرکار _ جێگری بکەر ﴾

پ٧ : لەگەڵ کاری ﴿ ڕابردووی تێپەڕ ﴾ جێناوی لکاوی ﴿ ك١ ﴾ دەبێتە ﴿ دیارخەری ناو ﴾ و دەچێتە دوای ....

﴿ ئامرازی پەیوەندی _ بکەر _ بەرکار ﴾

پ٨ : لەگەڵ کاری ﴿ ڕابردووی تێنە پەڕ ﴾ جێناوی لکاوی ﴿ ك١ ﴾ دەبێتە ﴿ دیارخەری ناو ﴾ و دەچێتە دوای ....

﴿ بەرکار _ بکەر _ کارەکە ﴾

پ٩ : لەگەڵ کاری ﴿ داخوازی تێپەڕ ﴾ جێناوی لکاوی ﴿ ك١ ﴾ دەبێتە ﴿ دیارخەری ناو ﴾ و دەچێتە دوای ....

﴿ بکەر _ کارەکە _ بەرکار ﴾

پ١٠ : لەگەڵ کاری ﴿ ڕانەبردووی تێپەڕ ﴾ جێناوی لکاوی ﴿ ك١ ﴾ دەبێتە ﴿ دیارخەری ناو ﴾ و دەچێتە دوای ....

﴿ ئامرازی پەیوەندی _ بەرکار _ بکەر ﴾

پ١١ : نامەکەم هات ، نامەکەم دێت . جێناوی لکاوی ﴿ م ﴾ ئەرکی چییە ؟ ....

﴿ بەرکار _ دیارخەری ناو _ تەواوکەری بەیاریدە ﴾

پ١٢ : ﴿ نامەکەت بردین ﴾

ئـ _ جێناوی لکاوی ﴿ ین ﴾ بۆچی کەوتۆتە ئەو شوێنە ؟ چونکە کارەکە ....

﴿ داخوازی _ ڕابردووی تێنە پەڕە _ ڕابردووی تێپەڕە ﴾

ب _ ﴿ ین ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ بکەر _ دیارخەری ناو _ تەواوکەری بەیاریدە ﴾

ت _ ﴿ ت ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ بەرکار _ دیارخراوە _ بکەر ﴾

پ١٣ : گوندەکانیان ئاوەدان دەکەینــەوە .

ئـ_ 🙞 یان 🙜 ئەرکی چییە ؟ .... 🙞 بکەر _ دیارخەری ناو _ بەرکار 🙜

ب_ بکەری ڕستەکە جێناوی لکاوە بۆکەسی .... 🙞 یەکەمی تاك _ سێ یەمی کۆ _ یەکەمی کۆ 🙜

ت_ بکەری ڕستەکە .... 🙞 گوندەکان _ ین _ هەردووکیان 🙜

پ_ 🙞 گوندەکان 🙜 ئەرکی چییە ؟ .... 🙞 بکە ر _ دیارخەری ناو _ بەرکار 🙜

ج_ ئەگەر ڕستەکە بکەینە 🙞 ڕابردوو 🙜 ئەوا دەبێتە ....

🙞 گوندەکەیان بۆ ئاوەدان کردەوە _ گوندەکەیانــەمان ئاوەدان کردەوە _ هەردووکیان 🙜

ح_ کاری ڕستەکە بکەینە 🙞 ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن 🙜 دەبێتە ....

🙞 ئاوەدان کردووە _ ئاوەدان کردەوە _ ئاوەدان کردووەتەوە 🙜

پ١٤ : کارەکە م تەواوکرا ، کارەکە م تەواو دەکرێ . جێناوی لکاوی 🙞 م 🙜 ئەرکی چییە ؟ ....

🙞 تەواوکەری بەیاریدە _ دیارخەری ناو _ بەرکار 🙜

پ١٥ : پارەکەت دەکەوێت .

ئـ_ جێناوی لکاوی 🙞 ت 🙜 ئەرکی چیە ؟ .... 🙞 تەواوکەری بەیاریدە _ دیارخەری ناو _ بەرکار 🙜

ب_ ئەگەر ئامرازی پەیوەندی 🙞 لێ 🙜 ی بۆ زیاد بکەین ئەوا 🙞 ت 🙜 ئەرکی دەبێتە ....

🙞 دیارخەری ناو _ بکەر _ تەواوکەری بەیاریدە 🙜

پ١٦ : ئەگەر کارێك 🙞 ڕابردووی تێپەڕ 🙜 بێت 🙞 دیارخەری ناو 🙜 دەرناکەوێت ئەگەر جێناوی لکاو بۆکەسی ....

🙞 یەکەم _ سێ یەم _ دووەم 🙜 ی تاك بێت .

پ١٧ : جێناوی لکاوی 🙞 ین 🙜 لە ڕستەدا بەکار بهێنە بە مەرجێك ئەرکی 🙞 دیارخەری ناو 🙜 بێت ....

🙞 نامەکەت دەبەین _ نامەکەت بردین _ هەردووکیان 🙜

پ١٨ : 🙞 پرسیارەکانی چاپکرد 🙜 . جێناوی لکاو بۆکەسی سێ یەمی تاك دەرنەکەوتووە لە دەوری ....

🙞 بەرکار _ بکەر _ دیارخەری ناو 🙜

پ١٩ : جێناوی لکاو بۆکەسی سێ یەمی تاك دەرناکەوێت لە دەوری 🙞 دیارخەری ناو 🙜 ئەگەر کارەکە ....

🙞 داخوازی _ ڕابردووی تێنەپەڕ _ ڕابردووی تێپەڕ 🙜 بێت .

پ٢٠ : ولاتەکەیان ئاوەدان کردینــــەوە .

ئـ _ کام جێناو ﴿ دیارخەری ناوە ﴾ ؟ .... ﴿ ین _ یان _ هیچیان ﴾

ب _ کام جێناو بکەرە ؟ .... ﴿ یان _ ین _ هەردووکیان ﴾

پ٢١ : جێناوی لکاو ﴿ ک٢ ﴾ دەبێتە دیارخەری ناو لەگەڵ کاری ....

﴿ داخوازی _ ڕانەبردووی تێپەڕ _ ڕابردووی تێپەڕ ﴾

پ٢٢ : قەڵەمەکەم دەبــــات .

ئـ _ جێناوی لکاوی ﴿ م ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ تەواوکەری بەیاریدە _ دیارخەری ناو _ بکەر ﴾

ب _ جێناوی لکاوی ﴿ ات ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ بەرکار _ بکەر _ تەواوکەری بەیاریدە ﴾

پ٢٣ : ولاتەکەیان دابەشکرد ین .

ئـ _ جێناوی لکاوی ﴿ ین ﴾ ئەرکی چییە ؟ ...... ﴿ بکەر _ دیارخەری ناو _ بەرکار ﴾

ب _ جێناوی لکاوی ﴿ یان ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ بکەر _ تەواوکەری بەیاریدە _ بەرکار ﴾

ت _ ئەگەر جێناوی لکاوی ﴿ ین ﴾ بگۆڕین بۆ ﴿ مان ﴾ ئەوا دەبێتە ....

﴿ ولاتەکەمانــــی دابەشکرد _ ولاتەکەمانـــیان دابەشکرد _ هەردووکیان ﴾

پ _ ﴿ ولات ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ دیارخەری ناو _ بەرکار _ بکەر ﴾

پ٢٤ : نامەکەت وەردەگرێت .

ئـ _ جێناوی لکاوی ﴿ ێت ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ بەرکار _ بکەر _ دیارخەری ناو ﴾

ب _ جێناوی لکاوی ﴿ ت ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ دیارخەری ناو _ بکە ر _ تەواوکەری بەیاریدە ﴾

ت _ ڕستەکە بکەینە ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن دەبێتە ....

﴿ نامەکەت وەردەگرم _ نامەکەی لێت وەردەگرت _ نامەکەتی وەرگرتووە ﴾

پ٢٥ : نامەکەیان دەنێرم ، هەواڵی سەرکەوتنەکەیان دەگەیەنێت .

ئـ _ جێناوی لکاوی ﴿ یان ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ بکەر _ دیارخەری ناو _ بەرکار ﴾

ب _ جێناوی لکاوی ﴿ م ، یت ﴾ ئەرکیان چییە ؟ .... ﴿ تەواوکەری بەیاریدە _ بکەر _ بەرکار ﴾

پ٢٦ : بریا وانەکەمان نووسیبایت .

ئـ _ ﴿ مان ﴾ جێناوی لکاوە بۆکەسی .... ﴿ دووەم _ یەکەم _ سێیەم ﴾ ی کۆ .

ب_ جێناوی لکاوی ﴿ مان ﴾ ئەرکی چییە ؟ ...... ﴿ نیهاد _ بەرکار _ بکەر ﴾

ت_ جێناوی لکاوی ﴿ یت ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ بەرکار _ دیارخەری ناو _ بکەر ﴾

پ٢٧ : جێناوی لکاوی ﴿ یت ، ن ﴾ دەبن بە دیارخەری ناو ئەگەر کارەکە ....

﴿ داخوازی _ رانەبردووی تێپەڕ _ رابردووی تێپەڕ ﴾ بێت .

پ٢٨ : نانەکەت بخۆ ، جلەکانت لەبەربکە ، دەرگاکەت دا بخە ، رایەخەکت کەڕا بخە

پە نجەرەکەت دا بخە ، جلەکەت بشۆ ، جلەکەت بدروو .

ئـ_ لە هەموو ڕستەکان جێناوی لکاوی ﴿ ت ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ بکەر _ دیارخەری ناو _ بەرکار ﴾

ب_ لەهەموو ڕستەکان چی دەرنەکەوتووە ؟......... ﴿ دیارخەری ناو _ بەرکار _ بکەر ﴾

پ٢٩ : زیندانەکانـــمان ئازاد کران .

ئـ_ جێناوی لکاوی ﴿ مان ﴾ ئەرکی چییە ؟ ...... ﴿ بکەر _ دیارخەری ناو _ بەرکار ﴾

ب_ ﴿ زیندانەکان ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ تەواوکەری بەیاریدە _ بەرکار _ جێگری بکەر ﴾

پ٣٠ : نامەکەتـــم گەیاند .

ئـ_ جێناوی لکاوی ﴿ ت ﴾ ئەرکی چییە؟ .... ﴿ بکەر _ بەرکار _ دیارخەری ناو ﴾

ب_ جێناوی لکاوی ﴿ م ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ بەرکار _ بکەر _ دیارخەری ناو ﴾

ت_ ئەگەر لکاوی جێناوی ﴿ ت ﴾ بگۆڕین بۆ جێناوی لکاوی ﴿ یت ﴾ دەبێتە ....

﴿ نامەکەم گەیاند _ نامەکە گەیاندیت _ نامەکە گەیاندن ﴾

پ٣١ : پێنووسە سەوزەکەتـــم برد .

ئـ_ جێناوی لکاوی ﴿ ت ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ بەرکار _ بکەر _ دیارخەری ناو ﴾

ب_ جێناوی لکاوی ﴿ م ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ بکەر _ دیارخەری ناو _ بەرکار ﴾

ت_ ﴿ ە ﴾ لە دوای وشەی ﴿ پێنووس ﴾ چییە ؟ ....

ئامرازی ﴿ پەیوەندی ، لێکدەر _ دانە پاڵ ﴾

پ_ ئەگەر جێناوی لکاوی ﴿ ت ﴾ بگۆڕین بۆ جێناوی لکاوی ﴿ یت ﴾ دەبێتە ....

﴿ پێنووسە سەوزەکەمان بردیت _ پێنووسە سەوزەکە بردیت _ پێنووسە سەوزەکە بردن ﴾

ج_ ﴿ پێنووس ﴾ ناوێکی .... ﴿ کۆی ناسراو _ تاکی ناسرا و _ تاکی نەناسراو ﴾

پ٣٢ : کەی جێناوی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاك لە دەوری ﴿ دیارخەری ناو ﴾ دەردەکەوێت ؟......................

﴿ ڕانەبردووی تێپەڕ _ داخوازی _ هەردووکیان ﴾

پ٣٣ : دەبوو ڕۆمانە تازەکەتیان چاپکردبا .

ئـ _ ﴿ ڕۆمان ﴾ ناوێکی .... ﴿ تاکی نەناسراو _ کۆی ناسراو _ تاکی ناسراو ﴾

ب _ ﴿ ە ﴾ لە دوای وشەی ﴿ ڕۆمان ﴾ چییە ؟ ... ﴿ ئامرازی لێکدەر _ ئامرازی دانەپاڵ _ ئامرازی پێ ناسین ﴾

ت _ ئەگەر جێناوی لکاوی ﴿ ت ﴾ بگۆڕین بۆ جێناوی لکاوی ﴿ یت ﴾ ئەوا دەبێتە ....

﴿ دەبوو ڕۆمانە تازەکەت چاپکردبان _ دەبوو ڕۆمانە تازەکەیان چاپکردبایت _ هەردووکیان ﴾

پ _ ڕستەکە لە دانانییەوە بگۆڕین بۆ ڕاگەیاندن ، دەبێتە ....

﴿ ڕۆمانە تازەکەتیان چاپکردووە _ ڕۆمانە تازەکەتیان چاپدەکرد _ ڕۆمانە تازەکەتیان چاپکرد ﴾

پ٣٤ : ﴿ منداڵەکەم گریاند ﴾ ، ﴿ پرسیارەکەتان چاپکرد ﴾ .... جێناوی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاك لە دەوری

﴿ بکەر _ دیارخەری ناو _ بەرکار ﴾ دەرنەکەوتووە .

پ٣٥ : منداڵەکەتانــی برد .

ئـ _ جێناوی لکاوی ﴿ تان ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ تەواوکەری بەیاریدە _ دیارخەری ناو _ بکەر ﴾

ب _ جێناوی لکاوی ﴿ ی ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ بکەر _ بەرکار _ دیارخراو ﴾

ت _ ﴿ منداڵەکە ﴾ ئەرکی چییە ؟ .... ﴿ دیارخەری ناو _ بکەر _ بەرکار ﴾

پ _ ئەگەر جێناوی لکاوی ﴿ تان ﴾ بگۆڕین بۆ جێناوی لکاوی ﴿ ن ﴾ دەبێتە ....

﴿ منداڵەکەتان بردن _ منداڵەکەی بردن _ منداڵەکەتان بردین ﴾

٠٧٧٠٦١٠١٠٢١

*خوێندکـــــاری ئـــازیزو خۆشەویست ....

ئەوەی لە ژێر دەستی تۆی بەڕێزو ئازیزو خۆشەویستدایە ، شیکاری سەرجەم بابەتە کانی ﴿ پەرتووك و ڕاهێنانەکانیەتی ﴾

لەگەڵ کۆمەڵێك پرسیاری گرنگ لە سەر سەرجەم بابەتەکانی ناو پەرتووکەکە بە شێوەی هەڵبژاردن ئەمیش لە پێناو سوود

گەیاندنە بەتۆی ئازیزو خۆشەویست ، لە کۆتاییدا لە هەر کەموو کوڕییەك ببورن

.

لەگەڵ ڕێزی دانەری ئەم مەلزە مەیە ....

ماموستا : ڕابەر رمضان فتح الله

٠٧٧٠٦١٠١٠٢١

ڕێرەوی شعری کوردی لە ساڵی(١٩٣٩) تا ساڵی (١٩٩١)

ڕێرەوی شعری کوردی لە سڵی (١٩٣٩_١٩٩١) بە پێیی ڕووداوە ڕامیاری و ڕووناکبیرییەکان ناو کۆمەڵگای کوردەواری دابەش دەکرێتە سەر سێ قۆناغ.

١- قۆناغی یەکەم ساڵی (١٩٣٩ _ ١٩٥٨)ز

٢- قۆناغی دووەم ساڵی (١٩٥٨ _ ١٩٧٠)ز

٣- قۆناغی سێیەم ساڵی (١٩٧٠ _ ١٩٩١)ز

❖ قۆنغی یەکەم :- ڕێرەوی شیعری کوردی لە ساڵی (١٩٣٩ _ ١٩٥٨)ز

ڕێرەوی شیعری کوردی لە قۆناغی سڵانی (١٩٣٩ _ ١٩٥٨)ز بە درێژە پێدەری قۆناغی پێشووی دا دەنرێت ، چونکە ناکرێت بە شێوەیەکی بنەرەتی هێڵی ئاشکرا و دیاری جیاکەرەوە لە نێوان ئەم قۆناغە و قۆناغی شیعری پێشوو دیاری بکەین.

❖ تایبەتمەندی شیعری زیندوو:- شیعری زیندوو ئەوەیە کە گوزارشت لە کاتی لە دایکبوونی و هەڵگری سیماو تایبەتمەندێیتی قۆناغی نووسینی دەقەکە بکات .

یەکەم:- ناوەڕۆکی شیعری کوردی لەقۆناغی (١٩٣٩ _ ١٩٥٨)ز

١-لە ڕووی نەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەرییەوە :

❖ هەستی کوردایەتی :- بە هۆی سەرهەڵدانی ئەو ڕووداوە ڕامیارییە گرنگانەی بە سەر کوردستان و ناوچەکەدا هاتن هەستی کوردایەتی لەلای گەلی کورد ئاڕاستەیەکی تری وەرگرت لە شیعری کوردییدا چونکە خەباتە ڕامیارییەکەی ئەو سەردەمە چووە ناو دەقە شیعرییەکانەوە بەمەبەست .

ناوەرۆکی شیعری کوردی زیاتر

١- رووی لە شعری نەتەوایەتی و نیشتیمانی و ڕامیاریکرد.

٢- شیعربووە هۆکارێك بۆ وشیارکردنەوی میللەت لە پێناوی بەدەستهێنانی مافەکانیان .

٣- شیعری کوردی قۆناغەکە بە تەواوی گوزارشتی لەخواست و هیواو ئامانجی میللەتی کورد کردووە .

❖ دیارترین ئەو شاعیرانەی کە لە بواری شیعری نیشتمانپەروەریدا باڵاداست بوون .

(زێوەر ،شێخ نوری شێخ ساڵح ، دلدار ، گۆران ، هێمن ، هەردی ، پیرەمێرد ، بێکەس ، هەژار ، قانع ، دیلان ، جگەر خوێن ، ع.ح.ب ، کامەران موکری) بوون ئەم شاعیرانە باڵاداست بوون و ڕۆڵێکی گرنگ وکاریگەریان هەبووە .

(هەردی ، کامەران ، دیلان ، ع.ح.ب ، جگەرخوێن ، هێمن ، هەژار)

لە کۆڕی خەباتی ڕامیارییەوە هاتنە ناو جیهانی شیعری کوردییەوە ، وەك (هێمن)لەم هۆنراوەیەدا ، کە بە تەواوی هەست و نەستی کوردی قۆناغەکەی دا گیر کردووە ، دەڵێت .

* گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردو ئەمن

* قەت لەدەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم ، مەردم ئەمن

* ئاشتی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خال نیم

* ئاشقی کێوو تەلان و بەندە نو بەردم ئەمن ((بۆ لەبەر کردن))

هەروەها هەر لەچوار چێوەی بابەتی نیشتمانپەروەریدا ((جگەر خوێن)) هەستی کوەدانەی خۆی بۆ سەربەخۆیی و هەڵگردنی ئاڵای کوردستان دەردەبڕێت .

*ئالامن بۆ وزاری ساڵی (٢٠١٠ – ٢٠١٢) خولی دووەم هاتەوە .

*ئاڵامن رەنگینو پیرۆزی خۆش بۆ ساڵی (٢٠١٣ – ٢٠١٤) بەرایی .

* تولسەر ملێن خورتێن جان

* دناڤ ته دەیەك ڕۆژەك گەش .

(تێبینی تەنها کۆپلەی ئەخیر بۆ لەبەرکردنە)

ئاڵا سێ ڕەنگی تو

بناڤ و دانگی تو

نیشانا جەنگی تو

❖ شیعری هاو خەباتی و تێکۆشانی میللەتان .

هەروەك چۆن خەبات گەلی کورد لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان و کێشە ڕەواکەیدا لە شیعری دیاری هەبووە ، بە هەمان شێوە شاعیرانی کورد شیعریان بۆ خەبات و تێکۆشانی گەلانی تر لە پێناو سەربەخۆییدا نووسیوە ، هەوڵیان داوە لەڕێیی ئەو شیعرانەوە پەیامی خەباتی هاوبەشی گەلانی چەوساوە و ژێردەستە لە پێناو سەربەرزی و سەر بەخۆیی و رزگاربوون لە کۆتی ژێردەستەیی پیشان بدەن .

((شیعری کوردی پەیامێکی مرۆڤایەتی هەڵگرتبوو)).

چونکە تەنها لە بیری نەتەوەکەی خویدا نەبووە تا بە ئاراستەیەکی رەگەز پەرستانەیدا بەرێت ، بەڵکو شیعریکوردی کانیاوی بیری ئازاد یخوازی گەلانی جیهانیش بوو .

❖ باسکردنی سروشت : (٢٠١٧ – ٢٠١٨) بەرایی .

سروشت لە شیعری ئەم قۆناغەدا لەو وەسفە رووتەی کەلە شیعری کلاسیکدا بوونی هەبووە دەربازبووە ، وەسف کردنی سروشت لەم قۆناغەدا بۆ ئەوە بوو کە هەستی ڕۆڵەکانی کوەد بجوڵێنن لە پێناو دروستکردنی هەستی خۆشەویستی کوردستان لە خیاندا تا وڵاتەکەیان خیاتر خۆش بوێت .

نمونەی هۆنراوەی (بەهار) ی (دیلان) کەدیمەنی سرئشتی کوردستان کاری تێ دەکات و دەڵێت .

*وابەهارە دیسان تارای ئەپۆشێ

گوڵاڵە پیاڵەی خوێنین ئەنۆشێ

*نێرگز ئەندام شۆر ڕەنگی زێرینی

وەنەوشە کوورموشپەڕەی چین چینی

((بۆ لەبەرکردن))

*جوانی ئافرەت و کێشەکانی :-

لەم قۆناغەدا باسی ژن تەنها لە چوار چێوەی جوانژی ڕوخساریدا نەماوەتەوە ، بەڵکو لا لە کێشەکانی کراوەتەوە ، شاعیران وا باسی ژنیان کردووە کە ژن وەکو پیاو مرۆڤەو وەك پیاویش ئەرك و مافی هەیە و دەبێت بەشدار بێت لە کۆڕی سیاسی و تێکۆشاندا ، دەبێت ژنی کورد لە کۆتی دیلی و دواکەوتوویی و هەموودابو نەریتانە ڕزگار بێت کە دەرفەتی بەشداری بوون لە بوارەکانی ژیاندا بۆ ژنان لاواز داکان و ڕۆڵیان ناهێڵن .

بێکەس دیمەنی دواکەوتوویی لە ناو کۆمەڵگادا بەرجەستە دەکات و دەڵێت

< نە سرین دەمێکە >

*مەڵێ من کچم تۆش وەکو منی

*موحتاجی عیلم وفەن و خوێندنی

*مەجبوری ئیش و خزمەتکردنی

*هەستە تێکۆشە تاخوێنت گەرمە

*سەرپۆش فرێدە چ وادەی شەرمە

((بۆ لەبەرکردن))

❖ ئاوێتە کردنی ژن لەگەڵ کێشە ڕامیارییەکان :

بووە هۆی ئەوەی کە ڕەنگ دانەوەی ژن لە شیعری کوردی لە قۆناغە کەدا وەکو خۆشەویستی بەرتەسك بێتەوە.

دیار ترین شاعیری ئەم قۆناغە لە بواری شیعری خۆشەویستی بۆ (ژن) (ئەحمەد هەردی) یە کە دەڵێت

چەپکە گوڵێك بۆ سێ فاتمە

*گەرچی دڵداری لە خاکی ئێمەدا ئەفسانەیە

*هەربە تەنیا بۆ کوڕی خاوەن تەلارو عانەیە

*گیانەکەم ئەممادڵی من لەودڵە شێتانەیە

*بێ ئەوەی هیچبەڕێ ، کوژراوی ئەو چاوانەیە ((بۆ لەبەرکردن))

کێشەی کۆمەڵیەتی :- (٢٠١٦ ــ ٢٠١٧)

١- لەم ماوەیەدا کێشەی سەرەکی لە کۆمەڵگای کوردیدا لە پاڵ کێشە ڕامیارییە کاندا بریتی بوو لە کێشەکۆمەڵایەتییەکان .

٢- دیارترین کێشەی کۆمەڵایەتی لم قۆناغەدا بریتی یە لە کێشەی چینایەتی ، شاعیرانی کورد لەم قۆناغەدا زیرەکانەو وشیارانا ءاویتەیان کردووە بە کێشەی ڕامیاری میللەتەکەیانەوە .

٣- سەرجەم دەقە شیعرییەکانی ئەم قۆناغە ، پاڵپشتی چینی چەوساوە بوون و دژی زۆرداران وەستاەنەتەوەو بەردەوام هاوڕێی جوتیار وکرێکار و زەحمەت کێش بوون .

قانیع لە شیعری(قەڵا چۆی دوژمن) داڵیت :

*باهەموو جوتیارو پاڵەو ڕەنجبەران

*یەکگرن تا دەبنە هیزو پشتیوان

*هەڵگرن یەکسەر دروشمی هاوبەشی

*بێ جیاوازی لەسر ڕەمزو نیشان

((بۆ لەبەر کردن))

- ❖ تێبینی :- لەرووی ناوەرۆکەوە شاعیرانی کورد بە گشتی روویان لە کێشەی ڕامیاری و نەتەوایەتی و چینایەتی کردووە و بایەخیان بە ئاشتی و هاوخەباتی و مرۆڤ دۆستی داوە
- ❖ ڕووخسارو تەکنیکی شیعرلە قۆناغی (١٩٣٩ _ ١٩٥٨) ز

ئەگەر چی لەم قۆناغەدا بایەخدانی شاعیران بە ناوەڕۆك زیاتر دەبینرێت ، بەڵام لە ئاستی تاکە کەسی شاعیران خۆیاندا چەند هەوڵێك دەبینرێ ، کە بۆ گۆڕین و نوێکردنەوە ڕووخسارو تەکنیکی شیعر دراون وەك لە تاقیکردنەوە شیعرییەکان

(قەدری جان ، گۆران ، دیلان ، کامەران موکری) بەرچاو دەکەون .

١-لەساڵی (١٩٥٤) ز دیلان لە پارچە شیعری (ڕێگای خەبات) کە ناوی ناوە پارچەیەکێ (منسور) بنیاتی دەقی شعری کوردی دەگۆڕێت و بەرەو قاڵبێکی ئازادی دەبات .

٢- لەساڵی (١٩٥٧) ز کامەرن موکری لە پارچە شیعری (کچە شوان) ڕوو لە شیعری سەربەست دەکات و بە شێوازێکی نوێ مامەڵە لەگەڵ کێش و سەرواادا دەکات

*ئەی کچە شوان

هەڵە لەیی

ئەی کەنیزەی کەژی کوێستان

بە شێنە یی

نەرم و نیان

بەئاوازی شمشاڵەکەت

بەلەرەی لێوە ئالەکەت

((بۆ لەبەرکردن))

هەستی خۆشیم بێنە فڕین

بۆ ناو گوڵزار

چەم و نزار

- بەڵام دیارە ئەو هەوڵە تاکە کەسییانە نەلای ئەو شاعیرانە خۆیان نەلای شاعیرانی تری ئەم قۆناغە بەردەووام نەبوو تا بتوانن بە تەواوی ڕێچکەی سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا بکەنەوە .
- لە ڕووی زمانی شیعرییەوە :

١- زمانی شیعری گرنگی پێدراو بەرەو کوردی پەتی هەنگاوی بەرەو پێشتری نابوو .

٢- بەسوود وەرگرتن لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی گەلیك لە شاعیران زمانی شیعری ئەم قۆناغە یان پێ دەوڵەمەند تر کرد (قەدری جان) یەکێك بوو لەو شاعیرانەی کەم هەوڵەی لەلا بەدی دەکرێت دەڵێت

کاروانێ مە

ئەم هیچ نەوە ستیاین ، ناوە ستین

لە سەر ڤێ ڕێیا دوور

سەر ڤێ ڕێیا دژوار

ئەم دچن و ئەمێ بچن

بۆ خوێندنەوە

بەرب ئامانجا خۆ

ل بن باران

ل سەر بەرفان

باو با گەر ل شکە ڤان

دبن دلۆپان

ب لنگێ خاس

کارانێ مەدچە

بەرب ئارمانجا خوە.

بۆ خوێندنەوە

❖ لەرووی وێنەی شیعرییەوەە :

١- دەوڵەمەندی زمانی شیعر ، فراوانی ئاسۆی بەردەم ئەندێشەی شاعیران بووە هۆی ئەوەی کە وێنەی شێعری گۆڕانی بەسەردا بێت .

٢- مەبەست لەگۆڕینی وێنەی شیعری زیاتر مەبەستی دەربڕین لە بیرو هەست و سۆزی شاعیران بنیات بنرێت و بابەت و ناوەرۆکە شیعرییەکانی پێ بەرجەستە بکرێت.

❖ سروودلە ساڵانی (١٩٣٩ _ ١٩٥٨)ز

لەگەڵ فراوانبوونی خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورد دا (سروود) یش بەرەو پێش چوو نێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی بە تایبەتی ئەو سروودانەی کە بۆ جەژنی نتەوەیی کورد (نەورۆز) دەوتران ئەمش لە شیعرە بە ناوبانگەکەی (پیرەمێرد) دا دەدەکەوێت کە دەڵێت

*نەورۆز *

ئەمرۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە

جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بە هاتەوە

چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکو پار

هەر خوێنی لاوەکان بوو بەگوڵی ئاڵی نەوبە هار

*تێبینی :- بە شێوەیەکی گشتی لە قۆناغی (١٩٣٩ _ ١٩٥٨) ز

شیعری کوردی لە ڕووی ناوەڕۆك و تەکنیکەوە ، هەڵقوڵاوی ناو جەرگەی کۆمەڵی کوەدەواری بووە ،واتە گوزار شتێکی ڕاستە قینەی ژیانی ئاسایی خوڵک کردووە ، مەبەستیان بوو ، کەکۆمەڵانی خەڵك وشیار بکەنەوە لە داوو مافە ڕەواکانی خۆی بێدەنگ نەبێت وە زمان حاڵێکی بەوەفای میللەتەکەی خۆیان بوون و لە سەنگەری خۆیان جیانە کردوورتەوە ، ڕووداوە (سیاسی ، کۆمەڵایەتییەکان)ی ئەو قۆناغەی گەلی کوردیان بەرجەستەکردووە .

❖ قۆناغی دووەم :- ڕێرەوی شیعری کوردی لە ساڵی (١٩٥٨ _ ١٩٧٠)

❖ یەکەم:-ناوەڕۆکی شیعری قۆناغی (١٩٥٨ – ١٩٧٠) ز

تێبینی:- دوو ڕووداوی گرنگ کاریان کردە سەر ڕێرەوی شیعری کوردی لە ساڵی (١٩٥٨ – ١٩٧٠)ز

١-ساڵی (١٩٥٨) ساڵی ڕوودانی شۆرشی (١٤)ی گەلاوێژە کەئەم ڕووداوە ڕاستەو خۆ کاردانەوەی بەسەر باری ڕووناکبیری وئەدەبی گەلانی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی هەبو .

٢- سەرهەڵدانی شۆرشی ئەیلول لە ساڵی (١٩٦١)ز کەئەم ڕووداوە ڕامیارییە ڕاستەوخۆ بە شێوەیەکی دیار کارتێکردنی هەبوو لەسەر باری ڕووناکبیری و ئەدەبی کوردی لە کوردستان عێراق.

پ/ بۆ چی شیعری ڕامیاری لە قۆناغی (١٩٥٨ – ١٩٧٠) ڕاسەو خۆ دەنگی خۆی خستە پاڵ ئامانجەکانی شۆڕشی چواردەی گەلاوێەوە؟ ڕونی بکەرەوە .

❖ وەڵام :- شیعری كوردی ڕاستەو خۆدەنگی خۆی خستە پاڵ ئامانجەكانی ئەم شۆڕشەوە بە هیوای ئەوەی كەلە سایەی شۆڕشی كورد بەمافە ڕامیارییەكانی شاد بێت ، هەرئەم تێڕوانینەش بۆ شۆڕش لەم قۆناغەدا وای كرد كە (شاعیرانی كورد) دەیان پارچە شیعری بەسەر شۆڕش و سەركردایەتی شۆڕشدا بڵێن و بەرگرییان لەو دەستكەوتانە دەكرد كە شۆڕش بە دەستی هێنابوون.

❖ ئەو هیوایەی كە كورد بەشۆڕشی ١٤ گەلاوێژ هەیبوو زوو پوكایەوە .

چونكە بەرە بەرە پشت لە ماف و خواستەكانی گەلی كورد كرا ، شاعیرانی كورد هەر لەسەرەتاوە دركیان بەو پاشگەز بوونەوەیەی سەركردایەتی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژكردبوو بەرامبەر بەگەلی كورد ، بۆیە دەبینین كۆمەڵێك دەقی شیعری كوردی لەسەرتای شەستەكانی سەدەی ڕابردوودا ڕەنگدانەوەی ئەو نائومێدبوونەی كورد بەرامبەر بە شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ دەردەچەن .

❖ شۆڕشی ئەیلول ساڵی (١٩٦١) ز

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆرشی ئەیلولی ساڵی (١٩٦١)ز دا شیعری كوردی ڕاستەوخۆ چووە ناوسەنگەری پێشمەرگەوەو پتەوترو سوور تر جەختیان لەسەرمافە ڕامیاری و نەتەوایەتییەكانی گەلی كورد داكردەوە هەربۆیە سیمای هەرە دیاری ناوەڕۆكی شیعری كوردی لەم قۆناغەدا مەبەستی (ڕامیاری ونەتەوایەتی) بوو. نمونەی ئەو بەشدارییە ڕآستەوخۆیەی شیعری كوردی شان بە شانی پێشمەرگە لەم شیعرەی (هەژار موكریانی)دەردەكەویت ، كە دەڵێت

سرودێك بۆ پێشمەرگە

* نیشتمانی كورد گەلێك پیرۆزی ، سوێندت پێ ئەخۆم

* بۆ سەربەخۆییت بەگیان و بەماڵ ، بە قوربانی تۆم

* زۆر لاوی ئازات ، لەكۆڕی خەبات ، خوێنی خۆیان ڕشت

*زۆر شێخ و پیران ، لە زاناو ژیران ، خۆیان دا بەكوشت

پ/ ئەو شاعیرانە كێ بوون لەگەڵ خەباتی نەتەوەكەیان باوەشیان بۆ خەباتی گەلانی تریش كردووەتەوە؟

بەنمونەوە ڕوونی بكەرەوە.

❖ وەڵام :- شاعیرانی كورد لەپاڵ ئاوڕدانەوە لە خەباتی نەتەوەكەیان بوەشیان بۆ خەباتی گەلانی تری ماف خوراو كردەوە ، هەروەك چۆن

١- (كامەران موكری)ڕوو لە شۆڕشی جەزائیر دەكات ،

٢- (دیلان) پشتگیری لە (لۆمۆمبا)ی كۆنگۆدەكات

❖ دووەم :- ڕوخسارو تەكنیكی شیعرلەناغی (١٩٥٨ ــ ١٩٧٠)

١- لە ڕووی(زمانی شیعری) یەوە

١/ لەم قۆناغەدا لەبەر ئەوەی بابەتی سەرەكی لەنوەڕۆكی دەقە شیعرییەكاندا زیاتر مەبەستی ڕامیاری بووە ، ئەوا زمانی شیعریش لە چوار چێوەی هەمان مەبەست دەسووڕایەوە.

٢/ سۆزی شاعیران لەماوەی نیوان (١٩٥٨ ــ ١٩٦١) ز هەڵگری سیمای خۆشی و شادی بووە بەرامبەر بە شۆڕش و ئومێدی بە یهێنانی مافەکانی گەلی کورد بووە ، وشە یعرییەکانیش شادی و گەشبینی و ئومێدی تێدا دەبینرا.

٣/ بەڵام لە ماوەی (١٩٦١ ــ ١٩٧٠) بەتایبەتی لە ساڵانی سەرەتادا کە شۆڕشی ئەیلول سەری هەڵدا زمانی شیعر بەرگی خەم و پەژارەو نا ئومێدی پحشی ، چونکە ڕژێم بەوپەری توندو تیژییەوە کوردی دەچەوساندەوە کوردستانی کاولکرد.

٤/ بەڵام خەباتی گەلی کوردو سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە تیشکی گەیشبینی پەخشکرد ، هەربۆیە زمانی شیعریش بەرەو هەڵگرتنی شەقڵی برەنگاربوونەوەو چۆك دانەدان دەڕۆیشت ، بەو پێیە شیعرلەم سەردەمەدا مەبەستی دەرخستنی توانستی زمانی شیعری نەبووە .

❖ لە ڕووی کێش و سەرواوە:-

لەڕووی کێش و وەرواوە زیاتر کێشی (برگەیی) و (سەروای مەسنەو)و(جووت سەروا) ی پەیرەوکردووە. بۆ نمونە

١-لای (دیلان و قەدری جان)شێوازی بەکار هێنانی سەروا تا ڕادەیەك گۆڕنی بەسەردا هاتووە دەقە شیعرییەکان بەرەو بنیاتی شیعری سەربەست براون.

٢- بەڵام دیارە ئەم هەوڵانەی لەم سەردەمەدا لە پێناوی گۆڕینی دەقی شیعریدا نراون هەوڵی تاکە کەس بوون و نەبوون بە دیاردە ، تەنانەت ئەو هەوڵە نوێ گەرییەی کەلە تاقیکردنەوە شیعرییەکان (سوارەی ئیلخانیزادە) دا دەبینرێت لە (کوردستانی ڕۆژ هەڵاتدا) هەر لەبازنەی هەوڵی تاکە کەسیدا مایەوە و نەبوو بە ڕەوتێکی دیاری شیعری کوردیلەم قۆناغەدا .

٣- هۆنراوەی (بێشکەی منالّ) ی (گۆران) کەلە (١٩٦٢/٦/١٢) بەرلە مردنی بە ماوەیەکنووسیویەتی تێدا بە ئاشکرا سەروای تازە دەبینرێت کەشاعیر اژی شەڕوشەڕخوازن وەستاوە و لەگەڵ ئاشتی دایە .

بێشکەی منالّ ((گۆران))

*ئای ئەومالّە چەن بێ باکە

*کە لەبارووت و لە بۆمبا ((کۆپلەی یەکەم))

*ژێر بێشکە ی منالّیان پاکە ((کۆپلەی دووەم))

*ئای چەن خۆشە مالّێکی بێ وا

*ڕوووی دنیا ، ئەم پەڕ تا ئەو پەڕ

* دڵنیابیت بێشکەی ساوا

* نابێ بە خۆلە مێشی شەڕ ((بۆ لەبەر کردن))

قۆناغی سێیەم :- ڕێڕەوی شیعری کوردی لەساڵی (١٩٧٠ ــ ١٩٩١)

*تێبینی :- ڕیڕەوی شیعری کوردی ئەم قۆناغە دابەش دەبێت بە سەر دوو ماوەی جیاواز بەم شێوەیەی خوارەوە .

١- ڕێڕەوی شیعری کوردی لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٠ ــ ١٩٧٥)ز

٢- ڕێڕەوی شیعری کوردی لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٥ ــ ١٩٩١)ز

١)شیعری کوردی لەماوەی نێوان (١٩٧٠ ــ ١٩٧٥) ز

شیعری کوردی لەم قۆناغەدا لە ئەنجامی ئەوگۆڕانە ڕامیارییە گرنگەی کە بەسەر کوردستاندا هات ، گۆڕانی زۆری بەسەرداهات لە چاو ئەوگۆڕانانەی کە لە قۆناغەکانی پێشوودا ڕوویاندابوو .

ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٠ ــ ١٩٧٥) ماوەیەکی کورت و کەم خایەن بوو، بەڵام تا بڵێی گرنگ و کاریگەر بوو هەروەك کاردانەوەی گەورەی بەسەر ئەدەبی کوردی بە گشتی و شیعری کوردی بە تایبەتی بە جێهێشت ، ئەم گۆڕانەش ناوەڕۆك و ڕووخساری شیعری گرتەوە .

- سەرهەڵدانی گرووپی ڕوانگە لە ساڵی (١٩٧٠) دیارترین سیمای شیعری ئەم قۆناغەبوو . ئەم گرووپە توانی ڕۆڵێکی گرنگی ببینێت لە گۆڕانانەی کە بەسەر ناوەڕۆك و فۆرمی شیعری قۆناغیەکەدا هات ، ئەو ڕۆڵەش لە شیعری کوردیدا تا ساڵانێکی زۆر بەردەوام بوو .

*تێڕوانینی شاعیرانی ڕوانگە بۆ شیعر .

شاعیرانی ڕوانگە هەڵگری تێڕوانینێکی جیاواز بوون بۆ شیعر لە پاڵ ئەو غۆڕانەی کە بەسەر فۆرمی شیعر هێنایان ، دەیان ویست شیعر پەیامی یاخیبوون بگەیەنێت ، کە تێکڕا شیعری کوردی گرتبووەوە .

*تایبەتمەندی شیعری کوردی لە ساڵانی (١٩٧٠ ــ ١٩٧٥) ز

یەکەم :- ناوەڕۆکی شیعری کوردی لە ماوەی نیوان ساڵانی (١٩٧٠ ــ ١٩٧٥)

١-بیری ناتەوایەتی:-

١)شیعری کوردی لەم (ماوەیە) قۆناغەدا هەڵگری گوتارێکی نەتەوەیی قووڵبوو ، کە بریتی بوو لەو پەیامەی کە بەرگری دەکرد لە پێناوی پاراستن و مانەوەی نەتەوەی کورد دا ، شیعردژی جەورو ستەم و زۆرداری دوژمن دەوەستایەوە و لەم بوارەدا وەکو هێزێکی کاریگەر ڕۆڵی بینیوە ، ئەم هەستەش بە ئەندازەیەك کاریگەر بوو کە ڕەنگە کەم شاعیری کئرد لەم قۆناغەدا ببینین کە شیعری بۆ کورد و سەر بە خۆیی کئردستان نەنوو سیبێت .

پ/ ئەو بابەتەنەێیانە کامانەن کە لە شیعری ساڵانی (١٩٧٠ ــ ١٩٧٥) ز هەبوون و بەرچاو داکەون ؟

وەڵام :- (مرۆڤ و مرۆڤایەتی ، ژیان و مردن ، شارستانیەت ، ژن وەك خاوەن کێشەیەك)

- *بیری فەلسەفی و مەعریفی

شیعری ئەم (ماوەیە) قۆناغە هەڵگری بیری فەلسەفیو مەعریفییە ، بەتایبەتی لەو بیرە فەلسەفییانەوە سەرچاوەی دەگرت کە وەرچاوەکەی لەسەر چاوە بیرە (فەلسەفییکانی ڕۆژئاواو هاوچەرخ)بووە . بەڵام شیعری کوردی قۆناغەکانی پێشو و سەرچاوەی بیرە فەلسەفییکانی لە کلتورە ڕۆژهەڵاتییەکەوە وەرگیرابوو.

٠٧٧٠٦١٠١٠٢١ ڕابەر رمضان

❖ تێبینی :- (یاخیبوون) دیارترین خاسیەتی شیعری کوردی لەماوەی (قۆناغی)(١٩٧٠ – ١٩٧٥) بوو کە لە بنەرەتدا دوو جۆر یاخیبوون هەیە .

١- یاخیبوونی کۆمەڵایەتی :- کە ئەمەش یاخیبوون لەداب و نەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکان دەگرێتەوە .

٢- یاخیبوونی ڕامیاری :- ئەم جۆرە یاخیبوونەش لە پێناو ئازادی و سەربەستی مرۆڤدایە .

❖ (لەتیف هەڵمەت) یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی ئەم قۆناغە و بە سوود بینین لەئەفسانەو هێما مێژووییەکان ناو کلتوری نەتەوەیی جیهانی وەێنەی ئەم یاخیبوونە پیشان ئەدات و دەڵێت .

((یاخی بن))

*پێتان ئەڵێم یاخی ببن یاخی ببن

*لەم هموو نەخشەو باجە

*یاخی ببن لەم مەیدانە ...... لەم گەراجە

*کەمرۆڤ وەك ئامراز تیایا هەراجە

*یاخی ببن .... یاخی ببن

لەو قەومانەی

کەسووری خوێنی حەلاجە   بۆ لەبەر کردن

❖ فەلسەفەی ژیان و مردن :-

شاعیرنی کوردوەك بابەتێکی گرنگ لەم مەسەلەیە دوان ، تێروانینی هزریوفەلسەفی خۆیان لەم بارەیەوە خستۆتەڕوو :

١-هەندێکییان ڕەشبینانە لەژیانیان ڕوانیوەو بە شێتێکی دەمامکراویکاتییان زانیوە .

٢- وە هەندێکی تریان گەشبینانە لە ژیانییان ڕوانیوە و ڕووە گەشەکانیان بەرجەستە کردووە .

٣- هەر بۆ پرسیارە فەلسەفییەکانی شاعیران لە چوارچێوەی ژیان و مردندا بوو و دوا جار هەر خۆیان زۆ جار ڕەشبینانە وەڵامیان داونەتەوە ، یان وەڵامی پرسیارەکانیان بۆ خوێنەر بە جێهێشتووە.

(شێرکۆ بێکەس) لە شیعری (گینگڵ) تێروانینی خۆی دەربارەی ژیان و مردن دەخاتە ڕوو دەڵێت .

*ویستم ئەوە لە زەریا یەك بگەیەنم – گەر جۆگەکان نەبن --- ناژی جنکاندمی

*ویستم ئەوە لە بروسکە بگەیەنم – گەرهەورەکان نەبن ---- ناژی سووتاندمی

*تۆ کێی – تۆکێی   ((بۆلەبەرکردن))

هەتاوێکم بەبێ ئاسۆ

تێبینی :- شاعیران لە ماوەی نیوان ساڵانی (١٩٧٠ - ١٩٧٥) کەمترکەوتوونەتە ژێر کاریگەری و کارتێکردنی شاعیرانی پێش خۆیان .

وە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە لە شیعری ئەوان لابدەن تەنها لەو کاتانەدا سوودیان لێ بینیوە کە شیعرەکانیان درێژە پێدەری ڕەوتی یاخیبوونی ئەم شاعیرانە بووە ، وە کاریگەری شیعری ئەم قۆناغە بەسەر تەواو شیعری ساڵانی دوایی لەئەدەبی کوردیدا دیارە .

*دووەم :- ڕووخسارو تەکنیکی شیعری کوردی لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٠ – ١٩٧٥)دا

*لە ڕووی وێنەی شیعرییەوە :

وێنەی شیعری یەکێکە لە خاڵە هەرە بنەڕەتییەکان ئەو گۆڕانەی کە بەسەر فۆرم و تەکنیکی شیعری کوردی ئەم ماوەیەدا هات

١-بەتەواوەتی خۆی دەربازکردووە لەلاسایی کردنەوە و جو ینەوەی وێنەی دووبارە .

٢- لە شیعری ئەم قۆناغەدا گەلێك وێنەی شیعری جوان بەکارهاتووە کەسەرچاوە کەی لە ڕووداو وکارە ساتە مێژووییەکە و نەتەوەییو جیهانییەکانەوە وەرگیرابوو .

٣-وێنەی ڕووتی ڕەوانبێژی بەکارنەهاتوو ، بەڵکو وێنەی شیعری لە پێناو گیاندنی پەیامێکدا بوو و مەبەستێکی تایبەتی لە گەڵدابووە.

❖ لە ڕووی زمانی شیعرییەوە :(شیعر زمانێکی جیاوازی هەیە کەلە زمانیخەڵکجیاوازە)

١- هەوڵیانداوە کەوشەکان لە ناو داقە شیعرییەکاندا لە ئاماژە کۆنەکان دابڕن و ئاماژەی نوێیان بدەنێ ، واتە (واتا فەرهەنگی)لەوشەکان دادەماڵێت و واتای نوێیان پێ دەبەخشێت .

٢- زمانی خوازەیی پانتایی شیعری کوردی داگیر کردبوو ، کە ئەمەش وا دەکات ەشەکان ڕاستەوخۆ واتا نەدەن بە دەستەوە ، زمانی شیعر ئاڵۆزە و خوێنەری شیعر بە ئاسانی لە واتای وشەکان ناگات .

٣- زمانی شیعر لەم ماوەیەدا لە چوار چێوەی کوردی پەتی دا دە سووڕایەوە بەڵام بەئاستێکی دەوڵەمەندتر و ئاڵۆزتر لە زمانی کوردی پەتی قۆناغەکانی پێشوو.

٤- گەلێك وشەو زاراوەی نوێ هاتە ناو زمانی شیعرەوە وەك وشەو زاراوەکانی (ئەهریمەن و ئاهورامزدا و گیڤارا و زەردەشت ئاڤێستا .....)

٥- گەلێك دەقی شیعری لەم قۆنغەدا دەبینین لە پێناو گەیاندنی ڕاسەوخۆی مەبەستی شیعرەکاندا بە شێوەیەکی سادە خروونەتەبەر دەست .

٦- بەکار هێنانی هێماو نیشانە لە دەقە شیعرییەکاندا بە هێماو نیشانەی صۆماڵی و جیهانییەکانەوە .

❖ لەڕووی کێش و سەرواوە :

کێش :- شاعیرانی کورد زیاتر پەیرەوی شیعری سەربەستیان کردووە ، لەگەل کرانەوەی ڕێچکە کەشدا دیاردەی مامەڵە کردنێکی جۆراو جۆر لەگەڵ چەمکی هۆنراوەی سەربەستدا سەری هەڵدا و بووە هۆی ئەوەی کە زۆر جار هەرسێ چەمکی هۆنراوەی سەربەست و بێ سەروا و پەخشانە شیعر تێکەڵ بکرێت بەمەبەش تارادەیەك بەرهەمە چاکەکانی شیعری سەربەست دەشار درانەوە . دیارترین شەقڵی شیعری سەربەستی کوردی دوای بڵاو بوونەوەی بانگەوازی ڕوانگە لەوەدا بوو ڕوویان کردە بەکارهێنانی کێسی (هەشت بڕگەیی و چوار بڕگەیی)

❖ سەروا :- دەربارەی سەروا بەهەمان شێوی (کێش) مامەلەی لەگەڵدا کراوە نە سەروای یەکگرتوو ، نە سەروای (مەسنەوی) یان بەکارنەهێناوە بڵکو بەشێوەیەکی ئازادانە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە .

❖ لە ڕووی تەکنیکی شیعرییەوە :

١- تاکنیکی شیعری ئەم ماوەیە سوودی لە داستانە میلی و فۆلکلۆرییەکانی ناو کلتوری کوردی و جیهانی بینیوە ئەم سوود بینینەش ڕاستەوخۆیان ناڕاستەوخۆبوو .

٢- هەر لەڕووی تکنیکەوە شیعری ئەم ماوەیە وەك مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ شتە بێ گیانەکان کراوە یاخود بە پێچەوانەوە لەگەڵ شتە بێ گیانەکان وەك مرۆڤ دواون ، هەر چەندە ئەم حاڵتە لە شیعری گۆراندا بەشێوەی تر دا بینرێت .

٣- لە شیعری (گۆران)دا شاعیر لەجیاتی ئەوەی پاڵەوانەکانی مرۆڤ دروست بکات ، پاڵەوانی دەقەکانی لە شاخ و داشت و ئاو ..... دروست دەکات .

❖ پەیدابوونی دەنگی شاعیرانی (ژن) لەماوەی نێوان (١٩٧٠ – ١٩٧٥)

دەنگی شیعری شاعیرانی ژن لەڕوو پەڕی ڕۆژنامە و گۆفارەکاندا دەبینرێت ، کە کاریگەری ئەم دەنگانە بە قۆناغی دواتری شیعری کوردیدا دەردەکەوێت کەبووە هەوێنی لە دایکبوونی گەلێك دەنگی زیندووی ژنە شاعیرانی کورد لەساڵانی دواتردا نموونەی ئەو ژنە شاعیرانەی کە لەم ماوەیەدا شیعریان دەنوسی ئەمانەن (دایکی سۆلاف ، ئەرخەوان ، شەونم بەرزنجی ، دایاجوان ..... هتد)

٢- شیعری کوردی لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٥ – ١٩٩١) ز

تێبینی / شیعری کوردی لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٥ - ١٩٩١)ز هەندێک لایەنی جیاوازی تێدایە لە چاو ماوەی (١٩٧٠ – ١٩٧٥) بۆیە دەبێت بە شێوەیەکی جیاو تایبەت باسی بکەین .

❖ کاردانەوەی نسکۆی شۆرشی کوەد لەساڵی (١٩٧٥) ز دا :

ساڵی (١٩٧٥) شۆرشی کورد تووشی نسکۆیەکی گەورە هات ، ئەم نسکۆیە ڕاستەوخۆ کاردانەوەی هەبوو بەسەر باری ڕووناکبیری کوردی بەگشتی و شیع بە تایبەتی ، لەدەر ئەنجامی ئەمەوگەلی کورد بۆ ماوەیەك تاساوە ، نووسەرانیش ماوەیەك بە دوای وەلامێکی مەنتیقی هۆکارەکانی ئەم ڕووداوەدا وێڵ بوون، هرە لەگەڵ دەست پێ کردنەوەی شۆرشدا شیعر وەك چەکێکی کارتێکەر گڕی سەند .

شۆرش لەکاتێکی دژواردا سەری هەڵدایەوە کە پێوست بوو بە هەموو شێوە و شێوازێکی خەبات بەشداری تێدا بکرێت ، یەکێك لەو شێوازانەی کە شۆەش درکی پێ کردبوو ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بوو .

❖ شیعربووە هۆکاری ڕەتکردنەوەی واقیع و زیندوو کردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی :-

لەماوەی نیوان (١٩٧٥ – ١٩٩١) شیعربووە هۆکارێك بۆ ڕەتکردنەوەیواقیع و زیندووکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیەتی و شان بەشانی تفەنگ لە دژی دوژمن لە سەنگەردا بوو ، چونکەنەداکرا لەو سەردەمەدا کە سەردمی بەرەنگاربوونەوەو لێپرسراوێتی بوو شاعیران بێ دەنگ بن بەڵکو دەبوو ڕۆڵی پێشڕەوی لە شۆڕشدا بگێرن ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە شیعر بەرەو بەرەنگار بوونەوەی ڕاستەوخۆ بچێت لە بیرو مەبەست دا واتە جارێکی تر شیعری بەرەنگاری لە ئەدەبی کوردیدا بوژایەوە .

❖ شیعری بەرەنگاریش بریتی یە :- لەو جۆرە شیعرە کە درێژە بەشەر دەدات و بەرەنگاری دەبێتەوە و ڕەتدەکاتەوە و دەیگۆڕێت و سەر لە نوێ بنیات دەنێتەوە ، واتە درێژە بە شەڕی ڕەوای کورد دەدات و بەرەنگاری دەبووەوە ڕەتی دەکردەوە ونەفرەتی لە دوژمن دەکردو واقعی دەگۆری و هەوڵی دەدا سەر لە نوێ کۆمەڵگای کوردی شۆڕشگێر بنیات بنێتەوە .

❖ شیعری بەرەنگاری لەم قۆناغدا (١٩٧٥ – ١٩٩١)ز ئەم شاعیرانە دەیان نووسی کە .

١- ئەوانەی ڕاستەوخۆ بەشداری شۆڕش بوون .

٢- ئەوانەی لەناوەوەی کوردستان بوون بەڵام ناڕازی بوون لە دوژمن .

٣- ئەو شاعیرانەی کە لەدەرەوەی کوردستان دەژیان .

❖ نموونەی شیعری بەرەنگاربوونەوە لەم قۆناغەدا شیعری (ئەنوەر قادر محمد) کە دەڵێت

* بۆ کپ ببێ *

*خۆ من چەمەزستانە نیم ، هەر هاوین هات هەڵپڕوکێم

*ئەستێرە نیم ، شەو نەبێ نەتوانم بفڕم

*خۆریش نیم ، بەباڵەوە لە ڕۆژدا ئاسمان تەی بکەم

چۆن کپ ئەبم ((بۆ لەبەر کردنە))

❖ ئەو واقیعە سیاسییە تاڵەی کورد کە لەدوای ساڵی (١٩٧٥)ەوە تووشی گەلی کورد هات ،نەیتوانی شیعری کوردی بەرەو ڕەشبینی ببات ، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەردەوام هیوای بەئایندەیەکی گەش بووە ، هەر بۆیە شاعیرانی کورد بەچاوی عومێدەوە بۆ ئایندەیان ڕوانیوە بەگەشبینیەوە ئاسۆی ڕووناکیان لە ئاسمانی کوردستان بینیوە لەم بارەیەوە (موئەیەد تیب) کەلە وماوەیەدا بەکرمانجی ژوروو شیعری نووسیوە هیوایەکی گەورەی بەپاشە ڕۆژێکی مەزن هەیە ، زوڵم وزۆری دوژمن چۆکی پێدا نادات و سەر بەرزانە دەڵێت :

((سبەی نەکە گری دایێ))

سبەدایێ

پێلاڤا من

ژتاجا میر بلندترە

داوە تا من ...

ژهەمی گۆڤەندا خۆشترە

بەژن و باڵا من ..

ژ بوهارێ ب خەملترە

ئەڤجا چاوا دێ کەی گری ؟

سینگێ خۆیێ تەمەت دەریا

دێ ڤەقوتی

پرچا جۆ یاوەکی بەفرێ

دێ ڤە چری

نەدا یێ نە

نەکەی نەکەی

جل و بەرگێت خۆ ڕەش بکەی

دەرگە هێ کو لکێ مەیی خۆش

بۆ خەم و نیهارا ڤەکەی

((بۆ خوێندنەوە))

تێبینی :-بەشێوەیەکی گشتی دوو دەستە شاعیر لەماوەی ساڵانی(١٩٧٥ – ١٩٩١) شیعریان دەنووسی .

١-دەستەیە کیان هەر ئەو شاعیرانەبوون کە دەنگی دیاری ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٠ -١٩٧٥) بوون لەوانە (شێرکۆ بێکەس ، عەبدوڵلا پەشێو ، لە تیف هەڵمەت ، عەبدولڕەحمان مزوری ، ڕەفیق سابیر ، خەلیل دهۆکی ، ئەنوەر قادر جاف ، جەمال شارباژێڕی . جەلال میرزا کەریم ، دڵشاد مەریوانی).

٢- دەستەیەکی تریان ئەوانە بوون کەدوا تر لە شیعری کوردیدا شوێنی خۆیان گرت و بوونە دەنگێکی دیار لەوانە (ئەنوەر مەسیفی ، هاشم سەراج ، جەمیل ڕەنجبەر ، قوبادی جەلی زادە ،جەمال خەمبار ، مەئەیەد تەیب ، سەعدوڵلا پەرۆش ، کەریم دەشتی ، محمد عومەرعوسمان ، فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ، جەوهەر کرمانج)

❖ بەگشتی شیعری ماوەی (١٩٧٥ ــ ١٩٩١) لەرووی ناوەرۆکەوە

زیاتر ناوەڕۆكێكی بەرەنگار یانەی هەبووە لە چوارچێوەی ئەم بەرەنگارییە شدا گەلێ بابەتی لەخۆ گرتبوو وەك ئەوەی شیعردەبێتە هۆكارێك بۆ شكاندنی ترس لە دوژمن و بەرزكردنەوەی ورەی مرۆڤی كورد بەرامبەر بە دوژمن و بە خشینی هیواو ئومێدو سەركەوتن بە خەڵكی ، كە شكستی شۆڕشی ئیلول تاڕادەیەك ئەو هیوایەی بەرەوكزی بردبوو ، بەڵام شیعر وەك هۆكارێكی بەهێزی ڕوونا كبیری توانی بەشدارییەكی كرابێت لە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی كوردا و هاوكاری پێشمەرگە بووە لە سەنگەری بەرگریدا.

❖ تێبینی :- سێ توخمە سەرەكییەی شیعری بەرەنگاری ئەمانەن :

١- پێشمەرگە وەك داینەمۆی شۆڕش .

٢- شەهید وەك هێمای قوربانی دانی كورد .

٣- كوردستانیش وەك مەڵبەندی ژیان و خاكی پیرۆزی نەتەوە

❖ شەهید (جەمیل ڕەنجبەر) لەم ڕۆژگارەدا كە خۆی پێشمەرگەو شۆڕشگێری بوو بە نوكی خامە لەمەیدانی بەرەنگاری دەنووسێت و بە ورەیەكی زۆرەوە دەڵێت :

ڕووبارێكی خوێناوی

ئەو بڕیارەی دروێنەی خەوی كردم

مەلی هەژار

لەفڕگەی ژان هەڵدەنیشێ

پێشمەرگەی لێ دادە بەزێ

بۆ ڕووباری بەهارێ دەزێ

((بۆ لەبەر كردن)) لە (١٩٧٩/١٢/٢٩)وتراوە

❖ شیعری كوردی لخەمی گەلەكەیدا بووە :-

١- هەر بۆیەش شیعری كوردی هەوڵی داوە لەئاستی جەمی پڕ ناسۆری گەلەكەیدا بێت و ئەم كارەساتە بینە هەوێنی دەقە شیعرییەكان .

٢- هەروەها ویستیان لە ڕێگەی شیعرەوە هاواری كورد بۆ ڕای گشتیبەرز بكەنەوە و داوایان لە گەلانی ئازادی جوازی جیهان كردووە كە پاڵپشتی گەلی كورد بن لە بەدەستهێنانی مافەكانیدا .

❖ ئەوەتا بۆ مەرگ بارانی هەڵەبجە (جەوهەر کرمانج) بەنووکی خامەی شیوەن دەکات بۆ ئەم تاوانە کەم وێنەیەی مێژووی مرۆڤایەتی دەڵێت :

((هەلەبجە دووەم هاتن))

هەڵەبجە .... بێشکەو جۆلانەی

ئحمەد موختار ، و کۆران ، بوو

هەڵەبجە ...

جێگای نەزرگەی عاشقان بوو

شەهیدانی کوردستان بوو — بۆ لەبەر کردن

هەلەبجە...

هەڵگری ئاڵای نەبەزینی

بیست و پێنج ملێون ئینسان بوو

کە هەلەبجە شەهیدکرا

کوردستانی گەورەگریا

کە هەڵەبجە .... دەهەزار چاو

دەهەزار مەچەك و بازووی

بوون بە ئەڵقەو

داگیرکەر کردیانە پەنجە

ئەشکی چاوان بوون بەدەریا

ئاسمان گریا

زەوی گریا

دیوانی مەولەوی کریا — لە ساڵی (١٩٨٨)ز وتراوە

❖ شیعری کوردی لە ماوەی نێوان ئەم ساڵانەدا (١٩٧٥ ــ ١٩٩١) ز

جگە لەو ڕووحە بەرەنگارییەی کە پێی دەناسرێتەوە جوانترین شیعری بۆ (ژن) ووە بەستەکانی تری شیعر نووسیوە ، لە خاسیەت و سیمای تایبەتی وا نووسراون کەلەگەڵ ڕەوتی بەرەو پێش چوونی شیعری کوردی لە قۆناغەکەدا بگۆنجێ لەم لایەنەشدا دەنگی شاعیرانی وەکو (محمد عومر عوسمان ، فەریدون عەبدوڵ بەرزنجی ، قوبادی جەلی زادە ، دلاوەر قەرەداغی ، جەمال غەمبار) دەبینرێت.

❖ چوونە دەرەوەی شاعیرانی کورد لە ساڵانی (١٩٧٥ – ١٩٩١) بۆ دەرەوەی وڵات :

لە ئەنجامی جوونە دەرەوەی شاعیرانی کورد بۆ دەرەوەی کوردستان بەهۆی زەبرو زەنگی دوژمنەوە ئەم شاعیرانە ئاشنابوون بە شیعری گەلانی تر ، کەئەمەش زەمینەیەکی گونجاو بوو بۆ نزیك بوونەوە لە ڕۆشنبیری جیهان ، هەروەها بەهۆی ئەو تێکەڵاو بوونەوە شیعری کوردی کەوتەژێر کاریگەری ئەدەبی ڕۆژئاوا ، ئەم کارتێکردنەش بە ئاشکرا بە شیعری دوای ئەم قۆناغەوە دیارە .

❖ ئەو شاعیرانەی لە دەرەوەی کوردستان دەیان نووسی لەنێوان ساڵانی (١٩٧٥ – ١٩٩١) .

ئەو شاعیرانەی کەلە دەرەوەی کوردستان دەیاننووسی زیاتر هەستێکی پڕلەخۆشە و یستیان بۆ کوردستان هەبووە بە تایبەتی هەستی گەڕانەوە بۆ خاکی پیرۆزی کوردستان لە دەقی شاعیراندا ڕەنگی داوەتەوە ، هەرئەمەش وا دەکات کە بڵێین یەکێك لە سیما دیارەکانی شیعری ئەم ماوەیە سەرهەڵدانی هەستی نامۆ بوون و غەریبی شاعیرانە کەلەڕێی شیعرەکنیانەوە گەیاندوویانەتە کورد ستان (عبدوڵا پەشێو) یەکێکە لەو شاعیرانەی کەلە سەرەتای ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوودا کوردستانی بەجێ هێشتووە لە شیعری (سەربازی ون)دا کەلە دەرەوە لەساڵی (١٩٧٨)نووسیویەتی ، هەستی پڕتاسەی بەرامبەر بەخاکی کوردستان و ژمارەی زۆری شەهیدانی کوردستان دەردەبڕێت و دەڵێت :

سەربازی ون	((بۆ خوێندنەوەیە))
کەوەفدێ دەچێتە شوێنێ	بۆ سەرگۆری سەربازی ون
تاجاگوڵینەیەك دێنێ	ئەگەر سبەی
وەفدێك بێتە وڵاتی من	لێم بپرسێ
کوانێ گۆری سەربازی و	دەڵێم
گەورەم	لەکەناری هەر جۆگەیێ
لەسەر سەکۆی هەر مزگەوتێ	لە بەر دەرگای هەرماڵێ
هەر کڵێسەیێ	هەر ئەشکەوتێ
لەسەر گابەردی هەر شاخێ	لە سەر هەر بستە زەمینێ
لە ژێر هەر گەزە ئاسمانێ	مەترسە کەمێك سەر داخەو

تاجە گوڵینەکەت دانێ

ڕابەر رمضان
٠٧٧٠٦١٠١٠٢١

کۆمەڵێ پرسیار

لەسەر

بەشی یەکەم

پ١/ ڕێرەوی شیعری کوردی لەم ماوەیەدا بە پێی چی و بۆ چەند قۆناغ دابەش دەکرێت ؟

وەڵام:- بەپێی ڕووداوە سیاسی و ڕوناکبیرییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی بۆسێ قۆناغی سیعری جیاواز دابەش دەکرێت.

پ٢/ تایبە تمەندی شیعری زیندوو چی یە ؟

وەڵام:- شیعری زیندوو گوزارشت لە کاتی لە دایك بوونی دەکات و هەڵگری سیما و تایبەتمەندی قۆناغی نووسینی دەقەکە بێت.

پ٣/ ئایا لەم قۆناغی (٢٩٣٩ ز-١٩٥٨ز)لە پاڵ پەیدابوونی هەندێك دەنگی شاعیرانی ڕەسەن دەبیستین ؟ چۆن؟

وەڵام:- بەڵێ ، هەمان ئەو شاعیرانە دەبیستین ، بەڵام هەدێك گۆڕانکارییان بەسەر دەقە شیعرییەکانیاندا هێناوە .

پ٤/ شیعر لە ساڵانی (١٩٣٩ز-١٩٥٨ز) لە ڕووی ناوەڕۆکەوە زیاتر ڕووی لەچی کردبوو؟ بووە هۆکارێك بۆچی؟

وەڵام:- زیاتر ڕووی لە شیعری سیاسی و نەتەوایەتی و چینایەتی کرد ، شیعر بووە هۆکارێك بۆ هۆشیارکردنەوەی میللەت لە پێناوی بەدەست هێنانی مافەکانیدا.

پ٥/ بۆچی لە قۆناغی (١٩٣٩ز-١٩٥٨ز)هەستی کوردایەتی لەلای گەلی کورد ئاراستەیەکی تری وەرگرت؟

وەڵام:- چونکە خەباتە سیاسییەکەی ئەو سەردەمە خرایە ناو دەقە شیعرییەکان.

پ٦/ ئەو شاعیرانە کێن کە لەقۆناغی ساڵانی (١٩٣٩ز-١٩٥٨ز) لەناو کۆڕی خەباتی سیاسی هاتنە ناو دونیای شیعرەوە؟

وەڵام:- (هەردی ، کامەران موکری ، دیلان ، دڵدار ، جگەر خوێن ، هێمن ، هەژار)

پ٧/ شیعری (ئاڵامن) هی کێ یە؟ شاعیرهەستی کوردانەی خۆی بۆچی دەردەبڕێت؟

وەڵام:- هی (جگەر خوێن)ە ، هەستی کوردانەی خۆی بۆ سەربەخۆیی و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دەردەبڕێت.

پ٨/ ئایا شاعیرانی کورد لو قۆناغی ساڵی (١٩٣٩ز-١٩٥٨ز) باسی خەبات و تێکۆشانی گەلانی تریان کردووە لا پێناو سەربەخۆیی دا؟ یان شیعری کوردی لە قۆناغی (١٩٣٩ز-١٩٥٨ز) چۆن پەیامێکی مرۆڤایەتی هەڵگرتبوو؟

وەڵام:- بەڵێ شیعریان بۆ خەباتی کەلانی تر لە پێناو سەربەخۆییدا نووسیوە. واتا شیعری کوردی پەیامێکی مرۆڤایەتی هەڵگرتبوو.

پ٩/ شاعیران لە قۆناغی ساڵانی (١٩٣٩ز-١٩٥٨ز)چۆن باسی سروشتیان کردووە ؟

وەڵام:- بۆ ئەوە بوو کە هەستی ڕۆڵەکانی کورد بجوڵێنن تا وڵاتەکەیان زیاتر خۆش بوێت.(دیلان) سروشتی کوردستان کارە تێ دەکات.

پ١٠/ ژن لە شیعری کوردی قۆناغی ساڵی (١٣٩ز-١٩٥٨ز)چۆن باس کراوە؟

وەڵام:- باسکردنی (ژن) تەنها لە چوار چێوەی جوانی ڕوخساریدا نەماوەتەوە بەڵکو لا لە کێشەکانی کراوەتەوە ، شاعیران دەڵێن ژن وەکو پیاو ئەرك و مافی هەیەو دەبێت لە کۆڕی سیاسی و تێکۆشاندا بەشدار بێت.

پ١١/ بێکەس لەباسی ژندا چ دیمەنێکی ناو کۆمەڵگا بەرجەستە دەکات؟

وەڵام:- بێکەس ئەم دیمەنە دوا کەوتووەی ناو کۆمەڵگا بەرجەستە.

پ١٢/ دیارترین شاعیر لە بواری شعر خۆشەویستی بۆ ژن کێ یە؟

وەڵام:- دیارترین شاعیری ئەم قۆناغە لە بواری شیعری خۆشەویستی بۆ (ژن) (ئەحمەد هەردی) یە.

پ١٣/ شاعیرانی کورد لە قۆناغی (١٩٣٩ز-١٩٥٨ز) چۆن باسی کێشە کۆمەڵایەتییەکان کردووە ؟ وە دیارترین ئەو کێشانە چین؟

وەڵام:- لەپاڵ کێشەی سیاسی ،کێشەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا هەبوون . شاعیرانی کورد زیرەکانە لەگەڵ کێشەی سیاسی ئاوێتەیان کردوون،وە پاڵپشتی چینی چەوساوە بوون و دژی زۆرداران وەستاونوتەوە .

پ١٤/ لەم قۆناغدا واتا (١٩٣٩ -١٩٥٨)بۆمان دەردەکەوێت کە شاعیرانی کورد ڕاستەوخۆ ڕوویان لە چ کێشەیەک کردەوە؟ وە بایەخیان بە چی داوە؟

وەڵام:- ڕویان لە کێشەی سیاسی و نەتەوەیەتی و چینایەتی کردووە ، بەیەخیان بە ئاشتی و هاوخەباتی و مرۆڤدۆستی داوە .

❖ دووەم لە ڕوی ڕوخسارەوە:

پ١٥/ لە ڕووی تەکنیکەوە ڕوخساری شیعری قۆناغی (١٩٣٩ – ١٩٥٨)ز چەند هەوڵێك دەبینرێت بۆ گۆڕین و نوێکردنەوە ، باسی بکە ؟ لە شیعری کێدا دیارە ؟

وەڵام:- شاعیران زیاتر بایەخ بە ناوەڕۆك دەدەن ، ساڵی (١٩٥٤) دیلان لە شیعری (ڕێگەی خەبات) بنیاتی شیعری کوردی دەگۆڕێت و برەو قاڵبی (ئازاد)ی دەبات ، لەساڵی (١٩٥٧) کامەران موکری لە شیعری (ئەی کچە شوان) ڕوو لە شیعری (ئازاد) دەکات .

پ١٦/ لە قۆناغی (١٩٣٩ – ١٩٥٨) بەسوود وەرگرتن لەچی زمانی شیعری قۆناغەکەیان دەوڵەمەندتەر کرد؟ کێ ئەم هەوڵەی لەلا بەدی دەکرێت؟

١-زمانی شیعرە بەرەو کوردی پەتی هەنگاوی ناوە.

٢- فەرهەنگی شیعر زیاتر دەوڵەمەند کراوە بە خەباتی سیاسی و شیعری جوانی سروشت و کێشەکانی ژن.

٣- بەسوود وەرگرتن لە فۆلکلۆری کوردی. (قەدری جان) یەکێك بوو لەو شاعیرانەی کە ئەم هەوڵەی داوە.

پ١٧/ چی بووە هۆی ئەوەی کە وێنەی شیعری لە قۆناغی ساڵی (١٣٩ – ١٩٥٨)ز گۆڕانی بەسەردا بێت؟

وەڵام:- ئەو دەوڵەمەندییەی زمانی شیعر لەلایەك و فراوان بوونی ئاسۆی بەردەم ئەندێشە.

پ١٨/ سروود لە کام قۆناغ و بەهۆی چییەوە بەرەو پێش چوونێکی بەرچاوی بە خۆیەوە دی؟

وەڵام:- لەگەڵ فراوان بوونی خەباتی نەتەوایەتی (سروود)یش بەرەو پێش چوو ، بەتایبەتی سرودی نەتەوایەتی.

پ١٩/ ئایا شیعری کوردی لە ڕووی تەکنیك و ناوەڕۆکەوە لە قۆناغی (١٩٣٩ – ١٩٥٨)ز هەڵقوڵاوی ناو جەرگەی کۆمەڵی کوردەواری بووە؟

وەڵام:- بەڵێ ، گوزارشتێکی ڕاستەقینەی ژیانی ئاسایی خەڵك بوو ، شاعیرانی کورد ویستویانە و مەبەستیان بووە کە خەڵك وشیار بکەنەوە بۆ ئەوەی لە داوا و مافە ڕەواکانی خۆی بێ دەنگ نەبێت ، شاعیرانی کورد زمانحاڵی بەوەفای میللەت بوون .

پ٢٠/ڕێڕەوی شیعری کوردی لەساڵی(١٩٥٨ - ١٩٧٠)ز پەیوەستەبەدوو ڕووداوی سیاسی گرنگ ئەودوو ڕووداوە چین؟

وەڵام:- ١/ شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی (١٩٥٨)ز . ٢/ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی (١٩٦١)ز

پ٢١/ هەڵوێستی شیعری کوردی چۆن بووە بەرامبەر شۆڕشی چواردەی تەمموز؟

وەڵام:- ڕاستەوخۆ دەنگی خۆی خستە پاڵ ئامانجەکانی ئەم شۆڕشە تالە سایەی شۆڕشدا کورد بەمافە سیاسییەکان شاد بێت ، ئەو هیوایەی کورد هەر زوو پووکایەوە ، چونکە بەرەبەرە پشت لە ماف و خواستەکانی گەلی کورد کرا .

پ٢٢/ هەڵوێستی شیعری کوردی چۆن بووە بەرامبەر شۆڕشی ئەیلولی (١٩٦١)ز؟

وەڵام:- ڕاستەوخۆ چووە ناو سەنگەری پێشمەرگەوەو زیاتر جەختیان لەسەر مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەکردەوە . هەر بۆیەش سیمای هەرە دیاری ناوەڕۆکی شیعری کوردی لەم قۆناغە مەبەستی سیاسی و نەتەوەیەتی بوو.

پ٢٣/ (نیشمانی کورد گەلێ پیرۆزی..)هی کێ یە؟ بۆچ قۆناغێکی شیعری کوردی دەگەڕێتەوە؟ نمونەی چییە؟

وەڵام:- هی (هەژار موکریانی)یە ، بۆ قۆناغی ساڵانی (١٩٥٨ - ١٩٧٠)ز دەگەڕێتەوە، نموونەی بەژداری کردنی ڕاستەوخۆی شیعری کوردی بۆ شۆڕشی ئەیلول.

پ٢٤/ ئایا بایەخدانی شاعیرانی کورد بەکێشەی نەتەوزیەتی لە قۆناغی (١٩٥٨ - ١٩٧٠)ز بووە هۆی ئەوەی ئاسۆی بەردەمی شاعیران تەسك بکاتەوە؟

وەڵام:- نەخێر ، بەڵکو فراوانتری کرد،(کامەران موکری) ڕوو لە شۆڕشی جەزائیر دەکات ، (دیلان) پشتگیری شۆڕشی کۆنگۆ دەکات .

❖ لە ڕووی ڕوخسارەوە :

پ٢٥/ لە قۆناغی (١٩٥٨ – ١٩٧٠) بابەتی سەرەکی لە ناوەڕۆکی دەقە شیعرییەکاندا مەبەستی چی بوو؟ وە زمانی شیعریش لە چوارچێوەی چیدا دەسوڕایەوە ؟

وەڵام:- مەبەستی سیاسی بوو ، وە زمانی شیعریش لەچوارچێوەی هەمان مەبەستدا دەسوڕایەوە .

پ٢٦/ زمانی شیعر لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٨ – ١٩٦١)ز هەڵگری چی بوو؟ دەقە شیعرییەکانی ئەو سەردەمە چییان تێدا دەبینرا؟

وەڵام:- لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٨ – ١٩٦١)ز هەڵگری سیمای خۆشی و شادی بوو .

پ٢٧/ زمانی شیعر لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦١ – ١٩٧٠)ز چ بەرگێکی پۆشی؟ بەرەو چی ڕۆیشت؟ مەبەستی چی بوو؟

وەڵام:- زمانی شیعر بەرگی خەم و پەژارە و نا ئومێدی پۆشی ، هەر بۆیە زمانی شیعریش بەرەو هەڵگرتنی شەقڵی بەرەنگاربوونەوە دەڕۆشت ، شیعر لەم سەردەمەدا مەبەستی گەیاندنی پەیامەکە بووە.

پ٢٨/ لە قۆناغی ساڵانی (١٩٥٨ – ١٩٧٠) شیعری کوردی لە ڕووی کێش و سەرواوە چۆن بووە؟ لە شیعری شاعیرانی وەکو کێ دیارە

وەڵام:- لە ڕووی کێش و سەرواوە زیاتر کێشی بڕگەیی و سەروای مەسنەوی (جووت سەروا)ی پەیڕەو کردووە ، لای دیلان و قەدری جان بەرەو بنیاتی شیعری ئازاد براون ، بەڵام هەوڵی تاکە کەسی بوون و نەبوون بە دیاردە ، ئەو هەوڵەی (سوارەی ئیلخانی زادە)ش لە کوردستانی خۆرهەڵات نەبوو بەدیاردە.

پ٢٩/ (بێکەس منالْ)هی کێیە ؟ چی تێدا دەبینرێت ؟

وەڵام:- هی گۆرانە ، تێیدا بە ئاشکرا سەروای تازە دەبینرێت کە شاعیر دژی شەڕ و شەڕخوازان وەستاوەتەوە و لەگەڵ ئاشتی دایە

❖ قۆناغی سێیەم :

پ٣٠/ دیارترین سیمای شیعری کوردی لە قۆناغی ساڵانی (١٩٧٠ – ١٩٧٥)ز چی بووە؟ چ گرووپێك سەری هەڵدا؟ ئەم گرووپە چ تێروانینێکیان هەبوو بۆ شیعر ؟

وەڵام:- سەرهەڵدانی گرووپی (ڕوانگە) لە ساڵی (١٩٧٠)ز دا ، شاعیرانی ڕوانگە دەیان ویست شیعر پەیامی یاخیبوون بگەیەنێت.

پ٣١/ شیعری کوردی لە قۆناغی (١٩٧٠ – ١٩٧٥)ز لە ڕووی ناوەرۆکەوە هەڵگری چ جۆرە تارێك بوو ؟ وە گرنگترین ئەو بابەتە چین کە ئەم قۆناغەی پێ دەناسرێتەوە؟

وەڵام:-

١/شیعری کوردی ئەم قۆناغە هەڵگری گوتارێکی نەتەوەیی قووڵ بوو.

٢/ کە ئەیش بریتی بوو لەو پەیامەی کە بەرگری دەکرد لە پاراستن و مانەوەی نەتەوەی کورد .

٣/ شیعر دژی جەور و ستەم و زۆرداری دوژمن دەوەستایەوە .

٤/ شیعری کوردی قۆناغەکانی پێشوو بەبابەتی (خۆشەویستی)و(نیشتمانی) دەناسرێتەوە ، بەڵام ئەم قۆناغە بە بابەتی (مرۆڤ و مرۆڤایەتی _ ژیان و مردن _ شارستانیەت _ ژن وەك خاوەن کێشەیەك ...هتد) دەناسرێتەوە

پ٣٢/ شیعری کوردی لە قۆناغی (١٩٧٠ – ١٩٧٥)ز هەڵگری چ بیرێکی فەلسەفی بوو ؟

وەڵام:- شیعر لەم قۆناغە هەڵگری بیری فەلسەفی و مەعریفی بوو ، کە سەرچاوەکەی خۆرئاوای هاوچەرخ بوون ، بەڵام لە قۆناغەکانی پێشووتر لە کلتووری خۆرهەڵاتەوە وەرگیرابوو .

پ٣٣/ لە ناوەڕۆکی شیعری کوردی لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠ – ١٩٧٥)ز دوو جۆرە یاخیبوونی هەیە ، چین؟

وەڵام:-

ا/ یاخیبوونی کۆمەڵایەتی : یاخیبوونە لە داب و نەیتە کۆمەڵایەتییە باوەکان.

ب/ یاخیبوونی سیاسی : ئەم جۆرە یاخیبوونەش لە پێناوی ئازادی و سەربەستی مرۆڤە .

پ٣٤/ لەتیف هەڵمەت لە شیعری یاخیبووندا سوودی لە چی بینیوە ؟

وەڵام:- لەتیف هەڵمەت بەسوود بینین لە ئەفسانە و هێما مێژووییەکانی ناو کلتووری نەتەوەیی جیهانی .

پ٣٥/ چۆن شاعیرابی کورد لە قۆناغی (١٩٧٠ ــ ١٩٧٥)ز لە فەلسەفەی ژیان و مردن دواون ؟ بەنموونەی شیعرییەوە؟

وەڵام:-هەندێکیان ڕەوشبینانە لە ژیانیان ڕوانیوە و بەشتێکی دەمامك کراوی کاتییان زانیوەبەڵام هەندێکی تریان گەشبینانە لە ژیانیان ڕوانیوە. شێرکۆ بێکەس لە شیعری(گینگڵ)دا بەڕوونی تێڕوانینی خۆی دەربارەی ژیان و مردن دخاتە ڕوو .

پ٣٦/ئایا شاعیرانی(١٩٧٠ــ١٩٧٥)واتاگروپی ڕوانگە کەوتوونەتە ژێرکاریگەری وکارتێکردنی شاعیرانی پێش خۆیان؟

وەڵام:-کەمترکەوتوونەتە ژێرکاریگەری شاعیرانی پێش خۆیان ، واتا لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە لە شیعری ئەوان لابدەن.

پ٣٧/ باسی وێنەی شیعری بکە لە ماوەی (١٩٧٠ ــ ١٩٧٥) ز ؟

وەڵام:- ١/ وێنەی شیعری بەتەواوەتی خۆی دەرباز کردووە وێنەی دووبارە

٢/گەلێك وێنەی جوان بەکارهاتووە کە سەرچاوەکەی لە ڕووداو و کارەساتە مێژوویی و نەتەوایەتی و جیهانییەکانەوە وەرگیراون .

پ٣٨/ باسی زمان بکە لەماوەی (١٩٧٠ ــ ١٩٥)ز ؟ یان ئایا گۆڕان لە شیعردا ڕوودەدات بەبێ گۆڕان لە زمانی شیعردا؟

وەڵام:- ١/ شاعیران هەوڵیان داوە کە وشەکان لەناو دەقە شیعرییەکاندا لە ئاماژە کۆنەکان دابیڕن و ئاماژەی نوێیان بدەنێ.

٢/ زمانێکی خوازەیی پانتایی دەقی شیعری داگیر دەکات ، ئەمەش وا دەکات کە وشەکان ڕاستەوخۆ واتا نەدەن بەدەستەوە.

٣/ هەر بۆیەش زمانی شیعر لەم قۆناغەدا ئاڵۆزە و خوێنەری شیعر بە ئاسانی لە واتای وشەکان ناگات .

پ٣٩/ ئایا زمانی شیعر لە قۆناغی (١٩٧٠ ــ ١٩٧٥)ز هەر لە چوارچیوەی کوردییەکی پەتی دەسوڕایەوە ؟

وەڵام:- بەڵێ بەڵام بە ئاستێکی دەوڵەمەندتر ، گەلێك وشە و زاراوەی نوێ هاتە ناو زمانی شیعرەوە وەك (ئەهریمەن ، ئاهورامزدا ، گیڤارا ، زەردەشت ، ئاڤێستا ،....هتد)بەکارهێنانی (هێما و نیشانە) ی خۆماڵی و جیهانی .

پ٤٠/ شیعر لە قۆناغی ساڵانی (١٩٧٠ ــ ١٩٧٥)ز لە ڕووی کێش و سەروا پەیڕەوی چی کردووە؟ باسی بکە.

وەڵام:- ١/ سەبارەت بە کێش زیاتر پەیڕەویان لە شیعری ئازاد کردووە .

٢/ دوای بڵاوبوونەوەی بانگەوازی ڕوانگە ڕوویان کردە بەکارهێنانی چواربرگەیی و هەشت برگەیی .

٣/ دەربارەی (سەروا)ش ، وەکو کێش بەشێوەیەکی ئازادانە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە .

پ٤١/ تەکنیکی شیعری قۆناغی (١٩٧٠ ــ ١٩٧٥)ز سوودی لە چی بینیوە؟

وەڵام:- سوودی لە داستانە میللی و فۆلکلۆرییەکانی ناو کلتوری کوردی و جیهانی بینیوە . هەروەها وەك مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ شتە بێگیانەکاندا کراوە . لە شیعری (گۆران) دا دەبینرێت .

پ٤٢/ دەنگی ژن لە شیعری ماوەی (١٩٧٠ ــ ١٩٧٥)ز چۆن بووە؟ کێن ئەوانەی دەبنە نموونە ؟

وەڵام:- ساڵانی (١٩٧٠ ــ ١٩٧٥)ز دەنگی شاعیرانی ژن کە لە ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو ڕۆژگارەدا دەبینرێت ، نموونەی ئەو ژنە شاعیرانەش وەك (دایکی سۆلاڤ ، ئەرخەوان ، شەونم بەرزنجی ، دایا جوان....)

❖ شیعری کوردی لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٥ ــ ١٩٩١) ز :

پ٤٣/ نسکۆی شۆڕشی کورد لە ساڵی (١٩٧٥)ز چ کاردانەوەیەکی هەبوو لەسەر شیعری کوردی ؟

وەڵام:- ساڵی (١٩٧٥)ز شۆڕشی کورد توشی نسکۆ هات ، ڕاستەوخۆ کاردانەوەی بەسەر باری ڕوناکبیری کوردی بەگشتی و شیعر بەتایبەتی هەبوو ، هەر لەگەڵ داست پێ کردنەوەی شۆڕشدا شیعر وەك چەکێکی کارتێکەر گڕی سەند.

پ٤٤/ ئەی دەست پێ کردنەوەی شۆڕش دوای نسکۆی (١٩٧٥)ز چۆن کاری لە شیعر کرد ؟

وەڵام:- شۆڕش لە کاتێکی دژواردا سەری هەڵدایەوە کە پێویست بوو بە هەموو شێوە و شێوازێکی خەبات بەشداری تێدا بکرێت یەکێك لەو شێوازە کاریگەرانەی شۆڕش دەرکی پێ کردبوو ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بوو .

پ٤٥/ شیعری کوردی لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٥ – ١٩٩١)ز بووە هۆکاری چی ؟ ڕوونی بکەرەوە .

وەڵام:- شیعر بووە هۆکاری ڕەتکردنەوەی واقیع و زیندووکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی و هاوشانی تفەنگ لە دژی دوژمن لە سەنگەردا بووە.

پ٤٦/ لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٥ – ١٩٩١)ز ئەم جارەیان شیعر درێژەی بەچی دەدا ؟

وەڵام:- ئەم جارەیان شیعر درێژەی بە شەڕی ڕەوای کورد دەدا و بەرەنگار دەبێتەوە و ڕەتیدەکردەوە و نەفرەتی لە دوژمن دەکرد .

پ٤٧/ لەکام قۆناغدا شیعری کودی ئەرکی گۆڕا بۆ بەرەنگاری ؟

وەڵام:- ساڵی ١٩٧٥ – ١٩٩١ .

پ٤٨/ شیعری بەرەنگاری چی یە ؟ لەچ قۆناغێك سەری هەڵدا ؟ ئەو شاعیرانەی کە شیعری بەرەنگارییان دەنووسی دەبنە چەند بەش؟

وەڵام:- شیعری بەرەنگاری : درێژە بە خەبات دەدا و بەرەنگار دەبێتەوە و ڕەت دەکاتەوە و دەغۆڕێت و سەر لە نوێ بنیات دەنێتەوە . لە قۆناغی ساڵانی (١٩٧٥ – ١٩٩١)ز سەری هەڵدا ، دەکرێن بە سێ بەش .

پ٤٩/ ئایا واقیعە سیاسییە تاڵەکەی دوای نسکۆی شۆڕشی (١٩٧٥)ز شیعری کوردی بەرەو ڕەشبینی بردووە ؟

وەڵام:- وای نەکرد کە شیعری کوردی بەرەو ڕەشبینی بڕوات بەڵکو بەردەوام هیوای بە ئایندەیەکی گەش بوو (موئەیەد تیب) بە شێوازاری کرمانجی سەروو شیعری دەنوسی ، هیوایەکی گەورەی بە دوارۆژێکی مەزن هەبوو .

پ٥٠/ ئەو شاعیرانەی لە نێوان ساڵانی (١٩٧٥ – ١٩٩١)ز شیعریان دەنووسی چەند دەستە بوون ؟ کێ بوون ئەوانە؟

وەڵام:- ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٥ – ١٩٩١) دوو دەستە شاعیر بوون .

دەستەی یەکەم : ئەو شاعیرانەی ساڵانی (١٩٧٥ – ١٩٧٥)ز بوون (شێرکۆ بێکەس ، عەبدوڵا پەشێو ، لەتیف هەڵمەت، عبدولەحمان مزوری ، دڵشاد مەریوانی ، .....هتد)

دەستەی دووەم : ئەو شاعیرانەی ساڵانی (١٩٧٥ – ١٩٩١)ز بوون:(ئەنوەر مەسیفی ، جەمیل ڕەنجبەر ، موئەیەد تیب، جەوهەر کرمانجی ، نەوزاد ڕەفعەت و ...... هتد)

پ٥١/ ناوەڕۆکی شیعری کوردی قۆناغی ساڵانی (١٩٧٥ – ١٩٩١)ز گەلێك بابەتی لە خۆگرتووە وەکو چی ؟

وەڵام:- ١/ شیعری بەرەنگاری دەبێتە هۆکارێ بۆ شکاندنی ترس لە دوژمن .

٢/ بەرزکردنەوەی ورەی کورد بەرامبەر بە دوژمن . ٣/ بەخشینی هیواو ئومێدی سەرکەوتن بە خەڵکی .

پ٥٢/ توخمە سەرەکیەکانی شیعری بەرەنگاری چین ؟

وەڵام:- ١/ پێشمەرگە وەك داینەمۆی شۆڕش .

٢/ شەهید وەك هێـای قوربانی دانی کورد .

٣/ کوردستان وەك مەڵبەندی ژیان و خاکی پیرۆزی نەتەوە .

پ٥٣/ هۆنراوەی (رووبارێکی خوێناوی) هی کێیە ؟ پاشان بزانە دەربارەی چی یەو کەی نووسراوە ؟

وەڵام:- هی شەهید جەمیل ڕەنجبەرە ، هۆنراوەیەکی بەرەنگارییە کە ساڵی (١٩٧٩)ز نوسراوە ، شەهید جەمیل ڕەنجبەر لەو ڕۆژگارەدا خۆی پێشمەرگە و شۆڕشگێڕ بوو ، لە مەیدانی بەرەنگاری دەنووسێت .

پ٥٤/ لە ماوەی (١٩٧٥ – ١٩٩١)ز دوژمن هەموو ڕێگاکانی قەڵاچۆکردنی کوردی گرتە بەر ، ئەو ڕێگایانەی چیبوون؟

وەڵام:- ١/ پرۆسەی نەگریسی ڕاگواستنی کورد لە ناوچەکانی خۆیان و نیشتەجێ کردنیان لەو شوێنانەی کە خۆی مەبەستی بوو .

٢/ سیاسەتی پاکتاوی نەژادی کورد لە ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوودا گەیشتە لوتکە بەوەی ڕژێم دەستی دایە ئانفال کردنی کورد و کیمیا بارانی هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کوردستان .

پ٥٥/ جەوهەر کرمانجی لە هۆنراوەکەیدا شیوەن بۆ کێ دەکات ؟ لەساڵی چەند ؟

وەڵام:- جەوهەر کرمانجی بۆ مەرگ بارانی هەڵەبجە لە ساڵی (١٩٨٨)ز .

پ٥٦/ ئایا شاعیرانی کورد لە دوای نسکۆی (١٩٧٥)ز جگە لە شیعری بەرەنگاریان بۆ مەبەستی تر نووسیوە ؟ لەم لایەنە دەنگی چ شاعیرێك دەبینرێت ؟

وەڵام:- جگە لەو ڕووحە بەرەنگارییەی کە پێی دەناسرێتەوە جوانترین شیعری بۆ ژن و مەبەستەکانی تری شیعر نووسیوە، دەنگی شاعیرانی وەك (محەمەد عومەر عوسمان ، فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ، قوبادی جەلی زادە ، جەمال غەمبار ، .... هتد) دەبینرێت .

پ٥٧/ لە شیعرەکانی ئەو شاعیرانەی کە لە دەرەوەی کوردستان دەیان نووسی لە ساڵانی (١٩٧٥ – ١٩٩١)ز چی ڕەنگی داوەتەوە ؟ لە سیما دیارەکانی شیعری ئەو ماوەیەدا چی بوو ؟

وەڵام:- زیاتر هەستێکی پڕ لە خۆشەویستییان بۆ کوردستان هەبوو ، بەتایبەتی هەستی گەڕانەوە بۆ خاکی نیشتیمان . لەسیما دیارەکانی ئەم زیاتر هەستی نامۆبوونی شاعیرانە کە لە ڕێی شیعرەکانیانەوە گەیاندوویانەتە کوردستان .

پ٥٨/ (سەربازی ون) هی کێ یە ؟ کەی و لە کوێ نووسراوە ؟ کەی کوردستانی جێهێشتووە ؟ باسی چی دەکات ؟

وەڵام:- هی (عەبدوڵلا پەشێو)ە ، لە (مۆسکۆ) لە ساڵی (١٩٧٨)ز نوسیویەتی کە لەسەرەتای ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو کوردستانی جێهێشتووە ، هەستی پڕ تاسەی بەرامبەر خاکی کوردستان و ژمارەی شەهیدانی کوردستان دەردەبڕێت .

(ڕەخنەی ئەدەبی)

لقەکانی لێکۆ ڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبی :

ڕەخنەی ئەدەبی لە پاڵ مێژووی ئەدەب و تیۆری ئەدەبدا دەبنە سێ لقی لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبی واتە ڕەخنەی ئەدەبی لقێکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیە و بایەخ بە لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبی دەدات.

- ❖ **ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی : (ڕەخنەی ئەدەبی لە چی دە کۆڵێتەوە**

١-ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی شیکردنەوەو ڕاڤەکردن (لێکدانەوە)و هەڵسە نگاندنی دەقی ئەدەبی یان دیاری کردنی بەهای دەقی ئەدەبییە.

٢- ڕەخنەی ئەدەبی لەو بنەما هونەری و بیریانە دەکۆڵێتەوە کە دەقی ئەدەبییان لێ بنیات دەنرێ و بەشێوەیەکی زانستیانە بەهای ئەو بەمایانە دیاری دەکات ، بەمەش ڕادەو ئاستی گرنگی و بایەخی دەق بۆ خوێنەرودا هێنەر دەست نیشان دەکات .

- ❖ **ئەدیبان بەرجەستەکەری چین و ڕەخنەگران بزوێنەری چین ؟**

وەڵام / ئەگەر ئەدیبان بەرجەستەکەری جوانی و ڕەنگ پێدەرەوە و ڕەنگ ڕێژکەری ژیان و دەروونی مرۆڤ بن ، ئەوا ڕەخنە گران بۆ خۆیان بزوێنەری چالاکی ئەدەبی و بزوتنەوەی ئەدەبی و داهێنانی ئەدەبین .

- ❖ **پێویستە ڕەخنەگر چۆن بێت (لە چیدا شارەزا بێت) ؟ یان (مەرجەکانی ڕەخنەگر چین؟)**

وەڵام / ١/ ڕەخنەگر لێکۆڵەرێکی ئەدەبی شارەزا بێت و زانیاری تەواوی دەربارەی مێژووی ئەدەب و تیۆری ئەدەبی میللەتەکەی و میللەتانی تر هەبێت .

٢/ چێژ لێوەر گرێکی ئەدەبی بێت و زابیاری لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیریدا هەبێت .

٣/ شەرەزاییەکی گشتی لە زانستە مێژوویی و زانستیەکاندا هەبێت .

مێژووی ڕەخنەی جیهانی

لە مێژووی ڕەخنەی جیهانیدا دوو ڕێرەوی ڕەخنەیی بەدی دەکرێن کە تایبەتمەندی خۆیان هەبووە و بە هەمان شێوە کاریگەر یشیان لە سەر یەکتر هەبوو .

١/ ڕێرەوی ڕەخنەی ڕۆژئاوایی :

سەرەتا ئەم ڕێرەوە ڕەخنەییە دەگەڕێتەوە بۆ (پێش زایین) و لە ئەدەبی (یۆنانییەوە) دەستی پێکردووە .

- ❖ **یەکەم هەنگاوی ڕەخنەلای یۆنانییەکان چۆن سەری هەڵداوە ؟**

لەکاتی ئاهەنگ هێران بە بۆنەی جەژنەکانەوە شانۆ گەریان پێشکەش کردووە و لیژنەیەکیان بۆ هەڵبژاردنی باشترین دەقی (تراجیدی یان کۆمیدی) کە بە شیعر نووسراوە دەست نیشانکردووە ، جا هەڵبژاردنی باشترین دەقی لەلایەن ئەو لیژنەیەوە بۆ خۆی چالاکییەکی ڕەخنەیی بووە ، چونکە بە پێی چەند پێوانەیەکی هونەری و بیری دەقەکانیان هەڵبژاردووە.

❖ یەکەم هەنگاوی ڕەخنە لای یپنانییەکان کەی سەری هەڵداوە ؟ لای کێ سەری هەڵدا ؟ چۆن ؟

لە سەدەی شەشەمی پێش زایین شاعیرێکی یۆنانی کە ناوی (ئەرستۆڤانیس) بووە ، لە بەرهەمێکی کۆمیدی خۆیدا بە ناو نیشان (بۆقەکان) ڕاو بۆچوون و تێڕوانینی ڕەخنەیی دەربارەی سێ شاعیری گەورەی یۆنانی خستووەتە ڕوو ، ئەو سێ شاعیرەش (یۆریبیدز) و (ئەسخیلۆس) و سوخوکلیس) بوون .

❖ دیارترین ئەو فەیلەسەفانەی کە لە یۆنان ڕێچکەی ڕەخنەی ئردەبییان هێنایە کایەوە :

دیارترین ڕێچکەی ڕەخنەی ئەدەبی لەلای یۆنانییەکان لە لایەن فەیلەسوفەکانەوە هاتەکایەوە ، کە دیار ترینیان

(ئەفلاتۆن) و (ئەرستۆ) یە .

❖ جیاوازی لە نێوان ڕاو بۆ چوونی ئەفلاتۆن و ئەرستۆ دەربارەی شاعیران

١/ (ئەفلاتۆن) ڕای وابوو کە شاعیران ناتوانن راستییەکان بگەیەنن بە خەڵکی ، لە بری ئەوەی چاکەیان فێرکەن هەڵیان دەخەڵەتێنن دەروونیان تێکدەدەن و وا یان لێ دەکەن کە جڵەو بدەنە دەست هەست و سۆزیان نەك ئەقڵیان .

٢/ (ئەرستۆ) بە پێچەوانەی (ئەفلاتۆن) دوە بەرهەمی شیعری بە سوودمەند داناوە ، بەتایبەتی (تراجیدیا) کە بەلایەوە دەتوانێ دەروونی بینەر لە هەردوو هەست و سۆزی ترس و بەزەیی پاك بکاتەوە .

هەر ئەرستۆ لە بەرهەمەکەیدا بەناونیشانی (هونەری شیعر) کۆمەڵێ دەستووری یاسای بۆ هونەری (تراجیدیا) دا ڕشتووە کە بوونەتە بناغەی تیۆری ڕەخنەی ئەورووپی بە گشتی و بنەمای رەخنەی کلاسیکی نوێ کاتێ وەك ڕێبازێکی ئەدەبی لە سەدەی حەڤدە لە فەرەنسا سەری هەڵدا و گەشەی کرد .

لەو سەردەمەدا ڕەخنەگرێکی بەناو بانگی فەڕەنسی کەناوی (بوالۆ) بوو ڕاو بۆ چوونەکانی (ئەرستۆ) ی جێگیرکردو کردنیە پێوانەی ڕەخنەی کلاسیکی نوێ لە ئەورووپا ، چونکە ڕێبازی کلاسیکی بۆ خۆی لەئاکامی بووژانەوە و لاسایی کردنەوەی بەرهەمی یۆنانییەکان و ڕۆمانییەان سەری هەڵدا .

❖ دیارترین بنەماو پێوانە ڕەخنەییەکانی کلاسیکی نوێ :

١/ جڵەودانە دەست ئەقڵ و ژیری و دوورکەوتنەوە لو هەست و سۆز و دەربڕینی کەسی .

٢/ بایەخدان بەچێژی دروست و گرنگی دان بەبەها مرۆڤا یەتییە گشتییەکان.

❖ تێبینی :- لەدوای ڕێبازی کلاسیکی کە ڕێبازی (ڕۆمانتیکی) لە ئەوروپا سەری هەڵدا پێوانە ڕەخنەییەکانی ڕێبازی کلاسیکی ڕاستەوخۆ ڕەت کرانەوە ، ڕەخنەی کلاسیکی هەڵگێرینەوە ئەوا پێوانەکانی ڕەخنەی (ڕۆمانیك) دێتە بەردەست .

❖ گرنگترین پێوانە ڕەخنە ڕەخنەییەکان ڕێبازی ڕۆمانتیك :

١/ بایاخ دان بەهەست و سۆزی کەس و دوورکەوتنەوە لە ئەقڵ .

٢/ گەنگی دان بەو بەهایانەی کەکەسین و بەلای تاکە کەسەوە گرنگن

❖ لەم ڕووەوە (ئەلفرید دی موسێ) کە نووسەرێکی ڕۆمانتیکی فەڕەنسییە ، دەڵێت ((ئەوەی گرنگ بێت بەلای منەوە ئەوەیە کە گوێ نەدەمە عەقڵ))

❖ بەڵام (بوالۆ) کە ڕەخنە گرێکی کلاسکی بوو دەڵێت ((هەمیشە بە دەنگ ئەقڵەوە بچوولەوەوە بەکێتی بەرهەمەکانت بەدەست بهێنە))

❖ دیارترین ڕەخنەگرەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی و تێڕوانینیان بۆ دەقی ئەدەبی :

١/ (مەدام دی ستال) کە بەلایەوە دەبێ دەقی ئەدەبی ڕەنگ پێدەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و خو ڕەوشت و نەریتی کۆمەڵ بیت .

٢/ (سانت بیڤ) کە بالایەوە دەقی ئەدەبی ڕەنگ پێدەرەوە ی هەست و سۆزی نووسەرو ناخی نووسەرمان بۆ ڕۆشن بکاتەوە ئەو پێوانە ڕەخنەییانەی لە ڕێبازی ڕۆمانتیکی بۆ شیعری (لیریکی – ویژدانی) دەستیان دەدا کە دیارترین بەرهەمی ڕۆمانتیکەکان بووە بابەتەکانیان بابەتی کەسی بوون ، بە پێچەوانەی بەرهەمی کلاسیکیەکان کە بەرهەمی (تراجیدیا) و (کۆمیدیا) بوون و بابەتەکانیان (مەوزووعی) بوون نەك (خودی و کەسی) .

❖ تێبینی :- لە دوای ڕێبازی ڕۆمانتیکی کۆمەڵێ ڕێبازی ئەدەبی سەری هەڵدا وەك ڕێبازی (ریاکیزمی و پرناسی و هێماگەری و فۆرمالیزمی.....) لەپاڵ ئەم ڕێبازە ئەدەبیانە شدا چەند (ڕێبازێکی ڕەخنەیی) هاتەکایەوە گرنگترینیان ، ڕێبازی شیکاری دەروونی و ڕێبازی ماکسی و ڕێبازی شێوەگەری یان بنیاتگەری بوون .

❖ بەگشتی ڕەخنەی نوێ لە ئەدەبی ئەوروپی سەدەی نۆزدە ، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە دەبێ پێوانە ڕەخنەییەکان بابەتی بن و لە بازنەی تێڕوانینی کەسی ڕەخنەگردا نەهێلرێتەوە ڕاستەوخۆ لەسروشتی دەقی ئەدەبی خۆیەوە بەدەست بهێنرێن .

٢/ ڕێڕەوی ڕەخنەی ڕۆژهەڵاتی (عەرەبی ئیسلامی)

مەبەست لەو ڕێڕەوە ڕەخنەییە یە کەسەرەتا لەئەدەبی عەرەبیدا سەری هەڵداوە پاشان لەلایەن ئەدەبی میللەتەوە موسوڵمانەکانی ترەوە فراوانترو بەربڵاو ترکراوەو بووە تە تیۆرێکی ڕەخنەیی تایبەتبەوگەلانە .

سەرەتا ئەم ڕێڕەوە لە ئەدەبی سەردەمی (جاهیلی)یەوە دەست پێدەکات ، کاتێ هۆزە عەرەبەکان ساڵانە لە بازاڕی عوکاز لە نزیك مەککە کۆدەبوونەوە و شاعیانی هەر هۆزێك بەرهەمی خۆی بۆ شاعیرێکی گەورەی ئەوکاتە کەناوی (نابغە ئەل زوبیانی) بووە خوێندووەتەوە و ئەویش وەك دادوەرێکی ئەدەبی و ڕەخنەگرێك ، ڕاوبۆ چوونی خۆی دەربارەی دەقە شیعرییەکان خوتووەتە ڕوو ، پێوانە ڕەخنەییەکانیش زیاتر هونەری بوون لەدەوری وشەو واتای خوان و گونجاو و شایستە سووڕاونوتەوە .

❖ پاش بڵاوبوونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش پێوانە ڕەخنەییەکان

لەڕینماییەکان ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە بە دەست دەهێنران ولە ڕوانگەی باوەڕی ئاینی شاعیرەوە لەدەقی هۆنراوە داواکرا شاعیران دەبێ (پەیامدار) بن و بەرهەمەکانیان لە خزمەتی کۆمەڵگا ئیسلامییەکە دابێت

❖ قۆناخێکی گرنگی ڕێڕەوی ڕەخنەی ڕۆژهەڵاتی سەردەمی عەباسییەکان بووە .

بەهۆی تێکەڵاو بوونی ڕۆشنبیری گەلە موسڵمانەکانەوە و بەهۆی ئاگادار بوون لە ئەدەب و ڕەخنەی یۆنانی بەتایبەتی (هۆنەری شیعر)ە کەی ئەرستۆ پێوانە ڕەخنەییەکان فراوانتربوون بەرەو بایەخ دان بەلایەنی هونەری براون ، وە زیاتر ئەو تێڕوانینە ڕەخنەییە پەیڕەو کراوە کە بە لایەوە دەقی شیعری چنراێکی زمانییەو دەبی شاعیربایەخ بەلایەنی خوانکاری دەقەکە بدات و لەوبارەدا تواناو دەسەڵاتی هونەری خۆی پیشان بدات . لە سەدەی نۆزدە بەدواوە ئەو ڕێڕەوە ڕەخنەییە بەسوود وەرگرتن لە ڕێبازە ڕەخنەییەکانی ئەدەبی ئەوروپی گەشەی کردووەو ئاوێتەی ڕێبازە ڕەخنەییە جیهانییەکان بووە .

((ڕەخنەی ئەدەبی کوردی))

ئەدەبی کوردی مێژوویەکی دێرینی هەیە ، کۆنترین جۆری ئەو ئەدەبەش شیعری کوردیشدا رەخنەی ئەدەبیش سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە ..... بەو پێیە هەر لەگەڵ پەیوەندیکردنی دەقی ئەدەبی بە گوێگرەوە یان بەخێنەرەوە ، تێڕوانینی ڕەخنەییش بۆ پەسەندکردن یان پەسەند نەکردنی دەق سەرهەڵدەدات ئەگەر بە شێوەیەکی سادەو ساکاریش بێت پێوانە رەخنەییەکانیش زانستی بێت .

- ❖ چالاکی و بەرهەمی ڕەخنەییمان لە چاو بەرهەمی شیعردا کزو لاواز دەبینرێت .

چونکە تا ئێستاش و تارو لێکۆڵینوەی ڕەخنەیی پێش سەدەی بیستەممان دەست نەکەوتووە ئەو بەرهەمە ڕەخنەییانەی کەهەن مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی بیستی سەدەی ڕابردوو بەدواوە کە ڕۆژنامەگەری کوردی تیایدا بەرەو گەشە سەندن چووە و چاپەمەنی کوردیش بەرەو پێش هاتووە .

- ❖ شاعیرانی کورد هەندێ بۆ چوونی ڕەخنەیی :

لەگەڵ ئەو دیاردەی کزی و لاوازییەی ڕەخنەی کوردیشدا ، دەکرێ ئەو ڕاستییە بخەینە بەر دەست کە لە قۆناغە جیاجیاکانی شیعری کوردی پێش سەدەی بیستەمدا چالاکی ڕەخنەیی لە ئارادا بووە و شاعیرانی کورد خۆیان لەبەرهەمە شیعرییەکان نیاندا تێڕوانین و بۆ چوونی ڕەخنەییان خستووەتە بەر دەست و دەستنیشانی کۆمەڵێ پێوانەی ڕەخنەییان کردووە .

((ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی))

لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و لەگەڵ سەر هەڵدان و بەرەو پێشچوونی چاپەمەنی کوردیدا ئەوانیش گەشەیان کردوو بەرەو پێشچوون و فراوانتر بوون . لێرەدا ئاوڕ لەهرندێ لەو بەرهەمە ئەدەبیانە دەدەینەوە کەلابەلا تێڕوانینی ڕەخنەییان خسۆتە بەردەست یان ڕاستەوخۆ بۆ خۆیان وتارو لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی بوون .

- ❖ (ئەنجومەنی ئەدیبان)ی ئەمین فەیزی :-

(ئەنجومەنی ئەدیبان) ی (ئەمین فەیزی) لەساڵی (١٩٢٠)ز لە ئەستەمبوڵ ، چاپکراوە لەم کتێبەدا بەکورتی باس لە ژیانی چەند شاعیرێکی کورد کراوەو نموونە لە شیعرەکانیان خراوەتە بەردەست بەم پێیە ئەم کتێبە دەچێتە

(خانەی مێژووی ئەدەبەوە) نەك ڕەخنەوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا هەندێ ڕاو بۆ چوونی دەربارەی ئەو شاعیرانە خستووەتە ڕوو .

.. لەباسی (نالی) دا : دەڵێت ((زەکایی ئینکار ناکرێ لاکن ئەوەندە سەنایی لەفزییەی ئیسعمال کردووە پیاو ڕەنگە بڵێ شیعری ئەو نەتیجەی عیلم و ئیشتیغالە)) مەبەست لەوەی کە نالی لە داهێنانی شیعریدا زیاتر بایەخی بەلایەنی جوانکاری داوەو هونەرمەندانە مامەڵەی لەگەڵ دەقی شیعریدا کردووە و داهێنانەکانی ئاکامی زانست و زانیاری شیعرییە . ((بۆ لەبەرکردن نییە))

لای یەك مەسەلە پێکدەهێنن کە ئەویش ڕەخنەگرتنی ئەدەبییە بۆیە بەیەکەوە گرێدراون وەیەك کار ئەکاتە سەر ئەوی تر

❖ دوای ساڵی (١٩٧٥)ز یش ئەگەر چی تاڕادەیەك ئەدەب و ڕەخنەی کوردیش وەك شۆڕشەکەی تووشی جۆرە نوشتیەك بووە بەڵام خێراگری و چۆك دانەدانی ئەدیبان و نووسەرانی کورد هەربووە هۆی ئەوەی کە بەرهەمی ئەدەبیان بەردەوام بێت و بەزیندوویی بمێنێتەوە بەڵکو خولیای داهێنان و هەنگاونان بۆ بەرەو پێشچوون بوو بووبە سیمای دیاری ساڵانی هەشتای ئەدەبی کوردیمان . دیارە ڕەخنەش لەو خولیانە بێبەش نەبووە و کەم تا زۆر نووسەرانمان لە پێناو گەشەدان بە ئەدەبەکەمان تێروانینی ڕەخنەیی خۆیان بڵاو کردووەتەوە ، وەك ئەو بۆ چوونەی کەنووسەرەکەی دەربارەی ئەدەبی ئەو ساڵانە دەڵێ . ((بۆ لەبەر کردنە))

((هونەرو ئەدەبیش چەکێکی کاریگەرن لە چەکانی خەباتی میللەت بۆ ئازادی و بەختەوەری و بە هیچ چەشنێك لە جۆرەکانی دیکە خەباتی سیاسی جیا ناکرێتەوە بە تایبەتی لە قۆناغێکدا وەك قۆناغی ئەمڕۆی بزوتنەوەی نیشتمان نیمان)) ((بۆ لە بەرکرد نییە))

((پەخشان))

پەخشان :-بەشێکە لە ئەدەب و بریتییە لەو دەربرین و نووسراوانەی کە هەست و هۆشی مرۆڤ نیشان دەدات ، بە گشتی پەخشانی نوێ بایەخ بە کێش و سەروا نادات .

❖ جۆرەکانی پەخشان :-

_ تێبینی :- بەشێوەیەکی گشتی پەخشان دەکرێت بە دوو جۆرەوە .

١/ پەخشانی زانستی : ئەو پەخشانەیە کەباسی لە بابەتێکی زانستی دەکات و بایەخ بە هەست و سۆز نادات ، وەك بابەتەکانی (کیمیا ، فیزیا ، پزیشکی ، بیرکاری)

٢/ پەخشانی ئەدەبی :- ئەو پەخشانەیە کە زیاتر بایەخ بە هەست و سۆز دەدات بۆ ئەوەی کار لەبەرامبەرەکەی بکات و چێژی پێ ببەخشێ وەك (وتاری ئەدەبی ، نامە ، وەرگێرانی ئەدەبی ، یاداشت ، چیرۆك ، ژیاننامە ، وتووێژە ئەدەبییەکان)

((وتار))

وتار هونەرێکی ئەدەبییە ، نووسەر بە شێوەیەکی کورت و ورد و سەرنج ڕاکێش لایەنێکی ژیان باس دەکات و بیروڕای خۆی دەربارەی دەخاتە ڕوو .

❖ خاسیەتەکانی وتار

١/ کورتی کە دەبێت وتار لە چەند پەڕەیەك تێپەڕنەکات

٢/ جوانکاری لەدەربڕیندا .

٣/ تەکنیك لە نووسیندا کە هەر نووسەرێك ڕێگایەکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ڕوونکردنەوە و داڕشتنی بابەتەکەی بەزمانی ڕوونا کبێری سەردەم .

٤/ بابەتی وتار ڕەنگدانەوەی بیرو هەست و سۆزی خودی خاوەنە کیەتی .

❖ جۆرەکانی وتار :-

وتار وەك بەشەکانی تری ئەدەب بابەتی هەمەچەشنە لە خۆدەگرێت ، لەوانە : (١- وتاری ئاینی ، ٢- وتاری کۆمەڵایەتی ، ٣- وتاری مێژووی ، ٤- وتاری سیاسی ، ٥- وتاری ڕەخنەیی)

❖ قۆناغەکانی ڕێرەوی گەشە سەندنی وتار لە ئەدەبی کوردیدا :

_ قۆناغی یەکەم : ساڵانی (١٩٣٩ _ ١٩٥٨) ز

❖ گەشەسەندن و لاوازبوونی بەرهەمی ئەدەبی کوردی پەیوەندی بە چییەوە هەیە ؟

گەشەسەندن و لاوازبوونی بەرهەمی ئەدەبی کوردیمان پەیوەند بووە ، بەو بارو دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی ئەو دەمەی بەرهەمەکەی تێدا هاتووە ئەاراوە

❖ گۆڤاری گەلاوێژ :

لەساڵی (١٩٣٩)ز دا گۆڤاری گەلاوێژ دەرچوو کە بەدرێژایی (دە)ساڵ تا ساڵی (١٩٤٩)ز بەردەوام بوو ، لو ماوەی دەرچوونی ئەم گۆڤارە دا هەموو بەشەکانی ئەدەب بەتایبەتی وتار گەشەسەندنێکی بەشی بە خۆوە دیوە لە ڕووخسارو ناوەڕۆکدا .

❖ دامەزراندنی کۆماری مەهابەد :-

دامەزراندنی کۆماری مەهاباد لە ساڵی (١٩٤٦)ز لەو ماوە کورتەی تەمەنی ئەو کۆمارەدا ئەدەب بە گشتی هەنگاوی بەرەو پێش ناوە ، چەبدین گۆڤار و ڕۆژنامەی هەمە چەشنە دەرچوون لەوانە

١/ (ڕۆژنامەی کوردستان) شاڵی (١٩٤٦) ز .

٢/ (هەڵاڵە) لە ساڵی (١٩٤٦) ز .

٣/ (گڕوگاڵی منداڵانی کورد) لە ساڵی (١٩٤٦) ز .

❖ ساڵانی چل و پەنجاکان کۆمەڵێ ڕۆژنامەو گۆڤار بڵاو کرانەوە .

لە ساڵانی چل و پەنجاکاندا لە عێراق و پێش ڕووداونی شۆڕشی (١٩٥٨)ز چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری تر بڵاو کرایەوە ، کە بەهۆیانەوە وتار هەنگاوی بەر چاوی ناوە لەوانە

١/ (ڕوناهی) لە ساڵی (١٩٤١)

٢/ (نزار) لە ساڵی (١٩٤٨)

٣/ (هیوا) لە ساڵی (١٩٥٧)

❖ لە وتار نووسە دیارەکانی قۆناغی یەکەم ساڵانی (١٩٣٩ - ١٩٥٨)ز .

١/ حوزنی موکریانی

٢/ عەبدلڕەحمانی زەبیحی

٣/ برایم ئەحمەد

٤/ جەلادەت بەدرخان

٥/ ڕوقیە ی قادری

٦/ سوڵتانخانمی فەتاحی قازی

٧/ کامەران موکری

٨/ عەلائەدین سوجادی

ڕابەر رمضان ٠٧٧٠٦١٠١٠٢١

❖ گرنگترین خاسییەتەکانی وتار لە قۆناغی (١٩٣٩ – ١٩٥٨) ز.

١/ زمانی وتارەکان گەشەیان بە خۆیانەوە بینی ، چونکە زیاتر بەرەو کوردی پەتی دەبران (هەرچەندە هەندێ جار دەقاو دەق وشەی عەرەبی لە نووسیندا بەکارهێنراوە) .

٢/ نیشانەکانی خاڵبەندی زیاتر بایەخی پێ دراوە .

٣/ بابەتی سەرەکی وتار هاندانی ئافرەتە بۆ خوێندن و خوێندەواری .

٤/ زۆر وتار وەرگێردرانە سەری زمانی کوردی وتاری کوردییان پی دەوڵەمەندکرا .

❖ (شەونمی بەری بەیان) نموونەی وتارێکی ئەدەبییەکە لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) دا بە خامەی

(محمد ئەحمەد تەها – کامەران موکری)لەساڵی (١٩٤٦)ز بڵاو کراوەتەوە .

* تێبینی : وتارەکەی تەنها بۆ خوێندنەوەیە بۆیە ئاماژەم پێ نەکردووە .

❖ قۆناغی دووەم : شاڵانی (١٩٥٨ - ١٩٧٠)

لەم ساڵانەدا زۆر گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕووناکبیری ڕوویاندا ، کە کاریگەرییەکی قوڵیان لەسەر ئەدەبی کوردی دروستکرد .

❖ لە دوای شۆرشی (١٤)ی تەمموزی (١٩٥٨)ز .

چونکە رژێمێکی نوێ دامەزرا ، یاساکانی رژێمی پێشوو گۆڕان ، لە وانە بواری ڕادەربرین و چاپەمەنی فراوانتر و ئازاد تربوو ، ئەمانە بوون هۆی بەرەو پێشچوونی وتار لەم قۆناغەدا بەتایبەتی بەهۆی ئەوگۆارو رۆژنامانەی بڵاوکرانەوە وەکو :-

١/ (شەفەق) لەساڵی (١٩٥٨)

٢/ (ڕای گەل) لە ساڵی (١٩٥٩)

٣/ (بڵێسە) لە ساڵی (١٩٥٩)

٤/ (ڕۆژی نوێ) لە ساڵی (١٩٦٠)

❖ لە سەرەتای ساڵای شەستدا بە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول و تێکچوونی بارو دۆخی سیاسی کوردستان ،

بابەتی (وتار بەرەو کاوازی و ستی رۆیشتووە)

❖ لە ناوەڕاستی شەستەکان و دواتر بەهۆی دەرچوونی چوند ڕۆژنامە و گۆڤارێك ، بواری بۆ گەشە سەندنی وتار ژیایەوە ، لەوانە

١/ ڕۆژنامەی (برایی).

٢/ (برایەتی) لەساڵی (١٩٦٨)

٣/ (گۆڤاری سلێمانی) لەساڵی (١٩٦٨) .

❖ له نووسه‌ره ناوداره‌كانی وتار له قۆناغی دووه‌م (١٩٥٨ - ١٩٧٠)ز

١/ مارف خه‌زنه‌دار . ٢/ گۆران . ٣/ مارف به‌رزنجی . ٤/ ئه‌بوزه‌ید مسته‌فا سندی .

٥/ ڕه‌مزی قه‌زاز . ٦/ د . عیزه‌دین مسته‌فا ڕه‌سوڵ . ٧/ شێخ محه‌مه‌دی خاڵ

❖ گرنگترین خاسییه‌ته‌كانی وتار له قۆناغی دووه‌م ساڵانی (١٩٥٨ - ١٩٧٠)ز

١/ زمانی وتار پوختر و ده‌وڵه‌مه‌ندتر بوو ، چونكه زمانی نوسینی وتار به‌دیالێكتی كرمانجی خواروو بوو موتوربه كراوی به‌دیالێكته‌ ته‌كانی دیكه .

٢/ هه‌وڵ دراوه ڕێنووسی ڕاست و دروست په‌یڕه‌وبكرێ و شێوازه كه‌شی به‌رز و جوان بێ .

٣/ له ڕووی ناوه‌ڕۆكه‌وه ، سه‌ره‌كترین بابه‌ت (سیاسی) بووه كه جه‌خت له‌سه‌ر بیرو باوه‌ڕی نه‌ته‌وه‌یی و یه‌كگرتنه‌وه‌ی كوردستان كراوه .

٤/ وتاری كۆمه‌ڵایه‌تی و مێژوویی ئاسۆی فراوانتریان له‌به‌رده‌م كرایه‌وه .

٥/ له‌م قۆناغه‌ش زۆر وتار له زمانه‌كانی بێگانه‌وه وه‌رگێڕدرانه سه‌ر زمانی كوردی .

❖ (ڕه‌مزی قه‌زاز) له ژماره (٢٩) ی (برایی) دا له‌ساڵی (١٩٦٧) وتارێكی بڵاو كردووه ته‌وه .

❖ قۆناغی سێیه‌م : ساڵانی (١٩٧٠ – ١٩٩١) ز :

* له‌دوای ده‌رچوونی به‌یانی (١١) ی ئازاری (١٩٧٠) تاڕاده‌یه‌ك سه‌ربه‌خۆیی كوردستان بۆ چه‌ند ساڵانێكی كه‌م هه‌نگاوێكی تری به بزووتنه‌وه‌ی ئه‌ده‌بی دا .

١/ گه‌لێك یانه‌و كۆمه‌ڵه ده‌ركه‌وتن كه هه‌ر یه‌كێكیان كه‌م بۆ گه‌یاندنی بیری جۆیان چه‌ند گۆڤارو ڕۆژنامه‌یان ده‌ركرد كه‌ئه‌مه خۆی له خۆی دا هه‌نگاوێكی تر وتاری به‌ره و پێش برد .

٢/ بزوتنه‌وه‌یه‌كی ڕۆشنبیری و هۆشیاری له‌ناو نووسه‌ران و جه‌ماوه‌ردا خوڵقاند گه‌لێك ڕۆژنامه‌و گۆڤاری ئه‌ده‌بی و زانستی و ڕووناكبیری هاتنه مه‌یدانه‌وه له‌وانه .

١/ (نووسه‌ری كورد) له ساڵی (١٩٧١) .

٢/ (زانیاری) له ساڵی (١٩٧٠) .

٣/ (گۆڤاری ڕۆژی كوردستان) له ساڵی (١٩٧١).

٤/ (گۆڤاری كۆڕی زانیاری كورد) له ساڵی (١٩٧٣)

ڕابه‌ر رمضان ٠٧٧٠٦١٠١٠٢١

نووسەرانی كورد لە شارەكاندا ژمارەیەك رۆژنامەو گۆڤاریان دەركرد وەك (هاوكاری ، بەیان ، ڕۆشنبیری نوێ) كە توانیان وتار بەرەو پێش بەرن .

لەپاڵ نووسەرانی شاردا نووسەرانی شاخیش لە بڵاو كراوەكانی ناو شۆڕشدا چالاكانە بایەخیان بەتار داوە بە تایبەتی وتاری (سیاسی) لە بڵاوكراوەكانی شاخ وەك

١/ گزنگ لە ساڵی ١٩٨٣

٢/ نووسەری كوردستان لە ساڵی ق ١٩٨١

٣/ (هەڵمەت) لە ساڵی (١٩٨٥)

٤/ (قەندیل) لە ساڵی (١٩٨٧)

٥/ (هەڵوێستی ئەدەب) لە ساڵی (١٩٨٨)

٦/ (بانگ) لە ساڵی (١٩٨٩)

❖ لە دەنگە دیارەكانی وتار لەم ساڵانەدا

١/ مستەفا نەریمان . ٢/ تەها بەرواری .

٣/ جەمال خەزنەدار . ٤/ حەبدول ڕەحمانی مزوری .

٥/ سەبری بۆتانی . ٦/ سەڵاح شوان .

٧/ عەلی سەیدۆ گەورانی .

❖ تێبینی : وتارەكانی ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوو (١٩٧٠ - ١٩٩١)ز دەبوونە بنەماو پێكهێنەرێكی پتەوی ئەدەبی كوردی

❖ گرنگترین خاسییەتەكانی وتار لە قۆناغی سێ یەم ساڵانی (١٩٧٠ – ١٩٩١) ز

١/ لە سەرەتای ساڵانی حەفتاكان ، زمانی وتار گەسشەی كردو بەرنامەی خوێندن بوو بە كوردی لە قۆناغەكانی ناوەندی و ئامادەیی ، ئەمەش وای كرد كە كۆمەڵێك وشە و زاراوەی نوێ بێتە باو فەرهانگی زمانی كوردییە وەو دەوڵەمەندتری بكات .

٢/ دەرنبرینی ناڕاستەرخۆ (هێماو نیشانە بە ئاشكرابە كارهاتووە لە دوای نسكۆی (١٩٧٥) بەتایبەتی لە بڵاوكراوەكانی ناوشار، ئەمەش لە كاتێكدایە كەلەسەرەتای حەفتاكان نووسەران نێ ترس هەست و بیەیان دەر دەببری چونكە بارودۆخەكە ئازادی و سەربەستی بۆ نووسەران دروست كردبوو .

٣/ وتار هۆیەك بوو بۆ پاراستنی زمانی كوردی ، چونكە هەوڵی شێواندن و لەناو بردنی زمانی كوردی دەدرا .

٤/ لەدوای نسكۆی (١٩٧٥) جیاوازی كەوتە نێوان نووسەرانی شارو شاخ چونكە ئەو سەربەستیەی كە نووسەرانی شاخ هەیانبوو هی شار نەیانبوو .

❖ وەك لەم دەقەی (سەبری بۆتانی) نووسراوە کە لە ساڵی (١٩٨٣) دا بڵاو کراوەتەوە .

تێبینی دەقەکەی تەنها بۆ خوێندنەوەیە .

ژ	ناو	ساڵ	شوێن
١	زانیاری	١٩٧٠	
	نوسەری کورد	١٩٧١	
	گۆڤاری ڕۆژی کوردستان	١٩٧١	
	گۆڤاری کۆماری زانیاری کورد	١٩٧٢	
٢	هاوکاری و بیان و ڕۆشنبیری نوێ	١٩٧٥ لەدوای نسکۆ	ناو شار
	نووسەری کوردستان	١٩٨١	ناو شاخ
	گزنگ	١٩٨٣	ناو شاخ
	گەڵمەت	١٩٨٥	ناو شاخ
	قەندیل	١٩٨٧	ناو شاخ
	هەڵوێستی ئەدەب	١٩٨٨	ناو شاخ
	بانگ	١٩٨٩	ناو شاخ
	وتارەکەی سەبری بۆتانی	١٩٨٣	

❖ چیرۆکی کوردی لە جەنگی دووەمی جیهانییەوە .
❖ قۆناغەکانی گەشەکردنی چیرۆکی هونەری کوردی .

* قۆناغی یەکەم / چیرۆکی هوناری کوردی لە ساڵی (١٩٣٩ ـ ١٩٥٨)ز .

* قۆناغی (١٩٣٩ - ١٩٥٨)ز بە قۆناغی گەشە سەندنی چیرۆکی هونەری کوردی ناودەبرێت ، چونکە لەم قۆناغەدا هونەری نووسینی چیرۆکی کورت نەشونمای کرد کە لێرەدا دەرچوونی چەند گۆڤارو ڕۆژنامەیەك ڕۆڵێکی بە رچاویان هەبوو لە گەشە سەندنی وەکو گۆارەکانی :

(گەلاوێژ ، دەنگی گێتی تازە) لە بەغداد .

(هاوار ، ڕۆژانوو) لە شام .

ڕۆژنامەی (ژین و ژیان) لە سلێمانی

❖ چیرۆکی کوردی لە گۆڤاری (گەلاوێژ) (١٩٣٩ ـ ١٩٤٩)

گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩ - ١٩٤٩)ز ڕۆڵێکی دیارو ئاشکرای لە جێگیر بوون ڕەگ داکوتانی چیرۆکی هونەری کوردی هەبوو ، (گۆڤاری گەلاوێژ) هەر لە یەکەم ژمارەیەوە گۆشەیەکی تایبەتی بۆ چیرۆك داناوە ، ناوی ناوە (چیرۆکی ئەم مانگە) کەلە سەرجەم ژمارەکانی ئەم ئەم گۆشەیەدا دەبینرێت تادوا ژمارەی کە ژمارە (١١٦)یە چونکە بە بەشێکی سەرەکی ئەدەبی نوێیان زانیوە .

❖ چیرۆکە وەرگێرراوەکانی گۆڤاری (گەلاوێژ) :

ئاوڕدانەوە لە چیرۆکی وەرگێرراو لە گۆڤاری گەلاوێژدا کارێکی زۆر بەجێ بووە ، بۆ چاوکردنەوەی لاوەکانی ئەوساش بەکەڵك بووە ، بەتایبەتی چیرۆکە وەرگێرراوەکان هی ئەو نووسەرانە بوون کەناو بانگیان هەبووە لە جیهاندا سەرنجی خوێنەر و نووسەرانی کوردیان ڕادەکێشا بۆ ئەم ناوانە (مەکسیم گۆرگی ، چیخۆف ، مۆ پاسان ، بەلزاك ، ئەندرسن ، تۆلستۆ ، جبران خلیل جبران ، تۆفیق حکیم)

* تێبینی :- چیرۆکەکان زیاتر لە زمنی ئینگلیزی و هەندێکیان لە زمانی عەرەبییەوە وەردەگێردران .

❖ ناوەڕۆکی چیرۆکەکەنی ئەم قۆناغە (گۆڤاری گەلاوێژ)

١/ ناکۆکی و ململانێی نێوان دوو چینی سەرەکی (دەرەبوگ و ئاغاکان) لەلایەك (جوتیارو ڕەش و ڕووت) لەلایەکی تر نووسەرەکان بەتەواوی لایەنگری جوتیاران .

٢/ ڕەخنەگرتن لە نەریت و خوڕەوشتی دواکەو توویی کۆمەڵایەتی

٣/ ئەفرەت کراوە بە پاڵەوانی چیرۆك ، هەروەها باسی دەردەکانی ئافرەت کراوە وەك (شیربایی و کچ فرۆشتن .. .)

❖ تێبینی :- بایەخدانی چیرۆکنووسانی (گۆڤاری گەلاوێژ)

بەکێشەو دیاردا کۆمەڵایەتییەکان بووە هۆی ئەوەی کە ڕاستەوخۆ چیرۆکی کوردی بەرەو ڕێبازی ڕیالیزمی هەنگا بنێت.

❖ لەدیارترین چیرۆکنوو سەکانی گۆڤاری گەلاوێژ :

١/ شاکر فەتاح .   ٢/ عەلائەدین سوجادی .   ٣/ برایم ئەحمەد .

❖ تەکنیك و زمانی داڕشتنی چیرۆکەکان .

❖ تەکنیك و زمانی داڕشتنی چیرۆکەکانی سەرەتا:

١/ لە ڕووی زمان و تەکنیکەوە پێشکە و تنێکی ئەوتۆیان پێوە دیارنین.

٢/ زمانی نووسینی چیرۆکەکان کوردی پەتی نییە ، وشەی عەرەبی و فارسی تێدایە .

٣/ لە ڕووی تەکنیکەوە شێوازەکەی گێڕانەوەی ئاساییە هونەری چیرۆکی نوێی پێوە دیار نییە ، زیاتر شێوای ڕاپۆرت نوو سینیان پێوەدیارە .

٤/ گەلێك چیرۆکنووس هەوڵیان داوە باسێکی فۆلکلۆری یان ئەفسانەیی بێنن و بەرگی چیرۆکێکی هونەری بە بەردا بکەن .

❖ زمانی چیرۆکەکان لەم قۆناغەدا (١٩٣٩ - ١٩٥٨)

١/ زمانی چیرۆکەکان بەرەو کوردی پەتی و ڕەوان دەڕوەت و پاك دەبێتەوە لە وشەی بێگانە .

٢/ شێوەی هونەری نوێ و تازەتر بەکارهاتووە.

٣/ سیمای هونەری نوێیان پێوە دیارە .

٤/ رستەو وەسفەکان بەسۆزو کاریگەرن . زنجرەی باسەکان هەر لەسەرەتاوە باش بەیەکەوە بەندن خوێنەر ڕادەکێشن.

❖ چیرۆکی کوردی لە گۆڤاری (هاوار)(١٩٤١ – ١٩٤٣) ز .

گۆڤاری (هاوار) لە ساڵی (١٩٣٢) لە (شام) دەرچوو لە ساڵانی (١٩٤١ – ١٩٤٣) بایەخی زۆری داوە بەبڵاوکرد نەوەی (چیرۆك)و لە نرخ و بەهای ئەم هونەرە تازەیە باش تێگە یشتوون .

❖ لەسەر لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە چەند چیرۆکنووسێکی بەتوانا و هونەرمەند هەڵکەوتن کە دیار ترینیان ئەمانەن :

(جەلادەت بەدرخان ، قەدری جان ، کامەران بەدرخان ، ئوسمان سەبری ، نورەدین زازا) بوون .

❖ تێبینی :- چیرۆکەکانی گۆڤاری (هاوار) بە شێوەی کرمانجی (ژووروو)و بەشی (بۆتانی) نوسراون .

- هەندێکیان بەچیرۆکی هونەری دادەنرێن ، چونکە پلەی هونەرییان بەرزە .

- هەندێکی تریشیان سیمای حەکایەتی فۆلکلۆری کوردییان پێوە دیارە .

- هەندێکی تر یشیان لەسەر زمانی گیانداران وتراون

❖ ناوەڕۆکی ئەو چیرۆکانەی کە لە گۆڤاری (هاوار)دا بڵاوکراونەتەوە .

١/ هەوڵیان داوە زیاتر مەسەلەی نەتەوایەتی و خەباتی چینایەتی بخەنەڕوو.

٢/ ڕەخنە لە ناهەمواری کۆمەڵ دەگرن .

٣/ دەردی هەژاری و نەخوێندەواری دەخەنەڕوو .

❖ چیرۆکی وەرگێڕاو لە گۆڤاری (هاوار) دا :

گۆڤاری هاوار بایەخی داوە بە چیرۆکی وەرگێڕاو بەتایبەتی لە زمانی فەرەنسی و عەرەبییەوە دەکرانە کوردی هەندێك جاریش هەر چیرۆکە کوردییەکان لە هەمان ژمارەدا کراون بە فەرەنسی ، ئەمەش ئەزموونێکی تازەبووە لە ئەدەبی کوردیدا ،

❖ تەکنیکی ئەو چیرۆکانەی کە لە گۆڤاری (هاوار) دا بڵاوکرانەوە .

* بەشی هەرەزۆری چیرۆکە نووسراوو بڵاوکراوەکان لە ئاستێکی هونەری پێشکەوتوودان و تەواو تۆکمەن ، چونکە چیرۆکنوو سەکان زمانی فەرەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزییان زانیوە .

❖ چیرۆکی کوردی لە گۆڤاری (شەفەق)(١٩٥٨) ز :

لەساڵی (١٩٥٨)ز لە شاری (کەرکوك) گۆڤاری شەفەق دەرچوو کە ڕۆڵێکی بەر چاوی هەبوو لە پێشخستنی هونەری کوردی .

❖ گۆڤاری (شەفەق) گرەوێکی ڕێکخست بۆ باشترین سێ جیرۆکی کوردی و سێ خەڵاتی تەرخانکرد .

١/ (چای شیرین) ی (حسین عارف) پاداشتی یەکەمی وەرگرت کە بناوی خواستروی (محمد صدیق عارف) بڵاوکرایەوە.

٢/ (چەندم لێ ئەسێنێ) ی (مستەفا صالح کەریم) پاداشتی دووەمی وەرگرت .

٣ /(شەوێکی درێژ) ی (محمد صالح دیلان) ی شاعیریش پاداشتی سێیەمی وەرگرت .

❖ لەم ماوەیەدا (١٩٣٩ ــ ١٩٥٨)ز چەند چیرۆکنووسێك بۆ یەکەم جار دەستیان دایە بڵاوکردنەوەی

(چیرۆکی مام ناوەند)ی کە لە قۆنغیەکانی دواتریش هەرنا ویان دەدرەوشێتەوە وەکو (حسێن عارف ، محەمەد مەولود (مەم)، شێخ مارف بەرزنجی ، جەمال بابان ، محەرەم محەمەد ئەمین ، کاکەمەم بۆتانی ، حەسەنی قزڵچی .... هتد)

❖ لەم قۆناغەدا (١٩٣٩ ــ ١٩٥٨) چەند چیرۆك نووسێك بۆ یەکەم جار چیرۆکی مام ناوەندی بڵاودەکردەوە و جێگیری دەکەن .

١/ خانزد ، پەڵەهەو ریکی چڵکن (جەمال بابان) .

٢/ لالۆ کەریم (جەمال نەبەز) .

٣/ کاروانی (محەمەد صاڵح سەید) .

❖ چیرۆکی مام ناوەندی :

ئەو چیرۆکانە ماوەی ڕووداوەکانییان زیاترە لە چیرۆکی کورت و ژمارەی کەسەکانییان زیاترە لە چیرۆکی کورت بەڵام ناگەنە چیرۆکی درێژ (ڕۆمان) .

❖ پێشتر دوو چیرۆکی مام ناوەندی نووسراو ناتەوە :

چیرۆکی (لەخەوما) ی (جەمیل سائیب) کە لە ساڵی (١٩٢٥)ز نووسراوە و لە ساڵی (١٩٧٥) چاپکراوە ، هەروەها (مەسەلەی ویژدان) ی (ئەحمەد موختار جاف) کە لە ساڵی (١٩٢٩)نوسراوە و لەساڵی (١٩٧٠) چاپکراوە (سەر بە چیرۆکی مام ناوەندین) بەڵام لە بەرئەوەی لەکاتی خۆیدا بە کتێب بڵاونەکراونەتەوە نەیانتوانیوە لەکاتی خۆیدا جێگیر یان بکەن .

❖ گۆڤاری شەفەق (١٩٥٨) کەرکوك گرەوێکی ڕێکخستبوو ، سێ خەڵاتی تەرخان کردبوو بۆ چیرۆکی کورت .

١/ پاداشتی یەکەم (چای شیرین) (حسێن عارف) ناوی خواستراو (محەمەد صدیق عارف) .

٢/ پاداشتی دووەم (چەندم لێ ئەستێنی) (مستەفا صاڵح کرەیم) .

٣/ پاداشتی سێ یەم (شەوێکی درێژ) (محەمەد صاڵح دیلان) .

❖ بۆیەکەم جار (چیرۆکی مام ناوەندی) لە گۆڤاری (شەفەق) بڵاوکرایەوە لە قۆناغی (١٩٣٩ ــ ١٩٥٨) :

_ (خانزاد ، پەڵەهەورێکی چڵکن) ــــ (جەمال بابان).

_ (لالۆ کەریم) ــــ (جەمال نەبەز) .

_ (کاروانی) ــــ (محەمەد صاڵح سەعید) .

❖ دوو چیرۆکی مام ناوەندی لە پێش قۆناغی (١٩٢٩ ــ ١٩٥٨) نووسراو نەتەوە بەڵام لەکاتی خۆی بڵاونەکراو نەتەوە .

چیرۆك	ناو	ساڵی نووسین	ساڵی چاپ
لە خەوما	جەمیل سائیب	١٩٢٥	١٩٧٥
مەسەلەی ویژدان	ئەحمەد موختار جاف	١٩٢٩	١٩٧٠

❖ قۆناغی دووەم :- چیرۆکی هونەری کوردی لە ساڵی (١٩٥٨ ــ ١٩٧٠) .

لە قۆناغی (١٩٥٨ ــ ١٩٧٠) بەدواوە بە هۆی ئاڵۆزبوونی باری سیاسی وڵات و بەرپابوونی شۆڕشی نەتەوەیی ئەیلول لە ساڵی (١٩٦١) دژی ڕژێمی قاسم ، ءەدەبی کوردیی بەسەر دەمێکی شوزەنگ و تاریك تێپەڕی ، چونکە بە ئاشکرا بەربەرەکانی چاپەمەنی کوردی دەکرا ، ئەم بارو دۆخەش کە بەسەر مێژووی نەتەوایە تیماندا هات پەردەی نا ئومێدی کێشابە سەر ئەدەبی کوردیدا و چەند ساڵێکی خایاند ، دیارە چیرۆکی کوردیش سست و دواکەوتنی بە خۆیەوە بینی ، بەڵام ئەم بارو دۆخە هەروا نەمایە وە .

❖ لەناوە ڕاستی ساڵانی شەسدا :-

چیرۆکی کوردی تا ڕادەیەك پشووی پیا هاتەوە ، چەند گۆڤارو ڕۆژنامەیەك دەرچوون و زەمینەیەکی لەباری بۆ ڕەخسا کە جارێکی دیکە پێش بکەوێتەوە و ، هەندێك لە چیرۆکنووسەکان وەك (مارف خەزنەدار ، جەمال بابان ، کاکەمەم بۆتانی ، دکتۆر کاوس قەفتان ، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)

❖ چیرۆکەکانی ئەم سەردەمە (١٩٥٨ ــ ١٩٧٠) دوو جۆری سەرەکین .

١/ هەندێکیان زۆر سادەوساکارن ڕووخساەی هونەرییان پێوە نییە ، لە جوغزێکی نا ئومێدی دەخولانەوە .

٢/ بەشێکی تریان گەشەو پێشکەوتنیان پێوە دیارە مورکی کوردەوارییان پێوەیە ، قارەمانەکانی کەسانی کۆماڵی کوردەوارین .

* تێبینی :- ناوەڕۆکی چیرۆکی (١٩٥٨ – ١٩٧٠) بایەخی بە کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و چینایەتی داوە .

* تێبینی :- چیرۆکنوسانی (١٩٥٨ –١٩٧٠) هەوڵیان داوە بائاشکرا باسی بابەتە سیاسییەکان بکەن ، بەمەش نرخ و بەهای چیرۆك هێنراوەتە خوارەوە ، و زمانی چیرۆك سادە بووە ، تاڕادەیەکیش ڕەمزیان بەکار هێناوە .

قۆناغی سێیەم : چیرۆکی هونەری لە ساڵی (١٩٧٠ – ١٩٩١) ز .

❖ دەرچونی بەیانی (ڕوانگە) لە بەهاری ساڵی (١٩٧٠) بووە هۆی .

١/ پەیدا بوونی ژمارەیەك چیرۆك نووسی تازە .

٢/سازدانی کۆری ئەدەبی و زاڵبوونی کەش و هەوایەکی باش بۆ گفتۆکردن لە سەرباری رۆشنبیری .

٣/ چیرۆکی لە سستی و جوینەوە ڕزگارکردو زەمینەیەکی نوێی بۆ چیرۆك ئامادەکرد .

٤/ دوایوارێکی لە نێوان چیرۆکی کۆن و نوێ دروستکرد .

٥/ بەتەکنیکی تازەو بەکارهێنانی دیالۆگ و مەنەلۆگ و چڕکردنەوەی گێرانەوە و بەکارهێنانی تەوژمی هۆش ، ئاستی چیرۆکی کوردی بەرزکردەوە .

❖ لە سەرەتای ساڵی حەفتاکاندا :

چیرۆکنووسی قۆناغیەکانی پێشوو بەردەوام بوون لەسەر چیرۆك نووسین بەڵام بە بۆ چوونی تازەو کەرەستەی تازەوە، وەك چیرۆکنووسان (حسین عارف ، محەمەد مەولود (مەم) ، کاکەمەم بۆتانی ، مستەفا صاڵح کەریم ، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) هەروەها چەند چیرۆك نووس تازەش بۆ یەکام جار دەستیان بە چیرۆك نووسین کردو دواتر ناو بانگیان دەرکرد وەك (محەمەد موکری ، محەمەد فەریق حەسەن ، ڕەئئوف بێگەرد ، ئەنوەر محەمەد تاهیر ، دکتۆر نافیع ئاکرەیی، شەعبان مزویری ، شێرزاد حەسەن) .

❖ لە قۆناغی (١٩٧٠ – ١٩٩١) دوو ڕووداوی گرنگ کاری کردە سەر ڕەوتی چیرکی هونەری کوردی .

١/ شکستی شۆڕشی ئەیلول لە ناوەڕاستی حەفتا ، لەساڵی (١٩٧٥)ز .

٢/ شەری هەشت ساڵەی عێراق و ئێران (١٩٨٠ – ١٩٨٨)ز .

❖ چیرۆکی بەرگری لە نافە ڕەواکانی کورد :

لەدوای ساڵانی (١٩٧٥) جورە چیرۆکێك پەیدابوو ، کە دەتوانین ناوی بنێین ، چیرۆکی بەرگری لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد ، چونکە باش شکستی (١٩٧٥) بوون و مانەوەی کورد کەتە مەترسییەوە تاوانی لە ناوچوون و جینۆساید نە ئاشکرا بەرامبەر کورد پەیرەو دەکرا کورد کەوتە هێزێکی دڕندەی وەك بەعس کە خاوەن تەزەترین چەك بوو ، بۆیە چیرۆك نووسە کوردەکان ئەرکێکی پیرۆزیان کەوتە سەرشان کە ئەویش داکۆکی کردن بوو لە نەتەوەی خۆیان و هاندنی خەڵك بوو بۆ بەرگری کردن و هۆشیار کردنەوەی کورد کە ڕووی بیرو باوەڕەوە . چیرۆکنووسەکان ئەمانەن (کاکە مەم بۆتانی ، محەمەد موکری ، محەمەد فەریق ، حەسەن ، ڕەئوف حەسەن ، ڕەئوف بێگەرد)

❖ **چیرۆکی هونەری کوردی لە ڕووی ڕووخسارەوە لە قۆناغی (١٩٧٠ – ١٩٩١) .**

١/ چیرۆکی کوردی لەم قۆناغەدا سوودی لە بەیت و داستانی کۆنی فۆلکلۆری وەرگرتووە ، کە ئەمەش سەرەتایەکی لەربوو بۆ چیرۆکنوو سانمان کەئاوڕ لە گەنجینەی (بەیت و لاوك) ی کوردی بدەنەوە بۆ خستنەڕوو و بەرجەستەکردنی هیوا و خەمەکانی مرۆڤی کوردی هاوچەرخ .

لاوکی سوارە	**محەمەد فەریق حەسەن**
بەیتی سمۆ	**ڕەئوف بێگەرد**
هێڵەگ	**عەبدوڵڵا سەراج**

٢/لە چیرۆکی ساڵانی (١٩٧٠ – ١٩٩١) ڕەمز (جەفەنگ) بەکار هاتووە بۆ جوانکاری وشاردنەوەی ئەسڵی مەبەست ، بەتایبەتی لەو بارودۆخانەی کەڕێی دەربرینی ڕاستەو خۆلە نووسەران دەگیرێت بە هۆی بارو دۆخی سیاسی و تووندو تیژییەوە .

ڕەوە بەراز	**ڕەمزی گیرکەرو شەرخواز**
دار بەڕوو	**ڕەمزی کوردو خۆڕاگری کورد**
ئەسپ	**ڕەمزی شۆڕش**

٣/ چیرۆکی کوردی لەم قۆناغەدا سوودی لە هونەری سینەما وەرگرتووە کە ئەمەش چەکێکی تازەی دایە دەست نووسەر بووە هۆی شکاندنی قاڵبی خۆبەستنەوەی چیرۆکنووس لە کاتێکی دیاری کراو کە ئەمەش لەچیرۆکەکانی (حسین عارف، شێرزاد حەسەن ، محەمەد موکری ، ئەحلام مەنسور ، ئەنوەر مەمەد تاهیر ، عەبدوڵڵا سەراج) دەبینرێت .

٤/ کاریگەری ئەدەبی بێگانە زۆر بە ئاشکرا دیارە بەسەر چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە ، بە تایبەتی جێرۆکەکەانی ئەمریکای لاتینی و ئەڵمانی و ڕووسی بە شێوەیەکی ئاشکرا نیوەی دووەمی ساڵانی حەفتاو هەشتادا ، چونکە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی گەلانی تر دەبێتە هۆی دەوڵەمەند کردن و بەرەو پێش بردنی چیرۆکی کوردی .

٥/ لە ڕووی بەکار هێنانی زمانەوە جیاوازی هەبوو لە نێوان چیرۆکنووساندا .

أ/ زمان لای هەندێك چیرۆکنووس زۆر سادەو ساکارە و درێژە پێدەری زمانی نووسینی چیرۆکە لە قۆناغەکانی پێشوتر لە گەڵ گۆرانکارییە کی کەم .

ب/ بەلأم لای هەندێك چیرۆکنووسی تر زمانی نووسینی چیرۆکەکان جیاواز ترو چڕو پرتر و تۆکمەتر بوو .

بۆ نموونە (شێرزاد حەسەن)ی چیرۆك نووس بە ئاشکرا جاوەن زمانێکی دەوڵەمەندی تایبەت بە خۆیەتی و زمانی شیعر زاڵە بەسەر زمانی چیرۆکەکانی دا کە خوێنەر ڕادەکێشێت و وای لێ دەکات چێژ لە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی وەربگرن ، ئەمەش بە ئاشکرا لە هەردوو کۆمەڵە چیرۆکی (تەنیایی – ١٩٨٣) و (گوڵە ڕەش – ١٩٨٩) دیارە .

❖ **زمان لەلای (حسێن عارف) زمانێکی کوردی تۆکمەو بەپێزە بە تایبەتی لە کۆمەڵە چیرۆکەکانی (توێشووی**

سەفەرێکی سەخت – ١٩٧٩) و (گەلەگورگ – ١٩٨٣) بڵاوکراونەوە بەتایبەتی چیرۆکی (گەلەگورگ) زمان زۆر دەوڵەمەند ترو سەرنج ڕاکێشترە .

کۆمەڵێ

پرسیار

لە بەشی

دووەم

پ١/ وشەی(ڕەخنە) لە زمانی کوردی بەرامبەر چ وشەیەك لە عەرەبی و لاتینی بەکار دێت ؟

وەڵام :- لە زمانی کوردیدا وشەی(ڕەخنە) بەرامبەر وشەی(نقد)ی عەرەبی و وشەی (کرتیك)ی لاتینی بەکار دەهێنرێت.

پ٢/ لقەکانی لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبی چین ؟ بیانژمێرە ؟

وەڵام :- ١- ڕەخنەی ئەدەبی . ٢- مێژووی ئەدەبی . ٣/ تیۆری ئەدەبی .

پ٣/ ڕەخنەی ئەدەبی چی یە ؟

وەڵام :- ڕەخنەی ئەدەبی : لقێکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی یە و بایەخ بە لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبی دەدات .

پ٤/ ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی چی یە ؟

وەڵام :- ئەرکی ڕەخنەشیکردنەوەی ڕاڤەکردن و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی یان دیاریکردنی بەهای دەقی ئەدەبییە .

پ٥/ ڕەخنەی ئەدەبی چی دەست نیشان دەکات ؟

وەڵام :- ڕەخنەی ئەدەبی ڕادە و ئاستی گرنگی و بایەخی دەق بۆ خوێنەر و داهێنەریش دەست نیشان دەکات .

پ٦/ ئەگەر ئەدیبان بەرجەستەکەری جوانی و ڕەنگ ڕێژکەری ژیان و دەروونی مرۆڤ بن ، ئەوا ڕەخنەگران چین؟

وەڵام :- ڕەخنەگر بۆ خۆیان بزوێنەری چالاکی ئەدەبی و بزوتنەوەی یەدەبی و داهێنانی ئەدەبین .

پ٧/ ئەو مەرج و خاسیەتانە چین کە دەبێت لە کەسی ڕەخنەگردا هەبن ؟

وەڵام :- ڕەخنەگر دەبێت لێکۆڵەرێکی ئەدەبی سارەزا بێت و زانیاری تەواوی دەربارەی مێژووی ئەدەب و تیۆری ئەدەبی هەبێت و سەرباری ئەوەش کە چێژ وەرگرێکی ئەدەبیش بێت و دەبێت زانیاری لە بواری سیاسی و لۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و زانستە مرۆیی و زانستەکانی تریش شارەزا بێت .

پ٨/ لە مێژووی ڕەخنەی جیهاندا چەند ڕێرەوی ڕەخنەیی بەدی دەکرێت ؟ چین ؟

وەڵام :- دوو ڕێرەون :- ١- ڕەخنەی خۆرئاوایی . ٢- ڕەخنەی خۆرهەڵاتی .

پ٩/ سەرەتای ڕەخنەی خۆرئاوایی کەی و لە ئەدەبی کام نەتەوە دەستی پێکردووە ؟ باسی بکە .

وەڵام :- بۆ پێش زایین و لە ئەدەبی یۆنانیی دەستی پێکردووە . لەکاتی ئاهەنگ گێران بەبۆنەی جەژنەکانیانەوە شانۆگەرییان پێشکەش کردووە و لیژنەیەکیان بۆ هەڵبژاردنی باشترین دەقی تراجیدی یان کۆمیدی کە شیعر بووە دەست نیشان کردووە .

پ١٠/ (بۆقەکان) ئەمە ناونیشانی بەرهەمێکە ، هی کێ یە ؟ مێژووەکەی بۆ کەی دەگەڕێتەوە ؟ باسی چی دەکات ؟

وەڵام :- بەرهەمێکی کۆمیدیە ،هی (ئەرستۆڤانیس)ە ، بۆ سەدەی شەشی پێش زایین دەگەڕێتەوە کە تێروانینی ڕەخنەیی دەربارەی سێ شاعیری گەورەی یۆنانی خستۆتە ڕوو ، ئەو سێ شاعیرەش (یوربیدز) و (ئەسخیلۆس) و(سوفوکلیس)بوون .

پ١١/ دیارترین فەیلەسووفی یۆنانی کێن کە تا ئێستاش بیروڕاکانیان جێگای بایەخ وێدان بن ؟ وە چۆن دەڕواننە بەرهەمی شاعیران و نوسەران ؟

وەڵام :- (ئەفلاتوون) و (ئەرستۆ) ن ، ئەفلاتوون ڕای وا بوو کە شاعیران ناتوانن ڕاستییەکان بە خەڵکی بگەیەنن و وایان لێ دەکەن کە جڵەو بدەنە دەست هەست و سۆز نەك ئەقڵ . بەڵام (ئەرستۆ) بەرهەمی شیعری بە سوودمەند داناوە ، بەتایبەتی تراجیدیا .

پ١٢/ ئەرستۆ لە کتێبی (هونەری شیعر)دا ، چ شتێکی بۆ تراجیدیا دارشتووە ؟

وەڵام :- کۆمەڵێ دەستوور و یاسای هونەری بۆ تراچیدیا دارشتووە کە بوونەتە بناغەی تیۆری ئەورووپی بەگشتی و بنەمای ڕەخەی کلاسیکی نوێ کە لەسەدەی حەڤدەدا لە فەرەنسا سەری هەڵداو گەشەی کرد .

پ١٢/ کام ڕەخنەگر توانی ڕاو بۆچوونەکانی (ئەرستۆ) جێگیر بکات ؟ بۆچوونەکانی ئەرستۆ بۆچی بەکار هێنا ؟

وەڵام :- ڕەخنەگری بەناوبانگی فەرەنسی (بوالۆ) توانی ڕاو بۆچوونەکانی (ئەرستۆ) جێگیر بکات و بیان کاتە پێوانەی ڕەخنای کلاسیکی نوێ لە ئەوروپا.

پ١٣/ گرنگترین بنەماکانی ڕەخمەی کلاسیکی نوێ بریتی بوو لە چی ؟

وەڵام :- ١- جڵەو دانە دەست ئەقڵ و ژیری و دوورکەوتنەوە لو هەست و سۆزو دەربرینی کەسی .

٢- بایەخدان بە چێژی دروست. ٣- گرنگیدان بە بەها مرۆڤایەتیە گشتییەکان .

پ١٤/ کاتێك ڕێبازی ڕۆمانتیکی سەری هەڵدا پێوانە ڕەخنەییەکانی ڕێبازی کلاسیکی چی بەسەر هات ؟

وەڵام :- ڕاستەوخۆ ڕەت کرانەوە .

پ١٥/ دیارترین پێوانە ڕەخنەییەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی چین ؟

وەڵام :- ١- بایەخدان بە هەست و سۆزی کەسی و دوورکەوتنەوە لە ئەقڵ .

وەڵام :- ٢/ گرنگیدان بەو بەهایانەی کە کەسین و بەلای تاکە کەسەوە گرنگن .

پ١٦/ بیروباوەڕی فەیلەسووفان (ئەلفرید دی مۆسێ) و (بوالۆ) چییە دەربارەی ئەقڵ ؟

وەڵام :- نووسەرێکی ڕۆمانتیکی فەرەنسی (ئەلفرید دی مۆسێ) دەڵێ : (ئەوەی گرنگ بێت بەلای منەوە ئەوەیە کە گوێ نەدەمە ئەقڵ). ڕەخنەگری کلاسیکی (بوالۆ) دەڵێ : (هەمیشە بەدەنگ ئەقڵەوە بچۆ و لەوەوە یەکێتی بەرهەمەکانت بەدەست بهێنە) .

پ١٧/ دیارترین ڕەخنەگری ڕێبازی ڕۆمانتیکی خۆرئاوایی کێ بوو ؟ بەڕای هەر یەکەیان دەبێت دەقی ئەدەبی ڕەنگ پێدەرەوەی چی بێت ؟

وەڵام :- (مەدام دی ستار) و (سانت بیڤ) بوون ، بەلای یەکەمیانەوە دەبێ دەقی ئەدەبی ڕەنگدەرەوەی ژیانی کۆمەڵایرتی و خووڕەوشت و نەریتی کۆمەڵ بێت . بەڵام بەلای دووەمیانەوە دەقی ئەدەبی ڕەنگدەرەوەی هەست و سۆزی نووسەرە .

پ١٨/ ئەو پێوانە ڕەخنەییانەی کەلە ڕێبازی ڕۆمانتیکی و کلاسیکی بۆ شیعر دەستیان دەدا چی بوون ؟

وەڵام :- دیارە ئەو پێوانە ڕەخنەییانەی لە ڕێبازی ڕۆمانتیکی بۆ شیعری ویژدانی (لیرکی) دەستیان دەدا بەرهەمی خودی و کەسی بوون بە پێچەوانەی بەرهەمی کلاسیکەکان کە (یراجیدیا و کۆمیدیا) بوون و بەرهەمەکانییان بابەتی بوون .

پ١٩/ ئەو ڕێبازە ئەدەبییانەی لە دوای ڕێبازی ڕۆمانتیکی سەریان هەڵدا لە ئەوروپا چین ؟ بەکوردتی باسیان بکە ؟

وەڵام :- ئەمانە ڕێبازی ئەدەبین (ریالیزم و پرناس و هێماگەری و فۆرمالیزم) ئەمانەش ڕێبازی ڕەخنەیین (ڕێبازی شیکاری دەروونی و ڕێبازی مارکسی و ڕێبازی شێوەگەرایی یان بنیاتگەری).

پ٢٠/ بەشێوەیەکی گشتی ڕەخنەی نوێ لە ئەدەبی ئەوروپی پێ لەسەر چی دادەگرێ ؟

وەڵام :- پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە دەبێ پێوانە ڕەخنەییەکان بابەتی بن و لە بازنەی تێروانینی کەسیی ڕەخنەگردا نەهێڵدرێتەوە .

پ٢١/ مەبەست لە ڕەخنەی خۆرهەڵاتی چی یە ؟ سەرەتای ئەم ڕێرەوە لە ئەدەبی عەرەبی چۆن دەست بێ دەکات ؟

وەڵام :- سەرەتی ئەم ڕێڕەوە لە ئەدەبی عەرەبی سەردەنی (جاهیلی) یەوە دەست پێ دەکات ، هۆزە عەرەبەکان ساڵانە لە بازاڕی (عوکاز) لە نزیك مەککە کۆ دەبوونەوە و شاعیرانی هەر هۆزێك بەرهەمی خۆی بۆ شاعیرێکی گەورەی ئەو کاتە کە ناوی (نابغە ئەل زوبیانی) بووە خوێندووەتەوە ئەویش وەك دادوەرێکی ئەدەبی و ڕەخنەگرێك ڕاو بۆچوونی خۆی دەربارەی دەقە شیعرییەکان خستۆتە ڕوو.

پ٢٢/ پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام پێوانە ڕەخنەییەکان لە چییەوە بەدەست دەهێنران ؟

وەڵام :- لە ڕێناییەکانی ئایینی ئیسلامەوە بەدەست دەهێنران و داوا دەکرا کە دەبێت شاعیران (پەیامدار) بن و بەرهەمەکانیان لە خزمەتی کۆمەڵگا ئیسلامییەکەدا بێت .

پ٢٣/ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی کەی سەری هەڵدا و چۆن؟

وەڵام :- کۆنترین جۆری ئەو ئەدەبەش شیعرە ، لەگەڵ لە دایك بوون و بەرەو پێش چوونی شیعری کوردیشدا ڕەخنەی ئەدەبیش سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە .

پ٢٤/ چالاکی بەرهەمی ڕەخنەییمان لە چاو بەرهەمی شیعریمان چۆن دەبینرێت ؟

وەڵام :- کزو لاوەز دەبینرێ چونکە تا ئێستاش وتار و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی پێش سەدەی بیستەممان نەهاتووەتە بەر دەست و ئەو بەرهەمە ڕەخنەییانەی کە هەن مێژووەکەیان دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی دوای بیستی سەدەی بیستەم .

پ٢٥/ مەلای جزیری لەو شاعیرانەیە کەلە یەکێ لە دەقە شیعرییەکانیدا بنەمای ڕەخنەییمان بۆ دەست نیشان دەکات باسی ئەو بنەمایە بکە ؟

وەڵام :- (مەلای جزیری) وشەی ڕەخنەی بەو واتایە بەکارهێناوە کە ئێستا بەکاری دەهێنین وە کۆمەڵێ زاراوەی ڕەخنەیی بەکارهێناوە ، وەك (ئەزمی لەتیف) و (سڤك) و ()ئەشکال و ئەوزاعێن بەدیع) .

پ٢٦/ بەلای (مەلای جزیری) یەوە باشترین شیعر کامەیە ؟

وەڵام :- بەلای مەلای جزیرییەوە باشترین شیعر ئەو شیعرەیە کە وشەکانی جوان و چێژبەخش و ڕەوان بن و واتاکانیشیان سودبەخش بن .

پ٢٧/ ئەحمەدی خانی دەڵێت (لی هێڤی دکەم ژ موستەعیدان) شاعیر داوای چی لە ڕەخنەگران دەکات ؟ یان ئەحمەدی خانی لە مەم و زیندا وەك ڕەخنەگرێك بیانوو بۆ کەم و کوڕی خۆی دەدۆزێتەوە ، باسی بکە بەنموونەوە ؟

وەڵام :- خانی دەڵێت دەقی شیعری دوای لە دایك بوونی لەلایەن ڕەخنەگرانەوە ڕەخنەی لێ دەگیرێ ، ئەمیش داوا لە ڕەخنەگران دەکات کەلە کاتی ڕەخنەگرتندا رەنج و ماندوو بوونی شاعیران لەبەر چاوبێت و ئەگەر کەم و کوڕیش لە شعرەکەدا هەبوو ئەوا نەیکەنە بەهانەو بەیەکجاری دەقەکە بێ سوود و بێ کەڵك دابنێن چونکە هەموو دەقێك کە رەسەن بێت و دزراو نەبێت وەك ڕۆڵەی شاعیر وایە و لای شاعیر خۆشەویستە و کەسیش پێی خۆش نییە کە بە خراپی لە منداڵەکانی بروانرێ .

پ٢٨/ (ئەی خامە) خاوەنەکەی کێ یە ؟ لە ڕووی ڕەخنەی ئەدەبییەوە خاوەنەکەی چی دیاری کردووە ؟

وەڵام :- خاوەنەکەی ئەحمەدی خانی یە ، خانی ئاوڕی لە باسێکی ڕەخنەیی گرنگ داوەتەوە کە کێشەی داهێنان لەم دوو بەیتەدا ڕوون و ئاشکرایە ، هەروەها بوسێکی گرنگی ڕەخنەیی دەوروژێنێ کە ئەویش باسی (کورت بڕی) یە .

پ٢٩ خانی هەر لە بواری ڕەخنەدا داوای لە شاعیران دەکات ؟

وەڵام :- خانی هەمیشە داوای لە شاعیران کردووە کە هەوڵ بدەن بە کەمترین وشە زۆرترین واتا بدەن بەدەستەوە .

پ٣٠/ لەبەرهەمی شیعری شاعیرانی کرمانجی خوارووی چالاکی ڕیخنەیی بە بەراورد بە چالاکی شیعری چۆن بووە ؟

چالاکی ڕەخنەیی هاوتەریبی چالاکی شیعر بووە .

پ٣١/ (نالی)کۆمەڵێ پێوانەی ڕەخنەیی خستووەتە ڕوو لە شیعرەکانییدا باسی ئەمە بکە ؟

وەڵام :- نالی ڕوولەو کەسانە دەکات کە ڕەخنەیان لێ گرتووە کە شیعر بە زمانی کوردی دەنووسێت و شیعری کوردیش بەهرەو هونەرمەندیی تێدا نییە ، پێیان دەڵێ هونەرمەندیی لەوەدایە کە چۆن توانیویەتی بە زمانی کوردی ئەو واتا جوان و ناسکانە دەربڕێ . بەلایەوە بەهای دەق واتای جوان و نوێ یە نەك هەر بەتەنها وشەو واژوی جوان ورازاوە.

پ٣٢/ خاڵی هاوبەشی نێوان نالی و خانی چییە لە بواری ڕەخنەدا ؟

وەڵام :- خاڵی هاوبشی نێوان نالی و خانی ئەوەیە کە شیعری جوان و بەهادار ئەو شیعرەیە کە بە کەمترین وشە زۆرترین واتا بدات بەدەستەوە .

پ٣٣/ سالم لە چەند بەیتێکی شیعریدا باس لەو پێوانە ڕەخنەییانە دەکات کە ڕەخنەگران بایەخیان پێ داوە باسی ئەمە بکە ؟ وە پەردە لەسەر ڕاستییەك هەڵ دەداتەوە ؟

وەڵام :-ئەو شانازی کردنەی سالم بە توانای شیعری خۆی وشیاعیرانی هاوڕێیەوە،پەردەی لەسەر ئەو ڕاستییە هەڵدەداتەوە کە توانەی بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژییان هەبووە بۆیە دەڵێت:(شاعیرانی کورد توانیویانە ڕەوانبێژی عەرەبی بخەنەژێر ڕکێفی خۆیان وبە زمانی کوردی لەمەیدانی ئەوزانستەدا ببنە سوارچاکی سەردەمەکەیان.

پ٣٤/ حاجی قادری کۆیی لە شیعرەکانیدا چۆن ئاوڕی لە چالاکی ڕەخنەی سەردەمەکە داوەتەوە؟ وە بنەماکانی چین؟

وەڵام :- لێرەدا حاجی قادر ئەو ڕاستییە دەخاتە بەردەست کە ڕەخنەگر دەبێت کەسانی شارەزا و بە توانابن چونکە هەموو کەسێ ناتوانێ ببێتە ڕەخنەگر، کە حاجی بە(سەررافی زێر و زیوی قسە) ناویان دەبات ، هورووەها بەهای شیعری کوردی دیاری دەکات و شانی پێ لە شانی شیعری فارسی دەدات.

پ٣٥/ لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی چۆن پێوانە ڕەخنەییەکان لە ئەدەبی کوردی گەشەی سەند ؟

وەڵام :- ئەو چالاکی و پێوانە ڕەخنەییانەی کە لە ئەدەبی کوردی پێش سەدەی بیستەمدا تەنها لە شیعردا ڕەنگیان پێدراوەتەوە و لە وتار و لێکۆڵینەوەدا نەخراونەتە بەردەست .

پ٣٦/ (ئەنجومەنی ئەدیبان) هی کێ یە؟ کەی کەوتە بەردەستی خوێنەرەن؟ لەکوێ؟ چی خستۆتە بەردەست ؟ دەچێتە خانەی چییەوە ؟

وەڵام :-ئەنجومەنی ئەدیبان هی(ئەمین فەیزی بەگ)ە ،لە ساڵی(١٩٢٠)ز لە ئەستەمبوول چاپکراوە،ئەم کتێبە دەچێتە خانەی مێژووی ئەدەبەوە نەك ڕەخنەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ ڕاوبۆچوونی دەربارەی ئەم شاعیرانە خستۆتە ڕوو .

پ٣٧/ ئەمین فەیزی لە کتێبی (ئەنجومەنی ئەدیبان)دا چۆن باسی نالی دەکات ؟

وەڵام :- دەڵێ نالی لە داهێنانی شیعریدا زیاتر بایەخی بەلایەنی وانکاری داوە و هونەرمەندانە مامەڵەی لەگەڵ دەقی شیعریدا کردووە و داهێنانەکانی ئاکەمی زانست و زانیاری شیعرییە زیاتر لەوەی کە هەڵقوڵاوی بەهرەی شیعری بێت .

پ٣٨/ ئەمین فەیزی لە کتێبی (ئەنجومەنی ئەدیبان)دا چۆن باسی مەولەوی دەکات؟

وەڵام :- مەولەوی لە ڕێکخستنی سەروادا داهێنانی کردووە ك لەچوارینێکدا سەروای دێری یەکەم وسێیەمی هاوسەروا کردووە و دێری دووەم و چوارەمیشی بە سەروایەکی تر هاوسەروا کردووە ، لە هیچ میللەتێکەوە وەری نەگرتووە بەڵکو خۆی دای هێناوە .

پ٣٩/ لەساڵانی بیستی سەدەی ڕابردوو (شێخ نوری شێخ ساڵح) زنجیرە لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بڵاوکردەوە ، لەچ ساڵێکدا و لەچ ڕحژنامەیەك ؟ تیایدا چی دیاری دەکات؟

وەڵام :- شێخ نوری شێخ ساڵح لە ساڵی (١٩٢٦)ز لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە) ئەو لێکۆڵینەوەیە دەچێتە خانەی تیۆری ئەدەبەوە بەڵام لەو باسانەدا کە دەربارەی (جوانی) دەقی ئەدەبییە لە ڕەخنەی ئەدەبی نزیك دەبێتەوە بەتایبەتی لەو باسەیدا کە جیاوازی نێوان زمان و شێوازی ئاخاوتنی ڕۆژانە و یوازی زانستی ئەدەبی دیار دەکات .

پ٤٠/ سیا پۆش لە وتارە ڕەخنەییەکەی چۆن باسی شیعری کوردی دەکات ؟ وتارەکەی ناوی چییە؟ کەی نوسراوە؟ نووسەری هەوڵ دەدات لەم وتارە چی بەردەست؟

وەڵام :- وتارەکەی (برایم ئەحمەد) بە ناوی خوازراوی (١٩٣٢)ز بە ناونیشانی (شاعرەکانمان) بڵاوی کردووەتەوە ، ئەم وتارەش ڕاستەوخۆ دەچێتە خانەی ڕەخنەوە ، وشیارانە دەیەوێ سیمایەکی تازە بە ئەدەبی کوردی بپۆشێ و بەرگێکی نوێ بکاتە بەر ڕەخنەی ئەدەبی کوردی.

پ٤١/ چۆن سیاپۆش لە وتارەکەی هەوڵ دەدات چەمکێکی نوێ بۆ شیعر بخاتە بەردەست ؟

وەڵام :- هەر لەو وتارەدا سیاپۆش هەوڵ دەدات چەمکێکی نوێ بۆ شیعری کوردی بخاتە بەردەست و بەپێی ئەو چەمکە شیعری شاعیران هەڵسەنگێنرێ .

پ٤٢/ خاوەنی کتێبی (گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەصرم) کێ بوو ؟ کەی بڵاوکردەوە؟ باس لەچی دەکات ؟ دەچێتە خانەی چییەوە ؟

وەڵام :- (گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەصر) هی (عەلی کەمال باپیرە) لە ساڵی (١٩٣٩) بڵاوی کردووەتەوە ، دەچێتە خانەی مێژووی ئەدەبەوە ، باس لە ژیانی چەند شاعیرێکی کوردی هاوچەرخ دەکات و نموونەی شیعرەکانیان دەخاتە بەردەست .

پ٤٣/ کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی) خاوەنەکەی کێ یە؟ کەی کەوتنە بەردەستی خوێنەران ؟ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە چییان خستووەتە بەردەست ؟ دەچنە خانەی چییەوە ؟

وەڵام :- کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی) ڕەفیق حلمی بەدوو بەرگ دەرچووە ، بەرگی یەکەم لە ساڵی (١٩٤١)ز ئەم بەرگە زیاتر دەچێتە خانەی مێژووی ئەدەبەوە ، لە ساڵی(١٩٥٦)ز بەرگی دووەمی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی) دەرچوو، دەچێتە خانەی ڕەخنەی ئەدەب .

پ٤٤/ (مێژووی ئەدەبی کوردی) هی کێ یە ؟ کەی چاپکرا ؟ باسی چی دەکات ؟

وەڵام :- (مێژووی ئەدەبی کوردی) هی عەلائەددین سوجادی یە ، لە ساڵی (١٩٥٢)ز چاپ کراوە وە دەچێتە خانەی مێژووی ئەدەب ، بە بڵاوبوونەوەی ئەم بەرهەمە خوێنەری کورد زیاتر ئاشنای شیعر و شاعیرانی نەتەوەکەمان بوون .

پ٤٥/ لەبەرچی بەدەرکردنی گۆڤاری (شەفەق) ڕەخنەی ئەدەبی کوردی گەشەسەندنێکی دیاری بەخۆیەوە دیت ؟ وتاری کام لە نووسەرانی ئەم گۆڤارە دەبێتە نمونە ؟

وەڵام :- لەسەرەتای ساڵی (١٩٥٨)ز گۆڤاری شەفەق لە کەرکوك دەرچوو ، کۆماڵێ وتاری تێدا بڵاوکرایەوە ، وەك وتاری (کاماران و دیارییەکە)ی مارف بەرزنجی و (کورد و شیعر)ی هەسان و (کورد و ئسلوبی شیعر)ی مارف خەزنادار و (شیعر و نووسینی کوردی)ی ڕەفیق حلمی و وتارێکی تری ڕەخنەیی مارف بەرزنجی بەناونیشانی (کۆن و تازە لە شیعردا) .

پ٤٦/ لە ساڵانی پاش شۆڕشی (١٤)ی تەمموز سێ بەرهەم بۆ لێکۆڵینەوەی ژیان و بەرهەمی شاعیرانی کورد دەرچوون ، ناویان چییە ؟ لەگەڵ ناوی دانەرەکانیان ؟ بەکوردتی باسیان بکە ؟

وەڵام :- ١- لێکپڵینەوەکە (حسێن عارف) کە بەناوی (محەمەد سدیق عارف)و بەناونیشانی(کامەران و هۆنراوەی بوێ) وە بڵاوکرایەوە .

٢- لێکۆڵینەوەیەکی (محەمەد مەلا کەریم) دەربارەی (حاجی قادری کۆیی) وە بڵاوکرایەوە .

٣- لێکۆڵینەوەیەکی (کامیل حەەن بصیر) بەزمانی عەرەبی و بەناونیشانی (کامران شاعر من کوردستان)بڵاوکرایەوە .

پ٤٧/ کردنەوەی بەشی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا چ کاریگەرییەکی بەسەر گەشەسەندنی ڕێرەوی ڕەخنەی کوردی هەبوو؟

وەڵام :- کردنەوەی بەشی کوردی لە ساڵی (١٩٥٩ - ١٩٦٠)ز لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا ، وە بوونی بابەتی ڕەخنە لەو بەشەدا وتنەوەی لەلای (گۆران)ی شاعیرەوە ، ڕەخنە سیماو شەقڵێکی گەشتر و زانستانەتر وەرگرت .

پ٤٨/ لە ناوەڕاستی شەستەکاندا چەند قوتابییەك نێردرانە دەرەوەی وڵات بۆ بەدەست هێنانی چەند نامەیەکی ئەکادیمی کێ بوون ئەوانە ؟ لەگەڵ بەرهەمەکانیان ؟

وەڵام :- (ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا / د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) و (کورتەی مێژووی هاوچەرخی ئەدەبیاتی کوردی / د. مارف خەزنەدار) و (حاجی قادری کۆیی – ژیان و بەرهەمی / د. ئیحسان فوئاد) .

پ٤٩/ پێناسەی پەخشان بکە ؟

وەڵام :- بریتییە لەو دەربڕین و نوسراوانەی کە هەست و سۆزی مرۆڤ نیشان دەدات پەخشانی نوێ بەگشتی بایەخ بە سەروا نادات.

پ٥٠/ بەشێوەیەکی گشتی چەند جۆرە پەخشان هەیە ؟ چین ؟ باسیان بکە .

وەڵام :- دوو جۆر :

١/ پەخشانی زانستی : باس لە بابەتێکی زانستی دەکات و هەست و سۆزی تێدا نییە .

٢/ پەخشانی ئەدەبی: ئەو پەخشانەیە کە بایەخ بەهەست وسۆز دەدات تاکارلە بەرامبەرەکەی بکات وچێژی پێ ببەخشێ

پ٥١/ پێناسەی وتار بکە ؟

وەڵام :- هونەرێکی ئەدەبییە نووسەر بەشێوەیەکی کورت و سەرنج ڕاکێش لایەنێکی ژیان باس دەکات و بیروڕای خۆی دەربارەی دەخاتە ڕوو .

پ٥٢/ خاسییەتەکانی وتار چین ؟

وەڵام :- ١- کورتی. ٢- جوانیکاری لە دەربڕیندا. ٣- تەکنیك لە نووسیندا. ٤- بابەتی وتار ڕەنگدانەوەی بیر و هەست و سۆزی خودی خاوەنەکەیەتی. .

١/ قۆناغی یەکەم – ساڵی (١٩٣٩ - ١٩٥٨) ز :

پ٥٣/ باسی گەشەسەندنی وتار بکە لە قۆناغی یەکەمی ساڵانی (١٩٣٩ – ١٩٥٨)ز ؟ دەوری ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان لەم ڕووەوە نیشان بدە ؟

وەڵام :- ساڵی (١٩٣٩)ز گۆڤاری (گەلاوێژ) دەرچوو ، بە درێژایی (١٠) ساڵ تا ساڵی (١٩٤٩)ز بەردەوام بوو. بەهۆی دامەزرندنی کۆماری کوردستان لەساڵی (١٩٤٦)ز چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە دەرچوون لەوانە (ڕۆژنامەی کوردستان ١٩٤٦، هەڵاڵە ١٩٤٦ ، گڕوگاڵی منداڵانی کورد ١٩٤٦) . پێش شۆڕشی (تەمموزی ١٩٥٨)ز چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری تر هاتنە ئاراوە لەوانە : (ڕووناهی ١٩٤١ز ، نزار ١٩٤٨ز ، هیوا ١٩٥٧ز) .

پ٥٤/ ناوی وتار نوسە دیارەکانی قۆناغی ساڵانی (١٩٣٩ – ١٩٥٨)ز بنووسە ؟

وەڵام :- (حوزنی مەکریانی ، عەبدولڕەحمانی زەبیحی ، جەلادەت بەدرخان ، ەرقیەی قادری ..... هتد) .

پ٥٥/ گرنگترین خاسییەتەکانی وتار چین لە قۆناغی (١٩٣٩ – ١٩٥٨) ؟

وەڵام :-

١- زمانی وتارەکان گەشەیان بە خۆیانەوە بینی چونکە زیاتر بەرەو کوردی پەتی دەبران.

٢- خاڵبەندی زیاتر بایەخی پێ دراوە .

٣- بەهۆی سەرهەڵدانی وتارنووسی ژنەوە ژنی کورد هان دەدا بۆ خوێندن و خوێندەواری .

٤- زۆر وتاری وەرگێردراو لە زمانەکانی دیکەوە دەکران بە کوردی .

پ٥٦/ پارچە وتاری (شەونمی بەری بەیان) نموونەی چییە ؟ هی کێ یە ؟ کەی و لەکوێ بڵاوکراوەتەوە ؟

وەڵام :- وتارێکی ئەدەبییە لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) بەخامەی (کامەران موکری) نووسراوە لە ساڵی (١٩٤٦)ز بڵاوکراوەتەوە .

٢/ قۆناغی دووەم – ساڵانی (١٩٥٨ – ١٩٧٠) ز :

پ٥٧/ باسی وتار بکە لە قۆناغی دووەمی ساڵانی (١٩٥٨ – ١٩٧٠) ز ؟

وەڵام :- لەم ساڵانەدا زۆر گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕوناکبیریی ڕوویان دا ، لەدوای شۆڕشی (١٤ تاموزی ١٩٥٨)ز بواری ڕادەربرین و چاپەمەنی فراوانترو ئازدتربوون ، چەندین گۆڤارو ڕۆژنامانە بڵاو کرانەوە (شەفەق ١٩٥٨ز ، ڕای گەل ١٩٥٩ز ، بڵێسە ١٩٥٩ز ، ڕۆژی نوێ ١٩٦٠ز) .

پ٥٨/ لە سەرەتای ساڵانی شەسدا وتار بەرەو چی ڕۆشت ؟ دواتر لەناوەڕاستی شەستەکان چۆن بوو ؟ لەگەڵ نووسینی ناوی وتار نوسە ناودارەکان ئەم قۆناغە ؟

وەڵام :- لەسەرەتای ساڵانی شەستدا بەرەو لاوازی و سستی ڕۆیشتووە . لەناوەڕاستی شەستەکان وتار ژیایەوە ، لەوانە ڕۆژنامەی (برایی ، برایەتی ١٩٦٧ز ، گۆڤاری سلێمانی ١٩٦٨ز) .

پ٥٩/ گرنگترین خاسێتەکانی وتار چین لە قۆناغی (١٩٥٨ – ١٩٧٠)ز ؟

وەڵام :- ١- زمانی وتار پوختتر بوو لە ڕووی وشەو زاراوەوە دەوڵەمەندتر بوون ، بەتایبەتی کە زمانی نووسینی وتار بەزاری کەمانجی خواروو بوو بە وشەو زاراوەی زارەکانی دیکە تێکەڵ کراوە .

٢- هەوڵ دراوە ڕێنووسێکی ڕاست و دروست پەیڕەو بکرێت .

٣- لەڕووی ناوەڕۆکەوە بابەتی سیاسی بۆ خۆی سەرەکیترین بابەت بوو ، کە باسی بیری ئازادیخوازی و پێشکەوتن خوازی کراوە . زیاتریش جەخت لەسەر بیرو باوەڕی نەتەوەیی و مافەکانی کورد و یەکگرتنەوەی کوردستان کراوە.

٤- لە پاڵ گەشەسەندنی وتاری سیاسی ، وتاری کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئاسۆی فراوانتریان لە بەردەم کرایەوە .

٥- لەم قۆناغەش زۆر وتار لە زمانەکانی بێگانەوە وەرگێردراون بۆ سەر زمانی کوردی .

پ٦٠/ پارچە وتارە بە خامەی (ڕەمزی قەزاز) نووسراوە لە ساڵی (١٩٦٧)ز لە ژمارە (٢٩) ی (برایی) بڵاوی کردووەتەوە .

٣- قۆناغی سێیەم – ساڵانی (١٩٧٠ – ١٩٩١) ز :

پ٦١/ باسی وتار بکە لەدوای بەیانی یازدەی ئاداری (١٩٧٠ز تا ١٩٧٤ز) ؟ وە هۆکاری گەشەسەندنی زمانی وتار لەم قۆناغەدا بۆچی دەگەڕێتەوە ؟

وەڵام :- لەدوای ڕێکەوتنی (١١ ی ئازاری ١٩٧٠ز) ، گەلێك ڕۆژنامە و گۆڤار دەرچوون وەك : (زانیاری ١٩٧٠ز ، نووسەری کورد ١٩٧١ز ، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ١٩٧١ز ، کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٣ز.....)

پ٦٢/ ئەم ڕووە گەشەی بەرەو پێش چوونی وتار تا ساڵی چەنی خایەند ؟ وە ئایا دوای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی کورد هیچ جۆرە ئاستەنگێك خرایە بەردەم ئەدەبی کوردی ؟

وەڵام :- وتار تا ساڵی (١٩٧٤)زی خایەند بەڵام نسکۆی شۆڕش و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە ساڵی (١٩٧٥ز) چەشنە ئاستەنگێکیان لەبەردەم ئەدەبی کوردی بەگشتی هونەری وتاردا دروستکرد .

پ٦٣/ ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە چین کەلە شارەکاندا دەردەچوون دوای هەڵگیرساند نەوەی شۆڕشی لەساڵانی (١٩٧٤ز تا ١٩٩١ز) ؟

وەڵام :- (هاوکاری ، بەیان ، ڕۆشەنبیری نوێ) .

پ٦٤/ ئەو بڵاوکراوانە چین کە نووسەرانی شاخ دەریان دەهێنا لە ساڵانی (١٩٧٤ز تاوەکو ١٩٩١ز)؟ وە زیاتر بایەخیان بە چ جۆرە وتارێك داوە ؟ پاشان دەنگە دیارەکانی وتار بنووسە ؟

وەڵام :- نووسەرانی شاخیش چالاکانە بایەخیان بە وتاری سیاسی داوە لە بڵاوکراوەکانی شاخ وەك (نووسەری کوردستان ، گزنگ ، هەڵمەت ، قەندیل ، هەڵوێستی ئەدەب ، بانگ) لەدەنگە دیارەکان (تەها بەرواری ، مستەفا نەریمان ، جەمال خەزنادار) .

پ٦٥/ لە ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوو نووسەرەنی کورد لە ڕێگای بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە بەرگرییان لە چی دەکرد ؟

وەڵام :- هەروەها ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوو نووسەرانی کورد لە ڕێگای بەرهامە ئەدەبییەکانەوە دژی سیاسەتی توانەوەی نەتەوەکەیان خەباتیان دەکرد .

پ٦٦/ گرنگترین خاسییەتەکانی وتار چین لە قۆناغی (١٩٧٠ – ١٩٩١) ز ؟

وەڵام :- ١- لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکان زمانی وتار گەشەیەکی زۆر دیاری بە خۆیەوە دی کە لە قۆناغەکانی پێشووتر بەو ڕادەیە نەبینرا بوو بەتایبەتی کە پرۆگرامی خوێندن لە قۆناخەکانی ناوەندی و ئامادەیی کرانە کوردی .

٢- لە دوای نسکۆی ساڵی (١٩٧٥)ز دەربڕینی ناڕاستەوخۆ واتە پەنایان بردە بەر باکارهێنانی هێماونیشانە ، ئەمە لە کاتێکدا لەسەرەتای حەفتاکاندا نووسەران بێ ترس و سڵ کردنەوە هەست و سۆزو بیری خۆیان دەردەبڕی ، چونکە بارودۆخەکە ئازادی و سەربەستی بۆ نووسەران فەرهەم بوو .

٣- لەم قۆناغەدا وتار وەك هۆیەك بۆ پاراستنی زمانی کوردی بەکاردەهێنرا .

٤- لە دوای نسکۆی (١٩٧٥)ز جیاوازی کەوتە نێوان نووسەرانی شارو شاخ لەخستنەڕووی بابەتەکانیاندا ، چونکە ئەو سەربەستییەی نووسەرانی شاخ هەیان بوو هەرگیز نووسەرانی شار نەیان بوو .

پ٦٧/ بۆچی دوای نسکۆی(١٩٧٥)ز وتار نووسانی شار و شاخ له خستنەڕووی بابەتەکانیان تاڕادەیەك جیاواز بوون؟

وەڵام :- چونکە ئەو سەربەستییەی نووسەرانی شاخ هەیان بوو هەرگیز نووسەرانی شار نەیان بوو . وتاری سیاسی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی باو شاردا پاشەکشەی کرد ، لە بڵاوکراوەکانی شاخ گەشەی دەکرد ، نووسەرانی شار لە ڕێگەی وتارە کۆمەڵایەتی و مێژوویی و ڕۆشنبیرییە گشتییەکاندا مەست و سۆزی نەتەوایەتییان دەردەبڕی .

بەشی چوارەم

پ٦٨/ چیرۆك لە بنەڕەتدا وەکو هونەرێکی ئەدەبی سەربەچ شوێنێکە؟ پاشان چیرۆکی هونەری کوردی چۆن دابەش کراون ؟

وەڵام :- چیرۆك لە بنەڕەتدا هونەرێکی ئەوروپییە پێویستی ژیان وای کردووە وەکو ڕوخسارێکی هونەری لەناو هەموو نەتەوەیەکانی جیهاندا بڵاوببێتەوە ، چیرۆکی هونەری کوردی بۆ سێ قۆناغ دابەشدەکرێت.

قۆناغی یەکەم : چیرۆکی هونەری کوردی لە ساڵی (١٩٣٩ – ١٩٥٨)ز :

پ٦٠/ چیرۆکی هونەری کوردی ساڵی(١٩٣٩ز تا ساڵی ١٩٥٨ز) بەچ قۆناغێك ناو دەبرێت ؟ بۆ چی ؟

وەڵام :- بە قۆناغی گەشەسەندنی چیرۆکی هونەری کوردی ، چونکە لەم قۆناغەدا هونەری نووسینی چیرۆکی کورت گەشەی کرد .

پ٧٠/ ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە چین کە ڕۆڵیان لە گەشەسەندنی چیرۆکی کوردی هەبوو لە قۆناغی (١٩٣٩- ١٩٥٨)ز؟

وەڵام :- (گەلاوێژ ، دەنگی گێتی تازە) لە بەغدا، (هاوار ، ڕۆژ نوو) لە شام ، ڕۆژنامەی (ژین ، ژیان) لە سلێمانی .

- ❖ چیرۆکی کوردی لە گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩ – ١٩٤٩)ز :

پ٧١/ گۆڤاری گەلاوێژ لەساڵی چەند تا چەند دەرچوو ؟ ڕۆڵی چی بوو لە ڕەگ داکوتانی چیرۆکی هونەری کوردی ؟

وەڵام :- گەلاوێژ لەساڵی (١٩٣٩ – ١٩٤٩)ز دەرچوو ، لەیەکەم ژمارەیەوە گۆشەیەکی تایبەتی بۆ چیرۆك داناوە بەناوی (چیرۆکی ئەم مانگە) ، تا دوا ژمارە کە ژمارە (١١٦)یە ، لەم گۆڤارەدا ئاوڕدانەوە لە چیرۆکی وەرگێردراو کارێکی زۆر بەجێ بووە .

پ٧٢/ ئەو چیرۆك نووسانە کێ بوون کە چیرۆکەکانیان وەردەگێردرانە سەر زمانی کوردی لە گۆڤاری گەلاوێژدا ؟ وە زیاتر چیرۆکەکان لە چ زمانێکەوە وەردەگێردران ؟

وەڵام :- هی ئەو نووسەرانە بوون کە ناوبانگیان هەبوو لە جیهاندا ، چیرۆکەکانیش زیاتر لە زمانی ئینگلیزی و هەندێکیشیان لە زمانی عەرەبییەوە وەردەگێردران .

پ٧٣/ باسی ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی گۆڤاری گەلاوێژ بکە ؟

وەڵام :- ١- باسی ناکۆکی و ململانێی نێوان دەرەبەگ و ئاغاکان لە لایەك جوتیار و کاسبکارانی کوردستان لەلایەکی ترەوە بوو.

٢- ڕەخنەگرتن لە نەریت و خوو ڕەوشتی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی .

٣- لە چیرۆکەکانی گەلاوێژ نووسەرەکان بەتەواوی لایەنگری جوتیارن .

٤/ ئافرەت کراوە بە پاڵەوانی چیرۆك ، هەندێك دیاردەی خراپی کۆمەڵگە وەك : شیربایی، کچ فرۆشتن باسکراوە.

پ٧٤/ بایەخ دانی چیرۆك نووسانی كورد بەو كێشەو دیاردە كۆمەڵایەتییانە بووە هۆی چی ؟ وە چیرۆك نووسەكانی كێن ؟

وەڵام :- بوو بە هۆی ئەوەی كە ڕاستەوخۆ چیرۆكی كوردی بەرەو ڕێبازی ڕیالیزمی هەنگاو بنێ ، دیارترین چیرۆك نووسەكانی گەلاوێژ (شاكر فەتاح ، عەلائەددین سوجادی ، برایم ئرحمەد) .

تەكنیك و زمانی دارشتنی چیرۆكەكان :

پ٧٥/ باسی تەكنیك و زمانی چیرۆكەكانی گۆڤاری گەلاوێژ بكە لە قۆناغی سەرەتادا ؟

وەڵام :- ١- چیرۆكەكانی سەرەتای گۆڤاری گەلاوێژ لە ڕووی زمان و تەكنیكەوە پێشكەوتنی ئەوتۆیان دیار نییە .

٢- واتا زمانی نووسینی چیرۆكەكان كوردی پەتی نییە ، پڕیەتی لە وشەی عەرەبی و فارسی .

٣- لەڕووی تەكنیكەوە شێوازی چیرۆكەكان گێڕانەوەی ئاساییەو هیچ كاریگەرییەكی هونەری نوێی چیرۆكی پێوە نییە؟

٤- شێوەی ڕاپۆرت نووسینیان پێوە دیارە یان هەوڵیان داوە باسێكی فۆلكلۆری یان ئەفسانەیی بێنن بەرگی چیرۆكی بەبەردا بكەن .

پ٧٦/ باسی تەكنیك و زمانی چیرۆكەكانی گۆڤاری گەلاوێژ بكە لە قۆناغەكانی دواتردا؟

وەڵام :- ١- زمانی نوسینی چیرۆكەكانی گۆڤاری گەلاوێژ بەرەو كوردی پەتیی ڕەوان دەڕوات .

٢- شێوەی هونەری نوێ و تازەتر بەكارهاتووە ، سیمای هونەری نوێیان پێوە دیارە .

٣- رستە و وەسفەكان بە سۆزو كاریگەرن و زنجیرەی باسەكان هەر لە سەرەتاوە تا ئەنجام باش بەیەكەوە بەندن .

- **چیرۆكی كوردی لە گۆڤاری هاوار (١٩٣٢)ز :**

پ٧٧/ باسی دەوری گۆڤری هاوار بكە لە گەشەسەندنی چیرۆكی كوردی ؟ دیارترین چیرۆك نووسەكانی ئەم گۆڤارە كێ بوون ؟

وەڵام :- گۆڤاری هاوار (١٩٣٢)ز لە شام دەردەچوو لە ساڵانی (١٩٤١ – ١٩٤٣)ز بایەخی زۆری بە بڵاوكردنەوەی چیرۆك داوە چیرۆكنووسەكانی هاوار (جەلادەت بەدرخان ، كامەران بەدرخان ، قەدری جان ، ئوسمان سەبری ، نورەدین زازا .... هتد)

پ٧٨/ چیرۆكەكانی گۆڤاری هاوار بە چ شێوەزارێك نووسراون ؟ وە ئەو چیرۆكانەی كە لە گۆڤاری هاوار بڵاودەكرانەوە پلەی هونەرییان چۆن بووە ؟

وەڵام :-چیرۆكەكانی گۆڤاری هاوار بەزاری كرمانجی سەروو نووسراون ، هەندێكیان بە چیرۆكی هونەری دادەنرێن چونكە پلەی هونەرییان بەرزە ، ئەوانی تریش سیمای چیرۆكی فۆلكلۆری كوردییان پێوە دیارە بەشێكیشیان بە زمانی گیانداران نوسراون .

پ٧٩/ چیرۆکی کوردی لە گۆڤاری هاوار لە ڕووی ناوەڕۆکەوە چۆن بووە ؟

وەڵام :- ١- زیاتر هەوڵیان داوە پرسی نەتەوایەتی و خەباتی چینایەتی بخەنە ڕوو .

٢ - ڕەخنە لە نا هەمواری باری کۆمەڵگە بگرن .

٣ - دەردی هەژاری و نەخوێندەواری بخەنە ڕوو .

٤ - ئەم گۆڤارە بایەخی داوە بە چیرۆکی وەرگێڕدراو بە تایبەتی لە زمانی فەرەنسی و عەرەبی یەوە دەکرانە کوردی .

پ٨٠/ ئەو ئەزموونە تازەیە چی بوو کە لە گۆڤاری هاواردا دەبینرا ؟

وەڵام :- وەرگێڕانی چیرۆکە کوردییەکان بوو بۆ سەر زمانی فەرەنسی .

پ٨١/ چیرۆکی کوردی لە گۆڤاری هاوار لە ڕووی تاکنیکەوە چۆن بوو ؟ لە بەرچی ؟

وەڵام :- لە ئاستێکی هونەری پێشکەوتوودان و تەواو و تۆکمەن وەکە چیرۆكك نووسەکان زمانی ەرەنسی و ئەلمانی و ئینگلیزییان زانیوە .

❖ قۆناغی دووەم : چیرۆکی هەنەریی لە ساڵی (١٩٥٨)ز تا ساڵی (١٩٧٠)ز :

پ٨٢/ بۆچی لە دوای ساڵی (١٩٥٨ – ١٩٧٠)ز سەرجەم لقەکانی ئەدەبی کوردی بە سەردەمێکی شەوەزەنگ و تاریك تێپەڕ بوو ؟ نائومێدی باڵی کێشا بەسەر ئەو ئەدەبە ؟

وەڵام :- بەهۆی ئاڵوزبوونی باری سیاسی وڵات و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١ز بەربەرەکانی ئەدەبی کوردی و چاپەمەنی کوردیێ دەکرا ، چیرۆکی کوردیش کپی و سستی و دواکەوتنی بەخۆیەوە بینی ، بەڵام لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستدا چیرۆکی کوردی تا ڕادەیەك پشووی پیا هاتەوە /

❖ چیرۆکی کوردی لە گۆڤاری شەفەق (١٩٥٨)ز :

پ٨٣/ گۆڤاری شەفەق کەی و لەکوێ دەرچووە ؟ ڕۆڵی ئەم گۆڤارە نیشان بدە لە پێشخستنی چیرۆکی کوردیدا ؟

وەڵام :- گۆڤاری شەفەق لەساڵی (١٩٥٨)ز لە شاری کەرکوك دەرچووە ، گرەوێکی ڕێکخست بۆ باشترین سێ چیرۆکی کورت ، چیرۆکی (چای شیرین) ی (حسێن عارف) پاداشتی یەکەمی وەرگرت کە بەناوی خواستراوی (محمەد صدیق عارف) بڵاوکرایەوە ، چیرۆکی (چەندم لێ ئەستێنی) ی (مستەفا صاڵح کەریم) پاداشتی دووەمی پێدرا ، چیرۆکی (شەوێکی درێژ) ی (محەمەد ساڵح دیلان) ی شاعیریش پاداشتی سێیەمی پێدرا.

پ٨٤ئەو چیرۆك نووسانە کێ بوون کە بۆ یەکەم جار دەستیان دایە بڵاوکردنەوەی چیرۆکی کورت لە ماوەی دەرچوونی گۆڤاری (شەفەق) ؟

وەڵام:- (حسێن عارف ، جەمال بابان ، محەرەم محەمەد ئەمین ، حەسەنی قزڵجی ....هتد)

پ٨٥/ مەبەست چییە لە چیرۆکی مام ناوەندی ؟ ناوی سێ چیرۆك نووسی ئەم جۆرە چیرۆکە بنووسە ؟ لەگەڵ ناوی چیرۆکەکانیان ؟

وەڵام :- ئەم چیرۆکانە ماوەی ڕووداوەکان و ژمارەی کەسەکانیان لە چیرۆکی کورت زیاترە ، بەڵام ناگەنە چیرۆکی درێژ واتا (ڕۆمان) . چەند چیرۆك نووسێك بۆ یەکەمین جار چیرۆکی مام ناوەندی بڵاودەکەنەوە لەوانە (جەمال بابان) بە چیرۆکی (خانزاد و پەڵە هەورێکی چڵکن) ، (جەمال نەبەز) یش بە چیرۆکی (لالۆ کەریم) و (محمد صاڵح سعید) بە چیرۆکی (کاروانی) .

پ٨٦/ چیرۆکەکانی (لە خەوما) و (مەسەلەی ویژدان) هی کێن ؟ کەی نووسرسون و بڵاوکراونەتەوە ؟ بۆچی نەتوانراوە ئەم چیرۆکانە لەکاتی خۆیدا جێگیر بکرێن ؟

وەڵام :- چیرۆکی (لە خەوما) هی (جامیل صائیب)ە ، کە ؛ە ساڵی (١٩٢٥)ز نووسراوەتەوە و لە ساڵی (١٩٧٥)ز چاپ کراوە ، وە چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان) هی (ئەحمەد موختار جاف)ە ، کەلە ساڵی (١٩٢٩)ز نووسراوەتەوە لەساڵی (١٩٧٠)ز چاپ کراوە .

❖ چیرۆکەکانی ئەم سەردەمە (١٩٥٨ – ١٩٧٠)زدوو جۆری سەرەکین:

پ٨٧/ چیرۆکی هونەری کوردی لە سەردەمی ساڵانی (١٩٥٨ – ١٩٧٠)ز دوو جۆری سەرەکین ، چین ؟

وەڵام :- ١- هەندێك لەو چیرۆکانە زۆر سادەن و لە بازنەی نائومێدی دەخولانەوە پێشکەوتنیان بەدەست نەهێناوە .

٢- بەشێکی تریشیان گەشەو پێشکەوتنیان پێوە دیارە ، ناوەڕۆکەکەی مۆرکی کوردەوارییان پێوە دیار بێت ، قارەمانەکانیان کەسانی ناو کۆمەڵی کوردەواری بوون ، ڕووداوەکانیش ڕووداوی سەردەمەکە بوون ، ناوەڕۆکی چیرۆڵ لەم قۆناغەدا بایەخی بە کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی سەردەمەکە داوە .

پ٨٨/ بۆچی هەندێك جار نرخ و بەهای هونەری چیرۆکی کوردی سەردەمیساڵانی (١٩٥٨ – ١٩٧٠)ز هێنراوەتە خوارەوە ؟

وەڵام:- چیرۆك نووسەکان هەوڵیان داوە زۆر بە ئاشکرا باسی بابەتە سیاسییەکان بکەن ، بووە هۆی ئەوەی نرخی هونەری چیرۆکەکان بێتە خوارەوە لە داهێنان بکەوێت ، زمانی چیرۆکەکان سادەبێت ، شێوەو تەکنیکیان لاوازبێت بە ئاشکراش مەنەست بدەن بەدەستەوە ، تا ڕادەیەکیش ڕەمزیان بەکار هێناوە .

* ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا *

❖ ڕۆمان :- (چیرۆکی درێژ) :- ڕووداوەکانی چڕو پڕن ، ماوەی ڕووساوەکانی زۆر دوورو درێژترن لە چیرۆکی کورت و مام ناوەندی ، تا ئێستا سنووری نێوان ڕۆمان و چیرۆکی درێژ بەوردی دیاری ناکراوە .

❖ ڕۆمان نووسین هونەرێکی گرانە لە سەدەی حەڤدەمەوە لە ئەوروپا سەری هەڵداوە ، بەڵام چەرخی زێڕینی ڕۆمان لە ئەوروپا سەدەی (١٩) و نیوەی یەکەمی سەدەی (٢٠) بیستەمە .

❖ ڕەخنەگرانی ڕۆمان بە (داستانی سەدەی تازە) ناو دەبەن

❖ ناودارترین ڕۆمان نووسەکانی جیهان کە بەرهەمەکانیان وەرگێڕاوەتە سەر چەندین زمانی جیهانی وەك (تۆڵستۆی ، هەمنگوای ، بەلزاك . دیستۆفیسکی ، مەکسیم گۆرکی) .

❖ هونەری ڕۆمان نووسین لە ناو کورد دا زۆر دواکەوتووە لە چاو نەتەوەکانی تری عەرەب و فارس و تورک :

* نووسینی ڕۆمان لە ناو کورد دا زۆر دوا کەوتووترە لە چاو نەتەوەکانی تری عەرەب و فارس و تورك چونکە ئەو بارو دۆجەکەی کە بۆ نووسەرێکی عەرەب و فارس و تورك هەڵکەوتووە،هەرگیز بۆ نووسەرێکی کورد هەڵناکەوێت بگرە زۆر جاریش نووسەری کورد دژایەتی دەکرێت ودەرفەتی چاپکردنیشی بۆ نووسەری کورد زۆر دژوارە و ستەمە.

❖ سەرەتای ڕۆمان نووسین لە ئەدەبی کوردیدا .

بۆیەکەمین جار نووسینی ڕۆمان بەزمانی کوردی لەناو کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دەستی پێ کردووە یەکەمین هەوڵیش لە لایەن نووسەری گەورە (عەرەبی شەمۆ) دراوە ، کەلە ساڵی (١٩٣٥)ز ڕۆمانی (شڤانی کورد)ی بەدیالێکتی کرمانجی ژووروو بەپیتی لاتینی نووسیوە ، پاشان ڕۆمانەکانی (کوردی ئەلەگەز) و (بەربانگ) ئینجا لە ساڵی (١٩٦٦)ز (قەڵای دمدم) ی نووسییەوە .

❖ لە دوای (عەرەبی شەمۆ) چەند نووسەرێکی کوردی سۆڤیەتی دەستیان کردووە بە نووسینی ڕۆمان لەوانە .

- حاجی جوندی ڕۆمانەکانی (هەوارێ) و (بەهارهات) ی نوسیوە .

- عەلی عەبدول ڕەحمان ڕۆمانەکانی (خاتێ خانم) و (گوندی مێرخاسا) ی نووسیوە.

❖ خاسیەت و تایبەتمەندی ڕۆمانەکانی یەکێتی سۆڤیەت :

١/ ڕۆمانەکان بە شێوەزاری کرمانجی ژوورو بە ڕێنووسی پیتی لاتینی نووسراون ، زمانی نووسینیان زۆر سادەو ڕەوانە .

٢/ بیرو باوەری سیاسی ئایدۆ لۆژی شو شیالیزمی تێدازاڵە .

٣/ شێوەی ڕۆمانەکانی وەك داستان و چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان ودوورن لە تەکنیکی تازەو هاوچەرخ.

ڕۆمانی پێشمەرگە	ڕەحیمی قازی	١٩٦٠	بەغدا	ڕوداوەکان دەربارەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە (١٩٤٦) ڕووداوەکان تێکەڵ بە کێشەی جوتیار لەگەڵ دەرەبەگ دەکا .
ڕۆمانی ژانی گەل	برایم ئەحمەد	١٩٧٢	بەغدا	نووسەر دەڵێ لە ساڵی (١٩٥٦) نووسیویەتی زیتر دەنگی دایەوە لە ڕۆمانی پێشمەرگە .
ڕۆمانی قەڵای دمدم	عەرەبی شەمۆ (٢٠١٦- ٢٠١٧)	١٩٦٦		لەکرمانجی ژووروو کرا بەکرمانجی خواروو لەلایەن (شوکر مستەفا) لەساڵی ١٩٧٦ ڕووداوی مێژووی فۆلکلۆری لە شێوەی ڕۆمانێکی سەرکەوتوو دارِشتووە.

❖ ئەو ڕۆمانەی کەلە قۆناغی چەسپاندن بڵاو کرانەوە ، لە ڕووی .

١/ زمانەوە :- زمانێکی تۆکمەو کوردییەکی زۆر ڕەوانە کە خوێنەر بۆ خۆی ڕادە کێشێت .

٢/ ناوەڕۆکەوە :- سیماو شەقڵی نەتەوایەتیان پۆشیبوو ، ڕووداوەکان خۆماڵین و هەڵێنجراوی کۆمەڵی کوردەوارین ، زیاتر کێشەی نەتەوایەتی و خەبات بۆ سەربەخۆیی هەستی پێ دەکرێت .

٣/ شێوەی نووسین زیاتر غێرانەوەیە دوورە لە تەکنیکی هاوچەرخ ، هەروەها دوورە لە تەم و مژو ئاڵۆزی .

❖ قۆناغی گەشەسەندنی ڕۆمانی کوردی دەست پێ دەکات لە سلانی هەشتای سەدەی (٢٠) دوو دیاردەی ئاشکراش دەبینرێت ، ئەمانەن .

١/ ژمارەی ڕۆمانی خۆماڵی نووسراو بە زمانی کوردی زیاتر دەبینرێت لە چاو قۆناغەکانی پێشوو .

٢/ ژامرەی ڕۆمانی وەرگێردراو لە زمانی بێگانە زیاتر دەکات .

ژ	ناو	ڕۆمان
١	حسێن عارف (لە ساڵانی هەشتا	شار ، ئەندێشەی مرۆڤێك
٢	عەزیزی مەلا ڕەش	کوێخا سێوێ - غەوارە
٣	خەسرەو جاف	کۆردەرە ، هیچ
٤	عەبدوڵلا سەراج	هەڵکشان بەرەو لوتکە
٥	دکتۆر نافع ئاکریی	بو هژین
٦	محەمەد موکری (لەشاخ دوور لە سانسۆری حکومەت)	سەگوەڕ ، تۆڵە ، هەرەس
٧	حەمە کەریم عارف	کۆچی سوور
٨	محەمەد ئۆزۆن (لە ئەوروپا لە سوید – بەکرمانجی ژووروو نوو سیوەیەتی	مرنا کالە کێ ڕەند ، هاوارا دیجلەیێ

❖ ئەو ڕۆمانانەی کە لە قۆناغی گەشەکردندا بڵاوکرانەوە :

١/ لە ڕووی زمانەوە :- زمانی نووسینی ڕۆمانەکان پاراوتر و پوختر و چڕتر بوو ، لە پاڵ بایەخدان بە شێوەزاری ناوچەیی جوتیاران .

٢/ لە ڕووی ناوەرۆکەوە :- باس لە کێشەی گوند نشینەکان دەکەن وەکو ڕومانەکانی (عەزیزی مەلا ڕەش)

٣/ شێوازی گێرانەوە :- تەکنیکی زۆربەی ڕۆمانەکانی گەشەسەندن گێرانەوەیە نووسەران بایەخیان بە تەکنیکی نوێ و (مۆنولۆج) داوە .

❖ ئەو ڕۆمان نووسانەی کەبە ڕەچەڵەك کوردن و بە زمانی بێگانە ڕۆمان دەنووسن

ژ	ناو	ڕۆمان
١	یەشار کەمال (تورکی)	ئەفسانەی چیای ئاگر ، حەمەدۆك ، کاریتە
٢	سەلیم بەرەکات (عەرەبی)	پەر ، دڵشاد
٣	ئیبراهیمی یونسی (فارسی)	دایکم دووجار گریا (دەربارەی ئەنفالکردنی گەلی کوردە
٤	عەبدولمەجید لوتفی (عەرەبی)	پێشبینی لێزانە قەرەجەکان (شوکر مستەفا) کردوویەتی بە کوردی

* ڕەوانبێژی *

ڕەوانبێژی :- ئەوەیە قسەو هۆنراوە ڕەون و جوان و کاریگەر بێت و لە گەڵ بارو دۆخی گوێگرو هەڵوێستی قسە کردنەکە بگونجێت ، بۆ ئەوەی مەبەستەکەی بەڕوونی بە خوێنەر بگەیەنێ و چێژی پێ ببەخشێت و کاری تێ بکات ، ئەمەش بە هەڵبژاردنی وشەی لە بارو داڕشتنی تۆکمە و ڕێکخستنی ژیر بێژییانە دێتە دی .

❖ زانستی ڕەوانبێژی لە چی دەکۆڵێتەوە ؟

وەڵام :- زانستی ڕەوا نبێژی لەو هونەرو دەستوورو بنەمایانە دەکۆڵێتەوە کە دەبن بەمایەی ڕەوانی و جوانی و کاریگەری قسەو پاراستنی لە لێڵی و شێواوی .

* ڕەگەز دۆزی *

رەگەز دۆزی :- ئەوەیە کەدوو وشە لە خوێندنەوە و نووسیندا وەکو یەکن بەڵام لامانادا جیاوازن .

❖ جۆرە سەرەکییەکانی رەگەز دۆزی :

١/ رەگەز دۆزی تەواو :- ئەو وشانەی کە ڕەگەز دۆزی تەواو دەیانگرێتەوە لە شێوەداو بێ جیاوازی وەك یەك وابن ، واتا لە (ژمارەی دەنگ ، جۆری دەنگ ، ڕیزی دەنگ) بەڵام لەواتادا جیاوازبن .

* ئەگەر خاڵت بڵێم مشکی خەتایە .

* عەزیزم من ئەمەم عەینی خەتایە.

❖ وەڵام :- ڕەگەز دۆزی تەواو لەو شەکانی (خەتا ، خەتا) یەکەمیان شوێنێکە لە تورکستانی چین ، دووەمیان بە واتای گوناهو تاوان هاتووە.

* ئەوی ڕێگەی لە کوردەکان گۆری

* لەعنەتی خوا لە ئەلحەدو گۆری.

❖ وەڵام : ڕەگەز دۆزی تەواو لەوشەکانی (گۆڕی ، گۆڕی) یەکەمیان ، بەواتای گۆڕینە (کردارە) ، دووەمیان بە واتای (گۆڕ) دێت .

٢/ ڕەگەز دۆزی ناتەواو : ئەو وشانەی ڕەگەز دۆزی ناتەواو دەیانگرێتەوە ، لە شێوەدا وەك یەك نەبن چیاوازیا هەبێ بەڵام لەیەکەوە نزیك بن ، جیاوازییەکە تەنها لە یەکێك لەم خاڵانەدابێت (ژمارەی دەنگ ، جۆری دەنگ ، ڕیزی دەنگ) وە لە واتادا جیاواز بن .

* پیری بە تەنیا ڕەحمەتە .

* پیری و هەژاری زەحمەتە.

❖ وەڵام : (ڕەحمەت) و (زەحمەت) هەردوکیان ڕەگەز دۆزی ناتەواو .

جۆرەکانی ڕەگەز دۆزی ناتەواو

١/ جیاوازی لە ژمارەی دەنگ (دەنگێك) یان دوو دەنگ ئەگەر وشەکە درێژ بوو ، لە سەرەتایان ناوەڕاست یان کۆتایی وشەکەدا .

* وەعشوق تویی ب فەخرو نازی

* عاشق تویی لێك بێ نیازی

❖ وەڵام : ڕەگەز دۆزی ناتەواو لە ژامرەی دەنگەکان لە وشەکانی (ناز ، نیاز) .

٢/ جیاوازی لە جۆری دەنگەکان لەسەرەتایان ناوەڕاست یان کۆتایی وشەکەدا .

* پیری بە تەنیا ڕەحمەتە .

* پیری و هەژاری زەحمەتە .

❖ وەڵام : ڕەگەز دۆزی ناتەواو لە وشەکانی (رەحمەتە ، زەحمەتە)

٣/ جیاوازی لە ریز بوونی دەنگەکان .

* یەك زێدە شیرین زیادە مەحبووب .

* یەك رووحی قوولوب حووری مەقلووب .

❖ وەڵام : رەگەز دۆزی ناتەواو لە ڕیزی دەنگەکان لە وشەکانی (ڕووح ، حوور)

* ڕاهێنان *

لەم دێرە شیعرانەی خوارەوەدا ڕەگەزدۆزی دەربهێنە و جۆرەکەی بنووسەو دیاری بکە .

١/ ئەی خامە تەژی گەلەك درێژکر .

ئەڤ نەمە بەسە تەپر قرێژکر .

وەڵام: خامە ، درێژکر ⟷ ڕەگەز دۆزیی ناتەواو جۆری دەنگ

نامە ، قرێژکر

٢/ ئێمە هەرچەندە کە قەومێکی زۆرین ___ واتا (بەر فراوان)

بەڵام چونکە قەومێکی خۆ خۆرین

بۆیە دائیما وا لە ژێر دەستی زۆرین ___ واتا (دوژمن)

وەڵام : زۆرین ⟷ ڕەگەز دۆزیی تەواو

زۆرین

٣/ بانەچێتەلای ڕەقیبان ، یار ئەنیسی خانەبێ

لازمە ئەو ئاسکە لەولانەبێ لەولانەبێ

وەڵام : لەولانەبێ ⟷ ڕەگەز دۆزیی تەواو

لەولانەبێ

٤/ شکانیان کەمانچەی دەستم

بەڵام زوو فریا کەوت هەستم

وەڵام : دەستم ⟷ ڕەگەز دۆزی ناتەواو

هەستم

٥/ گوڵ لە ناو باخا پێکەنی تا ڕۆژ هەڵات .

گوڵ لە ناو ماڵی مناپێی پێکەنی تا ڕۆژ هەڵات .

وەڵام : ڕۆژ هەڵات ⟷ ڕەگەز دۆزی تەواو

ڕۆژ هەڵات

٦/ قژکاڵی لێو ئاڵی ، پرشنگی نیگا کاڵ

ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێك ئاڵ

وەڵام : کاڵ ___ ئاڵ ___ ڕەگەز دۆزی ناتەواو

٠٧٧٠٦١٠١٠٢١ ڕابەر رمضان

* لێکچواندن *

❖ لێکچواندن لەسەر بنەمای بەراورد هاتووە ، شتێك بە شتێکی تر دەچوێندرێ .

* منیش ئارەزووی ئەو سام نەماوە عەشقیم گۆاوە .

* دڵم هەر وەکو گوڵی بێ باران سیس و ژاکاوە .

- دڵی شاعیر / لێکچووە
- گوڵی سیس / لەو چووە
- سیس و ژاکاوە / ڕووی لێکچواندنە
- هەروەکو / ئەوزاری لێکچواندنە

وەك / دڵم هەروەك سەماوەر پڕلە جۆشە .
خەریکی سۆز و گریان و خرۆشە .

- دڵم / لێکچووە
- هەروەك / ئەوزاری لێکچواندنە
- سەماوەر / لەو چووە
- جۆش و خرۆش / ڕووی لێکچوونە

((بنەڕەتەکانی لێکچواندن))

١/ لێچوو ٣/ ڕووی لێکچوون

٢/ لەوچوو ٤/ ئەوزار

١/ لێچوو :- لە هەموو بنەڕەتەکانی تر لە پێشترە ، ئەوانی تر بۆ خزمەتی ئەم هاتوون .

٢/ لەوچوو :- ئەمە بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنێکی (لێچوو)دێت کە بەرا وردەکەی لەسەر بنیات دەنرێت .

٣/ ڕووی لێکچوون :- سیفەت و لایەنی هاوبەشی نێوان هەردوو بنەڕەتە بنچینەییەکەیە ، (لێچوو) و (لەوچووە)

٤/ ئەوزار :- ەشەیەکە کە دەوری بەیەکەوە بەستنی هەردوو بنەڕەتە بنچینەییەکەی لێکچواندن (لێچوو) و (لەوچووە) دەگێڕێ .

❖ نموونەی ئەوزار ئەمانەن (هەروەك ، وەکو ، هەروەکو ، لەودکا ، وەك ، لەودەچێ ، ئاسا ، چوون ، چەشنی ، میسلی ، وێنەی ، حەینی ..... هتد)

* تێبینی :- هەردوو بنەڕەتی (ئەوزار) و (ڕووی لێكچوون) دوو بنە ڕەتی بنچینەیی نین ، بۆیە دەشێت باس بكرێن یان فرێ بدرێن .

١/ بۆی هەیە بنەڕەتەكانی لێكچواندن هەموویان باس بكرێن لە هۆنراوەكەدا .

- دڵم زنجیر ئەكەم ئەمما لەیاری دڵڕو باج بكەم ؟
- ڕەنگم وشكە وەكو پووشە ، لەقووەی كارەباج بكەم ؟
- ڕەنگم : لێچووە   وەكو : ئەوزارە .
- پووش : لەو چووە   وشكە : ڕووی لێكچوونە .

٢/ بۆی هەیە (سێ) بنەڕەت هاتبن و (ڕووی لێكچوون) باس نەكرابێت ، وەك .

* قەسەم بەو شەربەتی دیداری پاكت .

* شەربم عەینی زەهری مارە بی تۆ .

- شەراب : لێچووە   عەینی : ئەوزارە

- زەهری مارە : لەو چووە   ڕووی لێكچوون كە (كوشندەیە) باس نەكراوە

٣/ بۆی هەیە (سێ) بنەڕەت هاتبن و (ئەوزار)ی تێدا نەبێت وەك :

* كوڕ ئاینە یێ جەمالێ زاتن .

* كەچ مەظهەرێ پورتەوا صیاتن .

- كوڕ : لێچووە   جەمالی زاتن : ڕووی لێكچوونە .

- ئاینیە : لەوچووە   ئەوزار : بەكار نەهاتووە .

٤/ بۆیە هەیە تەنها دوو بنەڕەتە بنچینەییەكە (لێچوو) و (لەوچوو) باسكرابێت ، وەك :

* دەمێك بوو چاوەڕێی بەفرێكی وا وو مژدە بێ باری .

* سەرم بەفرە كەچی هێشتا شەڕە تۆپەڵمە بۆ یاری .

- سەرم : لێچوو ،   - بەفرە : لەوچووە .   – ئەوزار و ڕووی لێكچوون نەهاتە باسنەكراوە .

((ڕاهێنان))

لەم دێرە شیعرانەی خوارەوەدا لێكچواندن دەر بهێنە و بنەڕەتەكانی لەیەك جیا بكەرەوە .

١/ * ئەمن كێوم ،سەرم شاخە ، هەناسەم .

* نەسیمە ، چاوەكانم ، مێزەرم ، تەم .

وەڵام : ئەمن ← لێچوو ، سەرم ← لێچوو ، هەناسەم ← لێچوو .

كێو ← لەوچوو ، شاخ ← لەوچوو ، نەسیم ← لەوچوو .

٢/ قەلبی ،شوبهی زێەو ژفەیزاتە جەلاگرت .

ماروو سیەهو سیفر سیفەت سەداگرت.

* قەلبێ مە ← لێچوو . زێر ← لەوچوو . شوبهی ← ئەوزاری لێكچواندن . جەلا ← ڕووی لێكچوون.

٣/ نەیلوخەرە ڵ ، توماهتابی

تەن شبهی كەتان ، تو ماهتابی

* تەن ← لێچوو . كەتان ← لەوچوو . شبهی ← ئەوزاری لێكچواندن . رووی لێكچوونی باسنەكراوە.

٤/ دێ بە تاوئەشكی دوو چاوم هەروەكو دیجلە و فورات .

مەزرەعەی غەم سەوزە ، تێراوە لەبەر ئەم دوو شتە .

* وەڵام : ئەشكی دووچاو ← لێچوو . دیجلەو فورات ← لەو چوو .

* هەروەكو ← ئەوزاری لێكچواندن . دێ بەتام ← ڕووی لێكچوون .

٥/ تاكەی چوونمە جندون وێڵی هەردان بم .

تاكەی خەمزەدەی باری هیجرا بم.

* وەڵام : (م) یان (من) ← لێچوو . مەجوون ← لەوچوو .

* چوون ← ئەوزاری لێكچوون . وێڵی هەردان ← ڕووی لێكچوون .

٦/ لارو لەنجەت ، بەستەیە ، مۆسیقایە گۆرانی یە .

بەژن و باڵاكەت نموونەی هەیكەلی یۆنانی یە .

وەڵام : بەژن و باڵاكەت ← لێچوو . هەیكەلی یۆنانی یە ← لەوچوو . نمونەی ← ئەوزاری لێكچواندن .

((خواستن))

❖ خواستن :- ئەو لێکچواندنەیە کە تەنها لە دوو بنەڕەتە بنچینەییەکە هاتبێت و ئەوی تر نە هاتبێت .
((جۆرە سەرەکییەکانی خواستن))

١/ خواستی ئاشکرا :- ئەو خواستنەیە کە لێکچوو لە هۆنراوەکە دا باس نەکرابێت و تەنها لەوچوو هاتبێت .

* ئلاهی ! نەرگزامەی مەست و نازك

* ژدەستی خوارو بە دخواهان بپارێز.

وەڵام : نەرگزا __ لەو چووە . یارەکەی ___ لێچووە . باس نەکراوە ___ خواستی ئاشکرا .

* هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین .

* ئاڵتوونی دار ئە ڕژێ بگرین .

وەڵام : ئاڵتوون ___ لەوچووە . گەڵا ___ لێچووە . باسنەکراوە ___ خواستی ئاشکرا .

٢/ خواستنی درکاو :- ئەو خواستنەیەکە لێچوو لە هۆنراوە کەدا هاتبێت و لەوچوو باسنەکرابێت لە هۆنراوەکەدا .

❖ تێبینی : خواستی درکاو بەزۆری ئەندامێك یان سیفەتێکی مرۆڤی تێدایە ،وەك .

(دەست ، لێو ، پەنجە ، گریان ، پێکەنین ، پێ)

* وا نەزانی دەستی غەم یادت لە دڵم دەرئەکا .

* ئەشکی خوێنینم دەلیلە بۆ کەسێ باوەڕ نەکا .

وەڵام : غەم ___ لێچووە . مرۆڤ ___ لەو چووە . باسنەکراوە __ خواستنی درکاو .
دەست __ نیشانەی خواستنی درکاوە .

* تانەگریا ئاسمان و تەم وڵات دەنەگرت .

* گوڵ چەمەن ئارا نەبوو هەم لێوی خونچە وانەبوو .

وەڵام : ئاسمان __ لێچووە . مرۆڤ __ لەوچووە باسنەکراوە ، نەگریا __ نیشانەی خواستنی درکاوە .

خونچە ___ لێچووە . مرۆڤ ___ لەوچووە باسنەکراوە ، لێو ___ نیشانەی خواستنی درکاوە .

((ڕاهێنان))

لەم دێرە شیعرانەدا خواستن دەربهێنە و بنچینەکەی ڕوون بکەرەوە و جۆرەکەی دیاری بکە .

١/ لایدا سەرپۆش و پەرچەمی بای شەماڵ

مانگێك هاتە دەر پڕ لەخەت و خاڵ .

وەڵام : مانگ ____ لەوچووە باسکراوە . ڕووی یار ____ لێچووە ، باس نەکراوە ____ هەردووکیان خواستنی ئاشکرا .

٢/ شێر لە بێشە دەر پەڕی دەست بەخەنجەر

ڕوو بە ڕوو ئەیدا لە زومرەی دوژمنان . (سالم) .

وەڵام : شێر ____ لەوچووە باسکراوە . پیاوی ئازا ____ لێچووە ، باس نەکراوە . ____ هەردووکیان خواستنی ئاشکرا .

٣/ ئەو هەردوو نیهالێ عەرعەر شەنگ

ڕوو نیشتنی میسالێ غونچە دڵتەنگ .

وەڵام : دوو نیهالێ عەرعەر _____ لەوچووە ، باسکراوە . باڵاو قژی یار ____ لێچووە ، باس نەکراوە ___ هەردوکیان خواستنی ئاشکرا

٤/ ڕۆژتەئەی بادی نەورۆزی لەبنی بەفری گران .

کانی پێی سڕبوو ، چناریش دەستی چوو ، پەنجەی تەزی . (حاجی قادری کۆیی)

وەڵام : کانی __ لێچووە ، باسکراوە . چنار ____ لێچووە ، باسکراوە . هەر دووکیان خواستنی درکاو .

٥/ ئەڵێن ساڵێك دوانزە مانگە

من مانگم دی چواردە ساڵە . (پیرەمێرد)

وەڵام : مانگ ___ لەوچووە ، باسکراوە . یار لێچووە ، باس نەکراوە . ___ هەردووکیان خواستنی ئاشکرا .

٦/ چاوەکەم ئەمڕۆ لەگوڵشەن گوڵ بەعیشوە خۆی نواند .

نەك نمەك گیربم بەمەرگی تۆ قەسەم هیچ نەمدواند .

وەڵام : گوڵ ____ لوەچووە ، باسکراوە . یار ____ لێچووە ، باس نەکراوە . ___ هەردووکیان خواستنی ئاشکرا .

((دژ یەك))

دژیەك :- ئەوەیە كەدوو وشە دژ و پێچەوانەی یەكتربن .

وەكو :كەورە x بچووك ، پاك x ناپاك ، مردن x ژیان ، بەهێز x بێ هێز ..... هتد .

* نموونە : مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان

* چۆن قازانج ئەكەی تا نەكەی زیان .

❖ تێبینی : لەم دێرە شیعرەدا دژیەك هەیە لە نێوان وشەكانی

(مردن x ژیان) ، (قازانج x زیان) ، (ئەكەی x نەكەی)

جۆرەسەرەكییەكانی دژیەك :

١/ دژیەكی ئەرێ : ئەوەیە وشەكان هەریەكە لە ڕەگەزێكی سەربەخۆبن ، لەماناادا دژو پێچەوانەی یەكتربن ، وەكو .

خەندە x گریان ، نزمی x بەرزی ، گەرمی x ساردی

نموونە : دح ڕووناكی بێ ، چ تاریكێ ، چ نزمی بێ یا بەرزی

بەخۆشی بێ وە یا تاڵی هەمووی ئەڕوا لەسەر ئەرزی.

* دژیەكی ئەرێیە ، وشەكانی (ڕووناكی x تاریكی) ، (نزمی x بەرزی) ، (خۆشی x تاڵی) .

٢/ دژەكی نەرێ : ئەوەیە كە دوو وشە بە ئامرازی (نەرێ)یان نەهی بووبن بە دژیەك وەكو .

(مەرد x نامەرد) ، (پاك x ناپاك) ، (خۆشی x ناخۆشی) .

نموونە : ئەی كوردی جەفادیدە بەسەقەیدی ئەسرەت

نادان بەكوتەك جاڵی دەبێ ، دانابە ئیشارەت .

* دژیەكی نەرێیە : بەهۆی ئامرازەوە لەوشەكانی (دانا x نادان) .

((ڕاهێنان))

١/ گەلێکم ڕۆژگاری یاڵ و شیرین ڕابوارد ئاخۆ

مەرگ مەودا دەدا ببینم سەردەمێکی تر

* وەڵام : دژیەکی ئەرێیە : لە سشەکانی (تاڵ x شیرین) .

٢/ ئەوەی ڕزقی موقەڕەرە بۆخۆی دێ

سەد دەفعەبخوازێ یان نەخوازێ .

* وەڵام : دژیەکی نەرێ یە : لە وشەکانی (بخوازێ x نەخوازێ)

٣/ یارم لە ئەندەروون هان دەستی ڕەقیب لەدەستا

غەمناك و شادمانم ڕەحمەت عەزابی هێنا .

* وەڵام : دژیەکی ئەرێ یە : لە وشەکانی (غەمناك x شادمان) ، (ڕەحمەت x عەزاب) .

٤/ نێرگزێن شەنگ و مەستن چەپ و ڕاست

ساقیان جام و دەستن چەپ و ڕاست .

* وەڵام : دژیەکی ئەرێ یە : لە وشەکانی (چەپ x ڕاست)

٥/ دژمن ل مەشانە دۆست غەمگین .

فەرزا سرنا چەکۆ تاجدین .

* وەڵام دژیەکی ئەرێ یە : لە وشەکانی (دژمن x دۆست)

٦/ ئەگەر دۆستم ئەگەر دوژمن بزانم

ئەوەندەم تێگەیەنە کامەیانم .

* وەڵام : دژیەکی ئەرێ یە : کە وشەکانی (دۆست x دوژمن) .

((جوانی بایس))

❖ جوانی بایس :- ئەوەیە کە دیاردەیەك هۆی دروست و ڕاستە قینەی خۆی هەبێ ، بەڵام ئەو هۆیە بخرێتە لاوە و بۆ جوانکردن و ڕازاندنەوەی شیعرەکە هۆیەکی تری هونەرمەندانەی بۆ دروست بکرێ ، کە زۆر دوور بێت لە هۆیە دروست و ڕاستەقینە کەی خۆی .

* مانگی ئەو بۆیە هەموو شەو زیاد ئەکاو ئەشنێتەوە
* تا جەمالی خۆی وەکو ڕووی تۆ برازێنێتەوە
* کاتێ گەییە چواردەمین شەو تێ ئاگا بەڕوون
* جا لەداخا وردە وردە کز ئەبێ و ئەتوێتەوە .

تێبینی : جوانی بایس بەزۆری ئەم وشانەی تێدایە : (لەخەوإی، لەبەر ، لەترسی ، ل عیللەتا ، بۆیە ، لەتاو .....هتد)

((ڕاهێنان))

١/ لە خەوفی تەلعەتی ڕۆژ هەروەکو شێت .   ((نالی))
بەڕوو زەردی هەڵات و کەوتە کێوان .

وەڵام : جوانی بایس . جوانی بایس لە نێوان یارەکەی شاعیرو خۆر دایە .

٢/ شەماڵ لە ترسی سێی سەخت .   ((دیلان))
پەنای بۆ باسك و پێدەشت هێناوە .

وەڵام : جوانی بایس . هەروەها جوانی بایس لە نێوان شەماڵ و شنەی سێی سەختە .

٣/ نارنج و تورنج شوبهی زینێ   زەر بویی ل عیللە تا ئەجینێ .   ((خانی))

وەڵام : (جوانی بایس) . وە هەروەها جوانی بایس لە نێوان وشەکانی نارنج و تورنج و زین دایە .

٤/ لە لێواری حەوزا گوڵاڵە و بەیبوون .   ((گۆران))
ساوان ئەلەرزن لەتاو نقووم بوون .

وەڵام : (جوانی بایس) ە . وە هەروەها جوانی بایس لە نێوان وشەکانی ، گوڵاڵە و بەیبوون و نقووم بوون دایە .

٥/ پەڵەی گوڵاڵە لە ترسی جنوور
ناوجەرگی سووتاوە ڕەش هەڵگەڕاوە.

وەڵام : (جوانی بایس)ە ، وەهەروەها جوانی بایس لەنێوان وشەکانی پەڵەی غوڵاڵە و ترسی چنوور دایە .

٦/ خوێنی پاکی لاوی کوردانە ڕژاوە کێوو کەژ
بۆیە وا ئێستا سوورە ، ڕەنگی گولناری هەیە .

وەڵام: (جوانی بایس)ە، وەهەروەها جوانی بایس لەنێوان وشەکانی خوێنی پاکی لاکوردانە و رانگی سووری کێوو کەژ

((تێهەڵکێش))

تێهەڵکێش ئەوەیە شاعیر یان نووسەر ، نیوە دێڕێك یان دێڕێك یان سەراپوی هۆنراوەیەك یان پەندێك یان ئایەتێك یان فەرموودایەك یان قسەیەکینەستەق ، بی دەسکاری وەربگرێت و لە ناو دووکە وانە بیخاتە ناو بەرهەمەکەی خۆیەوە ، جا ناوی خاوەنەکەی ببات یان نابات ، نموونە .

- ❖ جاهیل زلیش بێت وەك کەندوی بۆشە.
- ❖ (دەنگی دەهۆڵیش هەر لە دوور خۆشە) (پیرەمێرد) .

لێرەدا دیارە (پیرەمێرد) پەندێکی پێشینانی تێهە ڵکێشی شیعرەککەی خۆی کردووە .

نموونەی ٢/

- ❖ دەمێ کۆچبارەکەت ناچێ لە یادم
- ❖ دەبێ وەك کوشتمت بشثرسی دادم
- ❖ (کەبارگەت بۆوار تێك ناعەزیزم شکا ئەستووندەگی تاولێ مرادم) ((هەژار))

وەڵام : دێری یەکەم هی شاعیر (هەژارە) دێری دووەم هی (هێمن) ی شاعیرە تێهەڵکێشی بە شیعرەکەی خۆیدا کردووە بەڵام ناوی ناهێناوە ، چونکە دێرەکەی هێمن بەناوبانگە خوێنەر دەیناسێتەوە .

نموونەی ٣/

- ❖ بۆچی فەرمویەتی نەبیی ئەمین
- ❖ (أطلبوا العلم ولو بالصين)   (حاجی قادری کۆیی)

لەم دێرەدا حاجی قادری کۆیی فەرموودەیەکی پێغەمبەر (درووودو سەلامی خوای لە سەر بێت) تێهەڵکێش کردووە ، بێ ئەوەی دەستکاری بکات ، یان بیکات بە کوردی .

تێبینی : هەموو پێنج خشتەکییەکانی شاعیرێك لەسەر شیعری شاعیرێکی تر دەکا بەرهونەری تێهەڵکێش دەکەوێت .

- ❖ قەدری میللەتتان بە جارێ شکان
- ❖ نەحەیاتان مانە ناو ونیشان
- ❖ باری تەعنەتان وا هاتە سەرشان
- ❖ (وەفدی کوردستان ، میللەت فرۆشان هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان)

لەم پێنج خشتەکییە دا بێکەسی شاعیر دوو نیوە دێری (پیرەمێرد)ی تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە .

((ڕاهێنان))

١/ (چڵکی دەستەماڵی دنیا) وەك دەڵێن ماڵپەرست پەیمان شکێن و بێ بەڵێن . (هێمن)

وەڵام : تێهەڵکێش : چونکە پەندێکی تێهەڵکێش کردووە .

٢/ گوڵ لەسەر لقی خۆیان ڕەنگینە

(بەردیش لە جێگای خۆی سەنگینە) (پیرەمێرد)

وەڵام : نیوە دێرێکی دووەم بەرهەمی شاعیرێکی ترە .

٣/ ڕۆژێ فەرمووت (لیس للانسان الاماسعی) (دڵدار)

هێچ کە سیش هێزی ەلاح ەیش کێڵانی نییە .

وەڵام : تێهەلکێش : چونکە ئایەتێکی `ورئانی پیرۆزی تێهەڵکێش کردووە .

٤/ لەدوو ئاوان کە یەکدەگرێ دوومیسرە عی بەیتی مەولەوی

(سیروابی ئەم چەم تانجوڕۆی ئەم چەم بدەن بەیەکدا ئەم چەم بۆ ئەو چەم) (پیرەمێرد)

وەڵام : تێهەڵکێش : لە دێری دووەمدا ، چونکە بەرهەمی شاعیرێکی ترە .

٥/ سەیری کە ئەڵێی خوێنی ڕژاوی تۆیە

(سیروانی سروسکم کە ئەکاهاژە لەسەردا. (عەلی کەمال باپیر – کەمالی)

وەڵام : تێهەڵکێش : لە نێوان دێری دووەمدا چونکە بەرهەمی شاعیرێکی ترە .

٦/ تانەناسی ئایەت و سەعاتی ئەوقاتی دوعا

فائیدەی چی (ربنا انزل علینا مائدا) (صابری)

وەڵام : تێهەڵکێش : لە نیوە دێرێ دووەمدا ، چونکە ئایەتێکی قورئانی تێهەڵکێش کردووە .

٠٧٧٠٦١٠١٠٢١ ڕابەر رمضان

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

١/ یەکێك لەم جۆرە شیعرانە بە گشتی دەبێت بە تێهەڵکێش .

ئـ - دوو بەیت　　بـ - غەزەل　　پـ - موستەزاد　　د - پێنج خشتەکی

٢/ چ بابەتێکی ڕەوانبێژی لەم پەندە پێشینانە هەیە ؟

ئـ - دژیەك و ڕەگەز دۆزی　　ب - خواستن　　پـ - تێهەڵکێش　　د - لێکچواندن

٣/ ئەو هونارە ڕەوانبێژییەی ، کە لە چوار بنەما پێکدێت .

ئـ - جوانی بایس　　بـ - لێکچواندن　　پـ - خواستن　　د - دژیەکی نەرێ

٤/ (پیری بە تەنیا ڕەحمەتە – پیری و هەژاری زەحمەتە) ڕەگەز دۆزی ناتەواوە لە :

ئـ - ژمارەی (پیت)　　بـ - جۆری (پیت)　　پـ - ڕیزی (پیت)　　د - ڕیزی جۆری (پیت)

٥/ چ بابەتێکی ڕەوانبێژییە ، کە دیاردەیەك هۆی دروست و ڕاستەقینەکەی دەخرێتەلاوە .

ئـ - خواستن　　بـ - جوانی بایس　　پـ - ڕەگەز دۆزی　　د - لێکچواندن

٦/ ڕەگەز دۆزی وەك دژیەك :

ئـ - یەك جۆرە　　بـ - دوو جۆرە　　پـ - سێ جۆرە　　د - چوار جۆرە

٧/ لەهەموو بنەماکانی لێکچواندن لە پێشترە ، ەەوانی تر بۆ خزمەتی ئەم هاتوون .

ئـ - ڕووی لێکچواندن　　بـ - لەوچوو　　پـ - ئەوزار　　د - لێچوو

٨/ ئەم دێرە شیعرە لێکچواندنە . (کور ئایینە یی جەمالی زاتن – کەچ مە ظهەری پرتەوا سیفاتن)

ئـ - یەك بنەمای تێدایە　　بـ - دوو بنەمای تێدایە　　پـ - سێ بنەمای تێدایە .　　د - چوار بنەمای تێدایە .

٩/ گڵۆپەکانی سەرجادەو کۆڵان – زارد هەڵگەڕا بوون کزکز ئەسوتان

ئـ - خواستن　　بـ - جوانی بایس　　پـ - دژیەك　　د - لێکچواندن

١٠/ لەم دێرەدا (مەژی بۆ مردن ، بمرە بۆ ژیان)　(چۆن قازانج ئەکەی ، تا نەکەی زیان)

ئـ - دژیەکی ئەرێ هەیە　　بـ - دژیەکی نەرێ هەیە　　پـ - ڕەگەز دۆزی ناتەواو هەیە　　د - هەرسێکیان هەیە .

١١/ لەم دێرەدا ، چ بابەتێکی ڕەوا نبێژی هەیە؟

(ئەم جووتە شێرە دلێرەی شرزە – لەناو مێژوودا ناویان زۆر بەرزە)

ئـ - دژ یەك　　بـ - ڕەگەز دۆزی ناتەواو　　پـ - خواستن　　د -خواستن و ڕەگەز دۆزی ناتەواو

١٢/ لەکام هونەری ڕەوانبێژیدا مەرجە جووت کەواتە هەبێت ؟

ئـ - جوانی بایس　　ب - خواستن　　پـ - تێهەڵکێش　　د -لێکچواندن